هەڤپەیڤین

# تێڕوانینی سێهەم

## ڕەهەندەکانی ژیان و سیاسەت لە جڤاتی کوردیدا

têrwanînî sêhem

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٧

têrwanînî sêhem

ناوی کتێب: تێڕوانینی سێهەم
بابەت: هەڤپەیڤین
ئامادەکردنی: ستیڤان شەمزینی
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: سکای دیزاین
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ: ٢٠١٧ - سلێمانی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە

## پێشەکی

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە بریتییە لە بیست چاوپێکەوتنی من لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٧. ڕاستییەکەی من یەکێك لەو نووسەرانەم زۆر لە خەمی کۆکردنەوەی ئەرشیفی نووسین و چاوپێکەوتنەکانی خۆمدا نەبووم لانیکەم تا ئێستا. ئەمانەش هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەن لەلای هاوڕێیان و هەندێك لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا مابوون و چەند هاوڕێیەکی ئازیز تەرحی ئەوەیان کرد لە توێی کتێبێکدا بە چاپیان بگەیەنم، ئەگەرچی ژمارەی چاوپێکەوتنەکانم لە سەد چاوپێکەوتن زیاترە، چ بۆ تیڤی و ڕادیۆکان، چ بۆ ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بەڵام ئەوەی لەبەردەستە و شایانی ئەوەیە بخرێتە بەردەمی خوێنەر تەنها ئەم ژمارە دیمانەیە لێرەدا کۆکراونەتەوە، ئەمەش تەقەلایەکی خۆپەرستانەی نووسەر نییە، بەقەد ئەوەی هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕەخنە و دنیابینی نووسەران لە هەمبەر پرسەکانی سیاسەت و ژیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

بەهای ئەم چاوپێکەوتنانە لەوەدا چڕ دەبێتەوە، ڕوانینی سێهەمە لە دەرەوەی ئەو تەرزە هزرینەی دابەشبووە بەسەر دوو بەرەی دژبەرو ناکۆکدا، کە خۆی لە بەرەی دەسەڵات و بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا دەبینێتەوە. لەم چاوپێکەوتنانە جگە لە ڕەخنەگرتن لە کولتووری کۆمەڵایەتی، هەردوو جۆرە ڕوانینە سیاسییەکەی دەسەڵات و بەرهەڵستکاران خراونەتە ژێر

نەشتەری ڕەخنەوە. بە کورتییەکەی لەنێو هاتوهاواری هەردوو سەنگەرە دژەکەدا ئەم تەرح و بۆچوونانە چەند رایەکی هێمن و جیاوازن، نە لایەنگریکردنن بۆ دەسەڵات نە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی. جیا لەوەش ڕەخنەی توند و ڕیشەییان تێدایە لەسەر ئیشکالیەتە سیاسییەکانی هەردوو بەرەکە و شرۆڤەی جیهانبینی هەردوو سەنگەرەکەی تێدا کراوە بە زمانێکی رۆژنامەوانی.

هەرچی بەشەکەی تریشە، بریتییە لە ڕەخنەگرتن لەو کولتوورە کۆمەڵایەتی و ئاینییە باڵادەستەی باڵی بەسەر فەزای کۆمەڵایەتی جڤاتی کوردیدا کێشاوە، لەم بوارەشدا دیسانەوە تێڕوانینی ئێمە جیاوازە لەو سەدا مێگەلییەی تووتیئاسا چەمکەکان دەڵێنەوە. ویستوومانە قسەی خۆمان بکەین بێ گرێ و گۆڵ، هەروەك چۆن نەمانویستووە سازش لەسەر هیچکام لەو پرنسیپانە بکەین باوەڕمان پێیەتی. بەدیوێکی تردا هەوڵماندراوە لە دەرەوەی چەمکسازیی خاڵ بخەینە سەرپیتەکان، هەموو ئەو پرسە گرنگ و بایەخدارانەی تێمای سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین بە زمانێکی رۆژنامەوانی رووت راڤە بکەین. جیا لەمەش لەتوێی ئەم کتێبەدا باسی زۆرێك لە بڤە و حەرامە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان کراوە بەتایبەت لەو سیاقە مێژووییەی خۆیدا.

نامەوێ لەوە زیاتر روونکردنەوە لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە بدەم، خوێنەر دەتوانێت لە میانەی خوێندنەوەیدا داوەری لەسەر تێڕوانینەکان بکات، بەڵام نابێ زەمەن و سیاقی مێژوویی چاوپێکەوتنەکان کە لەگەڵ هەر چاوپێکەوتنێکدا لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ کراوە لە یاد بکات، هەندێك گوزارە و سنوور شکاندنی تێدایە رەنگە بۆ ئەمڕۆ زۆر نۆرماڵ بێت، بەڵام بۆ ئەوێ رۆژێ نەك ئاسان نەبووە بەڵکو دەربڕینیان جۆرێك لە جەرائەتیشی

ویستووە. لە کۆتاییدا دەخوازم بڵێم ئەوەی لەو چاوپێکەوتنانەدا وتوومە قسەی مێشکی منە، لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ دان بەوەدا بنێم ئەگەر هەنووکە هەمان ئەو پرسیارانەی لەو چاوپێکەوتنانە ئاراستەم کراون دووبارە لێم بکرێنەوە، رەنگە بتوانم ورد و زانسیتر بەرسڤیان بدەمەوە، هەرچی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکیشەوە هەبێت تا ئێستاش لەگەڵ قسەکانی ئەودەمم هاوڕام.

ستیڤان شەمزینی

ئەڵمانیا - کۆڵن

٢٠١٧-٧-١٥

هەواڵنامەی کتێب

# دەربارەی ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە باشووری کوردستان

# وردبوونەوە لە ئیشکالییەتی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات

دیمانە: هیشام ئاکرەیی

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی و رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، هاوکات سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستان و رۆڵ و کاریگەرییەکانی، دەکەینە بابەتی گفتوگۆ لەگەڵ نووسەر و رووناکبیر «ستیڤان شەمزینی».

**دەنگی سەربەخۆ: ئایا پێتوایە ئوپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستاندا لە بارودۆخێکی تەندروستدا لەدایکبووە؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستە لە دەسپێکدا ئەوەش بڵێین، زەمینەی سیاسیی و حکومداریی لە کوردستان، ئێستا لە هەموو کات زۆرتر پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز هەیە تاکوو لە نزیکەوە چاودێریی کارەکانی حکوومەت بکات و یارمەتی

بەهێزکردنی بنەماکانی ژیانی دەوڵەتداریی بدات. بوونی ئۆپۆزیسیۆن جگە لەوەی دیاردەیەکی زۆر نۆرماڵ و تەندروستە، لە هەمان کاتدا ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی جیاکەرەوەیەکی هەرە دیاری دەوڵەتە دیموکراسییەکانە لە حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان. لە کوردستان بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری جیا جیاوە تاکوو ئەم چرکەساتەش هاتنە مەیدانی هێزی ئۆپۆزیسیۆن بە کارێکی پێشنۆرە نەزانراوە، بەڵام بۆ لەمەوپاش واقیعی سیاسیی کوردستان چیتر غیابی هێزە بەرهەڵستکارەکان هەڵناگرێت و سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن هەر هیچ نەبێت لەم بارودۆخ و کەشەدا بایەخێکی مێژوویی و سیاسیی زۆری هەیە و پێویستییەکی پلە یەکیشە.

ئەگەر بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە، پێموانییە ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستان لە بارودۆخێکی ناپێویست و ناتەندروستدا چاوی بەژین هەڵهێنابێت، هەروەك لەپێشەوە وتم، واقیعەکە لە دایکبوونی هێزی بەرهەڵستکاری کردبووە دیفاکتۆ، ئەگەرنا ئەو کێشە و نادادپەروەریی و نایەکسانییەی لەمڕۆی کوردستاندا بوونی هەیە لەڕێگە و دەرچەی ترەوە دەتەقییەوە کە دوور نییە سەرئەنجام توندوتیژییەکی گەورەشی لێ دروست نەبووبایە.

من پێموایە کێشە لە زەمینە و بارودۆخەکەدا نییە، چوون کوردستان لە بارودۆخی جەنگدا نییە، هەژدە ساڵە لەم بەشەدا حکوومەت و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هەیە، تارادەی دڵنیایی ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، هیچ مەترسییەکی وەها گەورەی لەسەر نییە خەباتی سەدان ساڵەی کورد بە»با« بدات، ئەم فاکتە ئاشکرایەش بەڵگەی گونجاویی بارودۆخە. بۆیە ئەگەر قسەیەکمان هەبێت لەسەر فۆرمی ئیشکردن و رووخساری سەرەکیی ئەو هێزەیە لە کوردستان بانگەشەی

ئۆپۆزیسیۆنیی دەکات، پرسیاری سەرەکیی و گرنگ، پرسیارنییە لەمەڕواقیع بەڵکو بەپێچەوانەوە پرسیارە لەسەر ناوەڕۆکی سیاسیی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی زۆرهەنگاوی گەورەی لە ئەستۆی خۆی دانـاوە تا دەگاتە سەرگۆڕینی سیستمی سیاسیی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو نۆرمە حکومدارییەی هەنووکە لە کوردستان لە ئارادایە.

**دەنگی سەربەخۆ: ئایا ئەو ئۆپۆزیسیۆنە، دەرهاویشتەیەکی سروشتیی باشووری کوردستان بوو یان فاکتەرە دەرەکییەکان رۆڵیان گێڕاوە لە دروستبوونیدا؟، کام لەو سێ هێزانە بە نیشتیمانیی دادەنێی: پارتی، یەکێتی، گۆڕان؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێموایە ئەو دیتنەی فاکتۆری سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن دەباتەوە سەرهۆکارە دەرەکییەکان، هەم لە ئۆپۆزیسیۆن تێنەگەیشتووە وهەم خوازیارە هێزی ئۆپۆزیسیۆن دزێوبکات. لایەنگرانی ئەو بۆچوونەی پێیانوایە ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستان دەرهاویشتەی زەمینە وواقیعیی کوردستان نییە وهێزەکانی دەرەوە رۆڵیان لە دروستبوونیدا گێڕاوە، خیانەت لە پێویستییەکی هەرە لەپێشی کۆمەڵی کوردەواریی دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەوەمان بۆتەفسیردەکات لایەنگرانی ئەو روانگەیە هێشتا بەهەمان روانینی بەعس و دەوڵەتانی دواکەوتووی ناوچەکە لەرۆڵی هێزی بەرهەڵستکار دەڕوانن.

لە بۆچوونی ئەو دەستە خەڵکەدا هێزی ئۆپۆزیسیۆن بوونێکی سەلبی هەیە، بۆیە هێزە دەرەکییەکان بە دیاری بۆکوردستانی دەنێرن، بەڵام من دروست بە پێچەوانەوە بیردەکەمەوە، دەوڵەتانی ناوچەکە هەرگیزحەزناکەن ئەم نەریتە لە کۆمەڵی کوردستاندا گەشە بکات، چوون هەم حکوومەتی کوردستان بەهێزدەکات، هەم بۆشایی نێوان خەڵك و حکوومەت کەم

دەکاتەوە، هەم کولتووری دیموکراسیی قووڵ دەکاتەوە. ئایا هیچ کوردێك لەو بڕوایەدایە دەوڵەتانی ناوچەکە ئەم شتانە بۆ کورد بخوازن؟، ئایا هیچ کەسێك ئەگەر کەمترین هۆشیاریی سیاسیشی هەبێت بڕوا دەکات ئێران یان تورکیا ئەم کارە گرنگ و چارەنووسسازە بۆ بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەئەنجام بگەیەنن؟. بێگومان نەخێر.

بەکورت و کرمانجی وەك خۆم کەمترین بڕواشم بەو بۆچوونە نییە لەگەڵ هاتنە سەرباسی ئۆپۆزیسیۆن مەسەلەی فاکتۆرە دەرەکییەکان و هاوکاریی دەوڵەتانی نەیارانی کورد دەهێنێتە پێشەوە، واتا بڕوام بەو تێزە نییە بوونی ئۆپۆزیسیۆن پابەند دەکاتەوە بەبوونی کۆمەڵێك فاکتۆری دەرەکییەوە، ئەمە هەمان بیرۆکەیە لە دنیای عەرەبیدا بووەتە هۆکاری دەیان درمی کوشندە، چوونکە هەموو جووڵەیەکی ناباو بە پیلانی دوژمنان تێدەگەن. دەبێ ئێمە دابڕانێکی سیاسیی دروست بکەین لە بیرۆکەی موئامەرەی دەوڵەتان و سیاسەتی کلاسیکی عەرەبی، کە هەموو دەنگێکی نارەزاییان بەوپاساوە کپ کردووە، هەرچەندیش بڕوا ناکەم ئەم بێدەنگییە تا سەربێ.

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، پێموایە مۆرکردنی خەڵك و دابەشکردنیان بۆ پۆلی جیا جیا، نەبووتە کارم و لەرووی مەبدەئییەوە دژی کەسێکی وەکوو منە. بۆچوونی تایبەتیم لەسەر ئەو سێ هێزە هەیە ئێوە ریزبەندتان کردوون، بەڵام بۆ دەرفەتێکی لەو جۆرە بەپێویستی نازانم دیسان هەڵوێستی خۆم دووبارە بکەمەوە، چوون لەپێشووتردا ئەو کارەم کردووە. نامەوێ ئاستی «نیشتمانپەروەریی» گۆڕان یان یەکێتی یاخۆ پارتی هەڵبسەنگێنم، تەنێ ئەوە دەزانم ئەو سێ هێزە ئەوەندەی خاڵی لێکچوو و هاوبەشیان هەیە، بێگوومان خاڵی جیاواز و لەیەك جیایان نییە، پێموایە

گۆڕان زیاد لەهەموو هێزەکانی تر لەپارتی و یەکێتی دەچێت، ئەگەرچی بە رووکەش گۆڕان خوازیارە خۆی بە نموونەیەکی جودا پێناسە بکات، بەڵام بەدیتنی ئێمەومانان بەهەمان رێگەدا دەڕوا، پارتی و یەکێتی پێیدا دەڕۆن، بگرە هەندێك کولتووری سەقەتی هێناوەتەوە کایە پارتی و یەکێتی دەمێکە ماڵئاواییان لێکردووە و تەنانەت شەرمیشی لێدەکەن. بڕۆن دیمەنێکی دەمانچە بەلاقەدەکانی ئۆفیسی کۆمپانیای وشە ببینن ئەوسا تێدەگەن ئێمە باسی چی دەکەین و بۆچی دەڵێین گۆڕان و دووزلحزبەکە لەیەکتر دەچن!.

**دەنگی سەربەخۆ: ئایا پێتوایە هەڵسوکەوتی ئوپۆزیسیۆنی باشووری کوردستان، هاوشێوەی ئوپۆزیسیۆنێکی دیموکراسیی سەردەمانەیە یان بەشێوەی دژایەتی و دوژمنایەتی وزیاتر بەهەست و نەست کاردەکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: قسەکەت راستە، ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان لەسەروێنەی حزبەکانی دەسەڵات رەنگی خۆی رشتووە، نە کوردستان ئەوروپایە نە ئۆپۆزیسیۆنەکەشی بەهەمان شێوە. جارێ با باسی گۆڕان نەکەین وبێینە سەریەکگرتووی ئیسلامی. ئایا بە دیتنی ئێوە هێزێکی سەلەفی و خەلافەتخوازی وەك لقی ئیخوان ئەلموسلمین لە کوردستان دەتوانێت بە فۆرمێکی دیموکراسیی و ئەوروپییانە ئەدای سیاسەت بکات؟. بێگوومان دڵنیام بۆ هەرمرۆڤێکی دیموکراتخوازوەڵامی ئەوپرسیارەی ئێمە بە نەخێرە.

ناڵێم با لە کوردستان ئۆپۆزیسیۆن نەبێت، نەخێربەپێچەوانەوە لە سەرەتاوە باسم لە پێویستیی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی کرد، بەڵام ئەو ئۆپۆزیسیۆنە وەفاداربێت بەرامبەربەئەرك و رۆڵی خۆی نەك ئەوەی شینی دەسەڵات بکات و بە ناوی بەرهەڵستکاریی و گەمەی دیموکراتییەوە خەونی دەوڵەتی خەلافەت بەدیبهێنێت!. ئۆپۆزیسیۆنبوون بۆ هەتا هەتایی

نییە و مەشرووعە هێزی بەرهەڵستکار خەون بەدەسەڵاتەوە ببینێت، بەڵام خەونی دەوڵەتی خەلافەت و پیادەکردنی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیی، نەك ڕێگەپێدراو نییە بەڵکو ئەرکی ڕەوتی سکۆلاریزمە پێشگیریی لەم ڕامیارییە ترسناکە بکات.

خولاسە، لە کوردستاندا هەم دەسەڵات کێشەی هەیە «پارتی و یەکێتی»، هەم ئۆپۆزیسیۆن «گۆڕان» دەیان کێشەی فیکریی و سیاسیی هەیە و پێویستیان بە ڕاستکردنەوەیە. وەك خۆم یەکێك لەو کەسانەم زۆر باوەڕم بە بیردۆزی ڕێژەیی ئەنشتاین هەیە، بەو مانایەی هیچ ڕەهایەك لەژیاندا بوونی نییە چوونکە ئەوەی هەیە ڕێژەییە. بۆ واقیعی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان هەمان تیۆر ڕاستە، نە بڕوام بەوەیە حکوومەت فریشتەیە و نە کەسیش دەتوانێ بەتۆپزی پێم بسەلمێنێت بەرهەڵستکار ئەهریمەنە. شتەکان بەمشێوەیە تەوزیف ناکرێن، چوون ئێمە باسی دوو هێز دەکەین ڕەنگدانەوەی زەمینەی سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردەوارین، نە مەسعود بارزانی خەڵکی ئەمەریکایە و نە نەوشیروان مستەفا، کەواتە جیاوازییەکان زۆرنین وەك هەندێك کەس بە دەمارگیرییەوە بیری لێدەکەنەوە.

**دەنگی سەربەخۆ: تا چ ڕاددەیەك گەندەڵی و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ڕۆڵی هەبووە لە پشتگیریکردنی خەڵك لە لیستی گۆڕان؟ ئایە پێتوایە یەکگرتووی ئیسلامی و گۆڕان لەپێناو سەروەریی یاسا بوونەتە ئوپۆزیسیۆن؟.**

ستیڤان شەمزینی: مافی گۆڕانە لەسەرکەموکوڕییەکانی دەسەڵات خۆی بەهێزبکات، مافی خەڵکیشە بە دوای ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەدا بگەڕێت. کەس بە خودی دەسەڵاتدارانەوە لاریان لەوە نییە دەسەڵاتی کوردیی کەلێن و

بۆشایی زۆری لەنێوان خۆی و جەماوەردا دروستکردووە، ئێ ئەم کەلێنە کەشێکی شێدارە بۆ سەرهەڵدانی هێزو بزووتنەوەی تر، گۆڕان هیچی تر نییە جگە لەو هێزەی لە کەلێنی نێوان دەسەڵات و خەڵك کەڵکی وەرگرت و بارەکەی بە سوودی خۆی شکاندەوە. لەوڵاتانی دیموکراسی دنیاش هاوکێشەکە هەروایە، وەختێك دەسەڵات پابەند نییە بەوەعد و بەڵێنەکانی خۆیەوە، یان ساتێك حکوومەت یاری بەبەرژەوەندییە گشتییەکان دەکات، یان چرکەیەك دەسەڵات لەو ڕێڕەوە دیاریکراوەی بۆی دەستنیشانکراوە دەردەچێت، رووبەڕووی سزای جەماوەر دەبێتەوە، چوونکە جەماوەر لەمیانەی هەڵبژاردنێکی دیکەدا دەنگ بەهێزو لیستی تری رکابەر دەدەن.

مەبەستم لەوەیە بڵێم: کارێکی ئاسایی و مافێکی سروشتیی گۆڕانە لەدەروازەی کەلێنەکانی پارتی و یەکێتییەوە بچێتە پرۆسەیەکی سیاسیی وەك هەڵبژاردن و دەنگە تۆراوەکانی ئەوان بۆ خۆی کۆبکاتەوە و بەدەستبهێنێت. پاشان ئەوگوشاروهەڵمەتە راگەیاندنەی کرایە سەرگۆڕان وکارەکتەرەکانی رۆڵی ئاشکرای هەبوو لەراکێشانی سۆزی خەڵك بەلای ئەوبزووتنەوەیەدا، وەك عەرەبیش دەڵێت «الانسان حریص علی مامنع». گووشاری ناشارستانی و ناشیانەی یەکێتی لەبری ئەوەی گۆڕان لاواز بکات ئێستاشی لەسەر بێت بەهێزی دەکات، ئەمە هاوکێشەیەکی فیزیاییە، کە هەر تەنێك بەتووندیی پاڵەپەستۆی بخرێتە سەر، بەهەمان تووندیی پەرچەکرداری دەبێت.

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە، زۆر بە داخەوە رەشبینم بەرامبەر بە گۆڕان و یەکگرتوو لەپرسی سەروەریی یاسادا، چوونکە گۆڕان دەیان بەرپرسی گەندەڵی لە دەور کۆبووەتەوە، دەیان جاش و ئەنفالچی خۆیان بەو بزووتنەوەیەدا هەڵواسیوە، دەیان ژەنەراڵی خوێن و پاڵەوانی جەنگی ناوخۆ بوون بەپێغەمبەری گۆڕان، کاتێکیش نۆرە دێتە سەرلێپرسینەوەیان گۆڕان

نەك بەکردەوە پیشانی نادات لەگەڵ سەروەریی یاسادایە، بەڵکو بەوپەڕی حەماس و خرۆشەوە پشتیوانیان لێدەکات، ئەمەش دووبارەکردنەوەی ئەزموونی هەردوو پارتە سەرەکییەکە و تەئیدێکی تریشە بۆ ئەو قسەیەی کە وتم گۆڕان زۆرترین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ حزبەکانی دەسەڵات هەیە.

بەداخەوە گۆڕان و یەکگرتوو لەمەسەلەی پابەندبوون بە یاسا و سەروەریی یاساوە، ئەگەرلە دوای پارتی و یەکێتییەوە نەبن بێشك لەپێشیانەوە نین، تەنانەت یەکگرتوو گەورەترین ڕێکخراوێکە زۆرترین کاری نایاسایی دەکات!، ئەرێ کەس لەخۆی پرسیوە بە چ هەقێك یەکگرتوو ژێراوژێر ملیۆنەها دۆلار لەعەرەبستانی سعودی و وڵاتانی کەنداو وەردەگرێت؟، ئەرێ کەس پرسیاری کردووە ئەمە گەورەترین سەرپێچییە لەیاسا و لە ئاسایشی نەتەوەیی؟. من پێموایە پرسی سەروەریی یاسا بۆ ئەو دوو هێزە تەنیا ماددەیەکی ئیعلامییە و هیچی تر.

**دەنگی سەربەخۆ: ئایا دەتوانی گۆڕان بە حزب دابنێی و پێتوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا حزبێکی سیاسیی دروست دەکەن یان چاوەڕێی ئەوەن دەست بەسەریەکێتیدا بگرن، یانیش لەگەڵ یەکێتی یەکدەگرنەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: هێنری کێسینگەری گەورە سیاسەتکاری ئەمەریکا پێیوایە «کاتێك توێژینەوە لەسەر کەسایەتییەکی وەك بیسمارك کە کەسایەتییەکی مێژوویی وسیاسیی بووە، یان هەرکەسێکی تربکەین، دەبینین بنەمای سیاسەتەکەی خۆی لەسەر ڕاگرتنی پارسەنگەکانی هێز گرتووە». نەوشیروان مستەفا وەك سیاسییەك لە هەنگاوی یەکەمدا کۆمپانیایەکی ڕاگەیاندنی دروستکرد پاشان لیستێك بۆ هەڵبژاردن، پێدەچێ بۆ داهاتوو حزبێکیش ڕابگەیەنێت. ئەمە هەموو ئەو گەمانەن سیاسییەك بەپێی بارو کەشەکە ولەسەربنەمای ڕاگرتنی پارسەنگی هێزهەنگاویان بۆهەڵدەگرێت.

هیچ کەس نازانێت ئایا دواجارنەوشیروان مستەفا بڕیاری حزب دەدات یان نا؟ چوونکە کۆدەنگیی لەسەر ئەوە نییە گۆڕان ببێتە حزبی سیاسیی، بەپێی هەندێك راپرسی و داتا زۆرینەی هەڵسووڕاوانی گۆڕان دژی هەنگاوی حزبن، بەڵام ئەگەرگۆڕان نەبێتە حزبی سیاسیی چ کەڵکێکی هەیە؟. بە دڵنیاییەوە یەکێك لەکەڵکەکان بریتییە لە تێکشکاندنی ئەونەریتە دزێووسواوەی ژیانی حزبایەتی لەکوردستانی ئەمڕۆدا هەیە.

من ئەو بیرو بۆچوونەی دژی وەرچەرخاندنی گۆڕانە بۆ حزب، بەحەکیمانەترو دروستتر دەزانم، چوونکە ئاسان نییە حزبێکی سیاسیی نوێ لەچەشنی حزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا لەکوردستان لەم ساتەوەختە دروستبکرێت، خۆ ئەگەربڕیاریشە حزبێکی تەقلیدیی وستالینیی دروستبکرێت ئەوە بڕیاری ئینتیحاری سیاسییە. لەپاشان بڕوا ناکەم گۆڕان وەك بزووتنەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتی بەتایبەت هەتا ئەو کاتەی مام جەلال لەژیاندا مابێت، لەم قۆناغەدا تەنیا لەسەر ئاستی تاکەکەس گەڕانەوە بۆ نێو یەکێتی روودەدات. بۆ قۆناغی دوای مام جەلالیش دەبێت ئەوکاتە بڕیاربدەین، چوونکە دنیای سیاسەت دنیایەکی وەستاو نییە و بەردەوام گۆڕان و موفاجەئەی گەورە گەورەی تیادا روودەدەن بە جۆرێك لەئێستادا توانای پێشبینیکردنیان ئاسان نییە.

**دەنگی سەربەخۆ: چ جیاوازییەك دەبینی لەنێوان مەسعود بارزانی وجەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا، ئایە کامیان زیاتر باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: پرسیارەکە جۆرێك لە نەگونجاویی و ناهارمۆنییەتی تێدایە، بۆچی دەبێت ئێمە بەگەزی خۆمان، سەنگی هەریەك لەو سێ کەسایەتییە سیاسییە بپێوین؟. بەکام بارۆمەتر پلە و پێگە و

جیاوازییەکانیان دەستنیشان بکەین؟. پاشان پرسیاردەکەم بۆچی تەنیا ئەم سێ کەسایەتییە؟، ئایا لەکام روانگە و گۆشەنیگاوە هەڵیانبسەنگێنین؟. ئەگەربۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستانە، دەتوانم بێژم هەرسێکیان خاوەنی یەك ستراتیژن بەڵام بەسێ میکانیزم و تاکتیکی جیاواز. هیچکامیان باوەڕیان بەسەربەخۆیی کوردستان نییە، هەرسێکیان سەربە بزووتنەوەیەکی سیاسین لەوەتی هەیە هیچکات بەدروشمیش سەربەخۆیی کوردستانی بەرز نەکردۆتەوە.

باوەڕناکەم نەوشیروان مستەفا بیەوێت دەوڵەت دروستبکات و مەسعود بارزانی لێی تێکبدات، بڕوا ناکەم جیاوازیی و ناکۆکیی نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی لەسەرئەوە بێت: یەکەمیان سەربەخۆییخوازە و دووەم فیدراڵیخواز، یاخۆ بەپێچەوانەوە. نەخێر کێشە و جیاوازیی هەریەك لەو سێ کەسایەتییانە پابەندی بەرژەوەندیی و دەسەڵاتی تاکەکەسییە، لەوە بترازێت مەسەلەیەکی ترلەگۆڕێ نییە. وەهام بەباش دەزانی پرسیارەکە ئەوە بووایە، کام لەم سێ کەسایەتییە لە تاکتیکەکانیاندا واقیعیترن و بەپێی بەرنامە و ئەجیندایەکی سیاسیی روون کاردەکەن، ئەوکاتە دەکرا بڵێین تاکتیکەکانی مەسعود بارزانی لەم ڕەهەندەوە خراپ ولەوڕەهەندەوە باشن، بۆ نەوشیروان مستەفا و مام جەلالیش هەربەهەمان شێوە، بەڵام گەرقسە لەسەرجیاوازیی بێت لەناوەڕۆکی کاردا، هەموو دەیانەوێت بگەنە یەك وێستگەی دیاریکراو، ئەوەی دەگۆڕێت وەك وتمان تەنێ گرتنەبەری ڕێگای جیایە.

**دەنگی سەربەخۆ: جەنابت چۆن دەڕوانییە وەرگرتنی هەموو ئەو کەسانەی ریزەکانی پارتی و یەکێتی بەجێدێڵن لەلایەن گۆڕاندا، ئایا پێتوانییە ئەمە هەمان ئەوشێوەیەی پارتی و یەکێتی بێت کە هەموو ئەمن**

**و سەرۆك جاش و ئەنفالچی لە ریزەکانی خۆیاندا وەرگرتووە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەپێشەوە وتمان گۆڕان و پارتی و یەکێتی ئەوەندە لەیەك دەچن، ئەمرۆش نەبێت سبەی هەر سێ هێزەکە دەبنە هاوپەیمانی یەکتر. کێ دەیووت دوای سی و یەکی ئاب و ئەو هەموو شەڕە خوێناوییەی نێوانیان، پارتی و یەکێتی هاوپەیمانێتی ستراتیژیی پێکەوە گرێدەدەن تا ئەو ئاستەی بەیەك لیست بچنە پای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە؟. ئیدی بۆچی نابێت پێشبینی ئەوە بکەین لە ساڵانی داهاتوو ئەو هێزانە دەبنە دۆست و هاوپەیمان و برابەشی یەکتریش؟. لەدنیای سیاسەتی کوردییدا زۆر موفاجەئەی سەیر سەیر روویداوە و روو دەدات، سیناریۆکانی داهاتووی سیاسەت لەکوردستان رەنگە هاوپەیمانێتی ئەو سێ هێزەشی بەدەمەوە بێت.

گۆڕان ئەمڕۆ پێویستی بەخەڵکە وهیچ پێوەرێکی نییە بۆوەرگرتنی خەڵك، جاش وئەنفالچی، کەسوکاری شەهید وئەنفال، پێشمەرگەی دێرین وئەمنی دێرین، کۆنە تەواری وزیندانی سیاسیی، هەمووی پێکەوە کۆکردۆتەوە. نەبوونی پێوەرێك بۆکۆکردنەوەی خەڵك لەژێر چەتری بزووتنەوەیەکی وەك گۆڕاندا دەرخەری واقیعێکی تاڵە و راددەی گەشبینیمان بە گۆڕانکاریی و ریفۆرم لەسەر دەستی ئەو بزووتنەوەیە کەم دەکاتەوە.

**دەنگی سەربەخۆ: کێشەی کەرکووك لە٨٠ ساڵی رابردوودا یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکانی خەباتی گەلی کوردستان، چ جیاوازییەك دەبینی لەنێوان دیدی پارتی و یەکێتی بۆکەرکووك و دیدی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بۆکەرکووك و شارە دابڕاوەکانی تری باشووری کوردستان؟. ئایا پێتوایە گۆڕان ئامادەبێت واز بەرژەوەندییەکانی حزبی خۆی بێنێت لەپێناو کەرکووك و شارەکانی تری کوردستاندا؟.**

ستیڤان شەمزینی: وەك جەنابتان دەڵێن کێشەی کەرکووك کێشەی ئەمڕۆ نییە، کێشەیەکە تەنیا لەنێوان کورد و عەرەبدا وەك دوو لایەنی خاوەن کێشە نەماوەتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی فراوانی وەرگرتووە تا ئەو ئەندازەیەی زلهێزەکانی دنیا ڕەواییان بەخۆداوە دەستتێوەردان لەم دۆزەدا بکەن. کەرکووك نە بەگۆڕان ڕزگار دەکرێت و نە ئەوە گۆڕانیشە کورد بەدۆڕان دەدات لەو شارەدا، کێشەی شارەکە زۆرلەوە فراوانترکێشمەکێش و ململانێی لەسەر دەکرێت وەك بەشێکی زۆر لەئێمە بیرمان لێکردووەتەوە. بۆیە من وایدەبینم گۆڕان تاکە هۆکار نییە کورد لە کەرکووك بەدۆڕان بدات، بەڵکو کۆی چەند هۆکارێك هەن ڕۆڵیان لەلاوازکردنی کورد بینیوە لەو شارەدا. ئەم دەربڕینە بەو مانایە نییە کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتی نییە و پێویستی بەهەماهەنگی زیاتر نییە، بەڵکو من یەکێك لەو کەسانەم لایەنگری لەیەك لیستیی کورد دەکەم لە کەرکووك، مەبەستم لەوەیە نابێت وا بزانین ئەوە تەنیا گۆڕانە کە گرەوەکەی لەدەستدایە و دەتوانێ بەگۆچانێکی ئەفسووناویی چارەنووسی کەرکووك بەهەردوو بارەکەدا یەکلا بکاتەوە.

**دەنگی سەربەخۆ: کێشەی ژنان و یاسای مەدەنی یەکێکە لەکێشەکانی هەرە گەورەی ناوخۆی باشووری کوردستان، سەبارەت ئەو کێشەیە ڕای پارتی و یەکێتی ئاشکرایە و نەیانتوانیوە نە یاسایەکی دادوەرانە و نە ئاسایشێکی باش بۆ ئافرەتان دابین بکەن. ئایا پێتوایە گۆڕان دژی یاسای فرەژنی دەنگ بدات و دژی داواکارییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی بوەستێت یان بەهەمان شێوەی ئێستا بێدەنگی دەنوێنێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە پەرلەمانتارانی گۆڕان و هەڵسووڕێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بیدەنەوە. چوونکە ئەوە

ئەوانن دیاریدەکەن دەیانەوێت چی بکەن و نەکەن!، بەڵام یەکێك لەنیگەرانییەکانی من وەك چالاکێکی چەپ لەگۆڕان لەوەدا چڕ دەبێتەوە: گۆڕان خاوەنی بەرنامەیەکی مەکیاڤیلییانەی رووتە، ئەوەتا سەرکردەکانی کۆمپانیای وشە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و سەرنجڕاکێشانی جەماوەر سەرو بەرماڵیان بەشاندا داوە و تەلەفزیۆنەکەیان دوو هێندەی کەناڵی کۆمەڵ و یەکگرتوو تەرویج بۆ ئیسلام و بیروبۆچوونە مەزهەبییەکان دەکات.

گۆڕان هێندەی بزووتنەوەیەکی ئاینیی داکۆکیی لەئاین دەکات، تەنانەت دیمانەیەکی منیان لەرۆژنامەی رۆژنامە راگرت لەبەرئەوەی رەخنەم لەو بڕگە و بەندانەی دەستووری هەرێمی کوردستان گرتبوو، شەریعەتی ئیسلامییان کردووە بەبەردی بناغەی یاسادانان لە کوردستاندا، لەبەرئەوەی من لەوێدا بە روونیی ئاماژەم دابوو بەوەی تێکەڵاوکردنی ئاین لەگەڵ دەستوور، عەلمانیەت و پاشەڕۆژی دیموکراسیی و پێکەوە هەڵکردن لەوڵاتدا دەخاتە بن مەترسییەوە. من پرسیار دەکەم هێزێك هەموو توانای خۆی لەسەر موجامەلەکردنی ئاین و پیاوانی ئاینیی و ختووکەدانی هەستی مەزهەبیی خەڵك راگرتبێت و بەدەستهێنابێت، تۆ پێتوایە دەتوانێت چی بۆ ژنان بکات؟ پێتوایە دەتوانێت ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاوتری هەبێت بۆ ئەو دەستوورەی پارتی و یەکێتی بۆ خزمەتی خۆیان نوسیوویانەتەوە؟.

گۆڕان کە تژیەتی لەپیاوی دوو ژنە و ئەندام پەرلەمانی لەو جۆرە کە دەنگی بۆ یاسای فرەژنی داوە، چۆن دەتوانێ یاسایەك بە بەرژەوەندیی مێینە دەربهێنێت؟. ئەمە لەلایەك و لەسەرێکی تریشەوە، گۆڕان نەك دژی یەکگرتوو ناوەستێت بەڵکو هیچ کێشەیەکیشی لەگەڵیدا نییە. ئەدی بۆچی یەکگرتوو لەدژی گۆڕان بێت؟، خۆ ئەولیستە نیوەی ئەرکەکانی ئەو جێبەجێ دەکات کە خۆی لەبرەوپێدان بەگووتاری ئاینیی و ئیسلامییدا

دەبینێتەوە!. ئیسلامییەکان بۆبانگەشەی هەڵبژاردن ئایەتی قورئانیان بەکارنەهێنا، کەچی گۆڕان هەزارەها پۆستەری بڵاوکردەوە کە ئایەتی قورئانی لەسەرنووسرابوو، لێ هەموو ئەوەش دەزانین مەبەستی ئەو ئایەتە چییە و گۆڕانیش خەریکی چییە.؟ بەداخەوە.

**دەنگی سەربەخۆ: ئایە پێتوایە یەکدەنگی کورد لەبەغدا لەمەودوا مام جەلال وتەنی بووە بە(خەونێکی شاعیرانە) یان دەکرێ پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و لایەنەکانی تر لە بەغدا یەکدەنگ بن؟.**

ستیڤان شەمزینی: بۆچی ناکرێت هێزە سیاسییە ناکۆکەکانی کوردستان، لەهەمبەر چارەنووسی زیاتر لەچوار ملیۆن کورد لەعێراقدا هاودەنگ و یەکگرتوو بن؟. من نیەتێکی خراپ لای هیچکام لەو هێزانەی ناوتهێناون بەدی ناکەم، بەو مانایەی بیانەوێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی بکەن بەقۆچی قوربانی. من وەك خۆم هەنگاوی فرە لیستیی بەهەنگاوێکی پۆزەتیڤ و تەندروست دەبینم، بەڵام بەمەرجێك کاتێك کورد دەگاتە ناوەند، ناکۆکیی سیاسیی و جیاوازیی ئایدۆلۆژیی و حزبیی خۆی لەبیربباتەوە و هەموو پێکەوە بەشداریی ڕاستەقینە بکەن لەو پرۆسە و تەحەددییانەی لەبەردەم کورددان وەك نەتەوەیەك.

مام جەلال نەیوتووە هاوپەیمانیی هێزە کوردییەکان بووە بەخەونی شاعیرانە، بەڵکو ئەو دەربڕینەی بەرامبەربە دەوڵەتی کوردیی بەکارهێناوە. وا بڕوام دەکەم نە دەوڵەتی کوردستان خەونی شاعیرانەیە و نە یەکڕیزیی هێز و لیستە کوردییەکان. یەکگرتوو لەچوارساڵی ڕابردوو لەپەرلەمانی عێراقیدا بەئەزموون سەلماندوویەتی پاشکۆی سیاسەتی پارتی و یەکێتی بووە، یان بەواتایەکی دیکە هاوبەش بووە لەبڕیاروئەجینداى پارتی و یەکێتی بە هەموو کەموکوڕیی و ناتەواوییەکانیشەوە، پێموایە یەکگرتوو لەسەرهەمان نەریت

بەردەوام دەبێت و کێشەیەك دروست ناکات.

ئەوەی دەمێنێتەوە «گۆڕان»ە. راستە ئەو لیستە کێشمەکێشی تووند لەگەڵ دوو زلحزبەکەی کوردستان دەکات، بەڵام هەروەك لەزاری خودی «نەوشیروان مستەفا»وە جەختی لەسەرکرایەوە، بۆ هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی نەتەوەیی بێگوومان لەپەنا پارتی ویەکێتی لەسەنگەردا دەبن و مەودای ناکۆکییەکان لەو ساتەوەختانەدا کەم دەکەنەوە، ئەمەش پەیامێکی دڵخۆشکەرە و پێموایە گۆڕان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان تەبایە لەگەڵ هێزو لایەنەکانی تر، کە ئەمە گرنگە چوونکە کێشە نییە چەند جیاوازیی لەنێوانماندا بێت لەسەرکێشە لاوەکییەکان بەتایبەت لەسەرئاستی ناوخۆی کوردستان.

لەپووختەترین دەربڕیندا تا ئێستا پاراستنی حکوومەتی هەرێم و داکۆکیی لە پێشڕەویی و دەستکەوتەکانی کوردی باشوورو پارێزگاریی لەئاسایشی نەتەوەیی، کۆدەنگیی لەسەرە، ئەمە مەسەلە گرنگەکەیە، ئەگەر ببێتە ستراتیژ نەك دروشم و تاکتیك. لەوە بەولاوە هەرچی کێشە و تەنگوچەڵەمەیەکیش دروست ببێت هیچ کاریگەریی نەرێنی ئەوتۆی نییە تاوەکوو پاشەڕۆژی سیاسیی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بخاتە بەردەم مەترسییەوە.

**دەنگی سەربەخۆ: چ پێشبینییەك دەکەی بۆ حکوومەتی داهاتووی هەرێم؟ ئایە دەتوانێت نیوەی بەڵێنەکانیشی جێبەجێ بکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: جاڕدانی بەهەشت مەترسییەکی ئێجگار گەورەیە، لیستە کوردستانییەکان لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمساڵ جاڕی ئامادەکردنی بەهەشتیان بەجەماوەرو دەنگدەرانیان دەدا. لیستی کوردستانی کە ئێستا لیستی براوە و لیستی حکوومەتە پشکی شێری

بەردەکەوێت لەبەڵێندانی گەورە و خستنە بەردەمی تموحی گەورە بەهاووڵاتیان. لەو باوەڕەدام بۆ حکوومەتێکی زۆر ئەکتیڤیش زۆر ئەستەمە ئەو هەموو بەرنامەیە نەك لەماوەی چوار ساڵدا بەڵکو لەهەشت ساڵیشدا دەستەبەر بکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت پاڵی لێبدەنەوە و هیچ کارێك نەگرنە ئەستۆ، نەخێر ئێمە بۆیە ئەو راستییە بەیاد دەهێنینەوە چوونکە دەبێت کابینەی شەشەم باش بزانێت ئەرکێکی مێژوویی و مۆراڵیی گەورەی کەوتۆتە سەرشان و دەبێت شەو و رۆژ لەدەم یەك بدات بۆ ئەوەی بتوانێت هیچ نەبێت لەنیوە زۆرتری بەڵێنەکانی بهێنێتەدی و خەڵك هەست بەبەدیهاتنیان بکات.

بۆئەوەی ئایا ئەم کابینەیە دەتوانێت ئەو کارانە بکات یان نا؟ ئەوە وا باشتربوو ئەو پرسیارە لەسەرۆك وەزیران یان کاربەدەستێکی باڵای میریی بکرابایە. لەپاشان دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بەجێبهێڵین بۆ چوار ساڵی داهاتوو، چوونکە هێشتا زووە ئەو بڕیارە بدەین حکوومەت بەڵێنەکانی دەهێنێتە دی یاخۆ نا، ئەوە چوار ساڵی دادێ دەیسەلمێنێت چی روودەدات، بەڵام ئەگەرتۆ بەدووی رای مندا دەگەڕێی، پێشبینی ناکەم هەموو وادە و بەڵێنەکان جێبەجێ بکرێن، بەڵام بۆ نیوەکەی کە تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەیت دووبارە دەیڵێمەوە: پێویستە چاوەڕێی رۆژانی داهاتوو بین.

**دەنگی سەربەخۆ: ئایا پێتوایە چارەنووسی گۆڕان هەمان چارەنووسی پارتی و یەکێتی بێت و گەندەڵی لاوازی بکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێویست ناکات بڵێین داهاتوو دەرخەری ئەوفاکتەیە، گۆڕان بەهەمان رێچکە و توولەرێی پارتی و یەکێتیدا دەڕوات، چوونکە بۆ هەر مرۆڤێکی هۆشمەند ئێستا ئەوە بەروونی دەرکەوتووە، گۆڕان بەهیچ شێوە و کلۆجێك نەیتوانیوە پارتی و یەکێتی تێپەڕێنێت، چوون گۆڕان تەنێ

لەنێو وشە و قسەدا نییە، مەیدانی گۆڕان لەناو کردەوەی رۆژانەدایە، من شتێکی سەیرو جیاوازم لەنێوان پەرلەمانتارانی کوردستانی و گۆڕان نەبینیوە، تەنانەت هیچ جیاوازییەك بەدیناکەم لەنێوان بەرپرسانی حزبی و سیاسیی پارتی و یەکێتی و سەرکردە و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای وشە.

حکومێکی قورس نییە ئەگەربڵێین گۆڕان نەیتوانی مۆدیلێکی نوێ لەسیاسەت و مامەڵەی سیاسیی و بەڕێوەبردن دابهێنێت، گۆڕان لەهەمان زەلکاوی کوردستاندا کە پارتی و یەکێتی تیایاندا گەشەیان کردووە، بەشێوەیەکی جادوویی گەشەی کردووە، کە زۆربەمان لەوە دڵنیاین بەشی زۆری لایەنگرانی ئەو بزووتنەوەیە نەك نازانن گۆڕان چییە و چۆن دەکرێت تەنانەت ناشزانن سبەی نەوشیروان مستەفا چی دەکات و چارەنووسی بزووتنەوەکە بەرەو کام ئاقار دەبات، زۆرێك بەدەبەنگی و بێ بیرکردنەوە دوای قەرەباڵغیی کەوتن.

نووسەری نێوداری عەرەب «هاشم ساڵح» دەنووسێت «کانت پێیوابوو حەماسەت بۆ رۆشنگەریی لە خودی رۆشنگەریی گرنگترە، چوونکە دەیگرێتە خۆی و دەیپارێزێت، جا بۆیە حەماسەتیش بۆ بیرکردنەوەیەکی کوێرانە و تاوانێکی گەورە و گرنگتر و مەترسیدارترە لەتاوانەکە خۆی». بۆ دۆخی گۆڕان هەمان پێودانگ و وتەزا جۆرێك لەراستیی لەخۆ گرتووە، چوون وەختێك گۆڕان مزایەدە بکات یان لەرێرەوە سەرەکییەکەی خۆی لابدات، تاوانی هەموو ئەوانەی شەلم کوێرم دوای گۆڕان کەوتن زۆرزیاترە لەخودی ئەوانەی وەك رۆبسپێر بانگەشەی شۆڕشێکی سەرتاسەرییان دەکرد.

لەلایەکی تریشەوە بەڵێ گۆڕان بووە بەقاوەخانە و دیوەخانی کۆلکە ئیسلامی و سەرۆك عەشیرەت و کۆنە تەواری و ئەنفالچی «ئەمە بەبێ ئەوەی

نکۆڵی لەبوونی سەدان تێکۆشەروکەسی دڵسۆز بکەین لەریزی بزووتنەوەی گۆڕاندا». ئەوەتا کاک فلانە کەس لە یەکێتی پۆستێکی لێسەندراوەتەوە، داوێتی بەقەد باڵی گردەکەدا، یان فیسارکەس لە ئیمتیازاتێك بێبەش کراوە وەك هەور تووڕەیە وداوێتی بەپەنای گۆڕاندا، واتە گۆڕان تژیەتی لە خەڵك وکەسایەتی هەمەجۆر، کە من وا بڕوا دەکەم کەمترینیان لەچەمکێکی ئاڵۆزی وەك گۆڕان تێگەیشتوون ودەشیانەوێ دۆخی سیاسیی وحکومداریی لە باشووری کوردستاندا بگۆڕن.

هەواڵنامەی کتێب

*ئەم دیمانەیە لەکۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ لەماڵپەڕی «دەنگی سەربەخۆ» بڵاوبۆتەوە.

# ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان.. هەڵە و مەترسییەکانی

دیمانە: ئاسۆ عوسمان

ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆتە جێگەی جەدەل و مشتومڕێکی زۆر، بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵە و مەترسییەکانی ئەو ڕەشنووسە، ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ «ستیڤان شەمزینی» سەرنووسەری گۆڤاری نێوەند.

**ئاسۆ: لە ماددەی (٦٤) دەستووردا هاتووە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە, لە ڕۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە دەستپێدەکات. دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە, لەڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە. بە پێی ڕەشنووسی دەستووربارزانی ماوەی ئەم چوار ساڵەی پێشووی سەرۆکایەتی بۆ حیساب نەکراوە و دەتوانێت ماوەی «٨» ساڵی تر سەرۆکایەتی هەرێم بکات. ئەم ماددەیە بۆتە جێگای ڕەخنە و نیگەرانی لەلای بەشێك لەسیاسەتمەداران و یاساناسان،**

**پێیانوایە ئەم ماددەیە لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسیی داڕێژراوە ئەمە سەرباری ئەورەخنانەی لە بڕگە و ماددەکانی ترهەیانە دەڵێن دەسەڵاتێکی ڕەها بە سەرۆکی هەرێم دراوە. پێتانوایە ئەم ماددەیە مەرامێکی سیاسیی لە پشتەوەیە وەك بەشێکیش لە چاودێرانی سیاسیی هێمای بۆ دەکەن لە بەرژەوەندیی پارتی و سەرۆکەکەیەتی، ئێوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: بێگومان سووربوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی زەرد، بەدواشیدا یەکێتی و لیستی کەسکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، گوومانی زۆربەمانی کردە یەقین، دەستووری هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستان و خودی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان نوسراوەتەوە. لای کەس شاراوە نەبوو، وەختێك هەردوو زلحزبەکەی کوردستان «پارتی و یەکێتی»، دەیانزانی لە هەڵبژاردنی ٢٥-٧-٢٠٠٩ تووشی نسکۆیەکی گەورە و هەرەسێکی سیاسیی چاوەڕوانکراو دەبنەوە و دەسەڵات و هێزیان لەناو دامەزراوەیەکی وەك پەرلەماندا بەرەو کزیی و لاوازیی دەڕوات، دەیانویست ئەڵتەرناتیڤێك بۆ پێدانی دەسەڵات بە حزبەکانیان بدۆزنەوە. بۆئەم کارە، دەستووری هەرێمی کوردستانیان هەڵبژارد، تا لەو ڕێگەیەوە قەرەبووی ئەو دەسەڵاتە لە کیسچووانەیان بکەنەوە کە وەك بینیمان لەرۆژی ٢٥ تەمووزی رابردوو لەدەستیان دا.

مرۆڤ ئەگەر سەیری ماددەی دواتر «ماددەی ٦٥» بکات و لەو بیست و چوار بەندە بکۆڵێتەوە کە هەر یەکێکیان ژمارەیەك دەسەڵاتی نەبەستراوە بە سەرۆکی هەرێم دەدەن، لەوە تێدەگات بۆچی ماددەی ٦٤ بەو سیاغەیە نووسراوەتەوە؟. ئەگەر ئەو دەسەڵات و سەلاحیاتانەی سەرۆکی هەرێمیش بەراوورد بکەین لەگەڵ واقیعی حاڵدا، پەرلەمان هیچ کارێکی بۆ نامێنێتەوە

و توانای بڕیاردانی بۆ ئاستێك دادەبەزێت، ئەگەر پەرلەمانێکیش لە ئارادا نەبێت هیچ لەبارەکە ناگۆڕێت. چوونکە ئەم دەستوورە لە باشترین حاڵەتدا دەستووری ساڵی ١٩٢٥ عێراق «پادشایی»مان وەبیردەهێنێتەوە، لەبەرئەوەی چ ئەرك و دەسەڵاتێك لەپرۆژەی دەستووری هەرێمدا بەسەرۆکی هەرێم بەخشراوە، لەدەستووری ساڵی ١٩٢٥ هەر ئەو دەسەڵات و سەلاحیاتانەش بە پادشای ئەوکاتی عێراق دراوە. بە کورتییەکەی ئەو ماددەیە دانانی سنوور و مەودای دەسەڵاتەکانی تاکێك نییە بە ناوی سەرۆکی هەرێمەوە، هێندەی کێشانی وێنەی تەوتەمێکە بۆ پەرستن و کڕنووش بۆ بردن. کوردستانیش لەم قۆناغەدا پێویستی بە سەرکردەی خزمەتکار و پەرلەمانێکی کارا هەیە نەك سەرۆکی کاریزمیی خەیاڵئاسا و تەوتەمئاسا، چوون «ئەبیکۆر» وتەنی «تەوتەمەکان هەموویان بۆش و بێمانان».

**ئاسۆ: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە یاساناسان و رۆشنبیران و سەرجەم چین و توێژەکانی ترەوە داوای دەستوورێك دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەرك و مافەکان. وەلێ ئێستا تێبینی دەکرێ دوای پەسندکردنی رەشنووسی دەستوور لە رێگای پەرلەمانی کوردستانەوە لە٢٤-٦-٢٠٠٩ لەلایەن زۆرێك لە یاساناسان و رۆژنامەنووسان تەنانەت لەلایەن بەشێك لە سیاسەتمەدارانیشەوە ئەم دەستوورە رەتدەکرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ناوەڕۆکی ئەم دەستوورە ئەوەندە دواکەوتوو و کۆنەخوازانەیە ئەم هەموو هەڵایەی لەسەر دروستکراوە؟، ئایا یەکەم رەشنووسی دەستوور لەمێژووی کوردستاندا دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا یان بە پێچەوانەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەستوور دەبێت رەنگدانەوەی پێویستییە سیاسییەکان، واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاستی گەشەکردنی ئابووری و کولتووریی

کۆمەڵگە بێت. ئەگەر ئەمە بە بنەما وەربگرین، بە دڵنیاییەوە دەستووری هەرێمی کوردستان زۆر لە دوای ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەیە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بوونی هەیە. بە بۆچوونی من دەستووری هەرێم نەك دەستوورێکی کۆنەخوازە و لەگەڵ بەهاکانی مرۆڤی کورددا یەکانگیر نابێت، بەڵکو بەهەموو پێوانەیەك دەستوورێکی کۆنەپەرستانەیە. لەژێر بڕگەکانییەوە بۆنی تۆتالیتاریزم دێ و لە بن تاریکیی هەندێك بەندەکانیدا دیکتاتۆرێك خۆی مەڵاسداوە. جیاوازلەمەش ئەگەر دەستوورێك وەك خۆت لە پرسیاری یەکەمدا گومانی ئەوە دەوروژێنیت بۆ مەرامێکی سیاسیی نووسرابێتەوە و کرابێتە کەتۆلێکی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، پاشان خواستەکانی خەڵکی لێ هێنرابێتە دەرەوە، بەڕەکەی لە ژێر پێی ئۆپۆزیسیۆن پێ هێنرابێتە دەرێ، پێم ناڵێی ئەم دەستوورە کوێی پێشکەوتووە تا دڵی پێ خۆشبکەین؟.

دواتر ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و تەنانەت خەڵکی ڕەشۆکی کوردستان، وەختێك داوای دەستوور دەکەن، خوازیاری دەستوورێکی لەو جۆرە نین لە هۆبەی مەکتەبی سیاسیی پارتە سیاسییەکاندا بۆبەرژەوەندیی یەك دوو لایەنی باڵادەست نووسرابێتەوە. ڕاستە خەڵك داوای دەستووری کوردستانی کرد، بەڵام دەستوورێك مافی هەموو هاووڵاتیانی وەك یەك تێدا پارێزراو بێت، جۆرێك لە یەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا بهێنێتە دی. چرکەساتێك خەڵکی کوردستان دەستوورێکی لەو شێوەیەی بەسەردا دەسەپێنرێت نەك هەر ڕەخنەی لێی هەیە بەڵکو دژی دەوەستێتەوە و تەنانەت دەنگیشی پێنادات، ئەمەش مافێکی زۆر ساکاری خۆیەتی.

بۆبەشی کۆتایی پرسیارەکەشت، ئایا ئەم دەستوورە دەتوانێ دیموکراتی دروستبکات؟. وەك خۆم نەمبیستووە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا بەهۆی

دەستـووره دیمـوکراتی چێ بـووبێت، دەسـتـووررەنگە بتـوانێت پەیکەری دیمـوکـراتی بـپـارێـزێـت نـەك دروسـتی بـکـات، چـوون دەسـتـوورلـە هـەر کۆمەڵگەیەکدا وێنـەدانـەوەی ئاستی هۆشـیـاریی سیاسیی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە، یـان بـا بڵێین زادەی عەقڵییەتی سیستمی فەرمانڕەوایە. لەدەوڵەتێکی دیموکراتیدا دەستوورگوزارشتە لە رۆحی دیموکراتی ولەسەر بەها دیموکراتییەکان داڕێژراوە، بە پێچەوانەشەوە هەروا.

**ئاسۆ: لەبڕگەی«١٠» ماددەی«١٩» رەشنووسی دەستووری هەرێمی کـوردسـتـان- عێراق، هـاتووە هـەمـوو کـەسێك مـافی ئـازادیی رادەربڕینی هـەیـە و پێویستە ئـازادیی رۆژنـامـەگـەریی و هـۆکـارەکـانی راگـەیـانـدن و رادەربڕین فـرە لایـەنیان مسۆگەر بکرێت. لـەهـەمـان بڕگـەدا هـاتـووە ئەو مافە توانج و تەشەرو دەستدرێژیی بۆ سەرمافی خەڵکی دیکە و سوکایەتی بەپیرۆزییە ئاینییەکان و هـانـدان بۆ توندوتیژیی و برەوپێدانی رق و کینە لەنێو پێکهاتەکانی خەڵکی کـوردسـتـان نـاگرێتەوە. پرسیارەکەم ئەوەیە ئەم بڕگەیە لە مـاددەی«١٩» ئازادیی رۆژنامەوانی و رادەربڕین بەرتەسك ناکاتەوە، مەرجدانانێکی لـەمجۆرە لـە دەسـتـووردا نامانگەیەنێتەوە بە خاڵی سفر؟.**

سـتـیـڤـان شـەمـزیـنی: دەسـتـووری هـەرێمی کـوردسـتـان بـە فـۆرمێك داڕێـژراوە بـە دەستێك کۆمەڵێك مـاف و ئـازادییت پێدەبەخشێت و بە دەستەکەی تر لێت وەردەگرێتەوە. ئەم خـووە، تا ئێستا رەفتاری زۆرینەی رژێمە نادیموکراتییەکانی ناوچەکە بـووە لـە چـەشنی وڵاتـانی عـەرەبیی و ئیسلامی رۆژهـەڵاتی نێوین. مـن هیچ کـات لـەگـەڵ ئـەوەدا نیـم میدیا سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی خەڵك و کەسێتی مرۆڤەکان بکات، بەڵام ئەم بەندە بۆزامنکردنی ئەو مافە نەبووە تا ئەوەی میدیا پێشێلی نەکات. هێندەی

بۆ ئەوەیە لغاوی ئەو سەدا و نارەزایەتییە بەربلاوە بکرێت لەکوردستان بەرەو رووی دەسەڵات دەنگی بڵند کردۆتەوە، هێندەی بۆ سەرکوتی ئازادیی راگەیاندن و بەرتەسککردنەوەی سنوورەکانی وتن و رادەربڕین فۆرمۆڵە کراوە.

من پێموایە ئەم بڕگەیە یەکێکە لەو بڕگە لاستیکییانەی خەتەرێکی گەورەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، چوونکە روون نییە لای دەسەڵات پێناسەی تانە وتوانج و ناوزڕاندن چییە؟ لەبەرئەوەی تا هەنووکە لەکن دەسەڵاتی کوردیی بە گەندەڵ ناوبردن تانە و توانجە، دەرخستنی رووی راستەقینەی رووداوەکان وەك خۆیان، دەستی بێگانەی لەپشتە و سووکایەتییە بە خەباتی جەماوەری گەل، هەتا ئێستا رەخنەگرتن لەهەر دوو سەرۆکی پارتی ویەکێتی، تاوان وناوزڕاندن وسووکایەتییە بەکەسێتیان. وەك خۆم وای بۆ دەچم تێخزاندنی ئەو پەرەگرافەی دوایی لەم بڕگەیەدا، کە مەرج بۆ ئازادیی راگەیاندن دادەنێت دیسان بۆ مەرامێکی سیاسیی تایبەت وبۆ سوودی لوتکەی فەرمانڕەوای کوردستان هۆنراوەتەوە، کە هیچ گومانێکی تێدا نییە لەودیو کەوالیسەوە سەرانی دوو حزبەکە بەشداربوون لەم فۆرمۆڵەبەندییەدا.

**ئاسۆ: لە ماددەی (٢) رەشنووسی دەستووری هەرێمدا هاتووە: یەکەم: کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە, پێکدێت لەپارێزگای دهۆك بە سنووری کارگێڕی ئێستایەوە و لە پارێزگاکانی کەرکووك وسلێمانی وهەولێروقەزاکانی ئاکرێ وشێخان وسنجاروتلکێف و قەرەقوش و ناحیەکانی زمارو بەعشیقە و ئاسکی کەڵەك لە پارێزگای نەینەوا و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لەپارێزگای دیالە. ئەمانەش بە سنووری کارگێڕیی پێش ساڵی ١٩٦٨ەوە. دووەم: سنوورە سیاسییەکانی**

**هەرێمی کوردستان- عێراق, بەپشت بەستن بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵی, دیاردەکرێن. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم ماددەیە هەیە؟ پێتانوانییە یەکلانەکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ و ناڕوونی لە ئایندەی ئەم ناوچانە کێشەیەك لەم ماددەیە دروستدەکات، لە کاتێکدا لە بڕگەی دووەمی ماددەکەدا ئاماژە بەسنووری سیاسی کراوە نەك جوگرافی؟.**

ستیڤان شەمزینی: بڕوام وایە ماددەی ١٤٠ هەرلەبناغەوە خیانەتێکی گەورەی سەرانی دوو زلحزبەکە بوو لە دۆزی گەلی کوردستان و چارەنووسی سیاسی و کارگێڕیی پارێزگای کەرکووك و ئەو ناوچانەی بە ناوچەی کێشە لەسەربوو دەناسێنرێن. جاریٚ لەسەرەتاوە ماددەی ١٤٠ لەرووی دەستوورییەوە کاریگەریی نەماوە و ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاندووە، پاشان هیچ ئاسۆیەکی رووناك دیار نییە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بەدیار بخات. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ماددەی ١٤٠ بۆ کوردستانێتی ئەو ناوچانە نییە کە لە فەرهەنگی پارتی و یەکێتی و عەرەبی عێراقیدا بە ناوچەی جێگەی ناکۆکی ناسراون. چوون ئەو ماددەیە لەسێ قۆناغ پێکهاتووە، دوا قۆناغ کە قۆناغی راپرسییە بۆ سەلماندنی کوردستانێتی کەرکووك و ئەو ناوچانە نییە بەڵکو بۆ سەرپشکردنی عێراق یان هەرێمە، ئەمەش ناکاتە کوردستانیبوونی کەرکووك، چوونکە سبەی شارێکی عەرەبیش دەتوانێت بێتە چێوەی کەنتۆنی ئیداریی باشووری کوردستانەوە کە بە حکوومەتی هەرێم ناسراوە. من لەو باوەڕەدام بردنی دۆزی بەشێك لە جوگرافیای کوردستان بۆ نێو مەعمەعەی بڕگەیەکی دەستووری عێراق سەرەتای دۆڕانێکی گەورە بوو بۆ کورد ئەگەرنەڵێین خیانەتێکی گەورە بوو بۆ سەرانی سیاسی کوردستان.

پێم سەیرە هێشتا پرسیار لە بارەی کەرکووك و ماددەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لەسەربووەکانەوە دەکرێت، چوونکە وەك وتم ئەو دۆزە بە دۆڕانی کورد و لە کیسچوونی ئەو ناوچانە کۆتایی هاتووە و ئەمەش کۆتایی چیرۆکەکەیە. دەستووری هەرێمی کوردستانیش هەر بەرهەمی ئەو عەقڵە سیاسییەیە کەرکووکی دۆڕاندووە و بە کارە بەد و ناشیییەکانی موسڵیشی لە دەستدا. لەبەرئەوە تۆ چ چاوەڕوانییەکت لەو دەستوورە هەیە و بە تەمای ئەوەی کەرکووك و زومار و شێخان بخاتەوە سەر کوردستان؟. وەك وتم چیرۆکی ئەو ناوچانە لە٣١-١٢-٢٠٠٧ کۆتایی هات و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر کوردستان هێندەی گەڕانەوەی ژیان بۆ مردوویەکی هەزار ساڵە سەختە. مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێ نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت لە ئایندەدا.

**ئاسۆ: لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٦)دا هاتووە نابێت هیچ یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵا حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام. هەروەها لەبڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ناشبێت هیچ یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵا بنەماکانی دیموکراسی. پرسیارەکە ئەوەیە ئیشکالاتێکی گەورە بەدیدەکرێت لەم ماددەیەدا و هەمان ئەوکێشەیەش لە دەستووری عێراقدا هەیە. لەگەڵ ئەوەی بڕگەی یەکەم بۆ ڕازیکردنی حزبە ئیسلامییەکان لە دەستووردا دانران و لە ڕەشنووسی ئابی ٢٠٠٦ نەبووە، بەڵام چاودێران پێیانوایە ئەم بڕگەیە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دیموکراتیەت و ئازادییە فەردییەکان و پێشلکارییەکی ئاشکرای مافەکانی ژنانیشە ئێوەش وای دەبین یان بەپێچەوانەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێش دوو ساڵ ونیووەڵامی هەمان پرسیارم داوەتەوە، ڕەنگبێ ئێستاش لەسەر هەمان وەڵامی ئەوسام سوور بم. پێموایە ناکرێت

یاسای وڵاتێك سەرچاوەکانی لەئاینەوە وەرگرتبێت «جا هەر ئاینێك بێت» و باسی دیموکراتی بکات، چوونکە سەرئەنجامی هەر دەوڵەتێکی ئاینیی یاخۆ پشتبەستوو بە بنەما ئاینییەکان تەنێ ستەمکاریی بووە. ئەم پارادۆکسە لە دەستووری هەرێمدا لە چەندین جێگەی تریشدا بە روونی دەبینرێت، بەڵام رەنگە لەم ماددەیەدا زۆر زەق بێت و رووبەڕووی ئیشکالیەتێکی میتۆدیمان بکاتەوە، کە چۆن دەکرێت کۆمەڵگەیەکی فرە پێکهاتە، فرە ئاین و بۆچوون بەڕێوە ببەیت بە دیموکراتی و ئاشتییانە، لەولاشەوە یاساکانت لە رۆحی یەك تاکە ئاینەوە هەڵقوڵابن؟. وەڵامی ئەم پرسیارە تەنێ ئەوەیە ئەم کارە ناکرێت! کۆکردنەوەی دیموکراتی و دەستوورێکی پشتبەستوو بە ئاین و سەرچاوەگرتوو لە بنەما شەرعییەکان کارێکی زەحمەتە و کردنی حوشترە بە کونی دەرزیدا.

ساڵی ٢٠٠٥ لە سەروەختی نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری گەورەی ئەوروپا بە هیچ شێوەیەك باس لە ئاینی کریستیانی نەکرا لەو دەستوورەدا، ئەمە بووە جێگەی نیگەرانیی پاپای ڤاتیکان و زۆریش هەوڵیدا بڕگەیەك بۆ ئەو دەستوورە زیادبکات و تێیدا باس لە کەلەپووری ئاینی مەسیحییەت بکرێت، بەڵام هەوڵەکەی پاپا شکستی خوارد. سەرۆکی لیژنەکە «ڤالێری جیکار دیستان» کە پێشتر سەرۆکی فەرەنسا بوو، رەتیکردەوە بە خاتری پاپا بڕگەیەك بۆ هێماکردن بۆ کەلەپووری ئاینی کریستیانی زیاد بکرێت. لە کاتێکدا ئەو دەستوورە هەموو شارستانێتی ئەوروپی و بەهاکانی لەخۆ گرتووە. بۆچی ئەوروپییەکان رازی نەبوون بە بڕگەیەکیش باسی ئاینەکەیان بکەن؟. لەبەرئەوەبوو دەستوورەکە ببێتە دەستوورێکی عەلمانی و بێلایەن لە بەرانبەر ئاینەکان، چوون ئەوروپا تەنێ کریستانی تێدا ناژی بەڵکو هەموو چەشنە ئاینێك و بێئاینیش لەوێ مافی یەکسانیان هەیە.

هێمانەکردن لە دەستووردا بۆ ئاین، نە بێ ئاینیی دەگرێتەوە نە دژایەتیکردنی هیچ ئاینێکی دیاریکراو. هێندەی پەیوەستە بەوەی دەستوور دەبێت کەتەلۆکێکی گەورە بێ کە مافی هەموو تاکێکی بە بێ جیاوازیی تێدا پارێزراو بێ، ئەمە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەنگ و ئاین و نەتەوە و مەزهەب. وەختێك دەستوور لایەنی ئاینێك دەگرێت ناکرێت لەسەر حسابی ئاینەکانی تر نەبێت، ئەوکاتە نە دەستوور بەهایەکی دەمێنێت و نە دەبێتە دەستووری هەمووان، نە دیموکراتییەتیش دێتەدی، کە هەموو دەزانین عەلمانیەت پێشمەرجێکی هەرە گرنگی دیموکراتییە. بۆیە نەك لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، لەهەر دەستوورێکی تری وڵاتانی دیکەی دنیاشدا لایەنگریی هەبوو بۆ ئاین و ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو، ئەگەر هاتو ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم دەستوورە خرایە بواری پراکتیکەوە دەبێت بە دوای قوربانییەکان و ئەوانەدا بگەڕێین مافەکانیان دەخورێت و لە زۆر هەقی سادەی خۆیان بێبەش دەکرێن.

**ئاسۆ: لەماددەی ١١٨ دەستوورەدا هاتووە دەستوورە پاش ڕەزامەندیی زۆرینەی دەنگدارانی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بە پەسەندکراو دادەنرێت. واتە ڕێژە دیاری نەکراوە بۆ پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەی دەستوور، چاودێران و یاساناسان ئەمە بە کێشەیەکی گەورە دەبینن و پێیانوایە دیارینەکردنی بە بەڵێ ڕێژەی دوو لەسەر سێی خەڵکی کوردستان بە دەستوور فێڵێکی سیاسییە بۆ تێپەڕاندنی دەستوور. من دەمەوێت ئەوە بپرسم تا چەند ئەم ڕەخنانە لەجێگای خۆیدایە؟.**

ستیڤان شەمزینی: پارتی و یەکێتی، ویستیان بە هەر نرخێك بووە ئەو دەستوورە تێبپەڕێنن پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت و فراکسیۆنی گۆڕان

بچێتە پەرلەمانی کوردستانەوە. دەشێ ئەم بڕگەیە بۆ ئەو مەبەستە خرابێتە دەستوورەکە و فێڵێکی دیکەی پارتی و فراکسیۆنی زەرد بێت بە تایبەتی، لە خەڵکی کوردستان. ئەم لەلایەك و لەلایەکی ترەوە هەردوو حزبەکە بە باشی دەرسیان وەرگرتبوو، دەیانزانی خەڵکی کوردستان بۆدەستوورێکی لەمجۆرە نایەتە ژێربار. ئاسان نەبوو دەنگی دوو لەسەر سێی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ پڕۆژە دەستوورێکی ئاوها پەڕپووت کۆ بکەنەوە. بۆیە فۆرمێك لە رێگە و میکانیزمیان خزاندە ناو دەستوورە تا قبوڵکردنی لەلایەن خەڵکەوە ئاسان بکات. ئەمەش هەم فێڵ و تەڵەکەی ئەوان نیشان دەدات هەم لاوازیی و بێ متمانەییان بە جەماوەر. واتە بڕوا نەبوون بە خەڵکی کوردستان کە دەنگ لەسەر دەستوورێکی وا بدەن بۆ سوودی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا نووسرابێتەوە.

بە هەرحاڵ ئەم فێڵەش سەرینەگرت بۆیان و دواجار پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستوور، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردندا لە رۆژی ٢٥ تەمووز، شکستی هێنا و خواستی پارتی و یەکێتی پاشەکشەی کرد. هەرچەندە دوو زلحزبەکە ویستیان دەنگی نەخێری بەشێك لە هاووڵاتیانی کورد تێکەڵ بە دەنگی نەخێری عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بکەن، بەڵام دواجارئەمەشیان بۆ نەچووە سەر و هەرەسیان هێنا لەم رووەشەوە. ئێستاش جارێکی دیکە کە خەریکە واری دەستوور دێتەوە پێشەوە، پارتی و یەکێتی پێویستە وانەیەك فێربووبن، لەوەی خەڵکی کوردستان بەهۆشیارییەوە دەنگ دەدات و پڕۆژەکان هەڵدەبژێریت و چیتر ئەو گووتارە سواوە باوی نەما کوردستان لە بن هەڕەشەیە، کە ئەوە ئەو نەخۆشییە بوو ئەوانی گەیاندە رۆژی رەشی خۆیان.

هاشم ساڵح، نووسەری عەرەب باسی نەخۆشیی سیستمە

عەرەبییەکان دەکات و دەنووسێت «بە بیانووی رووبەڕووبوونەوەی دوژمنە دەرەکییەکانەوە کەمتەرخەمیمان لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییە ناوخۆییەکاندا کردووە، ئێستاش زۆربە قورسیی باجەکەی دەدەین». پارتی و یەکێتی تا پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەش بە هەمان دنیابینییەوە مامەڵەیان کردووە، بۆیە باجەکەیان بەقورسیی دا، بۆیە ئەگەر بۆ پرسی دەستوور هەمان رێگە بگرنەوە بەرئەوە شکستەکانیان هەرچی زیاتر گەورەتر دەبن.

هەواڵنامەی کتێب

*ئەم دیمانەیە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۲۰۰۹ لە سایتە کوردییەکانی وەك «کوردستان نێت و دەنگەکان» بڵاوکراوەتەوە.

# پاشەڕۆژی سیاسی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا.. ئەگەر و پێشهاتەکان

دیمانە: بەشار عەزیز

بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندیی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و پاشەڕۆژی سیاسیی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا و ئەگەر و پێشهاتەکانی ئایندە، نووسەر و رۆژنامەوان «ستیڤان شەمزینی» سەرنووسەری گۆڤاری «شەپۆل» وەڵامی پرسیارەکانمان دەداتەوە.

**زاری کرمانجی: چۆن لە سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان و سیستمی حوکمڕانیی دەڕوانیت، چ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ناوخۆ و چ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەرەوەدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئێمە وەك کورد ئەزموونێکی زۆرمان نەبووە لە حکومداریدا، تەجروبەی حزبەکانی ئێمە تاکو ئێستا ئەزموونێکی شۆڕشگێڕانە بووە. لە پەنا ئەمەشدا کولتووری بەڕێوەبردن لە کۆمەڵگەی کوردستانی پاش ساڵی ۱۹۹۱، لە کولتووری بەڕێوبردنی رژێمی پێشووی

عێراقەوە موتوربە کراوە. لەبەرئەم هۆکارە ناتوانین بڵێین ئەزموونی حکومداریی لە کوردستان لەسەرشارێی سەرکەوتن بووە، بەڵکو کەموکوڕیی زۆری هەبووە، هەم لە بەشداریی لە هاوکێشە ناوخۆییەکان، هەم لە پێشهاتە دەرەکییەکان.

کێشەی ئێمە تاکو هەنووکە ئەوەبووە لەسەرئاستی دەرەوە، نەمانتوانیوە لە ئاراستەی سیاسیی جیهانی و دەرەکیی تێبگەین. لەسەر ئاستی ناوخۆش بەڕێوەبردنی حکوومەت ئەزموونێکی تاڵی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین هەموو شتێك یەکسان بکەین بە سفر، بەپێچەوانەوە سیاسەتی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداریی کوردیی قۆتاغ لە دوای قۆناغ گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە، خەریکە کوردستان بەشێوەبەکی کاریگەر دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی لە ناوچەکەدا. کێشەکە ئەوەیە ئەو پێشڕەوییەی لەسەرئاستی دەرەوە هەیە، هاوشان نییە لەگەڵ پێشکەوتنە ناوخۆییەکان، چوونکە هێشتا گەندەڵی و ناعەدالەتی بەرۆکی حکوومەتی هەرێمی بەرنەداوە، کە ئەمەش وا دەکات پێشکەوتنە ناوخۆییەکان نەتوانن هاوتەریب لەگەڵ پێشڕەوییە دەرەکییەکاندا بڕۆن.

**زاری کرمانجی: ئەگەرگوێ لە بەرپرسانی هەرێم بگریت، سیاسەتکردنی هەرێم زۆر بە سەرکەوتووانە وێنا دەکەن، بەڵام لە واقیعدا دەبین ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاریی کرابن، کەچی وەك پێویست نەبووە و دەبوو زۆر شتی نەتەوەیی و نیشتمانی بکرابوونایە، کەچی نەکراون؟.**

ستیڤان شەمزینی: منیش دەڵێم سیاسەتی هەرێم سەرکەوتوو نەبووە، بەو پێیەی بەشێوەیەکی گشتیی هێزە سەرەکیی و بەهێزەکانی کوردستان کەوتوونەتە بەرداشی جەمسەرگیرییە هەرێمییەکانەوە. بۆ نموونە یەکێتی و گۆڕان لە پرسی متمانەسەندنەوە لە نوری مالیکی کەوتنە ژێر کاریکەریی

جەمسەرێکی هەرێمییەوە کە ئێرانە. ئەمەش کارتێکردن و رەنگدانەوەیەکی نەرێنی هەبوو لەسەر پرسی کورد لە عێراق. کێشەی ستڕۆکتۆری ئەوەیە سیاسەتێکی یەکگرتووی هەرێم یان کوردستانیمان نییە، بەڵکو سیاسەت ورێککەوتنی حزبەکان لەسەر سیاغەیەکی دیاریکراو، سیاسەتی کوردستانی دەستنیشان دەکات، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هەریەك لەم حزبانە. بەداخەوە سیاسەتی تەوافق کە وەك پرنسیپێك بۆ عێراق کاری پێدەکرا، گوستراوەتەوە بۆ کوردستانیش، لەبەرئەمە تاکو ئێستا ستراتیجێکی نەتەوەییمان نەبووە. بەو هۆیەشەوە زۆر هەلی گەورە لە دەستدراون و زۆر کاریش کە دەبوو بکرابان نەکراون.

**زاری کرمانجی: زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین هەرێمی کوردستان لە سیاسیەتکردنیدا لەگەڵ دەرووبەر، بە تایبەتیش بەغدا شکستی هێنا؟ تۆ تا چەند پێتوایە شکستی هێناوە؟ ئەگەروایە بۆ؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەدڵنیاییەوە سیاسەتی کورد لە بەغداد شکستی هێناوە. ئەوە وەهم بوو فیدراڵی لە عێراق ببێتە نموونەی فیدراڵی سویسرا و ئەڵمانیا. لە سەرەتاوە تەقەلای کورد بۆ دروستکردنەوەی عێراق هەڵەیەکی گەورەی ستراتیجی بوو، ئەوسا ئێمەی رۆژنامەنووسان دەمانووت لە بری ئەوەی سەرکردایەتی کورد کار بۆ دروستکردنەوەی عێراق دەکات، لۆبی بکات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، کارێکی ئابڕوومەندانەترە. جێگەی داخە هەندێك لایەنی کوردستانی هێشتا پشتیان لە کوردستان و روویان لە بەغدادە، پێیانوایە دەکرێت لەگەڵ مالیکی بگەنە رێگەچارەیەك.

شکستی سیاسەتی سەرکردایەتی کورد لە بەغداد، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، بوونە نەواتی بەهێزکردنەوەی عێراق، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئاخۆ کوردستان لە سایەی عێراقی تازەدا چارەنووسی بە کوێ دەگات؟. هیچ

سەفقەیەکیان نەکرد کە حکوومەتی عێراق ناچاربکات، هەڕەشە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان نەکات، بەڵام لای من باشترین سیاسەت کۆکردنەوەی تواناکان و دروستکردنی لۆبییەك بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت، هەرچەندە هەندێك حزب و لایەنی کوردیی ئێستاش ئاڵۆشیان تێدەکەوت بە هێنانە بەرباسی ئەو پرسە.

**زاری کرمانجی: بارودۆخی کەرکووك بۆچی بەم ئاستە گەیشت؟ زۆرلە هێماکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کورد نەیتوانی لە کەرکووکدا مامەڵەیەکی تەندروست بکات، بۆیەش ئێستە لەژێر کۆنترۆڵ دەرچووە و تەنیا لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە کوردە ئەگینا ئیرادەکەی لە دەست عەرەبدایە؟.**

ستیڤان شەمزینی: من ناڵێم کورد بە بڕیارێکی یەکگرتوو، یان تەنانەت بە قوربانیدانیش دەیتوانی کەرکووك بگەڕێنێتەوە سەرکوردستان. چوونکە کێشەی کەرکووك، لە پرسێکی ناوخۆیی دەرچووە و بووەتە کێشەیەکی هەرێمی، بەڵام کورد دەیتوانی کاری گرنك بکات، بەپێی دەستوور. حزبەکانی ئێمە لە بری ئەوەی حزبایەتی تەسك بکەن و چارەنووسی ئەو شارە بکەنە قوربانی شەڕەپەڕۆ، دەیانتوانی فشاردروست بکەن و ڕێگریی لەوهەنگاوانە بکەن کە بۆنموونە حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی گرتوویەتییە بەر.

کورد دەیتوانی کارێکتەرێکی زۆربەهێزتربووایە لەمەی ئێستا، ئەوسا نە دیجلە دەیتوانی بەو ئاسانییە بەرەو کەرکووك بێت، نە مالیکی کەرکووکی وەك بەسرە سەیردەکرد. دەتوانرا لە ماوەی نۆ ساڵی رابردوو ئاسەواری تەعریب لەو شارە بسڕدرێتەوە، دەتوانرا گووشاری کاریگەرلە ناوخۆی کەرکووك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دروست بکرێت و هیچ نەبوایە

چەند قۆناغێك لەو ماددەیە بکەوتبایەتە واری کردارییەوە. کە ئەمانە هەمووی نەکراوە، دیارە تەنیا بەشێکیان پەیوەندیی بە ئاوەزی شۆڤێنی عەرەبە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە، بەشەکەی تری لە ئەستۆی خۆمانە و بۆ مامەڵەی نادروستانەی دەسەڵاتی کوردیی دەگەڕێتەوە.

**زاری کرمانجی: زۆر جار مامەڵەی نەرمی کورد بووەتە هۆکارکە ناوەند بەو شێوەیە کورد ئیستغلال بکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: کورد لە پێشوودا زۆرجار نەرمی نواندووە، ئەو مرونەتەی کورد هەیبووە سەرلەبەردژی سیاسەتە. سیاسەت لەسەربنەمای مرونەت و دڵڕازیکردنی بەرانبەر ناکرێت. سیاسەت بریتییە لە پرۆسەی شەڕکردن لە پێناوی زۆرترین دەستکەوتدا. سیاسەت هونەرێکی ریالیستە، دژی هەرجۆرە عاتیفەیەکە، بەڵام لە سیاسەتی کوردییدا هەمیشە سۆز و مرونەت زاڵبووە، بۆیەکا کەمترین دەستکەوتی بەدەستهێناوە.

ئێستاش خەڵکانێك هەن لایەنگری ئەوەن هەمان نەرمی پێشوو نیشان بدرێت، تەنانەت لێرەولەوێ بایکۆت و هەڵوێستەکانی سەرۆکی هەرێم وەك کێشە دروستکردن بۆ ئاسایشی کوردستان پێناسە دەکرێت، کە بە بڕوای من دەبوو زووتر ئەم هەڵوێستە لە سیاسەتی کوردییدا بگیرابایەتە بەر. ئەوەی سەرۆکی هەرێم ئێستا پێداگریی لەسەر دەکات لە بەرانبەر بە بەغداد، جۆرێکە لە راچڵەکین لە سیاسەتی کوردییدا، ئەمە سەرەتایەکی گرنگە تاکو بتوانێت کۆتایی بە دەورانی نەرمی نواندن لە سیاسەتی کوردیدا بهێنێت، چوونکە هیچ لۆجیکێکی سیاسیی پشتگریی لەوە ناکات لەسەر دۆزە گرنگ و بەهادارەکانی خۆت، لەسەر مافی خۆت، لەسەر سنوورو جوگرافیای خۆت، نەرمی بنووێنیت.

**زاری کرمانجی: ترسی نەتەوەی کورد لەو رێککەوتنانەی عێراق لەگەڵ**

**وڵاتان دەیکات بۆ خۆپڕ چەککردن تا چەند لەشوێنی خۆیدایە؟ لە کاتێکدا بە پێی دەستوور مافی ناوەندە چەك بکڕێت؟ ڕاڤەی تۆ چییە بۆ ئەمە؟.**

ستیڤان شەمزینی: چەك کڕین، ڕێسا و پرنسیپی یاسایی و دەستووریی خۆی هەیە. جگە لەوەش بەپێی پیلانی دەزگا سەربازییەکان و ئەندازەی پێویستە. بێگوومان حکوومەتی عێراقی مافی خۆیەتی چەك بکڕێت، ئەمەش لە دەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە. کەواتە مەترسییەکەی کورد لە کوێیە؟. من پرسیار لە تۆدەکەم، گرەنتی چییە، مالیکی کە دەیان بەندی دەستووریی پێشێل کردووە، ڕێز لە دەستوور بگرێت و دژی کورد بەکارینەهێنێت؟. ئایا دروستکردنی هێزی دیجلە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەك نییە بۆ کورد؟. مالیکی کە هەر ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی پۆلیسی و تۆتالیتارییە، دەستی بەسەر هەموو پنت و جومگەکانی دەسەڵاتدا گرتووە، کێ دەتوانێت گرەنتی ئەوە بکات، بۆ هێنانەدی خەونەکانی و لابردنی لەمپەرەکانی بەردەستی چەکی سووك و قورس بەکارناهێنێت؟. جیا لە هەموو ئەمانە مالیکی لە دەوڵەتێك چەکی قورس دەکڕێت کە هیچ پێوەر و مەرجێکی نییە لە چەك فرۆشتندا تەنانەت ئەگەر دژی هاووڵاتیانی خۆیشی بەکاریبهێنێت. لەم سۆنگەوە ترسی کورد لە خۆ پڕ چەککردنی حکوومەتی ئێستای عێراق بە واقیعی دەزانم و لە وەهمەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

**زاری کرمانجی: قسەیەك هەیە کە عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێت، ئایا ئەم قسەیە مەنتیقە؟ چەقینە لە دیموکراسیەت یان هەر بە راستی بەرەو دیکتاتۆرییەت دەڕوات لە کاتێکدا بە هەڵبژاردن بووە و بە هەوڵی زۆرینەی لایەنەکان بووە؟.**

ستیڤان شەمزینی: تا ئێستا لە عێراقدا شتێك لە ئارادا نەبووە بە

ناوی دیموکراسیی. با روونتر قسە بکەین. دیموکراسیی تەنیا بریتیی نییە لە هەڵبژاردن، چوونکە لە زۆربەی دەوڵەتە ئیستبدادییەکانیشدا هەڵبژاردن دەکرێت. تەنانەت دیموکراسی بە تەنێ دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە، کە خەریکە ئێستا لە سایەی مالیکی دەستاودەستی دەسەڵاتیش دەبێتە مەحاڵ. دیموکراسیی کولتوورە، فینۆمینێکە کە هەموو کایە جۆراوجۆر و گرنگەکانی ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. لە عێراق دیموکراسییەت لە ئارادا نەبووە، تا بڵێین پاشەکشەی کردووە، بەڵکو چەند دیاردەیەکی دیموکراسی لە عێراق دوای رووخانی بەعس، لە نەشونما و گەورەبووندا بوون، بەڵام وا پێدەچێت مالیکی بیەوێت پاشەکشە بەمەش بکات، چوونکە ئاشکرایە ئەجیندای مالیکی، دروستکردنی ئێرانێکی ترە لە عێراق، ئەمەش بە خۆسەپاندن و ئاگر و ئاسن نەبێت، ناکرێت.

**زاری کرمانجی: دوورکەوتنەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد و عێراقی لە یەکتری، چ کاریگەرییەکی دەبێت لە سەرپەیوەندییەکان و بەرژەوەندیی گەلانی عێراق؟.**

ستیڤان شەمزینی: لای من گەلانی عێراق هیچ مانایەکی نییە. لای من گەلی کوردستان بەهای هەیە کە خۆی لە کورد و تورکمان و کلدۆئاشوریدا دەبینێتەوە. پێویستە و داوایەکی سادە و سروشتییە کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و تێکڕای حزبەکان یەکگرتوو بن، لە پێناوی پاراستنی کوردستان و گەلەکەیان، لە پێناوی گەیاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی سەربەخۆ. هەموومان دەزانین کوشتەی ئەو دوورکەوتنەوەیەین لە یەکرپزیی حزب و لایەنە کوردییەکاندا هەیە. ئێمە لایەنگری جیاوازیی فکریی و سیاسیی و ئیدۆلۆجین، بەڵام پاراستنی کوردستان ستراتیجێکە کە دەبێت هەموو لایەنەکان کۆبکاتەوە.

**زاری کرمانجی: ساڵانێکە گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی دەستوور دەکرێت و هێزە سیاسییەکان تا ئێستە لەسەری ڕێك نەکەوتوون، تۆ چی بە چارەسەر دەزانی؟ ئایا درێژەی ئەو بەربەرەکانییە لەسەر دەستوور ئەگەرزوو لەسەری ڕێك نەکەون هەرێم نابێتە قوربانی؟.**

ستیڤان شەمزینی: بە بڕوای من پرسی دەستوور بۆتە کێشەیەکی سیاسیی نەك یاسایی، لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەیانەوێت شەڕی دەسەڵاتی پێ بکەن، بەم دواییانەش یەکێتی وەك هەنگاوێك بۆ نزیکبوونەوە لە بزووتنەوەی گۆڕان، هەمان داوای گەڕاندنەوەی دەستووری بۆ پەرلەمان کرد. ئەوەی لە گۆڕەپانەکەدا تەنیایە، پارتییە. وەك خۆم پێموایە بۆچوونی پارتی واقیعبینانەترە، چوونکە ساڵانێکی زۆرە کوردستانە بێ دەستوورە، کاری یەکەم ئەوەیە ئەو دەستوورە بخرێتە راپرسییەوە، بەمەش کوردستان دەبێتە خاوەنی دەستووری خۆی. سەبارەت بە گۆڕین و هەموارکردنەوەی بەشێك لە بەندەکانی، کاتی زۆر لە بەردەمە و پەرلەمانی کوردستان بۆ ٣-٤ ساڵ دانەمەزراوە، دەتوانرێت بەپێی پێویست دەستوور بخرێتەوە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ دایەلۆگ لەسەری. من دژی زۆرێك لە بەندەکانی رەشنووسەکەم، بەڵام پێویستە پەرلەمان کاری خۆی بۆ هەمواری برگە و بەندە بێ کەڵکەکانی ئەو دەستوورە چڕبکاتەوە نەك کات بەفیڕۆ بدا بە ناکۆکیی حزبییەوە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەش، من پێموایە لایەنەکانی تری کوردستان لەم کاتەدا زیانی زۆریان لە دۆزێکی گەورەتردا، بە هێنانەپێشەوەی پرسی دەستوور!. چوونکە تەرکیزی کوردستان لەسەر کێشە گەوهەرییەکە کە لەگەڵ بەغدادە، کەم دەکاتەوە. ئەمە لەلایەك، لەلاکەی تریش هێزەکانی تری کوردستان وەك وەرەقەیەکی گووشار

دژی پارتی بەکاریدەهێنن، لە کاتێکدا دەستوورهی پارتی نییە، تەنانەت پەرلەمانتارانی یەکێتی رۆڵی زۆریان تێیدا هەبووە و بە بەڵێ دەنگیان بۆ داوە. بەڵام کە ئێستا دژی دەوەستنەوە لە چێوەی گەمەیەکی سیاسیدایە و هیچ پەیوەندیی بە رادەی خەمخۆری ئەولایەنانەوە نییە.

**زاری کرمانجی: پارتی و یەکێتی چەند ساڵێکە رێککەوتننامەی ستراتیجیان لەنێواندایە، ئەگەرچی هەندێ هەڵوێستی دژی یەکیان هەبووە، بەڵام پێیانوایە ئەورێککەوتننامەیە سەرچاوەی ئاشتی و سەقامگیریی بووە، لە کاتێکدا هەندێ کەس پێی وایە رێککەوتننامەکە زیانی هەبووە؟ رای تۆ چییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: من دژی رێککەوتنی ستراتیجیم. پێموایە هەڵوەشاندنەوەی قازانجی زیاترە بۆ پرۆسەی سیاسیی و قووڵکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان. ئەگەر رێککەوتنی ستراتیجی توانای ئەوەی نەبێت، پارتی و یەکێتی لە بەرامبەر رقەیرانی عێراق و نوری مالیکی یەکبخات، هەربۆئەوە باشە بخرێتە زبڵدانەوە. رێککەوتنی ستراتیجی لای من هیچ مانایەکی نییە. چوونکە لەسەر ئەرزی واقیع کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەبینم. جگە لەوەش رێککەوتنی ستراتیجی پەیوەندیی بە ئاشتی ناوماڵی کوردەوە نییە، چوونکە ئەو لە قۆناغی ئاشتیدا واژۆ کراوە و هەنووکەش بارودۆخی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك تەنیا ئاشتی قبوڵ دەکات و شەڕی لە هیچ لایەن و هێزێکی سیاسیی ناوێت.

**زاری کرمانجی: پارتە سیاسییەکانی هەرێم، تا ئێستەش یەك هەڵوێست نین و زۆربەی جاریش ئەو نا یەکدەنگییە زیانی زۆری بە هەرێم گەیاندووە، پێتوایە بۆچی پارتەکانمان نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان لە سەرووی بەرژەوەندیی حزبییەوە دابنێن**

**و لە ناوخۆدا ڕای جیاوازیان هەبێت، بەڵام بۆ مەسەلە نیشتمانییەکان یەك هەڵوێست بن؟.**

ستیڤان شەمزینی: حزبەکانی ئێمە، مۆدیلی حزبی ستالینین، هەریەکەیان لەسەر بنەمای نەفیکردنی ئەویتر درێژە بە چالاکیی سیاسیی خۆی دەدات. بۆ نموونە گۆڕان ئەو هێزی نەفیکردنەی پارتی پاشان یەکێتی لێبسەنەرەوە، هیچ پاساوێکی نییە بۆ درێژەدان بە چالاکی خۆی، تەنانەت هیچ پاساوێکی نییە بۆ ڕازیکردنی ئەندامانی خۆی، چوونکە هیچ پڕۆژەیەکی پێ نییە بۆ کۆمەڵگە وژیانی سیاسیی وئیدارەی دەوڵەت. ئەم حزبە ستالینیانە هەمیشە هەموو شتێك بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن، تەنانەت بوونی نیشتمان و نەتەوە، لە بوونی خۆیاندا کورت دەکەنەوە، بەم هۆیەوە ناتوانن لە خۆیان زیاتر کەسی دیکە ببینن. لەم ڕوانگەوە بەرژەوەندیی ئەوان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوەیە. حزبەکانی کوردستان بەم ئاوەزەوە کار دەکەن، بۆیە هەرگیز ناتوانن واز لە جیاوازییەکانیان بهێنن و پێکەوە کاربۆ مەسەلەیەکی گەورەتر بکەن، کە مەسەلەی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی وڵاتە.

هەولێرنامەی کتێب

تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە «٣٦٧» ڕۆژنامەی «زاری کرمانجی» لە ٢٦-١١-٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# ڕەهەندە نەبینراوەکانی
# پشت لە سێدارەدانی سەدام حسێن
## بەبۆنەی لە سێدارەدانی سەدام حسێن لە ڕۆژی ٣٠-١٢-٢٠٠٦

دیمانە: ڕێژین ئیبراهیم

سەبارەت بە پرۆسەی لە سێدارەدانی سەدام و دیوە شاراوەکانی ئەو پرۆسەیە، ئەو چاوپێکەوتنەمان سازدا لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیری ناسراو «ستیڤان شەمزینی» سەرنووسەری ڕۆژنامەی نێوەند.

**کوردستان نێت: ئایا تا چەند لە سێدارەدانی سەدام بەشێوەیەکی یاسایی بوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: پرۆسەی لە سێدارەدانی سەدام حسێن یاسایی بوو، بە دەلیلی ئەوەی دوای چەندین کۆبوونەوەی دادگا و وەرگرتنی گەواهیی شکاتکەران و پرۆسەیەکی چەند جەلسەیی لەو دادگاییە، دادگا لە دوا بڕیاریدا فەرمانی لە سێدارەدانی سەدام و دەستەیەك لە هاوکارانی دەرکرد لەسەر دۆسێی قەتڵوعامکردنی خەڵکی شارۆچکەی دوجەیلی شیعەنشین، دادگاکە دادگایەکی واقیعی و سەربەخۆ بوو، دوور بوو لە دەستێوەردان و لایەنگریکردن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەکیش لەوە دڵنیاین کە سەدام

شایستە بوو بەو حوکمە، لەبەرئەوە پێموایە لە ڕووی یاساییەوە حوکمەکە هیچ گیروگرفتێکی نەبووە و نییە، ڕەنگبێ ئەوەش زیاد بکەم لەو ڕۆژەوەی بەعس دەسەڵاتی عێراقی بەدەستەوە گرتووە تا ئێستا ئەوە یاساییترین و واقیعترین شێوازی دادگایکردن بوو لەوڵاتی عێراقدا، چونکێ ئەگەرکەمێك ئاوڕ بدەینەوە بۆ دواوە و سەیری دادگاکانی سەردەمی بەعس بکەین، دادگاگەلێکی کارتۆنی بوون کە کەمترین سزایان ئیعدام یان زیندانی هەتا هەتایی بوو.

بە کورتییەکەی و بەدیتنی من پرۆسەی دادگایی و جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان لەسەر سەدام حسێن سەد دەر سەد یاسایی بوو.

**کوردستان نێت: ئایا بۆ پەلەکرا لە لە سێدارەدانی سەدام و بەرزان تکریتی و عەواد بەندەر، ئایا دواکەوتنی لە سێدارەدانەکە هیچ کۆسپێکی دروست دەکرد لەسەر ڕووەزعی ئێستای عێراق؟ ئەگەر سەیر بکەین لە چەند لێدوانێکی سەرۆك کۆماری عێراق (جەلال تاڵەبانی) دەرکەوت کە لەگەڵ لە سێدارەداندا نەبوو، تۆ پێتوانییە بە لە سێدارەدانیان چەندین نهێنییان بردە ژێر گڵ؟ نەدەکرا زیاتر ئیشیان لەسەر بکرێت بۆ زیاتر دەرخستنی تاوانەکانیان تاوەکو کۆتایی پرۆسەکە ئینجا لەسێدارە بدرانایە؟.**

ستیڤان شەمزینی: پرسیارەکەت دوو جەمسەری هەیە، یەکەم هیچ کۆسپ و بەهانەیەك نەمابوو لە دوای بڕیاری کۆتایی دادگا سزاکە لەسەر سەدام و هاوکارانی جێبەجێ نەکرێت. بە پێچەوانەوە لەسێدارەدانی سەدام هیوای بەعسییەکانی بڕی و بێ ئومێدیکردن لە جارێکی ترگەڕانەوەی سەدام بۆ سەرسەحنی دەسەڵات، لانی کەم لە ڕووی دەروونییەوە کۆی عێراقییەکانی ئاسوودە کرد کە تارمایی سەدام جارێکی دیکە ئیمکانی نییە

بگەڕێتەوە.

ئەگەرزەین بدەین لە پەلەکردن لە جێبەجێکردنی حوکمەکە بەو کتوپڕی و خێراییە جێگەی گومان و سەرنجدانە، کە ئەوە ئێران و شیعەکان بوون بە تایبەتی ڕەوتی سەدرکە ویستیان لە زووترین ماوەدا سەدام کۆتایی پێبێت، لێ بە ڕوونی دیاربوو سوپای مەهدی بە لە سێدارەدانەکە هەڵستان. لایەنی دووەمی پرسیارەکەش ئەوەیە: ئەگەری ئەوە هەیە بۆ پەردەپۆشکردنی زۆر نهێنی کە تەنیا لەمێشکی سەدامدا بوون حوکمەکە پەلەی لێکرابێت، هەرچەندە ئەم نهێنییانە زۆر گرنگ بوو سەدام بیاندرکێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم نهێنی ماوە لە ئەرشیفی دەوڵەمەندی دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی عێراقدا تۆمارنەکرابن و نەپارێزرابن «ئەو ئەرشیفەش بەشی زۆری کەوتۆتە بەردەستی کورد و حکوومەتی نوێی عێراق»، بەڵام دانپیانانی لەلایەن خودی سەدامەوە قورسایی و کاریگەریی زیاتری دەبوو.

ڕەنگبێ سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەوانە بووبن بۆ پاراستنی هەندێك نهێنی نێوانیان لە تەك سەدام و ڕژێمەکەی پێشوازییان لەو کردەیە کردبێ، لە کاتێکدا لە ڕووی نەتەوەییەوە بۆ کورد زۆر گرنگ بوو حوکمی لە سێدارەدانی سەدام هەڵبگیرابایە بۆ دوای تەواوبوونی دادگایی لەسەر مەلەفی ئەنفال و کیمیاباران و ژینۆسایدی کورد، کە ئەو دەمە زۆر نهێنی بە بەها لەژێر بەرەکەوە دەهاتە سەر بەرە، بێجگە لەوانە ئەو بەشە تاریك و نادیارانەی ئەنفال و قڕکردنی کورد کە هێشتا ڕووناکییان نەچۆتە سەر بە ئاشکرا و بێ پەردە دەبینران.

منیش هەمان بۆ چوونی تۆم هەیە، بێگومان ڕێککەوتنی پێشوەخت و ژێربەژێر هەبووە لەنێوان لایەن و پێکهاتەکانی عێراق بۆ پەلەکردنی زیاتر لە پرۆسەی لە سێدارەدانی سەدام، تاوەکوئەوسیاسییە بازرگانانەی هەنووکە

بەرپرسی بەرو بەحرن لە عێراقدا دەستەکانیان ئاشکرا نەبێت. دیارە ئێمە تەنیا ئەو بەشە لە شانۆکە دەبینین لەوانەیە زۆر شتی سەیرو نامۆتر هەبێ ئەسڵەن بە بیریشماندا نایێ، کێ ناڵێ ئەمەریکا نەیویستبێت بە لە سێدارەدانی سەدام گورزێك لە سوننەکان بدات و گڵۆپی سەوزی بۆ شیعەکان هەڵکردبێ تا ئەوان کارەکە ئەنجام بدەن؟. جیا لەوەش رۆڵی ئێران نابێ نادیدە بگیرێ لەم پرسەدا. بەدەر لە هەموو ئەم ئەگەرو لێکدانەوانە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان لەسەر سەدام حوکمێکی شەرعی و دادپەروەرانە بوو، جا لەهەربەروارێکدا ئەنجام بدرایە مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی کات دەبوو.

**کوردستان نێت: بۆچی لەسێدارەدانی سەدام و تاقمەکەی لەسەر تاوانی دوجەیل بوو بۆ لەسەر تاوانی ئەنفال و جینۆساید نەبوو؟ پرسیارەکەم لێرەوە دەست پێدەکات نەدەکرا لە پێش مەلەفی دوجەیلەوە لەسەر مەلەفی ئەنفال و هەڵەبجە دادگایی بکرانایە؟ تۆ پێتوانییە جۆرێك لە سیاسەت بەدیدەکرا، تۆ پێتوایە ئەوە ئەنفالێکی تر بوو بۆ کورد و بەسەر گەلی کورددا هات؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوە دەرخەری واقیعیەتێکی تاڵە، ئێمە وەك کورد هەمیشە کارەساتەکانی خۆمان بچووك کردۆتەوە، لە راستیدا مایەی سەرسوڕمانە دۆسیێی دوجەیل پێش ئەنفال بکەوێت، بگرە ئەوپەڕی خەمساردیی کورد نیشان دەدات. ئەگەر چاوێك لە مێژوو بکەین کۆی ئەووەزیر و ژەنەراڵە نازییانەی دوای هەرەسی نازیزم دەستگیرکران و برانە بەردەم دادگا، یەکەم دۆز کە رووبەڕوویان دەکرایەوە و دەهێنرایە بەرباس و لەسەری دادگایی دەکران هۆلۆکۆست بوو، خۆ نازییەکان تەنیا بەرامبەر بە یەهودییەکان تاوانیان نەکردبوو، بەڵام هۆلۆکۆست لوتکەی تاوان و دڕندەیی هیتلەرو نازییەکان بوو. لەنێو هەموو ئەوقەڵا وکامپانەی نازییەکان دروستیان

کردبوون (داخۆ) کە نوێترین چەکەکانی تیا تاقیدەکرایەوە (هەڵبەتە لەسەر جولەکەکان) بەناوبانگترینە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی جولەکە زۆر بەوردیی و واقیعیانە لەگەڵ دۆزی هۆلۆکۆست مامەڵەی کردووە، تەنانەت لەگەڵ ناوهێنانی خودی هیتلەردا راستەوخۆ زەینمان دەچێتە سەر هۆلۆکۆست و لەناوبردنی جوو.

تۆ سەیر بکە دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر هەرەسی نازیزمدا یەهودییەکان لەسەربەشداریکردن لە تاوانی هۆڵۆکۆست (ئادۆڵف ئایشمان) یان دەستگیرکرد و بردیانە ئیسرائیل لەوێ دوای دادگاییکردن لە سێدارەیان دا. تەواوێ سەرم لەوە سوڕمابوو دادگایی سەدام و ستافەکەی بە دوجەیل دەستی پێکرد، تەنانەت گەیشتومەتە بڕوایەك بڵێم پارتی و یەکێتی و سیاسەتمەدارانی کورد لە تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە خۆشبوون، چۆن ئەگەر بەپێی قەبارەی تاوانەکانیش بێت، دەبوو ئەنفال لە سەرەتادا بوایە نەك دوجەیل. بێجگە لەوەش کە ئەنفال لە پرۆسەی دادگایکردندا دۆزی ژمارە دوو بوو، بەڵام تاوانبارانێکی هەرە سەرەکی بەشدار لەو پرۆسانە نەك هەر ئازادن بەڵکو لە پۆست و پلە و پایەدان چ لە حکوومەتی نوێی عێراق چ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نموونەیەکیان (وەفیق سامەرایی) یە، نزار عەبدولکەریم خەزرەجی مێش میوانی نییە، مستەشارە کوردەکان دەستەڕاستی سەرکردە کوردەکانن و تاد....

خۆ سەدام بە تەنیا نەبوو لە ئەنفالکردنی کورددا، بەڵکو تیمێکی فراوان لە سیاسیی و تیۆریسۆن و سەرکردەی سەربازیی راستەوخۆ لەگەڵیدا لەم پرۆسەیە بەشداربوون. من دەگەڕێمەوە بۆ نموونەی نازیزم، بۆ وێنە دەستپێشخەری سۆسیالیستەکان لە فرایبۆرگ (ISW) لەوتارێکیاندا بەناوی (ئیدۆلۆژیای دیسکۆرس) دەنووسن «هایدیگەر فەیلەسوفی بە

کۆمەڵکوشتنە، وەك چۆن کارڵ شمت یاساناسی بووە و ئەدۆڵف هیتلەریش ڕێکخەری». پرۆفیسۆر (مارتن پۆیەر) خەڵاتوەرگری کتێبخانەی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٥٣، دەڵێت (هایدیگەر هیتلەری هزرە)، تۆ بڕوانە فەیلەسوفێکی وك (مارتین هایدیگەر) چوونکە هەواداری پارتی نازی بوو هەروەك هیتلەر حیسابی بۆدەکرا، خۆهیتلەربە تەنیا سوپەرمان نەبوو تا بتوانێت ئەوهەموو کاروتاوانە لەیەك کاتدا ئەنجام بدات.

سەدام ڕێکخەرو سیمبوڵە سەربازیی و سیاسییەکەی نەتەوەپەرستی عەرەب بوو، بەڵام لەپشتی کاروکردەوە نەژادپەرستییەکانی سەدامەوە، کۆمەڵێك مامۆستا وتیۆریسیۆن ڕاوەستابوون، دەستەیەك سەرکردەی سەربازیی وپلانداڕێژەری ستراتیژیی ئامادەبوون، بۆیەکا گوناهە ئەوانە بەسەلامەتی و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچن. خولاسە پێشخستنی دۆزی دوجەیل فاوڵێك بوو شیعە لەکوردی گرت و گۆڵێکی مێژوویی پێ تۆمارکرد، لێ شیعەکان لەکاتی لە سێدارەدانەکەدا دیوە یاساییەکەیان لەکەدارکرد و گۆڕییان بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی عەشوائی و کوێرانەی مەزهەبیی و تائیفی، بەڵام شیعەکان لەبڕیاروەرگرتن ولە سێدارەدانی سەدام هەم لە کورد ئازاتربوون، هەم زیرەك وزرنگتر.

**کوردستان نێت: لە سێدارەدانەکە شێوازێکی تایفەگەریی پێوە دیار بوو، من دەپرسم تۆ پێتوانییە هاوپەیمانان لە عێراقدا سەدامیان تەسلیم بە گروپەکەی موقتەدا سەدر کرد کە ئەمەریکا بەمە سیاسەتێکی وەهای نواندبێت کە لە ژێرەوە لەگەڵ یەکدا ڕێکەوتبن تا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بە گشتیی تۆ پێتوانییە لەسێدارەدانەکە لە سێدارەدانێکی تائیفی بوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: گوومانی تێدا نییە، ئەندامانی سوپای مەهدی سەرپەرشتی پرۆسەی لەسێدارەدانەکەیان دەکرد، بە دەلیلی ئەوەی

دروشمی بژی موقتەدا و بژی سەدرزیاد لە جارێك لەنێو هۆڵەکەدا بیسترا و دووپاتکرایەوە. لە حەقیقەتدا ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە سەدام دادگایی نەدەکرا و بە فۆرمێکی یاسایی لەسێدارە نەدەدرا، بەڵکو هەر بە زیندوویی سەری لەلاشەی جیادەکرایەوە، هەروەك دکتۆر شاکر ئەلنابلوسی، دەڵێت «ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە ئەوە سەدام وەك تۆپینی سەگەکان دەمرد، لەگۆڕەپانی فیردەوسدا بە پەتەوە دەکرا و رادەکێشرا»، زامنکاری پرۆسەی دادگایکردن ئەمەریکا بوو نەك عێراقییەکان، لەوانەیە و بەدووریشی نابینم ئەمەریکا سەدامی بە دیاری دابێت بەلایەنی شیعی تا زیاتر کۆمەکی بکەن لە سەقامگیرکردن و راگرتنی دۆخی عێراق بە تایبەت لەڕووی ئەمنییەوە.

لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆدام، هەڵواسینی سەدام بە پێی یاسا بوو، بەڵام لەسەر وەختی جێبەجێکردنیدا خروقات کرا و نەزعە تائیفییەکەی لەگەڵ ئاوێتەکرا، بەڵام بەتێگەیشتنی من ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و کەم ناکاتەوە، سەدام کۆتایی هات هەرچەندە حکوومەتی عێراق دەبوا زۆر لەوە توندوتۆڵتر و دامەزراوتر بوایە کە میلشیایەکی وەك مەهدی دزە بکاتە ناویەوە و زاڵبێت بەسەر گرنگترین بڕیارەکانیدا بەتایبەت بڕیاری هەڵواسینی سەدام حسێن. ئەو وێنەیەی بینیمان لە سێدارەدانی یاسایی تیادا گۆڕا بۆ تائیفی لێ ئەمە کاردانەوەی لە شەقامی سوونیی عەرەبیدا دروستکرد، بەڵام بە تێپەڕینی کات وردە وردە هەڵچوونەکان دەنیشننەوە و نامێنن یانی لە کورت ماوەدا هەندێ پەرچەکردار هەیە، بەڵام لە مەدای دووردا وردە وردە لایەنە پۆزەتیڤ و باشەکانی ئەو کردەیە دەبینرێت. ئاخر کۆتایی هێنان بە سەدام شتێکی کەم نەبوو، کەوتنی ئەو بتە گەورە و پاڵەوانە جادوویی و خەیاڵییە هەر هیچ نەبێ ئەو شەعبەزەیە بەتاڵ دەکاتەوە کە بەعسییەکان و عێراقییەکان لە زەینی خۆیاندا سکێجیان کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەسپێکێکی رووناك

و پرشنگدار بوو.

حزبی نازی ئەڵمانی دروشمەکەیان بریتی بوو لە «ئەدۆڵف هیتلەر واتە ئەڵمانیا، ئەڵمانیا واتە ئەدۆڵف هیتلەر». بەعسییەکانیش دەیانووت سەدام عێراقە و هەروەها بە پێچەوانەشەوە، بەڵام بەرەبەیانی ٣٠ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ ئەو دیمەنەی لە ڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیمان لەباربردنی ئەو خەونە بوو، بەتاڵکردنەوەی ئەو سیحرە بوو، سەدام نەك ئەوەی لە پاڵەوانی و قارەمانێتی رووتکرایەوە، بەڵکو بە زنجیرکراویی و زەبوونی برایە بەردەم پەتی سێدارە و لەسێدارەش درا.

**کوردستان نێت: دەرکەوتنی ئەو دیمەنانەی لە سێدارەدانی سەدام بە تایبەتی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، کاردانەوەی سلبی هەبوو، بۆ نموونە لە هیندستان دوومنداڵ کە وێنەکانی لەسێدارەدانی سەدامیان بینیبوو ئەوانیش لاسایی ئەو دیمەنانەیان کردبووە و یەکێکیان خنکا، بەگشتی تۆ پێتوایە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڤیدیۆیی لە سێدارەدانەکە ئاسایی بوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: بێگومان کاردانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر هەستی هەموو مرۆڤەکان بەتایبەتی منداڵان، چوونکە منداڵان زووتر دەکەونە ژێر کاریگەریی تەلەفزیۆنەوە بگرە هەوڵی دووبارەکردنەوەی دیمەنەکان دەدەن. لەم رووەوە پسپۆڕی ناسراو (کارلاکارین) دەڵێت (بەرنامەکانی تەلەفزیۆن هۆی سەرەکی بارهێنان و فێرکردنی دژواریی و خوی پەلامارئامێزانەی منداڵانە).

بێجگە لەوەی نەدەبوو سەدام بەو فۆرمە هەڵبواسرایە، هیچ پێویست نەبوو دیمەنەکە لەڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بۆ هەموو خەڵك پەخش بکرێت. ئەو پارادایمە لە لەسێدارەدان و فەوتاندنی مرۆڤ بە تایبەتی لە پێش چاوی ملیارەها مرۆڤ کارێکی گونجاو نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبوو لەسەربنەمای (العین بالعین..) و بەو پەتەی خۆی فەلاقە بکرێت، ئەمە

بەمانای بەزەیی هاتنەوە نییە بە سەدامدا بە قەدەر ئەوەی ئەو مەغزایە لە پشتییەوەیەتی دیمەنەکانی توندوتیژیی و زەبروزەنگ نەبنە دیمەنە باو و ئاساییەکانی شاشەی تەلەفزیۆن و خەڵکان بارنەهێنرێن لەگەڵیدا، ئاخر ئەو مامەڵەیەی لەکاتی لە سێدارەدان لەگەڵ سەدامدا وازی کرا لە رەفتاری بەعس خۆیەوە قەرز و خواسترا بوو، کاتێ ئەوانیش بەم جۆرە تەرمی (عەبدولکەریم قاسم)یان بەکوژراویی و لاشەی خوێناوییەوە هێنایە پێش چاوی جەماوەر، حەقوابوو سەدام لەرێی دەرمان یان دەرزی تایبەتەوە بکوژرایە نەك بەشێوەی پەلاماردانی ئاژەڵانە کە دوورە لە هەموو رەفتارێکی شارستانی و مرۆڤدۆستانە.

لە راستیدا دیمەنەکە نەك لەسەر منداڵان کاریگەریی هەیە، بەڵکو لەسەر گەورەکانیش وێنەدانەوەی دەبێت. چوونکە میدیاکان بە تایبەتی بینراوەکان راستەوخۆ مرۆڤەکان بە جیاوازیی رەگەز و تەمەن و ئاستی رۆشنبیرییانەوە دەخەنە ژێر کارتێکردنی خۆیانەوە. ئێمە لە عێراق چاومان لە پاشەرۆژێکی دیموکراسییە، بەڵام ئەم نەریتە، ئەو هەڵواسینە، راستە و راست بە پێچەوانەوە کاری کرد بۆ کڵپەسەندنی زیاتری ناکۆکییە تایفییەکانی نێو عێراق بەتایبەتی لەنێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە. ئارەزوو دەکەم لەکۆتاییدا ئەو وتەزایەی (فرۆید) بەبیر بهێنمەوە کە دەڵێت (ژیان بەهایەکی بەرز نییە، بەڵام تاکە شتێك هەمانبێت تەنیا خودی ژیانە) لە کاتێکدا ژیان تاکە سەرمایەی دەستمان بێت و هیچیش نەبێ، لەوە پووچترو بێهودەتر ئەوەیە ئەوەندەی تر ژیان نابووت بکرێت و لەززەتەکانی بۆ ئازار بگۆردرێت، سەدام نوێنەری مردن بوو دەبا ئێمە ببینە باڵوێزی ژیان.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ سایتی کوردستان نێت سازدراوە و بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردیی لە پرسە نەتەوەییەکاندا

## دۆزی کەرکووک وەک نموونە

هەواڵنامەی کێنز

دیمانە: ساقی بارزانی

بۆ قسە و باسکردنی زیاتر لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردیی لە دروستکردنی ڕای گشتیی لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بۆ نموونە دۆزی چارەنووسی شاری کەرکووك. ئەم چاوپێکەوتنەمان ئەنجامدا لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەوان «ستیڤان شەمزینی» سەرنووسەری گۆڤاری سیاسیی «نێوەند».

**کڵاورۆژنە: تاچەند ڕاگەیاندنی کوردیی توانیویەتی کەرکووك وەك خۆی بگەنێتە خەڵك، هەروەها تا چ ڕاددەیەك ڕاگەیاندنی کوردیی بە زمانی عەرەبی توانیویەتی هاوکاریی و هاوسۆزیی بۆ دۆزی کەرکووك و چارەسەری عادیلانەی ئەم کێشە چارەنووسسازەی کوردستان دروست بکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: وەڵامی ئەم پرسیارە لەوێوە دەست پێناکات بێینە

سەر باسی رۆڵی میدیا لەهەمبەر پرسی کەرکووك، پێویستە لە دەسپێکدا لەسەر سیاسەتی کوردیی دەرهەق بەو شارە بوەستین، پاشان بێینە سەر باسی میدیا لەم بوارەدا. سیاسەتی کوردیش بازی داوە بەسەر بەڵگە و فاکتە مێژووییەکانی کەرکووکدا مینا شارێکی رەسەنی کوردستانی و زۆر بەسەخاوەتەوە راپێچی لگاوخانەی سیاسەتی عەرەبی عێراقییان کردووە، سیاسەتی ئەو عەرەبانەی هێشتا لە ئۆپۆزیسیۆندا بوون بە خودموختاریی بۆ کورد قایل نەدەبوون ئێستاکێ کە لە دەسەڵاتدان کەمتر لەوە لە نیاز و نیەتیاندایە.

کورد بەبێ ئاوڕدانەوە لە مێژووی دانوستانەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و فێڵە دەستوورییەکانی عەرەب دیسان کەرکووکیان بردۆتە نێو هەردوو تای دەستاڕی دانوستانی بێ سەرئەنجام و دۆڕاوەوە، رازیبوونی کورد بە ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەزعەفولئیمان بوو، ئەگەر نا لەباری واقیعییەوە کورد زیاتری لە دەست دەهات سەبارەت بە هەوڵی سەندنەوەی شاری کەرکووك، بەبێ نکۆڵیکردن لەوەی نیەتێکی خراپ گەمارۆی کوردی دابوو چ لەسەرئاستی ناوخۆیی چ لەسەرئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بۆ دابڕینی کەرکووك لە باشووری کوردستان وگۆڕینی بۆبرۆکسلی عێراق (نەك کوردستان) تا وەك ویلایەتێکی سەربەخۆ لە چێوەی عێراقدا وەمێنێتەوە، بەڵام کەمتەرخەمیی و داتەپینی سیاسەتی کورد لە کەرکووك و دەربارەی کەرکووك و شکستی هەوڵە سستەکان بە مەبەستی گێڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر باشووری کوردستان نایابترین و زێڕینترین هەل و یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە نەیارانەیە بەرامبەر بە کەرکووك بە ئامانج بگات.

تەنیا دە رۆژی تروادەی دیاریکراوی ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق تەواو دەبێت، چارەنووسی کەرکووکیش بە هەڵواسراویی ماوەتەوە،

هەروەك لە سەرەتاوە دەرکەوتبوو ماددەکە شکستی هێنا و چارەگێکیشی لێ جێبەجێنەکرا تا ئومێد بۆزیاتر و بە درێژکردنەوە هەبێت. بە تێپەڕینی ئەم ١٠ رۆژە (٢٤٠ کاتژمێر) شەرعیەتی یاسایی و دەستووریی ماددەکە کۆتایی پێدێت، هەر درێژکردنەوە و شێر و ڕێویی کردنێك لەو ماددە دەستوورییەدا جگە لە پێشێلکردنی ناوەڕۆکی دەستوور و لەکەدارکردنی قانوون هیچ مانایەکی تر نابەخشێت.

دیاریکردنی ماوەی جێبەجێکردنی قۆناغەکانی ماددەی ١٤٠ تا رۆژی (٣١-١٢-٢٠٠٧) هەڵەیەکی سیاسیی گەورە بوو کە سەرکردایەتی کورد تێیکەوت و خلیسکا لەسەری، گرانییەکەش ئەوەبوو دیارینەکردنی ماوە بۆ ماددەکە دیسان دەبوو بە هەڵە و تاوانێك بۆسەرکردەکانی کورد چوون وەرەقەیەکی یاسایی و دەستووریی دەدایە دەستی عەرەبەکان بۆزۆر درەنگ و دوورتر ماددەکە دوابخەن بە هەنجەتی پشێویی ئەمنیی و بوونی دیاردەی تیرۆر و ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسیی و ئابووری (هەروەك ئێستاش هەمان هەنجەتیان گرتووە و هەمان پاساویان داتاشیوە). لەم نێوانەدا دۆزی کەرکووك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە ئەولەویەتی کاردەردەچوو بەڵکو لە گێژاوی پێشهاتەکانی ئایندەدا ون دەبوو یان لە کاتی هەموارکردنی دەستووردا دەستکاریی ناوەڕۆکەکەی بە زیانی کورد دەکرا.

سەرکردایەتی کورد دوو ڕێگای چوونیەکی لە بەردەمدابوو کە هەردوو ڕێگاکە یەك چارەنووسیان بۆ کەرکووك لە هەگبەدا بوو، بەڵام ڕێگای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ هەر لەسەرەتاوە روون و ئاشکرابوو ڕێگایەکی سەختە و هیچ هیوایەك لەسەری شکۆفە ناکات و نارسکێت. سانتیانا وتی (ئەوانەی رابردوویان لە بیر نایەت دەبێت جارێکی دی تاقیبکەنەوە). سیاسەتی کوردیی بەردەوام لەم بازنە بۆشەدا دەخولێتەوە و

مەحکومە بە دووبارەکردنەوەی ئەزموونە هەرە تاڵەکانی دوێنێ و رابردوو، چوون هەمیشە ئەدای هەمان ئەو سیاسەتە دەکات دوێنێ زۆرترین نەهامەتی لێ چنیوەتەوە، ئەمڕۆ یارییەك دەكات دوێنێ زۆر تێیدا شپرزە بووە، ئەمڕۆ بە رێگایەکدا دەڕوات دوێنێ بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتووە رێگایەکی پڕ هەورازو نشێو و سەختی و دژوارییە.

هەموو ئەم ماوەیەی رابردوو عەرەب بە روونی یاری بە کات دەکرد و کۆسپی دەخستە رێی ماددەی ١٤٠، سەرکردایەتی کورد هەڵوێستێکی ئەوتۆی نیشان نەدا بۆنی ناڕازیبوون و بەرپەچدانەوەی پاشگەزبوونەوەی عەرەبی باڵادەستی لێبێت سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ و رۆشتنی ئاسایی قۆناغەکانی ئەو ماددەیە بە تایبەت لە شاری کەرکووکدا، دروست بەپێچەوانەوە (نوری مالیکی) و ستافەکەی لە عەرەبە راسیستەکانی کابینەکەی هەروەك بێنێ لۆپ (بە دەربڕینی میلان کۆندێرا) خەریکبوون رسی سەرکردایەتی کوردیان دەکردەوە بە خوری «ئەوەی کورد بە خوێن و ئازارو چەرمەسەرییەکەی چەند دەیەیی خەبات و تێکۆشان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان لە عێراق هێنابوویە بەرهەم و مسۆگەری کردبوو».

عەرەبەکان یارییان بە کات دەکرد، کورد هەرچاوەڕێی سبەینێ و داهاتوو بوو بەبێ ئەوەی ئاسۆیەکی گەش و گرەنتییەك بۆ جێبەجێبوونی ماددەکە شك بەرێت. جۆن شتاینبك دەڵێت (باشترین کات بەدەستمانەوە بێت ئێستایە چوونکە لەوە زیاتر شك نابەین). رێکورەوان کورد باشترین کاتی بە داهاتوو لە قەڵەمدابوو، هەموو ئێستاکانیشی بەو فەنتازیا و وەدیهاتنی ئەو خەیاڵاتانەوە بەستبووەوە کە لەسەر بنچینەی وادە و بەڵێنی نەیارانی هەڵیچنیبوو. کورد نەیتوانی سوود لە کات وەربگرێت لەکاتێکدا عەرەب دەیزانی چۆن یاری لەگەڵ کات دەکات و چۆنیش وەك تیمێکی فوتبۆڵ دوای

تۆمارکردنی چەند گۆڵێك هێڵی بەرگریی قایم دەکات و هەموو هەوڵێك دەخاتە گەڕ بۆ کوشتنی کات تاکو یارییەکە بە سوود و قازانجی خۆی کۆتایی پێبێنێت!!.

گرنگترین کار بۆ کەرکووك کارێکە دەبوو سیاسییەکان ئەنجامی بدەن، چون رۆڵی راگەیاندن بە بەراوورد بە گەورەیی و ئاڵۆزیی قەزیەی کەرکووك کارێکی وا گەورەی لە دەست نایەت، کاراترین هەنگاوی سەرکەوتوو بۆ گێڕانەوەی شاری کەرکووك لێهاتوویی و داناییە لە بردنەوەی یارییە سیاسییەکان کە ئەمە کاری سەرەکی سیاسەتمەدارانە، ئەوجا راگەیاندن بە نۆرەی خۆی پێگەی هەیە لەو بوارەدا و دەتوانێت رۆڵ بگێڕێت شانبەشانی کاری سیاسییەکان. هەموو هەوڵ و کارێکی میدیا بە بێ چوونەپێشەوە سیاسییەکان وئیرادە سیاسییەکان وهەنگاوە کردارییەکان کە سیاسییەکانی پێی هەڵدەستن جگە لە زۆربێژیی و هەراسانکردنی چاو و گوێی کەسانی تر مانایەکی تری نییە و نابێ. من ناڵێم راگەیاندنەکان کەمتەرخەم نەبوون، بەڵام باوەڕم وایە راگەیاندن پاشکۆی سیاسەتە نەك خۆی سیاسەتێکی سەربەخۆ بێت، سەرکردایەتی سیاسیی کورد نەیتوانیوە کارێك لە دۆخی کەرکووکدا بکات تا رێگا لەبەردەم میدیادا خۆشبکات بە رۆڵی فراوان و بەربڵاوی هەستێت وەك زمان و رایەڵێکی کاریگەر، تەنانەت سیاسییەکان نەیانتوانی سوود لە راگەیاندن وەربگرن بۆ جوڵاندن و پێشخستنی دۆزی کەرکووك بە قازانجی کورد.

مارشاڵ میکلوهان وتی (مایکرۆفۆن هیتلەری دروستکرد). کەچی نە مایکرۆفۆن نە سندووقە سیحرییەکە (تەلەفزیۆن) نەیانتوانی سەرکردەیەکی سیاسیی کورد دروست بکەن (نەك ببێتە هیتلەر) تاوەکو هیچ نەبێت لە رێی راگەیاندنەوە کارلەو دۆزەدا بکات. هەرچەندە من بڕوام

وانییە راگەیاندن بە تەنیا بتوانێت ئەو کارە بگەیەنێتە دوا مەنزڵ چوونکە ئەوەی گرەنتی سەرکەوتن دەکات کارایی دیپلۆماسی و ئیرادەی سیاسی و ورووژاندنی جەماوەرو بەکارهێنانی کارتەکانی فشارە لە ئان و ساتی خۆیاندا، راگەیاندن بۆ ئەو کارە دەتوانێت هاوکار و پاڵپشت بێت. ئەوەی پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی پرسیارەکەتانەوە هەبێت ئەوەیە: نەخێر راگەیاندنی کوردیی چ بە زمانی دایك چ بە زمانی عەرەبی کارا نەبووە و وەك پێویست بە دەوری راستەقینەی هەڵنەستاوە، زیاتر زمانێکی سازشکارانەی بەکاربردووە وەك دەربڕی هەڵوێست و گووتاری سیاسیی کوردیی لە هەمبەر کەرکووك، تۆ یەك دوو ماڵپەڕی ئەلکترۆنی و چەند دانە رۆژنامەی سەربەخۆی لێ دەربهێنە هەرچی کەناڵەکانی تری راگەیاندن و میدیا هەیە پێ بەپێ لەگەڵ سیاسەتی گشتیی سەرکردایەتی رامیاریی کوردستاندا تەریب رۆشتوون، بێگومان ئەو سیاسەتەش کەمتەرخەم بووە سەبارەت بە چارەنووسی کەرکووك و گێڕانەوەی ئەو شارە بۆ سەرباشووری وڵات.

**کڵاورۆژنە: بەرای ئێوە لە قۆناغەکانی داهاتوودا راگەیاندنی کوردیی پێویستە چی بکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: عەرەب دەڵێت (فی کل مقام مقال) هەرشتێك ئان و ساتی تایبەتی و وادەی خۆی هەیە، کارەسات و سامناکیی سیاسەتی کوردیی لەوەدایە لە دوای رووداوەکان ولە دەستچوونی دەرفەتەکان بە ئاگا دێتەوە. وەك لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا وتم راگەیاندن بە جیا لە پرۆسەی سیاسیی ناتوانێت کارێکی شایانی باس و ئەوتۆ ئەنجام بدات دۆخی سیاسیی بە تایبەتی بارودۆخی شارێکی وەك کەرکووك بە بارێکی دیکەدا بگۆڕێت. پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوەی دەبێت میدیا لە قۆناغەکانی داهاتوودا چی بکات لازمە بپرسین دەبێت کاری سیاسییەکان چی بێت بەو ئاقارەدا؟ کاتی

ئەوە هاتووە بگرە زۆر درەنگیشە کورد بە راست و ڕەوانی و بێ پێچوپەنا هەڕەشە بکات لە حکوومەتی عێراقی بە کشانەوە، چوونکە ئەو کشانەوەیە کابینەکەی نوری مالیکی لەبەریەك هەڵدەوشێنێتەوە و شەرعیەتی ناهێڵێت، پێویستە (زۆریش پێویستە) کورد دیپلۆماسییەکی کارا بخاتە گەڕ بۆ قەناعەتپێکردنی لایەنەکانی دەرەکی کە دوور و نێزیك قورساییان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناو عێراق هەیە.

لە راستیشدا وایە گەڕاندنەوە و سەندنەوەی کەرکووك رەبایەگرتن و جەنگی پارتیزانی و ململانێ نێوخۆییەکان نییە کە پارتە کوردییەکان تێیدا شارەزان و لەسەری ڕاهاتوون، ئەو کردارە (گەڕاندنەوە و سەندنەوەی کەرکووك) زەحمەت و قورسییەکی زۆری تێدایە، بەڵام وا بیر دەکەمەوە نامومکین نییە، سیاسەتیش بە دەربڕینی (لینین) بریتییە (لە هونەری مومکینات) کەواتە کورد چۆن لەگەڵ ئەم مومکینە دژوار و نارەحەتەدا رەفتار دەکات؟؟!. پاشان رۆڵی راگەیاندن بە دوای هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردستاندا دێت، بەبێ لەئارادابوونی هەڵوێستێکی توند و شێلگیرانەی سەرکردایەتی کورد هەموو هەوڵ و رۆڵەکانی راگەیاندن (ئەگەرزیاد لە پێویستیش بێت) بە ناکامیی دەمێنێتەوە و سوودێکی سیاسیی نییە بە مەبەستی گێڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر کوردستان.

وەرە کەمپینێکی میدیایی بەرفراوان بۆ پرسی کەرکووك بەڕێبخە، بەڵام بەبێ ئەوەی هەنگاوی سیاسیی بە دوادا بێت لە درێژدادڕیی و گوێ و مێشك بێزارکردن نێزیك دەبێتەوە. من لەو ڕووەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم راگەیاندنەکان بە چڕوپڕی ڤۆکەس بکەنە سەر بەئاگاهێنانەوەی زێدەتری سەرکردەکانی کورد لەمەترسییەکانی سەر کەرکووك و ترسی لەدەستدانی سەرمەدییانەی کەرکووك، هەروا هەوڵی زۆرتر بدەن بۆ وروژاندنی جەماوەر

تاکو گووشار بخەنە سەر دەسەڵاتی خۆماڵی و عێراقی و هەرهێزێکی ترکە دژی گەڕانەوەی کەرکووکە بۆ سەر باشووری کوردستان.

ئەلبێر کامۆ پەنجا ساڵێك بەر لە ئێستا گوتوویەتی (راگەیاندنێکم بدەرێ جەماوەرێکی ترت دەدەمێ). راگەیاندنی کوردیی ئەو ئەرکەی لەئەستۆ و لەسەرشانە ئیش لەسەر خەڵکان بکات بۆ وێنەکێشانی جەماوەرێ جیا لەو جەماوەرە بە مێگەلکراوەی هەر خەریکی لەقاندنی سەری ئەشەدوبیلایە بۆ سیاسەتە چەوت و چەوێڵەکانی سەرکردایەتی کورد. کارێك کە لەسەر راگەیاندنەکانە بەجێهێنانی پەیامی راستەقینەی خۆیانە وەك بنیاتنەری رای گشتیی و وروژێنەری پرسە هەستیارەکانی گرێدراو بە چارەنووسی نەتەوە و چارەنووسی ژمارەگەلێکی مرۆڤی ستەم لێچۆڕاو. هەر ئەوە ماوە بڵێم ئەگەر راگەیاندنەکان کەرکووك فەرامۆش بکەن دیسان دەکەونە هەمان خانەی سیاسییەکانمانەوە کە بە لاوازیی و کەمتەرخەمییان لاپەڕەیەکی تری خیانەتیان رەش کردەوە.

**کڵاورۆژنە: بۆچی راگەیاندنەکانمان وەك زمانحاڵی نەتەوەیەك نابینرێن و قسە ناکەن، بە پێچەوانەوە سەرقاڵن بە شتە لاوەکییەکانەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەگەر ئێمە پرۆفیشناڵانە سەیری ئیشی میدیاکان بکەین، دەبێ پێش هەرشت پیشەیی بن، دواتر بێلایەنی خۆیان بپارێزن لە سیاغەی هەواڵ و بەرنامەکانیاندا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ناتوانن خزمەتی دۆزی نەتەوەیی بکەن بەو پێیەی لەسەر حسابی پیشەییبوون و بێلایەنییە. بە پێچەوانەوە ئێستا میدیاکانمان قاچیان خزاوەتە ناو گێژاوی شەڕی سیاسیی حزبەکانی باشوورەوە، تەنانەت جاری وا هەیە میدیاکان سەنگەری باڵێکن لە ناو حزبێکی دیاریکراودا و لە دژی باڵێکی تری ناو هەمان حزب ئاڕاستە دەکرێن، ئەی ئەمە چی؟.

من پێموایە فاکتۆرەکە روونە، چوون ئێمە راگەیاندنی حزبی یان سێبەری حزبیمان هەیە. تەنانەت من بە گوومانەوە لەسەر چەمکی «رۆژنامەوانی ئازاد و بێلایەن و ئەهلی» رادەوەستم. ئێمە لە کوردستان راگەیاندنێکی نیشتمانیمان نییە، یان راگەیاندنێکی پیشەیی و ئازادمان نییە، ئەوەی هەیە تەنیا کەرەستەیەکن بۆ پیاهەڵدانی سەرکردە و حزبەکان، یان بۆ شەڕی ساردی نێوان پارتە رامیارییەکانی کورد، بازنەکە لەوەش تەسکتر دەبێتەوە، میدیامان هەیە وەك وتم بۆ شەڕی باڵ و فراکسیۆنە ناکۆکەکان و سەرکردە دژبەرەکانی ناو پارتێکی دیاریکراو.

من داوا لە راگەیاندنەکان دەکەم، وەك ناتوانن بە کاری پیشەیی و ئاستێکی بەرز لە کاری میدیایی، ببنە باڵوێزی نەتەوەیەکی ستەملێکراوی ناو دیرۆکی مرۆڤایەتی، لوتف بکەن نەبنە هۆی زیاتر دابەشکردن و قڵشت و ناکۆکیی خستنە ناو چین و توێژەکانی گەلی کوردستانەوە. چوونکە ئەم کارە ئەگەر وریا نەبین خۆی لە خیاتێکی نەتەوەییدا دەبینێتەوە، چوونکە بردنە پێشەوەی ئەجینداکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە، ناکرێ ئەو ئارمانجانەی ئەوان بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن بۆیان نەچووە سەر، ئێمە خۆمان لەبەرئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانەوە بۆیان بگەیەنینە ئەنجام.

قسەکانی خۆم لەوەدا کورت دەکەمەوە، میدیای کوردیی لە دەست نوخبەیەك رۆشنبیر و راگەیاندنکاری پیشەیی نییە، بەڵکو داینەمۆی ئەو پێدراوەی لە کوردستان ناوی ماسمێدیایە چەند دەم قەرەباڵغێکی باکگراوەند بۆشە لە هەموو جۆرە رۆشنبیرییەك. ئەو راگەیاندنە بووە بە کۆمیدیا لەسەر دەستی کۆمەڵێ بێ سەوادی حزبی کە پێیانوایە ئیشی راگەیاندن تێکشکاندنی هێز و حزبەکانی بەرانبەرە لە رێگەی نووسینی هەندێك ئینشای سیاسیی و جنێونامە و موهاتەراتەوە. هێشتا ئێمە دەبێ

سەرقاڵی ئەوە بین ئەلفوبای کاری میدیایی فێری ئەو پاڵەوانە گاڵتەجاڕانە بکەین بوونەتە دەمڕاستی ڕاگەیاندن لە کوردستان، پاشان هۆشیاریی بدەین بە خوێنەران کە ئەوان ڕۆژانە ژەهری هەواڵی مخابەراتی و شەڕی ساردیی حزبەکانیان بە ناوی ئەرتیکڵی ڕۆژنامەوانییەوە دەرخوارد دەدرێ.

* ئەم دیمانەیە لە ماڵپەڕی کلاوڕۆژنـەwww.klawrojna.com ڕۆژی ٢٠-١٢-٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە

# ڕۆژەڤی چەپ لە باشووری کوردستان دەربارەی هەڵبژاردن و لیستی چەپەکان

هەواڵنامەی کێتر

دیمانە: گۆران هەڵەبجەیی

دیمانە لەگەڵ ستیڤان شەمزینی، نووسەری چەپ لە بارەی ڕۆژەڤی بزووتنەوەی چەپ لە باشووری کوردستان.

**گۆران: گرنگی ئەم هەڵبژاردنە لەچیدا دەبینیت؟، بەڕای بەڕێزت تا چ ڕادەیەك گۆڕانکاریی بەدووی خۆیدا دەهێنیت ولەکوێدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەگەرلەدیدێکی ڕووتی چەپانەوە سەیری هەڵبژاردن بکەین لەسیستمی دیموکراتی هاوچەرخدا، ئەوپرۆسەیە هیچی ترنییە جگە لەگۆڕینەوەی دەسەڵات لەنێوان هێزو گرایشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە کە هەرهەموویان هێزە بۆرژوا ولایەنگرەکانی ڕژێمی سەرمایەدارین، بەڵام بەو مانایەش نییە هەڵبژاردن هیچ کاریگەرییەکی لەسەرڕەوشی سیاسیی و ئابووری کۆمەڵگە نییە. لەناوخودی هێزە بۆرژواکاندا مەیلی جۆراوجۆر هەیە کە هەریەکەیان بەفۆرم و ستایلێکی جوداوە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن. ئەگەر نموونەی ئەسکەندەناڤیا وەربگرین، لەکوێ هێزە ڕاستڕەوە ڕاسیستەکان

لەسەرکورسی دەسەڵات بن ولەکوێش حکوومەت بەدەستی سۆسیال دیموکراتەوە بێت؟، من مەبەستمە ئەوە بڵێم ئەوگۆڕانانەی هەڵبژاردنەکان لەناوخودی هەمان سیستمی سەرمایەدارییدا دروستیدەکەن، تەنیا گۆڕانی لاوەکیی و پەراوێزیین، ئەگەربەدوای گۆڕانی رادیکاڵیدا دەگەڕێیت پێویستە چاوردبکەیتەوە کە هێزێکی چەپی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست ئەنجامی بدات.

ئەگەرلەم دەلاقەوە بچینە ناوپرسیارە دیاریکراوەکەی ئێوەوە، پێشکات دەبێت بڵێین گرنگیی ئەم هەڵبژاردنەی کوردستان لەوێدایە، ئەوە بۆیەکەمجارە لەمەیدانی کوردستاندا هەڵبژاردنێکی ئاوها جیاواز بەڕێوە بچێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك لیستی جۆراوجۆری بەهێز لەدەرەوەی پارتی و یەکێتی ململانێ و کێبڕکێ دەکەن لەپرۆسەکەدا، ئەمە لەلایەك، لەسەرێکی تریشەوە رەوشی سیاسیی و فەزای کۆمەڵایەتی ئەم هەڵبژاردنە کۆمەڵێك جیاوازیی هەیە لەژینگەی پێشوو، بەهۆی ئەوەی هەم چاوی کۆمەڵگەی جیهانیی و ئەمەریکییەکان لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە و هەم لەئاستی ناوخۆیش ئامادەکاریی هەیە بۆرێگەگرتن لەزاڵبوونی ویستی پارتی و یەکێتی بەسەر هەڵبژاردندا کە هەمیشە ویستێك بووە هەموو بارودۆخە جیاوازەکانی بەسوودی خۆی شکاندووەتەوە.

بۆوەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان وەك خۆم گەشبینم ئەم هەڵبژاردنە جۆرێك لەگۆڕان لەسەرچەند ئاستی لەیەك جودا دروستبکات، راستە گۆڕانەکان ناتوانن مەرزێکی زۆربەبڕن و سەرلەبەری واقیعی باو بگۆڕن، بەڵام ئەوە سەرەتایەکی نوێیە بۆگۆڕینی شێوەی فەرمانڕەوایی، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئیدی هەموو دەسەڵاتەکان لای یەك حزب ولایەن یان دووان کۆنابنەوە، بەپێچەوانەوە ئەم هەڵبژاردنە وا دەکات دەسەڵات

لەکوردستاندا دابەش ببێت بەسەر هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکاندا، ئەمەش دەرهێنانی بڕیاری یەکەم و کۆتاییە لەژێر چنگی دوو پارتە سەرەکییەکە.

وەك خۆم پێموایە گۆڕان لەسیستمی حکوم و کاری پەرلەمانیدا دروستدەبێت ونابێت لەبیریشی بکەین بەشی زۆری ئەوواقیعە بەهۆی لیستی گۆڕانەوە دەگۆڕێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەرلیستی گۆڕان لەبەڵێنەکانیان پەشیمان ببنەوە من ئاسۆیەکی رووناك بۆگۆڕان ووەرچەرخاندنی سیستمی فەرمانڕەوایی کوردستان بەدی ناکەم. ئەگەر بەرسڤەکەم لەیەك دوو دێڕدا چڕبکەمەوە: بەڵێ لەناو منداڵدانی ئەم هەڵبژاردنەدا کۆرپەی گۆڕان لەدایك دەبێت ولانیکەم ئەگەر بەهۆی فشاری بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیشەوە بێت دەسەڵات ناچارە خۆی بگۆڕێت.

**گۆڕان: رات چییە بەرامبەربەلیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی؟ خاڵەگەش و لاوازەکانی ئەوبەرنامەیە لە چیدا دەبینیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەداخەوە لیستی ئازادیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی زۆر دواکەوت، پێویستبوو لەمیانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا وەك هێزێکی چەپ رۆڵی هەبووایە. من وەك خۆم بەرنامەی ئەولیستەم نەخوێندۆتەوە، لەبەرئەوەی ئەو هێزانەی پێکهێنەری ئەو لیستەن بەشێکیان نەك چەپ نین بەڵکو بەشێکن لە هێزی لۆمپن و بازرگان کە هیچکات ئامادەنین بەرژەوەندییەکانی خۆیان وازلێبهێنن بۆ خەباتی سیاسیی و داکۆکیی لەچینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە. من تاکە لایەن و هێزێك لەو لیستەدا، تاراددەیەك متمانەم پێی هەبێت حزبی شیوعییە، بەڵام نایشارمەوە سالانێکە ئێمەی چەپ لەئەدای سیاسیی ئەوحزبە رازی نین و لە زۆربەی قۆناغەکاندا لەپەنا ناسیۆنالیزمی کوردەوە لەیەك سەنگەردا بووە و نەیتوانیوە نوێنەرایەتی خواستی کرێکاران وخەڵکی زەحمەتکێش وچینەکانی

خوارەوەی کۆمەڵ بکات، هەرئەوەش وایکردووە متمانەی نەمێنێت و خەڵك بەدوای ئەڵتەرناتیڤی تردا بگەڕێت.

هەموومان ئەوراستییە کۆنکرێتییە دەزانین، هێزە چەپەکان لەسەروەختی قەیرانەکاندا گەشە دەکەن. هەژدە ساڵە لەکوردستان قەیران هەیە، رۆژ نییە قەیرانێکی ترنەڕسکێت، کەچی هێزە چەپەکان نەك نەیانتوانیوە وەڵامی ئەم دۆخە بدەنەوە و وەك ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیی بە ئەجیندایەکی رۆشنەوە دەرکەون، بەڵکو سات لە دوای سات پاشەکشەی زۆرتر دەکەن و دێنە پەڕاوێزی کۆمەڵگە و ئەو رووداوە سیاسیانەی پەیوەستن بە چارەنووسیی سیاسیی وڵاتەوە. بەداخەوە چەپ، ئێستا دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆی بکات، کاتی خۆی «شکسپیر» لەشانۆنامەیەکیدا لەخۆی کردووە و دەڵێ «من هەم یان نیم؟ ئەمەیە جەمسەری مەسەلەکە». چەپی کوردستانی دەبێت لەخۆی بپرسێت ئاخۆ هەیە یان نییە؟ ئەگەر هەیە کوانێ دەور و کاریگەرییەکانی؟ ئەگەرنییە، ئیدی لافلێدان کەی تەواو دەبێت؟. من بەداخەوە و بەهەنسکەوە دەڵێم چەپ لەکوردستان لاوازترین هێزی سیاسییە چوونکە لەکوردستاندا ناسیۆنالیزم و حزبە مەزهەبییەکان گۆڕەپانەکەیان کۆنترۆڵکردووە و ململانێکە لەنێوان باڵە جۆربەجۆرەکانی ئەو هێزانەدا روودەدات.

لەغیابی هێزە چەپەکانە باڵێکی پێشکەوتووتری ناسیۆنالیزم قەیرانەکەی قۆستۆتەوە بۆ خۆی، تەنانەت دروشم و ئەجیندای لیستی گۆڕان کە ئێستا ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتە زۆرلە دروشمی چەپەکان بوێرانەتروپێشکەوتووترە، چەپەکان هەژدە ساڵە نەیانتوانیوە ئەو تەحەدایەی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان کردوویانە و دەیکەن، بیکەن و هەم نەیانتوانیوە وەك ئەوان واقیعبینانە نوێنەرایەتی نارەزایی و غەمەکانی مرۆڤی کورد بکەن. میشێل

ڤیڤیۆرکا دەڵێت «مەگەر مێژووزانستی ئەو ڕووداوانە نییە کە تەنیا یەکجار ڕوودەدەن و دووبارە نابنەوە».

خۆ دەبوو حزبی شیوعی عیبرەتی لە شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ وەربگرتایە کە لەو ساتەوەختەدا زۆرینەی عێراقییەکان شیوعی بوون و هەلی دەسەڵات گرتنە دەستیان لەکیس دا، بۆیە من لەو قەناعەتەدا نیم ئەو لیستە بتوانێت زۆر شت بکات، لەبەرئەوەنا خودی ئەجینداکە کەموکوڕیی و بۆشایی تێدایە بەڵکو لەبەرئەوەی چەپ ناتوانێت تەحەدا بکات و ئەم دەرفەتەی لەدەستی خۆی دا و جارێکی تر دایەوە بەباڵێکی تری ناسیۆنالیزم کە ئەویش لیستی گۆڕانە. بۆیە من ئەولیستە بەخراپ یان چاك ببینم هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت چەپ لەبری ئەوەی قەیرانەکان بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی خۆی، بەڵکو خودی خۆی لەقەیرانێکی زۆر کوشندەدا ژیان دەگوزەرێنێت.

**گۆران: لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لیستی هێزە چەپەکانە، دەکرێت ئەم لیستە بکرێتە بنەمایەك و سەرەتایەك بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی چەپ لەکوردستاندا، یاخود تا ئێستا ئەوزەمینەیە لەبارنییە بۆ ئەو مەبەستە؟.**

ستیڤان شەمزینی: وەك وتم چەپ بۆ خۆی لەقەیراندایە. بەهۆی قەیرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستییەوەیە، چینی کرێکار لەکوردستان دوای سیاسەتە دیماگۆگییەکانی ناسیۆنالیزم و ڕەوتە مەزهەبییەکان کەوتووە. لینین لەساڵی ١٩٠٢ وتی «کاتێ کرێکارێك مان دەگرێت بۆ زیادکردنی کرێ، ئەوە سەندیکالیستە، بەڵام کاتێك مان دەگرێت دژ بەلێدانی جولەکەکان ئەوکات سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیە». کرێکار لەکوردستان لە دۆخێکدایە نەك سەندیکالیست و سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ نییە،

بەڵکو بووە بەئەسپی راکێشانی عەرەبانەی بۆرژوازی. ئەمەش تاوانەکەی لەئەستۆی چەپەکانە. کەوابوو چەپ لەبەردەم قۆناغێکی زۆر هەستیاردایە و ئەگەر چاوێك بەخۆیدا نەخشێنێتەوە لەو بڕوایەدام کۆمەڵگە بەتەواوی فڕێیدەداتە دەرەوەی خۆی و دەبێتە بەشێك لە دیرۆك.

من رەشبینم لەوەی ئەم لیستە لەپاشەڕۆژدا ببێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوە و لێك نزیککردنەوەی هێزە چەپەکان لە دەوری پلاتفۆرمێکی سیاسیی رۆشن و واقیعی، تەنانەت من گومانم لەوە هەیە بەشێك لەلایەنە پێکهێنەرەکانی لیستەکە هەر لەبناغەوە چەپ بن، نەخێر نەك چەپ نین بەڵکو کاریشیان لەئێمەومانان تێکداوە کە دەمانەوێ بزووتنەوەی چەپ لەکوردستان بەرەو پێشەوە بەرین و دووریخەینەوە لەنەریتی پۆپۆلیستیی و چەپی کلاسیکیی و لۆمپن.

دەبێت لەم دەرفەتەدا بەبیری بهێنینەوە هیچ هێزێك نییە لەکوردستاندا هێندەی چەپ پەرش وبڵاو بێت، هیچ هێزێك نییە هێندەی چەپ دابەشبوون و جیابوونەوەی بەخۆوە بینیبێت، وەك خۆم وەهای بەباش دەزانم چەند کۆنگرە و کۆنفرانسێکی فراوان ئامادە و سازبکرێن، هەم بۆ نزیکخستنەوەی چەپەکان لەیەکتری و هەم بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی کاری هاوبەش بەپێی ئەجیندایەکی سیاسیی روون کە لەئاست واقیعەکەدا بێت. من خوازیارم حزبی شیوعی «نەك لیستی پەنجا و پێنج» بەشێك بێت لەو هێزەی بۆ بووژاندنەوەی چەپ و بەستنی کۆنگرەیەکی لەو شێوەیە دەستی هاوکاریی درێژبکات، چوونکە چەپ لەبەردەم دووڕیانی مەرگ وژیاندایە و تاوانی هەموو شکستێك لەگەردنی خۆماندایە و نابێت کەسی تری پێ تاوانباربکەین.

*ئەم دیمانەیە لەمانگی تەمووزی ٢٠٠٩ لەسایتە کوردییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوبۆتەوە.

# لە هەمبەر پرسی دیموکراسیی و ئەزموونی حزبە کوردستانییەکان

ئا: بەرزان عەلی مەجید

هەواڵنامەی کتێب

لە درێژەی تەوەری پرسی دیموکراسی و حزبی کوردیی، لە ژمارەی ئەمجارەدا رووی پرسیارمان کردە نووسەرو رۆژنامەوان «ستیڤان شەمزینی» سەرنووسەری رۆژنامەی نێوەند.

**رەند: حزبی کوردیی زۆرترین بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکات و لەهەمان کاتدا لە بانگەشەی هەرکامیاندا هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن بەکارێکی پۆزەتیڤ لەقەڵەمدراوە، بەڵام لە زەمینەی سیاسیی وواقیعدا دەبینین تەنیا دوو شت لەسەرزەمینەی کیانی سیاسیی دەسەڵاتی کوردیی غائیبە ئەوانیش ئۆپۆزیسیۆن و دیموکراسین، ئەم لێکدژییە بۆچی؟. مەبەستمە بڵێم بۆچی دیموکراسی و ئۆپۆزیسیۆن هەمیشە لە وڵاتی ئێمەدا دوو وجودی خەیاڵی بوون؟.**

ستیڤان شەمزینی: ناتوانین بەرسڤێکی زانستیی و دەقاودەق بۆ ئەم

پرسیارە بدۆزینەوە ئەگەر نەگەڕێینەوە سەر دیرۆکی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی پارتەکانی کوردستان یان بەدەربڕینێکی تر تا ئەو کەش و ژینگە و سیاقە مێژوویی و رامیاریی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نەناسین پارتەکان تێیدا گەشەیان کردووە و جەماوەریان پەیدا کردووە. ئەگەر بەخێرایی ئاوڕ لە دوێنێ بدەینەوە و لێی وردبینەوە دەبینین ساتەوەختی سەرهەڵدانی پارتە کوردستانییەکان هاوکاتە لەگەڵ بارودۆخی ژێردەستەیی کوردستان و ئەو هەلومەرجە دواکەوتوو و راوەستاوە کۆمەڵایەتییەی باڵی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریی ئەوێ رۆژێدا کێشابوو، پارتەکان وێنەدانەوەیەکی کتومتی ئەو بارو هەلومەرجەن و لە پێویستییەکانی ئەوێ رۆژێوە لەدایکبوون، بەڵام هەتا ئەم ساتەش هەربەهەمان جۆر و رێگەی پێشان درێژە بە سیاسەت و مانەوەیان دەدەن و هیچ گۆڕانێکی ستروکتۆریان بەسەردا نەهاتووە.

حوجەتوڵڵای ئەیوبی لەکتێبەکەیدا (سەرهەڵدان و بەردەوامیی پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا) دەنووسێت: ئەگەر ئەمڕۆ باسی پارت دێتە ئاراوە و باس لە قازانجەکانی دەکرێت مەبەست لە چەمکە تازەکەیەتی. رێکخراوێك بە وتەی ماکس ڤێبەر (رۆڵەی دیموکراسییە لەرۆژئاوا) و گەلێك کارناسی رامیاریی هاوڕان لەسەر ئەوەی حزب سەرچاوەیەکی رۆژئاوایی هەیە. ئەگەر ئەم پەرەگرافە وەك بنەمایەکی ستاندار وەربگرین و گریمانەی ئەوە دابنێین پارت هەڵقوڵاوی دیموکراسییە، ئەوە دەرئەنجامێکمان چنگ دەکەوێ: پارتەکانی کورد بۆیە دیموکراسی نین و ناتوانن دیموکراسی بن چوونکە زادەی ژینگەیەکی دیموکراسی نین، پێشتریش وتمان پارت بە مانا (ڤێبەر) یەکەی لە هێلکەدانی دیموکراسییەوە هاتووەتە دەرێ. کەوابێت بەرسڤی پرسیارەکەت هەر لەهەناوی پرسینەکەی خۆتدا دراوەتەوە بەوەی دەڵێیت (دیموکراسی و ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتی ئێمەدا دوو وجودی خەیاڵی بوون). ئەم

دەربڕینە کۆمەکمان دەکات بۆ تێگەیشتن لەوەی پارتێك چۆن دەتوانێت دیموکراسی بێت لەکاتێکدا لە ڕەوشێکی دیکتاتۆریی ولەپەنا دیدێکی تۆتالیتێرەوە لەدایك بوو بێت؟.

نووسەری هاوچەرخ (رۆبێرت میشێل) دەنووسێت (بوونی دیموکراسی بەبێ بوونی ڕێکخراو تەنانەت لە خەیاڵیشدا ناگونجێت). دیسان ئەم وتەزایە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی بوونی ڕێکخراو (لێرەدا ڕێکخراو لەبری پارت بەکارهێنراوە) پێشمەرجێکی سیستمی دیموکراسییە، کەوابوو دووانەی پارتی سیاسی و سیستمی دیموکراسی تەواوکاری یەکترن و هیچ کامیان بەبێ ئەویتریان ناشێت لەئارادا بێت. پارتی کوردیی بەرهەمی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی مرۆڤی کورد بووە لەسەردەستی داگیرکەرانی کوردستان، پارتی کوردیی بە پێودانگە هاوچەرخەکان و بنەما ستانداردەکانی پارتە نوێیەکانی رۆژئاوا پارتێکی کلاسیکی بووە وزێدەتر میکانیزمێك بووە بۆ شۆڕش و یاخیبوونی چەکداریی و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان نەك پارتێك بوو بێت لەو چەشنەی (گاکسی) پێناسەی دەکات و دەڵێت (پارت بریتییە لە گروپێکی ڕێکخراو و پیشەیی کە ئەندامەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و نوێنەرایەتییە رامیارییەکان لە خەباتدان).

ئەرك و ئەجیندای پارتە کوردییەکان هەوڵدان و ململانێکردن نەبووە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بە ڕێگە و مۆدیلە دیموکراسییەکان هێندەی نیشاندانی رۆحێکی بەرەنگارخوازانە بووە بەرامبەر بە نەیاران و رژێمە سەرکوتگەرەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا. پارتەکانی کورد زیاد لەهەرشتێك جوڵانەوەیەکی چەکداریی و پارتیزانانە بوون لەژێر ڕێبەریی و سەرکردەیی تاکێك یان چەند تاکێکی فیوداڵ و ئاریستۆکراسی تەقلیدیی کورددا وەك لەوەی دامودەزگای مودێرن و ڕێکخراوبن بۆهێنانەدی خواست

و داواکانی چین یان توێژێکی کۆمەڵایەتی لەڕێی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بەهەڵبژاردن. ژبەرئەوە پارتی کوردیی دیدی بۆ مەسەلەکە جودایە، لە قۆناغی شاخدا هەر بەرهەڵستکارێك نەیاریی کردبێت بە ئۆتۆماتیکی خۆی لەبەرەی نەیارانی گەلی کوردستاندا بینیوەتەوە بۆیە هەمیشە ئۆپۆزیسیۆن و بەرهەڵستکارانی لەخانەی نەیاران ریزبەند کردووە و هێڵی سووری بەدەوردا کێشاوە، بەڵام هەمان ئەم ئەقڵیەت و روانگەیەی شاخ هێشتا تا ئەم ساتەوەختەش وەك دڵێکی زیندوو لە سینەی پارتەکانی کورددا ترپە ترپیەتی.

لەوەش بترازێت پارتی کوردیی وەك پارتێکی شموولی و ستالینگەرا پارتێکە تاپۆی دەسەڵاتی کردووە و لە دیتنی ئەودا هەموو هەوڵێکی ئۆپۆزیسیۆن هەوڵێکە دژبەتێکڕای نەتەوە و هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی تێکڕای مێژووی وڵات، ئەم تەرزە لە پارتی سیاسیی بەپێچەوانەوەی پارتە نوێیەکان لە ژیاری خۆرئاوا شکۆمەندییەکەی هەمیشە لەسەرسیخناخ ونابووتکردنی ئەویتری بەرامبەر راوەستاوە، بوونی ئەو بەستراوەتەوە بە نەبوونی ئەوانیترەوە یان هیچ نەبێ بە سست و لاوازبوونی ئەوانیترەوە، بۆیەکا ئەم جۆرە لە پارتی رامیاریی نەك ناتوانێ ئۆپۆزیسیۆن قبوڵ بکات بەڵکو وەك وتم ئۆپۆزیسیۆن بە سێبەرو مەترسییەك دەبینێت کە سەرلەبەری مێژوو و خەباتەکەی دەهاڕێت.

لەچەندین جێگەی تریشدا ئەوەم باسکردووە لە کوردستان زەمینەی سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن وشك کراوەتەوە، ئۆپۆزیسیۆنێك بە تفاقێکی مەدەنی و بەرێگە دیموکراسییەکان کاربکات و گۆڕان بەسەر واقیعەکاندا بهێنێت، زۆر بەداخەوە و بەپێچەوانەوە ئێمە لەئان و ساتێکدا دەژین تۆتالیتاریزم و دەسەڵاتێکی (نەك دەوڵەت) پۆلیسی و ئۆتۆکراسی مەیدانی

رامیاریی کۆمەڵگەی مۆنۆپۆل کردووە، هەرمەیل و هێزێکی ترویستی هەبێ بۆ کارکردن نەك ڕێگەی لێدەگیرێت بەڵکو بە پۆلیس و زیندان و سەرکوتکاریی بەچەترسێن دەکرێ، هەر ئەوەیە لەکوردستان لەبری یەك پارتی سەرکردە دوو پارتی سەرکردەمان هەیە و ئیدی مەیدانی ململانێ یاساغ و قەدەغە کراوە. لینین وتەنی (گەشەکردن تەنیا هەرزۆرانی ناکۆکەکانە) لێرە لە کوردستان هیچ ململانێ و زۆرانێك لە ئارادانییە هەربۆیە هەموو شتێك لە واقیعی کوردیدا بە راوەستاویی ماوەتەوە و مرۆڤی کوردیش بەدۆش داماویی سەیری ئەو شانۆگەرییە تاڵە دەکات.

**ڕەند: لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا ئێمە مێژوویەکی پڕ لەشەڕمان هەیە لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا کە ئەم شەڕکردنە دەگەڕایەوە بۆ جیاوازیی بیروڕا و شێوازی کارکردنی سیاسیانەی حزبەکان، بەڵام لە ئێستادا لەشکرێك لە حزب لەنێو ساحەی سیاسیدا بوونیان هەیە کە بەشێکی زۆریان پێیانوایە ئۆپۆزیسیۆنن، بەبڕوای تۆ حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات بۆچی ناتوانن فشاربن یاخود هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن بن؟.**

ستیڤان شەمزینی: جەنگ بەشێکە لە عەمەلیەی سیاسیی، لەو جێگەیەی زمانی گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن کول و کۆڵەوار دەبێت جەنگ ئامادەیە، بەڵام جەنگی پارتەکانی کورد دیوە ناماقووڵەکەی سیاسەت بوو، ئەسڵەن پارتە کوردییەکان لە رەوشێکدا لە دایکبوون زمانی دایەلۆگ زمانێکی نامۆ بووە و ئێستاشی لەسەربێت ناتوانن دایەلۆگ بکەن چوونکە کۆمەڵە کارێکتەرێکن لە کەش و فەزای شەڕ و سڕینەوەی بەرامبەردا دەژین و سووڕی ژیانیان سووڕی چەند جەولەی شەڕی گەرم و کوشتار و رووداوی خوێناویی بووە. لەگەڵتام کە مێژووی پارتەکان مێژووی جەنگە

ناماقووڵ و کاولکارییە بۆ وێنەکانە، بەڵام لەوێدا لێت جیا دەبمەوە ئەو شەڕانە جەنگێکی فیکری بووبن و پابەندبووبن بە جیاوازیی خەتی سیاسی و روانینی سیاسییەوە (هەرچەندە لەژێر ئەم پاساوەشدا رەوایی بە جەنگ نادەین).

زۆربەی جاردەگوترێت جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (جەلالی) لە باڵی مەلا مستەفا بارزانی (مەلایی) لە ساڵی ١٩٦٤ ناکۆکییەکی فیکری و ئیدۆلۆژیی لەپشتەوە بووە یان بەمانایەکی تر جیابوونەوەی باڵی چەپ بوو لەباڵی کۆنسەرڤاتیڤی پارتی، بەڵام من بە سەرنجدانێکی ورد و چڕوپڕ لەکۆی وردەکاریی و دیوە شاراوەکانی مێژوو و فاکتۆرەکانی ئەو جیابوونەوەیە بۆم دەرکەوتووە ئەولێکترازانە بەرژەوەندیی شەخسیی و رۆحی دەسەڵاتخوازانەی هەریەک لە (ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی) لەپشتەوە بووە کە هەردەم خەونیان بە سەرۆکایەتی پارتییەوە دەبینی، پارتییەک بۆ هەبوونی کاریزمای بارزانی و رۆڵ و پشکداریی بارزانییەکان تیایدا، جەنگەکانی دواتری پارتەکان (بەتایبەت لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە) هیچ جیاوازییەکی فیکریی و ئیدۆلۆژیی لە پشتەوە نەبووە بە پێچەوانەوە مۆتیڤەکانی هەریەک لەم پێکدادانانە شەڕکردن بوون لەسەر دەسەڵات، شەڕکردن بوو بە ئامانجی قۆرخکردنی گۆڕەپانی سیاسیی نەک شەڕ و ململانێکردن لەسەر پێشکەشکردنی دیدگا و مۆدیلی جیاوازی حکومداریی. راستە دیوێکی ئەم جەنگانە بریتی بووە لەقۆرخکردنی جەماوەر بەڵام هۆکاری هەرە سەرەکی بەرژەوەندیی تایبەتی بووە کە هەمیشە سەرکردایەتییەکان هەڵگیرسێنەری بوون نەک کەسانێکی تر.

سەدام حسێن لەساڵی ١٩٧٦ لەیەکێك لە وتارەکانیدا وتی (ئومێدەوارین

هەموو عێراقییەك لەم وڵاتەدا بکەین بە ئەندامی بەعس و بەعسییەكی ئیماندار.. هەموو میللەتەکەشمان لەناو نیشتمانی عەرەبیدا بکەین بە بەعسی). ئەم خولیا بەدینەهاتووەی سەدام حسێن و کۆی بەعسییەکانی عێراق، ئەنفال و جینۆساید و گۆڕی بەکۆمەڵ و عێراقێکی لێ بەرهەم هات قاتی سەرەوەی زیندان و نهۆمی ژێرەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ بێت. خولیای پارتەکانی کورد بۆ بەحزبیکردن یان دروستتر بڵێم بۆ بەپارتی و یەکێتیکردنی هەموو ئەندامانی گەلی کوردستان جەنگێکی خوێناویی چل ساڵەی لێکەوتەوە کە تاهۆ شوێنەوار و کاریگەرییەکانی وەك برینێك لەسەر جەستەی شەقار شەقاربووی کۆمەڵی کوردەواریی کێم و جەراعەت دەردەدات. پێشنیار دەکەم بچیت هەردوو کتێبی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت)ی ڤان برونەسن و (کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم)ی کریس کۆچێرا بخوێنیتەوە ئەوسا دەزانیت پارتی کوردیی زیاتر لەهەرشتێکی دیکە سەرقاڵی شەڕە نەبڕاوەکانی بووە، شەڕێك بەزیان بەسەر هەموو تێکڕای کورد و قازانج بۆ دەستەیەکی بچووکی قاچاخچیانی شەڕشکایەوە و دەشکێتەوە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت بۆچی پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات ناتوانن ئۆپۆزیسیۆن بن؟ ئاخر کێ ئۆپۆزیسیۆن بێت؟ پارتی و یەکێتی هەموو پارتەکانی دیکەیان ئەگەر بە وەزارەتێکی لاوەکی و هەرێمیش بێت بەشدار کردووە لە دەسەڵاتدا تاکوو هەناسەی ئۆپۆزیسیۆن سوار بێت و هەربەساوایی بخنکێت! بۆچی هیچ پارتێك ماوەتەوە لەدەرەوەی حکوومەت تا ڕۆڵی بەرهەڵستکار وازی بکات؟ ئەم تاکتیکەی پارتی و یەکێتی بەشێکە لە ستراتیژییەتێك کە سەربڕینی ئۆپۆزیسیۆنە ئەگەرچی بەرووکەش وا دەردەکەوێت حکوومەتێکی بنکە فراوانیان دامەزراندووە لە باشووری کوردستاندا. لایەنێکی تری وەڵامەکەم لەنێو پرسیارەکەی تۆدا دەدۆزمەوە:

دەڵێیت مێژووی پارتەکان مێژووی شەڕە، کەوابێت شەڕتاکە مۆدیلی بەرەنگاریی و مامەڵەی رامیارییە، ئیدی چۆن گرەنتی ئەوە دەکەیت شیوعی یان زەحمەتکێشان ئۆپۆزیسیۆن بێت و بەیانی زێرەڤانی یان دژە تیرۆر نایدات بەسەریاندا بە تۆمەتی تێکدانی ئەمنی نەتەوەیی؟ جیا لەمەش بەشی زۆری ئەو پارتانەی تۆ باسیان دەکەیت دوکانی سیاسین و چی لەبازاڕی سیاسەتدا هەڕمێنی هەبێت ئەمان دەبنە فرۆشیاری ئەوە، لەلایەکی ترەوە لە کوردستان حکوومەت بەمانای باو و هاوچەرخی حکوومەت لە ئارادا نییە زیاتر دەسەڵاتێکی پارتۆکراسی و ئۆلیگاریشی و نیپۆتیستی کاروباری کۆمەڵگە و ژیان بەڕێوە دەبات، کەواتە هەر ئۆپۆزیسیۆنێك ئۆپۆزیسیۆنی پارتە دەسەڵاتدارەکانە کە ئەمەیان قەدەغە و رێگە پێنەدراوە.

ژۆزیف .ئا، شل سینگر بە ئیلهام وەرگرتن لە (ماکس ڤێبەر) پارتی سیاسی بە (ماشێنی هەڵبژاردن) ناودەبەن و بە ئامرازێکی دەزانن بۆ سەرکەوتن لەهەڵبژاردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات. پارتەکانی کوردستان (جگە لە پارتی و یەکێتی) وازیان لەوە هێناوە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن چوون وەك وتم دوکانی سیاسین، لەباری واقیعیشەوە ئەوەیە یەکێتی چی بەسەر کۆمۆنیستەکان هێنا و پارتی چۆن لە یەکگرتووی ئیسلامیی دا لە دەڤەری بادینان هەر بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت، کەوابوو ئۆپۆزیسیۆن چۆن وبە چ شێوەیەك کاربکات لەکاتێکدا میلی تفەنگ جێی هەر زمانێکی تری گرتووەتەوە؟ رێم پێبدە بڵێم پارتگەلێك بەشی شێر و سەرلەبەری دیرۆکیان جەنگ بێت ئۆپۆزیسیۆن ناتوانێت رایبوەستێنێت بەڵکو هەر دەبێت بە میکانیزمی شەڕ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.

*ئەم دیمانەیە لە ژمارە (١٠ ) رۆژنامەی (رەند) لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە.

# بۆردومانی ناوچە سنوورییەکان و ئەگەری لەشکرکێشی سوپای تورک

ئامادەکردنی: شەماڵ - دڵنیا

هەواڵنامەی کتێب

کورتکراوەی چاوپێکەوتنی رادیۆی دیالۆگ لە شاری یۆتۆبۆری - سوێد لەگەڵ «ستیڤان شەمزینی».

**دیالۆگ: هێرش و پەلامارەکانی ئەم دواییەی لەشکری داگیرکەری تورك بۆ سەرباشووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ باکگراوند و مێژووی دەوڵەتی تورکیا، دەبینین تورك بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دوژمنی ڕەهای ئەزموون و هەموو ئەو دەستکەوتانە بووە کورد بەدرێژایی مێژوو بەدەستی هێناون. ئەمڕۆ لەباشووری کوردستان دەسەڵاتێکی خۆجێی کوردیی هەیە، هەرچەندە ئێمە ددان بە کەموکوڕییەکانی ئەم دەسەڵاتەدا دەنێین بەڵام بۆ یەکەمین جارە لەپارچەیەکی داگیرکراوی کوردستاندا بۆ ماوەیەکی درێژ کە بۆ حەڤدە ساڵ دەچێت دەسەڵاتێکی خۆجێی هەبێت ئەوەندە تەمەنی

هەبێت و درێژە بەفەرمانڕەوایی و حکومداریی بدا، هەڵبەتە رژێمی تورك بەشێوەیەکی ئاشکرا دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە ناشارێتەوە و بەفۆرمی جیاجیا و لەسەرئاستی جیاجیا هەوڵیداوە ئەم ئەزموونە بەهەر نرخێك بووە لەناوببات.

ئەم لەشکرکێشییەی لەم دواییانەدا کرایە سەر باشووری کوردستان و بەردەوامیی هەیە بەبیانووی هەبوونی بنکەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، جیا لەوەی یەکێك لەئامانجەکانی بریتییە لەسنووردارکردن و لاوازکردنی چالاکی و بوونی گەریلای رزگاریخوازی گەلی کوردستان، لەهەمان کاتدا هێرشێکە بۆسەرقەوارەی باشووری کوردستان کە قەوارەیەکە تورکەکان ترسیان لێینیشتووە و وایدەبینن ئەم قەوارەیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بەدەمەوەیە. ئەمە جیا لەوەشی خواستی عەسکەر لە تورکیا دەهێنێتە دی، چوونکە جەنراڵەکان تەنیا لەرێگەی بژاردە و میکانیزمی سەربازیی و پیادەکردنی ئۆپەراسیۆنەوە درێژە بەبوون و چالاکی خۆیان دەدەن وەك یەکێك لە پایە گرنگ و سەرەکییەکانی دەسەڵاتی بڕیاردان لەوڵاتی تورکیا. ئەم هێرشەی بەم دواییە کرایە سەر کوردستان ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکان و سیناریۆیەکە لە سیناریۆکانی رژێمی تورك بۆ دژایەتیکردنی کورد بەشێوەیەکی گشتیی و هەرێمی باشووری کوردستان بەتایبەت، بەڵام بەداخەوە دەبینین چ لەسەرئاستی شەقامی کوردیی چ لەسەرئاستی دەسەڵاتی سیاسی کورد تارادەیەك ئەم پرسە وەك خۆی و وەك ئەوەی هەیە بایەخی پێنەدراوە و وەرنەگیراوە.

بەکورتی دەکرێت بڵێین ئامانجی سەرەکیی ئەم هێرشە لەدوو خاڵدا چڕدەبێتەوە: خاڵی یەکەمیان بریتییە لە هێرشکردن بۆسەرپارتی کرێکارانی کوردستان کە پارتێکی رزگاریخوازی کوردە و تێدەکۆشێت بۆ

دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کورد لەباکووری کوردستان. دووەمیان هەوڵدانە بۆ شکستپێهێنان بەم ئەزموونەی کوردستان بە تایبەت ئەمڕۆ کوردستان لەسەروبەندی کێشمەکێشێکی گەورەدایە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند لەعێراق، بۆسەندنەوەی کەرکووك وجێبەجێکردنی بڕگە وبەندەکانی ماددەی سەد و چلی دەستووری هەمیشەیی عێراق. وەك دەیبینین رژێمی عێراق یان بابڵێین دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لە رێگەی کۆسپ و تەگەرە دروستکردنەوە بارێکی وەهای هێناوەتە پێشەوە تا ئەو ماددەی هیچی لێ نەچێتە پێشەوە بەپێی دڵخوازی کورد و ناوەڕۆکی راستەقینەی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

دیارە دەوڵەتی تورکیا رۆڵی هەبووە لەتەگەرە خستنە بەردەمی ئەو ماددەیە و دەیەوێ کارا و کاریگەرتر لە پێشوو رۆڵ ببینێت لەنێو قووڵایی پرسە گەرمەکانی عێراقدا، بەتایبەت لەو وەختەی لایەنی کوردیی دەیەوێ کارتێکی گووشاربێت بۆسەردەوڵەتی ناوەندیی لەرێگەی ئەو پڕۆژە و پلانەی هەیەتی بۆ ریفۆرمکردنی کابینەکەی نوری مالیکی، کە ئەم پلانە خزمەت دەکات بەکوردستان بەشێوەیەکی گشتیی (لەرووی سیاسییەوە) خزمەت دەکات بە چوونە پێشەوەی بڕگەکانی ماددەی سەدوچل، خزمەت دەکات بەیەکلاکردنەوەی ئەو پرسە ئاڵۆزانەی لەم دواییانەدا سەریانهەڵداوە لەنێوان کورد و عێراقدا، خزمەت دەکات بە مەسەلەی دەرماڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خزمەت دەکات بەدۆزی بودجە کە لەم دوا دواییانەدا چارەسەر کرا، بەڵام هێشتاش بێنە و بەردەیەکی زۆری لەسەرە لەسەرئاستی سیاسیی کوردستان و عێراق.

**دیالۆگ: پاش رووخانی رژێمی دیکتاتۆر و نەمانی سەدام حسێن لەسەردەسەڵات بەئاشکرا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرگریی**

**لەهاتنی هێزی تورك دەكرد بۆ باشووری كوردستان، بەڵام ماوەیەكە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا چرای سەوزی داگیرساندووە بۆ لەشكركێشی توركیا، بەرای ئێوە ئەم گۆڕانكارییە چییە لەسیاسەتی ئەمەریكا بەرامبەربە دەوڵەتی توركیا و لەشكركێشییەكانی توركیا بۆسەر باشووری كوردستان؟.**

ستیڤان شەمزینی: مومكینە بەشێكی زۆری بۆ چاكبوونەوە یاخۆ باشتربوونی پەیوەندیی دیپلۆماسیی و هاوپەیمانێتی نێوان رژێمی تورك و ئەمەریكا بگەڕێتەوە. كاتێك ساڵی ٢٠٠٣ و لەكاتی خۆئامادەكردنی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق، پەرلەمان و حكوومەتی توركیا رێگریی كرد لەهێز و سوپای ئەمەریكا بۆ بەكارهێنانی ئاسمانی وڵاتەكەیان بەمەبەستی بۆردومان و هێرشكردنە سەر رژێمی پێشووی عێراق. ئەمە تەنگژە و بارگرژییەكی دیپلۆماسیی زۆری لەنێوان رژێمی توركیا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پێكهێنا، هەرچەندە پەیوەندییەكی توندوتۆڵ و مێژوویی لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەبوو، بەڵام ئەمە وایكرد تا رادەدەیەك ساردیی بكەوێتە پەیوەندیی نێوانیانەوە.

بەم دواییانە و لەرێگەی هەوڵە دیپلۆماسییەكانی رەجەب تەیب ئاردۆگان و بەتایبەت لەو گەشتەی لەماوەی رابردوودا كردی بۆ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بینینی لەنزیكەوەی سەرۆكی ئەمەریكا (جۆرج بوش)، تونرا تارادەیەك توركیا متمانەی خۆی لای ئەمەریكا بەدەست بهێنێتەوە. هەروەها هەڵكردنی ئەم چرا سەوزە بۆ لەشكری داگیركەری تورك پەیوەندییدارە بەوەی ئەمەریكاییەكان متمانەیان كاڵبووەتەوە بەسەركردایەتی سیاسیی كوردستان كە لە باشووری كوردستان وەك دەسەڵاتی سیاسیی و حكوومەت فەرمانرەوایی سێ پارێزگا دەكەن.

کاڵبوونەوەی متمانەی ئەمەریکا بەکورد و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەپەیوەندیی و هاوپەیمانێتی ئەمەریکا لەگەڵ تورکیا بوونە هۆی هەڵکردنی ئەم چرا سەوزە بۆلەشکری تورکیا تا هێرش بکاتە سەرباشووری کوردستان.

هۆکارێکی تری ئەم پرسە لەوەدایە ئەمەریکا یان بابڵێین سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەشێوەیەکی گشتیی تا ئەم خولەکە ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان کە پارتێکی رزگاریخوازی باکووری کوردستانە لەنێو لیستی رەشی رێکخراوە تیرۆریستییەکان تۆمار کردووە و دەرینەهێناوە، ئەمەریکا دژی هەموو ئەو رێکخراوانەیە ناویان لە لیستەکە هاتووە و پشتیوانیی لەجەنگی (دژە تیرۆر) دەکات، پشتیوانیی لەهاوپەیمانەکانی دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرولە جەنگی( دژە تیرۆر)دا. لەم رووەوە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی تورکیا بەدیاریکراویی سەردانەکەی ئاردۆگان بۆ ئەمەریکا کاریگەریی باشی هەبوو لەسەر پتەوکردن و تازەکردنەوەی هاوپەیمانێتی تورکیا دەگەڵ ئەمەریکا و هەڵخڕاندنی پشتیوانیی ئەمەریکا لەکاتی هێرشکردنە سەرباشووری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە.

لایەنەکی تری ئەم مەسەلەیە لەوەدا دەبینمەوە تا ئێستا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بێدەنگە لەبەرامبەر ئەو لەشکرکێشیی و هێرشانەی دەکرێتە سەرباشووری کوردستان، هەرچەندە سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) لە ماوەی پێشوودا رایگەیاند شتێکی هەرزان نییە بۆتورکیا دەست لەکاروباری ناوخۆی باشووری کوردستان وەربدا، چوونکە لەبەرامبەردا کوردیش دەست لەکاروباری ناوخۆی تورکیا یان دیاربەکر(ئامەد) وەردەدات، بەڵام لەراستیدا ئەم لێدوانانە لەباری واقیعییەوە نەهاتوونەتە دی و هیچیان لێ سەوز نەبووە، بۆیەکا ئەمەریکا ترسێکی لەوە نەماوە باشووری کوردستان بەهۆی لەشکرکێشییەوە ببێتە هەرێمێکی ناسەقامگیر

و ئەمنییەتی تێکبچێت. ئەمەریکا هەست ناکات لەشکرکێشیی کاریگەریی هەبێت لەسەر رەوشی سەقامگیریی کوردستان چوونکە دەزانێت دوو حزبەکە بەرگریی چەکدارانە لەهەرێمەکەیان ناکەن، بۆیە ئەمەریکا رێگەی لەشکرکێشیی تورکی وا ئاسان داوە.

ئەمانە هەموو تێکڕا وایانکردووە زەرفییەت بۆ تورکیا بێتەدی تا بتوانێت ئامانجەکانی لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستاندا بهێنێتەدی، کە بێگومان ئەگەر ٢٠٪ ئامانجی ئۆپەراسیۆنی تورك بریتی بێت لە تێکوپێکدانی بارەگا و بنکەکانی گەریلا ئەوە ٨٠٪ پەیوەندیی هەیە بەتێکوپێکدانی ئەزموونی باشووری کوردستان و تێکوپێکدانی رەوشی ئەمنیی هەرێمی کوردستان. تورکیا لەپێشتریشدا لەم رووەوە بەشێوەی ناراستەوخۆ درێغی نەکردووە لەم کارە و لەرێگەی وروژاندنی ئیحساساتی تورکمان بەهۆی بەرەی تورکمانییەوە بەدیاریکراویی لەنێو جەرگەی شاری کەرکووك. لەماوەی رابردووشدا بۆمان دەرکەوت دوو بەهێزترین تەقینەوەکانی ساڵی رابردوو لەشاری کەرکووك و شێخان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ تورکیا تێیدا پشکداربووە کە ئەو دوو شارە لەسەرلێواری گەڕانەوەن بۆ نێو جوگرافیای کوردستان. پێموایە گۆڕانێك هەیە لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیادا، ئەم گۆڕانە بەداخەوە گۆڕانێکی سلبی بوو سەبارەت بەخەڵکی کوردستان، هەم سەبارەت بە باشووری کوردستان، هەم سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان.

**دیالۆگ: ئەم هێرشانە تاچەند درێژەیان دەبێت و پێتوایە مەوداکەی کورت دەبێت یان مەودایەکی درێژیان هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: هێشتا ئەجێندای راستەقینەی سوپای تورکیا تاریکیی زۆری لەسەرە و بۆمان ئاشکرا نەبووە ماوەی چەند ئەم لەشکرکێشییە

درێژە دەکێشێ، بەڵام کورتی و درێژیی مەوداکەی پەیوەندیی بەوەوە هەیە تاچەند خەڵکی کوردستان بەرەنگاری سیاسەت و سوپای تورك دەبنەوە لە خاکەکەیاندا، ئەمە بەشی هەرە سەرەکیی مەسەلەکەیە. ئەگەر خەڵکی کوردستان بتوانن داکۆکی لە دەستکەوتەکانی خۆیان و بتوانن داکۆکی لە خاکی خۆیان بکەن ئەوە ڕەنگبێ هێرشەکانی سوپای تورکیا درێژە نەکێشن، بەڵام ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستا هەیە بەردەوام بین لە بێدەنگی لەوانەیە تورکیا هەتا هێنانەدی هەموو ئامانجەکانی بەردەوام بێت لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەی، وەك وتیشم دیار نییە ئامانجەکان چین؟ بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە هەوڵێکە بۆ لەباربردنی ئەو نیمچە حکوومەتەی باشووری کوردستان. بەبڕوای من پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانە پەیوەستە بەوەی تا چەند ئیرادەمان هەیە بۆ بەرامبەرکێ و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای داگیرکەی تورك.

لایەنێکی تری ئەم پرسە ئەوەیە لە تورکیا جەنراڵەکان ئێستا توانیویانە کۆڕایی ورای گشتییەکی تورکیی بەدەست بهێنن لەدژی باشووری کوردستان بۆئەوەی هێرش و لەشکرکێشیی بکەنە سەر ئەم بەشەی کوردستان، بۆیەکا وەزعی ناوخۆی تورکیاش پەیوەندیی بەماوە و کاتی هێرشەکانەوە هەیە، ئەگەر رای گشتیی تورکیا بڕیاریدا یاخۆ هەڵوەستەی کرد لەسەر ئەوەی پێویستە لەشکرکێشیی بۆ سەر کوردستان بوەستێت ئەوە بێگومان ئەم رای گشتییە ویستی جەنراڵەکان پاشەکشە پێدەکات، بەڵام تا ئەم دەقیقەیە هێشتا سیاسییەکان و جەنراڵەکان هاوکوف و تەبا بەردەوامن لەسەر هەڕەشەکانیان لە دژی باشووری کوردستان.

هەرچەند سیاسییەکان و پیاوانی حکوومەت وەك ئاردۆگان و گویل رایدەگەیەنن ئامانجی ئەوان، ئامانجێك نییە بۆ سەرقەوارەی خۆبەڕێوەبەری

باشووری کوردستان و تەنێ چالاکییەکی سەربازیی سنووردارە بۆ سەربنکە و بارەگاکانی پارتی کارگەرانی کوردستان، بەڵام لەراستیدا ئەم لێدوانانە دوورن لەواقیعەوە، چوونکە مەبەستی سەرەکییان زیاتر تێکدانی رەوشی باشووری کوردستانە، بەڵام هەرکاتێك ئەو هاوتەبابییە لەتورکیا گۆڕا بەوەی هەڵوێستی سیاسییەکان یان جەنراڵەکان گۆڕا و پاشەکشەی کرد لەبیرکردنەوە و هەڵوێستی لەشکرکێشیی بۆ سەر باشووری کوردستان، دیسان دەبێتە هۆی کورتهێنانی ئەم ئامانجە و رەنگبێ بەجۆرێکی جادوویی سوپای تورك لە کوردستان پاشەکشە بکەن، بەڵام تا ئێستا و ئەم خولەکەی قسە لەگەڵ تۆ دەکەم بۆردومان و هێرشە سەربازییەکان و سنووربەزاندنی لەشکری داگیرکەری تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان بەچڕوپڕیی هەربەردەوامە.

**دیالۆگ: بەرپرسێکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەڵێت: ئەگەر بێتو فشارەکان لەسەر پارتەکەیان زیاتر بێت و ئەم هێرشانە بەردەوامییان هەبێت، ئێمە چالاکی دەخەینە ناو شارە کوردییەکانی باکووری کوردستان و تورکیا، بەڵام پێتوانییە دەبوایە ئەم کارە زووتر بکرایە و هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەم چالاکییانەیان بکردایە لەناو شارەکانی باکووری کوردستان و زەبری کاریگەریان لەسوپای داگیرکەی تورك بدایە بۆ ئەوەی کێشەی زیاتریان بۆ دەوڵەتی تورکیا بخوڵقاندایە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەم مەسەلەیە دوولایەنی هەیە، لایەنی یەکەمیان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لەماوەی رابردوودا پارتی کرێکارانی کوردستان تاکلایەنە ئاگربڕی راگەیاند و داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رای گشتیی جیهانیی کرد پێویستە هاوکاریی بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە کێشەیەکی سیاسییە لەتورکیادا بە رێگەچارەی ئاشتییانە، ئەم دیتنە بۆ

ماوە و کاتێکی دوورودرێژ ڕای سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سیاسەتی گشتیی ئەو پارتە بوو، لەبەرئەوە پارتی کرێکارانی کوردستان چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی ڕژێمی تورك بوو، بۆیە لەخۆئامادەکردندا نەبووە تا ڕێوشوێنی سەربازیی بگرێتە بەر بۆ گورزوەشاندن لە بنکە و پایەگاکانی جەندرمە یاخۆئامانجەکانی نێوخۆی دەوڵەتی تورکیا. لایەنەکەی تری ئەوەیە لەراستیدا پارتی کرێکاران خۆشبین و وەهمدار ببوو بەو پرۆژەیەی بۆ ئاشتی پێشکەشی کردبوو، بەڵام بەپێچەوانەوە دەوڵەتی تورك لەئامادەکاریدا بوو بۆ کۆکردنەوەی سوپا و یەکە تایبەتەکانی جەندرمە و کۆماندۆ بەمەبەستی زەمینەسازیی بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان و پەکەکە.

بەڵێ ئەوە جێگەی تێبینی ئێمەشە کە پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەرچی وەستاوە تاوەکو دژە هێرش یان هێرشێك لەنێوخۆی تورکیادا دەستپێبکات بۆ سەر بنکە و پایەگاکانی جەندرمە و ئامانجە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی تورکیا؟. هەتا ئەو هێرشەی چرۆپڕەی تورکیا ئێستا دەیکاتە سەر کوردستان بەو جۆرە کاریگەرانەی هەیەتی رۆڵی نەبووبا. ئێستاش نەچووە بچێ و پێویستە لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی گەریلا دژە چالاکیی و دژە هێرش بنووێنن لەنێوخۆی وڵاتی تورکیادا، بەڵام دەبێت ئاماژە بدەین بۆ ئەوەی پێویستە ئەو دژە هێرش و چالاکیانەی پەکەکە لەباکووری کوردستان پێی هەڵدەستێت، دووربێت لەشێوازی تیرۆریستانە یان نزیك لەشێوازی پەرچەکرداری رێکخراوە تیرۆریستییەکان، چوون یەکێك لەو تۆمەتانەی بەردەوام دەخرێتە پاڵ پارتی کرێکارانی کوردستانی رزگاریخواز بریتیی بووە لەگوناهبارکردن بە ئەنجامدانی کردەوەگەلی تیرۆریستیی و کوشتنی خەڵکی سڤیل لە وڵاتی تورکیا. هەرچەندە لەنێوانی دوو کەوانەدا وشەی «تیرۆریست» دادەنێم، لەبەرئەوەی هەموو کردەوەکانی پارتی

کرێکارانی کوردستان لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیا کردار نەبووە پەرچەکردار بووە، بەڵام ئەوەی پێویستە بیڵێین ئەوەیە گرنگە بەشێوەیەکی ژیرانە لەئامانجەکان بدرێن و بەجۆرێك نەبێت لە چاویلکەی رای گشتیی جیهانییدا وەك تیرۆر خۆی بنووێنێت.

**دیالۆگ: سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەڵێن ئێمە شەڕێك ناکەین پەیوەندیی بەئێمەوە نەبێت، بەڵام هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەدەن ئەو لەشکرکێشییەی تورك کردوویەتییە سەر باشووری کوردستان ژێرخانی ئابووری کوردستان زیانی پێکەوتووە، ئایا بەبڕوای ئێوە ئەم لەشکرکێشییەی تورك زیانی راستەوخۆی بە خەڵکی باشوور نەگەیاندووە تا سەرکردایەتی کورد ئاوها بێدەنگە و لە دوورەوە سەیری بارودۆخەکە دەکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: تراژیدیاکە لەوەدایە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان رایدەگەیەنێ ئامانجی لەشکرکێشیی تورکیا بۆ سەر قەوارەی باشووری کوردستان نییە، پرسیار دەکەین ئایا زیانباری راستەقینە و سەرەکی لەم ماوەی پێشوودا و لەئەنجامی بۆردومانی هێزە هەواییەکان و لەشکرکێشیی تورکیا تاوەکو ئێستا کێ بووە جگە لە خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستان؟. لەماوەی رابردوودا شەهید و برینداری زۆری سڤیل لەگوندەکانی بناری قەندیل دراوە، دەیان خانووی هاووڵاتیانی بێ چەك رووخاون، دەیان گوند لەبناری قەندیل و ناوچە سنوورییەکان چۆڵکراون و خەڵکەکەی ئاوارە بوون، چەندان کێڵگەی کشتوکاڵیی وێران و خاپوور بووە، هەزاران سەرمەڕ و ئاژەڵ لەناوچوون، هەموو ئەمانە راستەوخۆ زیانن بۆ ژێرخانی کوردستان، زیانن بۆ داهاتووی ئابووری باشووری کوردستان. دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم تا ئەم خولەکەی قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم

زیانباری ڕاستەقینە جەماوەری کوردستان یان خەڵك و گوندنشینەکانی باشووری کوردستان بووە.

ڕاستییەکەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەیەوێت لەڕێگەی ئەم لێدوانانەوە شەڕ لەخۆی دوور بخاتەوە، کەچی لەڕاستییدا شەڕ لەماڵی ئەودایە و شەڕەکەش شەڕێك نییە لەتوانادا بێت بەلێدوانی نەرم و نیان لە باشووری کوردستان دوور بخرێتەوە، چوونکە وەك وتم ئامانجی ستراتیژیی تورکیا بریتییە لە دژایەتیکردنی ئەزموونی سیاسیی باشووری کوردستان و دژایەتیکردنی هەر قەوارەیەکی کوردیی لەهەر شوێنێکی وڵاتەکەیدا کورد بنیاتی نابێت. تەنانەت وەك خۆیان دەڵێن ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیی لەنێوەڕاستی ئەفریکادا دروست ببێت ئێمە دژایەتی دەکەین! ئەگەریش لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە ئەوەشمان بەرچاو دەکەوێت مێژووی تورکیا مێژوویەکە سەرلەبەری سەفقاتی سیاسییە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەیی و هەرێمیی و جیهانیی بۆ لەباربردنی دەستکەوتەکانی کورد لەهەر پارچەیەکدا بووبێت. لەمێژوودا بینیومانە لەزۆر وەختدا ڕژێمی عێراق یان ئێران ئامادەبوون ددان بنێن بە بەشێك لەمافەکانی کورد یان ئامادەبوون چەند مافێکی خۆبەڕێوەبەریی و کولتووریی و ڕۆشنبیریی بەکورد بدەن، بەڵام بەکاریگەریی و کارتێکردن و هەڕەشەی تورکیا هەموو ئەم مافانە زەوتکراونەتەوە و لە کورد سەندراونەتەوە.

بە بڕوای تایبەتی خۆم ئامانجی ئەم هێرشە زیاد لەهەر شتێك بۆ سەر قەوارەی باشووری کوردستانە و ئەم لێدوانە نوێیانەی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی باشووری کوردستان (بەپێچەوانەی لێدوانەکانی پێشوویانە چون پێشتر لە لێدوانەکانیاندا باسیان لەبەرگریی دەکرد و ڕایاندەگەیاند کوردستان دەبێتە گۆڕستانی لەشکری تورکی داگیرکەر)

لێدوانگەلێکی فریودەرانەن و لێدوانگەلێکن ناتوانن خزمەت بەپاراستنی قەوارەی باشووری کوردستان بکەن، بەپێچەوانەوە زیاتر رێگە خۆشدەکەن بۆلەشکری تورك تا بەردەوام بێت لەسەرئامادەسازیی بۆلەشکرکێشییەکانی بۆ سەرکوردستان، چوونکە کاربەدەستانی دەوڵەتی تورك هەست دەکەن هیچ هێزێك نییە بەرپەچیان بداتەوە، هیچ هێزێك نییە شەڕبکات جگە لەو گەریلایانەی پاساوی خودی شەڕەکەن و بەناچاریی دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەوشەڕە بکەن و بەرپەچی لەشکری داگیرکەری تورك بدەنەوە.

*ئەم دیمانەیە کورتکراوەی دیمانەیەکی رادیۆی (دیالۆگ)ە لەشاری یۆتۆبۆری- سوێد، کە لەرۆژی ٢٠٠٨\٢\٢٤ لەگەڵ رۆژنامەنووس » ستیڤان شەمزینی»سازیداوە.

# پەکەکە و حکوومەتی هەرێم و گووشارەکانی دەوڵەتی تورک

ئا: تارا محەمەد

چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی «میدیا» لەگەڵ «ستیڤان شەمینی» سەرنووسەری گۆڤاری شەپۆل.

**میدیا: دەگوترێ پیلانێکی هاوبەش لەدژی پەکەکە لەلایەن ئەمەریکا و عێراق و تورکیا هەیە. دەسەڵاتی کوردیی لە باشووری کوردستان لەو بوارەدا فشاری خراوەتە سەر. لەو دۆزەدا چ بکرێ باشە؟.**

ستیڤان شەمزینی: گومانی تێدا نییە دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد بە تایبەت لە باکووری کوردستان، چەندین وێستگەی گرنگی بڕیوە و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، ئەو خەباتەش بەشێوەیەکی کرداریی پەکەکە سەرکردایەتی دەکات. ئەگەرئەم ڕەوتە لە باکووری کوردستان بەردەوام بێت، نەك لە توانای دەوڵەتی تورك نییە پاشەکشەی پێ بکات، بەڵکو سەرئەنجام دەگاتە ئاکامێکی باش. هاوکات ئەزموونی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، قەوارەیەکە هەموو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی تێدایە و

تەنانەت ممارەسەی ئەرکەکانی دەوڵەت دەکات، تەنیا لەسەرئەوە وەستاوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵـەت دانی پێدا بنێت. جگە لـەوەش ئەو رەوتەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت رەوتێکە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت.

دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەت تورکیا و ئێران بە پێشکەوتنی بەرچاوی دۆزی کورد لە هەرچوارپارچەکەدا و گۆڕانی سیاسەتی دەوڵەتانی زلهێزلـەمەڕ میللەتانی ژێردەسـتـە، ترسێکی گـەورەیـان لێنیشـتـووە، بۆیە بەشێوەیەکی سیستماتیك و هاوکات، هێرش دەکەنە سەر پەکەکە و پەژاك لـەلایـەك و لـەلاکـەی تـریشـەوە گووشـار دەخـەنـە سـەر حکوومەتی هـەرێم. ئامانجی ئەو هێرشانە لە دوو مەبەستی سەرەکییدا چڕ دەبنەوە. ئامانجی یـەکـەم: پاشـەکشـەپێکردنی پێشـکـەوتنی دۆزی نـەتـەوەیی گـەلی کـوردە لە باکووری کوردستان. ئامانجی دووەم: سەرقاڵکردنی حکوومەتی هەرێمە، بەونیازەی ئەورەوتە سست و لاوازبکەن کە بەرەو دەوڵەتی کوردیی کەوتۆتە رێ. بەڵام بە بڕوای من پێویستە بزووتنەوەی گەلی کورد لە تێکڕای پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان بە لێپرسراوێتی و دیقەتی سیاسیی زۆرەوە بە ئەرك و رۆڵی خۆیان هەستن.

پێویستە پەکەکە و پـەژاك بـە فـۆرمێك خـەبـات بـکـەن کێشـە بۆ باشووری کوردستان دروست نەکەن، لەبەرئەوەی کێشە دروستکردن جگە لە زیانە ئابووری و سیاسییەکانی بۆ ئەزموونی باشوورلە هەمان کاتدا زیان گەیاندنە بە پێگە و خەباتی سیاسیی و چەکداریی خۆیان. ئەمە بە مانای دەستبەردان بوون نییە لە خەبات، بەڵکوبە مانای دۆزینەوەی میکانیزمی نوێی تێکۆشانی سیاسیی و چەکدارییە. بە مانای گواستنەوەی بـەرەی شـەڕە لـەسـەرسـنـوورەکانی باشـووری کوردسـتـانـەوە بۆنێو شـارو

ناوچەکانی هەریەك لە ئێران و تورکیا. ئەمە خزمەتێکی گەورە دەکات بە هەموو لایەك، هەم بەوەی شەڕ لەسەر باشووری کوردستان لادەچێت و هەم خەبات لە جەرگەی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان کاریگەرییەکی گەورەتری دەبێت وەك لەوەی ئێستا لەسەر سنوورەکانی هەرێم هەیەتی. ئەوەشی دەکەوێتە سەرشانی حکوومەتی هەرێم، ڕاگرتنی باڵانسە لە نێوان هەر دوو هاوکێشەکەدا. چوونکە ئێستا باشووری کوردستان لەسەر ڕێگەی پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوەی گەورەیە و لەم ڕەهەندەوە تورکیا و کۆمپانیا تورکییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن، نابێت هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم لەمەڕ ئەو دۆزە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە پەیوەندییە سیاسیی و بازگانییەکانی نێوان هەردوولا، چوون ئەمە زیان گەیاندنە بە ژێرخانی ئابووری کوردستان و لێدانە لەوڕەوتی ئاوەدانییەی ئێستا بوونی هەیە.

هاوکات نابێت حکوومەتی هەرێم بکەوێتە سەنگەری ئێران و تورکیاوە دژی پەکەکە و پەژاك کە ئەمە دەبێتە خیانەتێکی نیشتمانی و تاوانێکە لێخۆشبوونی نییە. بۆیە وەك وتم ئەرکی حکوومەتی هەرێم ڕاگرتنی باڵانسە لەم گەمە سیاسییە زۆر سەخت و ئاڵۆزەدا و نابێت لەسەر حسابی لایەك بکەوێتە بەرەی لاکەی ترەوە. بەڵام من وەك خۆم لەم سیاسەتەی تائێستای حکوومەتی هەرێم ڕازیم، وەنەبێ ئەوە تەنیا بڕوای من بێت بەڵکو ئەوە بڕوای سەرۆکی «پەژاك»یشە، چوونکە هەڵوێستەکانی تا ئێستای حکوومەتی هەرێم، سیاسەتی باڵانس ڕاگرتن بووە، کە ئەگەر ئەم سیاسەتە بەردەوام بێت هەموو هێزە کوردییەکان لە هەرچوارپارچەکەی کوردستان سوودێکی گەورەی لێ وەردەگرن.

ئەرکێکی تری حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسیی باشووری کوردستان لەوەدا دەبینمەوە، هەوڵ و قورسایی دیپلۆماسیی و سیاسیی

خۆیان بخەنە گەڕ، هەم شەڕو بۆردومان و دەستدرێژیی لەسەر باشووری کوردستان دووربخەنەوە، هەم رۆڵ بگێڕن لە نزیککردنەوەی تورکیا و ئێران لەگەڵ پەکەکە و پەژاك، تا بە ئاشتی و گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەن یان هیچ نەبێت سوود لە دەرفەتی ئاگربڕی نێوانیان بۆ هێنانەدی ئاشتی وەربگرن. چوونکە هەموو لایەك لە مەیدانی شەڕدا ماندوو بوون و کاتی ئەوەیە دەرفەت بدرێت بە زمانی گفتوگۆ بۆ ئەوەی ببێتە میکانیزمێکی گونجاوی چارەسەریی. ئێمە وەك کورد لە هەرپارچە و بەشێکی کوردستاندا دەبێت واقیعبین و بە دیقەت بین و هیچ چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە رەت نەکەینەوە، بەڵکو ببینە ئامڕازی ئاشتی. ماوەتەوە بڵێم سیاسەت کردەیەکی ریالیستانەی رووتە و خەونی تۆ لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە دوو شتی لە یەك جیاوازن، بۆیە ئیشی سیاسەت ئەوەیە بتوانیت لەو واقیعە نەگونجاوەدا کاربۆ هێنانەدی خەونەکانت بکەیت.

**میدیا: ئەو باڵانس راگرتنە دەتوانێت تاکو سەربێت و لە ئەنجامدا نابێتە سازشی لایەنێك لەسەر حسابی لایەنێکی تر؟.**

ستیڤان شەمزینی: نەخێر، بە پێچەوانەوەی سیاسەتی حەکیمانە بۆ حکوومەتی هەرێم راگرتنی ئەو باڵانسەیە، راستە حکوومەتی هەرێم گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ تورکیا هەیە، جیا لەوەش کۆمپانیا تورکەکان رۆڵێکی ئەکتیڤ دەگێڕن لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، کە من وەك خۆم لە ئاستی ئەو پرۆسەیەش رازی نیم، بەڵام ناکرێت ئەو کۆنتاکتە بازرگانی و ئابوورییە لەسەر حیسابی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باکوور کۆتایی پێبێت، ئەمە خیانەتێکی نیشتمانییە و مایەی لێخۆشبوون نییە، هەرچی پەکەکەشە نابێت ببتە فاکتەری شەڕو سەرئێشە بۆ حکوومەتی هەرێم، دەکرێ لێك تێگەیشتن و رێککەوتنێکی هاوبەش

لەنێوان حکوومەتی هەرێم و هێزەکانی گەریلا بێتە ئارا، کە هیچیان نەبنە مایەی سەرئێشە بۆ یەکتر، ئەمە پێش ئەوەی وەرەقەیەکی نووسرا بێت لەنێوان هەردوولا، ئەرکێکی مۆراڵیی و نەتەوەییە.

هەواڵنامەی کتێب

*تێبینی: ئەم دیمانەیە لەژمارە «٥٠٤» ڕۆژنامەی «میدیا» لەرۆژی ١٨-١٠-٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.

# ئیسلام و عەلمانیەت و
# پرسی تیرۆریزمی ئیسلامیی لە عێراق

دیمانە : بابان حەمە

کورتکراوەی چاوپێکەوتنی «ستیڤان شەمزینی» لە بەرنامەی «راڤە و روانگە»ی رادیۆی مەدەنیەت.

**بابان: دوای یانزەی سێپتامبەر ئەمەریکا هەردوو رژێمی بەعس و تاڵیبانی رووخاند، رایگەیاند دوو دەوڵەتی عەلمانی لەجێگەیان دادەنێت، بەدەرلەمە دەپرسم عەلمانیەت بەنیسبەت ئەم کۆمەڵگایانەوە وەك پێویستییەکی سیاسیی چۆن دەبینیت؟ ئایا عەلمانیەت ئەوزەرورەیە هەموو رژێمە سیاسییەکان پێویستییان پێی بێت یان عەلمانیەت بەپێ ئەزموونەکانی مێژووو ناوچە جوگرافییەکان پێویستی و شێوەی هاتنەدی دەگۆڕێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەخوازم لەوسەرەتایەوە بچمە ناوباسەکەوە لەدوای کارەساتی یانزەی سێپتامبەرەوە وا باس دەکرێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پلان و ستراتیژێکی نوێی هەیە بۆ گۆڕینی هەندێك

لەرژێمە لەسەرکارەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دووردا، تائێرە ئەو ئیدعا و بانگەشانە راستن و ئەمەریکا پلانێکی وای هەیە و ستراتیژێکی دوور ماوەی هەیە کە خۆی لەژێر نێوی (پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوینی گەورە)دا دەبینێتەوە، بەڵام ئەجیندای ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەر شوێنێکی تردا تەبەنیکردنی سیستمی عەلمانیەت نییە بەقەدەر ئەوەی پاکتاوکردنی ئەو رژێم و رێکخراوانەیە بەشێوەیەك لەشێوەکان ناحەزیی و ناکۆکییان لەگەڵ بەرژەوەندیی و هەژموونی ئەمەریکایی هەیە لەناوچەکەدا. ئەمە راستییەکی روون و حاشاهەڵنەگرە و دەبێت لەبەرچاوی بگرین و لەیادی خۆمانی نەبەینەوە.

راستە رووخانی رژێمی تیۆکراتی تاڵیبان لەئەفغانستان و هەروەها کەوتنی رژێمی بەعس لەعێراق، دوو پرۆسە و ئۆپەراسیۆنی زۆر گرنگن و دەروازەی ئومێدبوون بۆئەوەی سەرەتاکانی بنیاتنانی کۆمەڵێکی عەلمانی و کراوە لەم وڵاتانە دەست پێبکرێت، بەڵام بینیمان لەبری کرانەوەی دەرگاکان بەرووی هێزە عەلمانییەکاندا لەهەردوو دەوڵەتەکەدا، بەجۆرێ لەجۆرەکان دوو جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامیی لەشێوە و مۆدیلی جیاوازتردا هاتنە سەرشانۆی سیاسیی و دەسەڵات. تائەوەی لەعێراق سیستمی عەلمانی دیکتاتۆریی سەردەمی بەعس هەنووکە گۆڕاوە بۆ سیستمێکی ئیسلامیی شیعیی بەبەشدارییەکی کەمی کورد. لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی بڵێین: عەلمانیەت پێویستە وەك پێویستییەکی ناوخۆیی و لۆکاڵی لەدایك ببێت نەك وەك کاڵایەك لەدەرەوە را بهێنرێت، بەبێ ئامادەکردنی زەمینە و داواکردنی لەلایەن کۆمەڵگەوە، «دیارە مەبەستم لەداواکردن ئەوەیە ئارەزوویەکی میللی هەبێت بۆ داواکردنی عەلمانیەت» پێموایە عەلمانیەت فەرز ناکرێت لەلایەن (ناوەند)ەوە بەسەر (کەنار)دا، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکەین دەتوانین

سوود لەئەزموونی دوورودرێژی عەلمانیەتی خۆرئاوا وەربگرین، چوونکە لە توانادا نییە بەبێ سوود وەرگرتن و سەیرو تەماشاکردنی ئەو باکگراوندە لە ممارەسە و پیادەکردنی عەلمانیەت لەخۆرئاوا باس لە عەلمانیەت بکەین لە هیچ کۆمەڵگە و جوگرافیایەکی تری ناخۆرئاواییدا.

لەبەرئەوەی ئەگەربگەڕێینەوە بۆ رەگوریشەی چەمکی عەلمانیەت، دیاردەیەکە سەر بەژیاری خۆرئاوایە و لەوێوە هەڵقوڵاوە و وەك پێویستییەکی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوێوە هاتۆتە کایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو مۆرکە خۆرئاواییەیدا عەلمانیەت چەمکێکی گشتگیرو سەرتاپاگیرە و سروشتێکی جیهانی وەرگرتووە، دەشێ لەهەر جێگەیەکی تر ئەگەرچی لەرۆژهەلاتیش بێت پیادە بکرێ و تاقیبکرێتەوە. من مەبەستم لەم روونکردنەوەیە لە پێشەکیدا بۆ ئەوەیە بزانین: دەبێت زەمینەی کۆمەڵایەتی وسیاسیی وفەرهەنگیی لەکۆمەڵگاکاندا بخەملێن وعەلمانیەتیان بەسروشتی تێدا لەدایك بێت ئەوسا گونجاوە باس لەدامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی عەلمانی بکرێت.

ئەگەربێمە سەر جەوهەری پرسیارەکە: عەلمانیبوون بۆ هەرسیستمێکی دەسەڵاتدار مەسەلەیەکی زۆر ژیانیی و گرنگە، بەدەلیلی ئەوەی بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەهەر شوێنێك، لەهەر کونجن و کەلەبەرێکی دنیا دەوڵەتێکی ئاینیی و ئایدۆلۆژیی هەبووبێت، لەوێدا دەوڵەتێکی ستەمکار و لەوێدا دوو جۆر لەخەڵك هەبوون، یەکەمیان چینی دەسەڵاتداری چەوسێنەر و ئەویتریان چینێکی خوارەوەی چەوساوە. لەسەرێکی ترەوە بێ هەبوونی عەلمانیەت هەموو بانگەشەکردنێك بۆ مەسەلەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە وبینای سیستمی دیموکراسی وپیادەکردنی پرنسیپەکانی دیموکراسییەت لەکۆمەڵگەدا بانگەشەیەکی پووچ و ناوەڕۆك بەتاڵ دەبێ،

بۆیەکا عەلمانیەت لەرووی سیاسییەوە پێویستییەکە و پێشمەرجی هەر دەوڵەتێکی دیموکراتیشە، مەرجی هەر دەوڵەتێکی مەدەنی و کراوەیە، مەرجی هەموو کۆمەڵگەیەکی ئازادیشە.

**بابان: باسی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەت کرد کە یەکێکە لەو پرۆژانەی ئەمەریکا کاری بۆ دەکات. پێتوانییە ئەم ئەجیندایە گیروگرفت بۆ ئیسلامی سیاسی دروست دەکات و یارمەتی هێزە عەلمانییەکان دەدات بۆ گۆڕینی شێوەی دەسەڵات لەم ناوچەیەدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەمەوێت لەروانگەیەکی مێژووییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەم. لەدوای روخانی یەکێتی سۆڤێتی جاران و تێکشکانی دنیای دوو جەمسەریی و هاتنەکایەی دنیای تاك جەمسەریی بەرێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، گۆڕانی ئاراستەی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی دنیا لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، ئەمەریکا ویستی رۆڵی کارای هەبێت لەدارشتنەوە و سەرلەنوێ رەنگکردنەوەی نەخشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەرئەوەی کاتێك ئەم نەخشەیەی ئێستا هەیە دانراوە وەك هەموومان دەزانین لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە بووە کە هەردوو دەوڵەت و زلهێزی ئەوکاتی دنیا (فەڕەنسا، بەریتانیا) وەك براوەکانی جەنگ نەخشەکەیان بەشێوەیەك چەسپاند بەپێی ویست و بەرژەوەندیی ئەوکات و ئایندەی خۆیان بێت. ئەمەریکا لەو قۆناغەدا بێ دەور و کاریگەریی بووە لەدارشتنی ئەو نەخشەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەمرۆ ئەمەریکای زلهێزپلانێکی هەیە بۆئەوەی ئەو نەخشەیە بەو شێوازە دابرێژێتەوە بەرژەوەندییە ئەمنی و ئابووری و سیاسییەکانی بهێنێتە دی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەهەمان کاتدا بتوانێت بەشێوەیەکی گشتیی ئارامیی ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر رکێفەوە چوونکە ئارامیی ناوخۆی وڵاتەکەی

پێوە بەستراوەتەوە. ئەمە جگە لەوەی هێنانی جەنگ بۆ نێو خودی ناوچەکە دوورخستنەوەی جەنگ و تیرۆرە لە ناوجەرگەی ئەمەریکا خۆیدا. چوونکە ئەمەریکا سەد دەرسەد دڵنیایە ئەم ناوچەیە زەمینە و منداڵدان و بەرهەمهێنەری تیرۆریستە خۆکوژەکانە، ئەو تیرۆریستە خۆکوژانەی مەترسییەکی گەورە و جیددین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا. ئەم هۆکارانە زیاد لەهەر شتێك پاڵ بە ئەمەریکا و دەسەڵاتدارانی کۆشکی سپییەوە دەنێت بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو کێوماڵانە لەناوچەکەدا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەربابەتی سەرەکی پرسیارەکە: من پێموایە ئەمەریکا پلانێکی زۆر کوشندە و کاریگەری هەیە بۆ بێهێزکردنی ئیسلامی سیاسی لە دنیادا، بەدەلیلی ئەوەی ئیسلامی سیاسیی بەدرێژایی ساڵانی دوای بڕانەوەی جەنگی سارد مایەی سەرئێشە و ناڕەحەتیی بووە بۆ ئەمەریکا و بەشێوەیەکی گشتیش بۆ ژیاری خۆرئاوا. لەرووداوی یانزەی سێپتامبەردا تیرۆریزمی ئیسلامی گەیشتە دوا لوتکە و چڵەپۆپەی دڕندایەتی و کوشندەیی لەبەرامبەر ژیار و شارستانێتی خۆرئاوایی بەتایبەت بەرامبەر بەئەمەریکا کە ئەمڕۆ ئەو وڵاتە وەك سەرکردەی مۆدیلی هاوچەرخی شارستانێتی و دیموکراسیی خۆرئاوایی دەناسرێتەوە. ئێمە جگە لەوەی ددان بەوەدا دەنێین ئەمەریکا ڕۆڵی ئیسلامی سیاسیی لەناوچەکەدا بێهێز و لاواز دەکات بەتایبەتی لەڕێگەی گورز وەشاندن لە بنکەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی جیهانییە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەگەڵ قەلاچۆکردنی ئەو ڕەوتانەدا شتێك تەبەنی نەبووە بەناوی دەوڵەتی دیموکراسیی یان دەوڵەتی عەلمانی.

ئەمەریکا سەرکەوتوو نەبووە لەهەردوو میحوەری ئەفغانستان و عێراق لەتەبەنیکردنی ئەو سیستمە دیموکراسی و عەلمانیەی ئیدارەکەی

بانگەشەی بۆ دەکات، تاکوو بتوانێت دەست بۆ گۆڕینی ڕژێم ودەوڵەتی تر ببات. جیا لەمەش ناوەڕۆکی پرۆژەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هێندە ناوەڕۆکێکی ئاسان نییە تا لەماوەیەکی نزیکدا بهێنرێتە دی، چوون ئەوپرۆژەیە لەسەرسێ ئاست کاردەکا. یەکەم: لەرووی سیاسییەوە بریتییە لەهێنان و پیادەکردنی دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دووەمیان: لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لەهێنانی کۆمەڵی مەدەنی. سێیەمیان: لەرووی ئابوورییەوە بازاڕی ئازادە. هەریەك لەو سێ سیستمە سەبارەت بەم کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییە بەجێماوانە زەحمەت و گرانە و وەك دەبینین ئەمەریکا تووشی شۆك بووە لەراستای هێنانەدیان لەرۆژهەڵاتی نێویندا.

**بابان: هۆکاری سەختیی چەسپاندنی دیموکراسیی بەتایبەت لەعێراق بۆ کەمیی و لاوازیی ئەزموونی دیموکراسی دەگەڕێتەوە یان هۆکارێکی تری هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەبەرئەوەی ئەڵتەرناتیڤی دیموکراسی، ئەڵتەرناتیڤی عەلمانی، ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزنەبووە لەوکۆمەڵگایانەدا، لەگەڵیدا زەمینەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان بەوشێوەیە پێنەگەیشتوون ولەبارنین تا دیموکراسی بەوچەشنەی لەخۆرئاوا پیادەکراوە جارێکی دیکە لێرەش پیادە و تاقیبکرێتەوە. با باسی عێراق بکەین، تۆ لەکۆمەڵگەیەکدا دەژیت بەدرێژایی سی و پێنج ساڵی رەبەق لەژێر دەسەڵاتی پارتی بەعسی دیکتاتۆرییدا جڵەوکراوە و پەروەردە کراوە و دەگەڵ دیکتاتۆریزمدا بارهێنراوە. چوونکە ئەگەربگەڕێینەوە بۆ سەرمۆدیلی بەعس دەبینین بەدرێژایی ماوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەوپارتە سەختترین شێوازەکانی کۆنترۆڵکردن پەیڕەو کراوە وکەشێکی کۆمەڵایەتی دیکتاتۆرخوڵقێن پەیکەری دەسەڵاتی دەپاراست وبەرگریی لێدەکرد. خەڵك لەژێر

چەوساندنەوەیەکی زۆردابوون و هەموو سەرەتاکانی دیموکراسی لەعێراقدا کوژرابوون، هەرگیز عێراقیێکمان نەبووە دیموکراسی بێت بەڵام پارتی بەعس زیاد لەوە هەرمەیلێکی دیموکراسیخوازانەی سەرکوت دەکرد و لەنێو دەبرد تا ئەم عێراقەی ئەمڕۆی هێناوەتە بەرهەم و بوون کە تەواو ناکۆکیی هەیە لەگەڵ دیموکراسیەت و عەلمانیەت لەتاکێکەوە بیگرە تا دەسەڵاتی سیاسیی.

تەبەنیکردن و سەرپێکەوتن و خستنە گەڕی دیموکراسی لەم وڵاتەدا کارێکی ئاسان نییە، ئەمەریکا جگە لەوەی ناکام بووە لەم رەهەندەوە بەڵکو شکستخواردوو بووە لەبواری زاڵبوون بەسەر باری ناجێگری ئاسایش لە عێراقدا، بەهۆی ئەوەی تووشی رووبەڕووبوونەوەیەکی سەختی گروپە چەکدار و تیرۆریستییەکان بووەتەوە کە لەژێر چەتری چەند بزووتنەوەیەکی تیرۆریستییدا خۆیان مەڵاس داوە و دەتوانین بڵێین قاعیدە بەگشتیی سەرکردایەتییان دەکات. ئەم بارە ئەمنییە ناجێگیرە وایکردووە عێراق بۆ ئەمەریکا ببێتە ڤێتنامی دووەم، یاخۆ ڤێتنامێك ئەمەریکا تێیدا تووشی قەیران و تەنگژەیەکی گەورە بۆتەوە، ناچار چاوی سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر ئەوەیە چۆن سەرەتا زاڵبن بەسەر رەوشی ئەمنیی لەعێراقدا، ئەمە وایکردووە پرسی دیموکراسی لە لیستەکەدا و بەپێی ریزبەندیی ئامانجی ژمارە دوو یان سێ و چوارەوەربگرێت.

لەبەرئەوە فایلی ئەمنیی ئەو فایلە بووە ئەگەر ئەمەریکا پڕۆژەیەکیشی هەبووبێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی کە لەراستیدا بەبڕوای من بەپرۆسێسێکی مێژوویی دەبێت نەك بەبڕیاری خێرای سیاسیی، ئەو پڕۆژەیەی دواخستووە و بووەتە رێگرێکی گەورە و بووەتە بەربەستێك تاوەکو ئێستا لەمپەری داناوە لەبەرامبەر ئەو ئەجیندایەی ئەمەریکا. ئێستا

پلانی تازە و تۆکمەی ئەمەریکا و چاوی سیاسییەکان و کۆنگرێس لەسەر ئەوەیە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ چارەکردنی قەیرانی عێراق کە بریتییە لەتەنگژەیەکی ئەمنیی بەتایبەتی لە سێگۆشەی سووننەنشیندا، چوونکە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەشێوەیەکی بەربڵاو و بەرفرە چالاکی و جموجۆڵیان لەوێ هەیە و هەرلەوێ ئەمارەتێکی ئیسلامیی نهێنی ڕاگەیەندراوە و بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەسەڵاتی یەکەمی ناوچەکانی سووننەنشینە، جگە لەمەش پاڵپشتیی دەکرێن بەتایبەت لەڕێگەی دەزگای هەواڵگریی سوریا و هەندێ دەوڵەتی عەرەبیی دیکەوە.

لەبەرئەمە ڤۆکەسی سیاسەتی ئەمەریکی لەسەرئەوەیە وەك لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و عەلمانی و دیموکراسی بێت. بینیمان ئەو تەحەمووسەی ئەمەریکییەکان لەسەرەتادا هەیانبوو لەسەر مەسەلەی دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەستگیرۆیی و هاوکاریی گروپەکانی فشارو داڕنینی چەك لە میلیشیاکان وەك جاران نەماوە و ڕووی لەکزیی کردووە، بەڵکو ئێستا پلان و پرۆژەکانی هاوکاریی و تەنسیقە لەگەڵ یەکەکانی سەربازیی و ئەمنیی و دەزگاکانی هەواڵگریی تاکو بتوانن بەپلەی یەکەم و بەر لەهەر شتێك ئەمنییەتی عێراق بپارێزن ئەوسا لەدوای ئەوەوە هەنگاوەکانی تر دەستپێبکرێت.

**بابان: مەسەلەی تیرۆریزمی ئیسلامی و خۆکوژەکان لەعێراق هاتە پێشەوە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەو کردەوە خۆکوژییانە دوا سەنگەر نییە کە ئیسلامییەکان دەیانەوێت دژایەتی ئەمەریکای پێبکەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەساڵی ٢٠٠٤ وتارێکم نووسی لەژێر ناوی (کۆتایی تیرۆریستەکان لەعێراقە). لەوێدا هێمام کردبوو بۆ ئەوەی جەنگی عێراق یان جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستەکان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە

عێراقدا مەرجی مان و نەمانی قاعیدە و ئیسلامیزمی جیهادیی لەسەر بەندە و پێوە بەستراوە، چوونکە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و شانە جیهادییەکان هەموو قورسایی و هێزی خۆیان خستووتە نێو عێراقەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەمەریکا ببنەوە و شکست بە ئەجینداکانی بێنن، کە بێگومان عێراق لەسەرەتای لیستەکەدا بووە نەك کۆتایی. هەرلەسەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە بینیمان (ئەیمەن زەواهیری) کەسی دووەمی ئەلقاعیدە لەڕێگەی لێدوانەکانییەوە بەتایبەتی ئەوانەی لەشاشەی کەناڵی (ئەلجەزیرە)ەوە بڵاودەکرانەوە، بەئاشکرا رایدەگەیاند: بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا لەڕێگەی تەقاندنەوە ولەڕێگەی ئەوفۆرمەی خۆی بەخەباتی پارتیزانی ناوی دەبرد، ئەوەی پێشتریش لەڤێتنام تاقیکراوەتەوە، دەشێ ئەمەریکا تووشی شکست بکرێت لە عێراقدا.

بەدڵنیایشەوە تاکو ئەمڕۆ ئەمەریکا نەیتوانیوە بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵ‌بێت ڕێکخراوی ئەلقاعیدە خوڵقاندوویەتی و قسەکانی زەواهیری راستییەکیان وەرگرت، تیرۆرئەمەریکای تووشی قەیرانێکی سەختترکردووە وەك لەوەی لە ڤێتنام تێیکەوتبوو، بەڵام لێرەدا و بۆ باسکردنی دۆخی عێراق دەمەوێت کەوانێك بکەمەوە بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی تر، ئەوەی لەعێراقدا دەگوزەرێت زیاترە لەوەی جەنگێك بێت بۆ ئینتیمایەکی ئاینیی، بەڵکو ئەوەی ئێستا لەعێراقدا هەیە ئینتمایە بۆ ئاینزایەك، ئەوەی لەعێراقی ئەمڕۆدا دەگوزەرێت جەنگێکی خوێناویی و ناڕەوای نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سووننەیە، بێگومان ئەم جەنگەش خاڵی نییە لەدەستتێوەردانی دەرەکیی بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی سعودیە و ئێران بەڕێگەی جۆراوجۆر بەشدارن لەجۆشدان و خۆشکردنی زیاتری ئاگری ئەو شەڕەی لەشارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کە لەنێوان لایەنگران و پەیڕەوانی هەردوو

ئاینزاکەدا هەڵگیرساوە.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی مەیدانی عێراق بووەتە مەیدانێکی ترسناکتر و بەدەر لەرووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا و ئەلقاعیدە، وڵاتەکە لەنێو خۆیدا دووچاری جەنگێکی تایفی بووە، پێشتر نموونەی ئەم جۆرە جەنگەمان بینیوە لەشوێن و جێگەی تردا، بۆ وێنە لەرابردوودا لەوڵاتێکی وەك لوبناندا جەنگی نێوخۆیی ماوەیەکی درێژی خایاند و کارکردەکانی ئەو جەنگە وڵاتەکەیان گەیاندە حاڵی وێرانبوون، ئەو جەنگە سیمای کولتووری پێشکەوتوو و شارستانی و ئەزموونی وڵاتێکی عەرەبیی پێشەنگی وەك لوبنانی وێران کرد تا دەگاتە ئەوەی ئەم جەنگە رۆڵی دایە رەوتێکی مەزهەبیی توندڕەوی وەك (حزب الله) وەك دەمسپی و دەمڕاستی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە لوبنان و لەدژی ئیسرائیل خۆی قووتبکاتەوە کە دەزانین ئەو قەیران و بارە ناهەموارەی بەهۆی جەنگەوە بەسەر لوبناندا هات ئەمڕۆ سەخت و کاریگەرتر لەعێراقدا دەگوزەرێت و بوونی هەیە.

بۆ وێنە لەعێراق کۆچی هاووڵاتیان ریکۆدی شکاندووە و هیچ وڵاتێك نییە هێندەی عێراق هاووڵاتییەکانی وڵات بەجێبهێڵن. لەلایەکی ترەوە شوێنەوار و کەلەپوور و زانستگا و تاقیگەکان و بنکەکانی تەندروستی و شوێنە پیشەسازییەکان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان هەموو لەنێوبراون و وێران کراون، ئەمەش بووەتە هۆی داتەپینی زیاتری ژێرخانی ئابووری عێراق، چوونکە پێشتر بەهۆی جەنگ و گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتییەوە ژێرخانی ئابووری عێراق رووی لە داتەپین کردبوو. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بنیاتنانەوەی عێراق کارێکی نارەحەت و گران بێت، ناڵێم موستەحیلە بەڵام کارێکی هەرزان نییە و پێویستیی بە ماوەیەکی زۆر و دوور و درێژ هەیە، پاشان پێویستیی بەئابوورییەکی پتەو و بەهێز هەیە، پێویستیی بەسەرکردایەتییەکی

سیاسیی تەکنۆکرات هەیە کە جارێکی تر بنیاتی کۆمەڵگەی عێراق بنێتەوە، تا هیچ نەبێت لەماوەی چەند ساڵێکدا لەرووی بیناسازیی و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و خستنەوەگەڕی کارگەکان و کرانەوەی زانستگاکان بگاتەوە ئاستی پێشووی واتە ئاستی عێراقی پێش ٢٠٠٣.

ئەگەر دروستکردنەوەی عێراق وەك بیناسازیی و یەکەکانی خزمەتگوزاریی هێندە سەخت بن، ئەوە دروستکردن و خستنە سەرپێی سیستمێکی دیموکراسی و عەلمانی کە ریشەیەکی مێژوویی نییە لەعێراقدا هەرلەباسکردن نایەت. بەبڕوای من دروستکردنی هۆشیاریی دیموکراسیی ودروستکردنی هۆشیاریی مەدەنی لای تاکەکانی عێراق، پرۆسەیەکە زۆرزۆر قورسترە لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، رەنگبێ ئاوەدانکردنەوەی عێراق پێویستیی بەچەند تەکنۆکراتێك و هێزی ئابووری هەبێت، بەڵام تۆ لەپێناوی دروستکردنی عێراقێکی دیموکراسیدا پێویستیت بەزۆر شتی تر هەیە وزۆرلەوە زیاتر کاتت پێویستە، زۆرلەوە زیاتر ماندووبوونت پێویستە، بە قەناعەتی من عێراقێکی دیموکراسی و عەلمانی هێندەی گێڕانەوەی زیندەگی بۆ مردوو دژوارە.

**بابان: ئایا سەختیی سەرکەوتنی پرۆژەی دیموکراسی و عەلمانیەت لەعێراق ناگەڕێنیتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە سوونە و شیعەکان ئەو چەمکانە رەت دەکەنەوە کە رەگێکی ئەوروپییان هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: با بەشێوەیەکی گشتیی و سەرتاپاگیر قسە لەسەر ئیشکالاتی دنیای عەرەبیی بکەین، عێراق هێشتا بەشێکە لەو دنیایە و تا هەنووکە نەیتوانیوە لەهیچ روویەکەوە خۆی لەو دنیایە جودا بکاتەوە، هیچ نەبێت لەرووی پێکهاتە و سیستمی حکوومەوە خۆی جیا بکاتەوە. لەدنیای عەرەبیدا فۆبیایەك هەیە بەناوی فۆبیای خۆرئاوا و رەتکردنەوەی

کوێرانە لەبەرامبەرژیاری خۆرئاوا و ئەو چەمکانەی زادە و هەڵقووڵاوی ژیاری خۆرئاوان. ئەگەر بەدیقەت سەیر بکەین ئەم نەخۆشییە نە تەنیا لای سیاسی و ڕەشۆکەکان لەلای دەستەبژێر و ئەنتجلنیسیای عەرەبی ڕەنگیداوەتەوە. بۆ وێنە دوو ڕۆشنبیری پێشەنگ و ناسراوی وەك (د.حەسەن ئەلحەنەفی، د.محەمەد عابد ئەلجابری) لەهەندێك لەنووسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا تووشبوونی خۆیان بەم فۆبیایە مانیفێست دەکەن، چوونکە لەو نووسینانەدا ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی عەرەبیی ئیسلامیی هیچ پێویستیی بە چەمکی سکۆلاریزم نییە، لەبەرئەوەی هەڵقووڵاو و زادەی ژیار و شارستانێتی خۆرئاوایە و لەگەڵ مۆرکی ڕۆژهەڵاتیانە و ئیسلامیانەی کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ناگونجێت، لەهەمان وەختدا باسی ئەوە دەکەن سکۆلاریزم جیاکردنەوەی کڵێسایە لەدەسەڵات و فەرمانڕەوایی نەك مزگەوت، دەڵێن مزگەوت جیاوازیی هەیە لە کڵێسا لە شێوازی بەشداریکردن لەدەسەڵاتی سیاسییدا. بەو پێیەی پیاوانی ئاینی کاتۆلیکی ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی و جڵەوی دەسەڵاتی ڕامیاریی و شانشینەکانیان دەکرد لەئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەمجۆرە دەسەڵاتە لە ئیسلامدا نەدراوە بە پیاوانی ئاینی لە ئیسلامدا یان لە ئیسلامدا پیاوی ئاینیی بوونی نییە.

ئەو دوو ڕۆشنبیرە عەرەبە لەبەرامبەر و لەبری سکۆلاریزم، چەمکەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرز دەکەنەوە، بەڵام لەولاوە ڕۆشنبیری ناوداری عەرەب (جۆرج تەرابیشی) ئەم تەرزە هزرینە ناودەنێت (مانگرتن لە بیرکردنەوە) و لەوێوە وەڵامیان دەداتەوە کە دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنیش بەچەشنی سکۆلاریزم زادەی شارستانێتی خۆرئاوان. بۆچی سکۆلاریزم هی ڕەتکردنەوەیە و دیموکراسیەت قبوڵ و پێشنیار دەکەن؟!. دیارە تەرابیشی

دەیەوێت ئەو پارادۆکسە ئاشکرا بکات تەنانەت رۆشنبیرانیش دەرگیری بوون لەبەرامبەر خۆرئاوا، تەنانەت تەرابیشی دەیەوێت پێمانبڵێت ئەو فۆبیایە نووسەران و نوخبەی رۆشنبیرانیشی گرتووتەوە، ئەوەتا دەبینین لەبری پێشنیاری سوود وەرگرتن لەئەزموونی خۆرئاوا و بەرز نرخاندنی ئەو شارستانێتییە، یەکێکی وەك (د.جابری) دەڵێت ژیار و شارستانێتی خۆرئاوا قەرزاری شارستانێتی و فەرهەنگی خۆرهەڵاتی و ئیسلامیی عەرەبییە. بەمەزندەکردنی (د.جابری) شارستانێتی خۆرهەڵات رووبەرونوزەی تێدایە و دەشێ گەشەی پێبدرێ و هیچ پێویستییەکی بەدیاردەکانی وەك (سکۆلاریزم) و ئەوتێزانە نییە سەربە ژیاری خۆرئاوان ولەوێوە هەڵقووڵاون.

ئەو دوو رۆشنبیرەی عەرەبە (حەنەفی، جابری) پێیانوایە ئەو چەمکانە تایبەتن بە ئەو شارستانێتییە و شارستانێتی رۆژهەڵاتی ئیسلامیی مۆرك و خەسڵەت و تایبەتمەندیی جیای هەیە و پێویستە لەبەرچاو بگیرێت و لەژێر رووناکی ئەو فەرهەنگە و سوود وەرگرتن لەئەزموونی زێرینی رابردووی ئەوژیارە هەنگاو بنرێت بەرەو هەستانەوەیەکی ژیاریی نوێی رۆژهەڵاتی تا لەبەرامبەر شارستانێتی هاوچەرخی خۆرئاوایی لەسەرپێ بوەستێ. بەڵام لەراستیدا ئەگەرئێمە سەیری خەسڵەت و تایبەتمەندیی سکۆلاریزم بکەین، راستە لەرووی مێژووییەوە لە سەرزەمینی خۆرئاوا سەریدەرهێناوە، بەڵام هیچ کات سکۆلاریزم چەمکێکی تایبەت و لۆکاڵی نەبووە بەخۆرئاوا بەڵکو چەمکێکی یۆنیڤرساڵ و گشتگیرە و دەکرێت لەهەر شوێنێکی تری ئەم دنیایە پیادە بکرێت. هەرواش بە تاقیکردنەوە لەمێژوودا سەلماوە سکۆلاریزم سەرکەوتوو بووە لەرەنگرێژکردن و بینای دەوڵەتی هاوچەرخدا، بە تایبەتی دەبینین ئەو دەوڵەتانەی لەخۆرئاوا لەسەر بنچینەی عەلمانیی\ دیموکراسی دروستکراون دەوڵەتانێك بوون لەرووی پاراستنی مافەکانی

مرۆڤ و هاووڵاتیبوونەوە تا ئەندازەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، توانیویانە دەستەبەری ئازادییەکانی خەڵك بکەن، لەگەڵیدا بەپێی یاسایەکی مودێرن کە ئیلهامی لەعەلمانیەتەوە وەرگرتووە ژیان و ماف و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییەکانیان بپارێزن.

**بابان: پێموایە ئەو بیرمەندانەی تۆ ناوت هێنان لە دیدێکی ناسیۆنالیستییەوە دەڕواننە چەمکی عەلمانیەت. بەڵام ئایا بەدیلی ئەوان چییە لەبەرامبەر چەمك و سیستمی سکۆلاریزمی رۆژئاواییدا؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوان هەڵهێنجان و دۆزینەوەی مۆدیلێکی نوێ لەسەر بنەمای کەلەپووری ئیسلامی\ عەرەبیی بە ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوە دەبینن. بەڵام پێویستە ئێمە وردتر تەماشای ئەم کێشەیە بکەین، چوون دنیای عەرەبیی تووشی قەیرانێك بووە، ئەو قەیرانەش ناوی ئیشکالییەتی ناسنامەی هاوچەرخی ئیسلامیی عەرەبییە. لەکاتێکدا دنیای گلۆباڵ و شۆڕشی پەیوەندییەکان و وەك دەوترێت بچووکبوونەوەی دنیا بۆ قەبارەی گوندێکی بچووك، توانیویانە تارادەیەك کولتوورەکان تێکبشکێنن و زەمینە بۆ هاتنەدی کولتوورێکی جیهانیی سائید و هاوبەش بڕەخسێنن، تەنانەت وا دەبینرێت بەرئەنجام بەهۆی ئەم نزیکبوونەوە و بچووکبوونەوەیە زمانێکی جیهانیی یەکگرتوو و هاوبەش بەرهەم بێت، عەرەب دەیەوێت پارێزگاریی لەناسنامەی ئیسلامێتی و عەرەبێتی خۆی بکات، دەیەوێت بەچەکی ئیسلام ڕووبەڕووی دنیای خۆرئاوا ببێتەوە. بۆیەکا ئەو جەنگەی لە دوای کۆتایی جەنگی ساردەوە هەڵگیرساوە، جەنگێکە کەوتووەتە نێوان بزوتنەوەی ئیسلامییە عەرەبییەکان لەلایەك و ئەمەریکا لەلاکەی تر وەك نوێنەرو دەمڕاستی شارستانێتی خۆرئاوایی مەسیحیی.

هەندێك لە رۆشنبیران و سیاسیی و کەسایەتییە ئاینییەکانی عەرەب

پێیانوایە لەو جەنگە پێشبینیکراوەی داهاتوودا کە (ساموئێل هەنتینگتۆن) ناوینـاوە (جـەنگی شـارستـانییـەکان یـان پـێکـدادانی ژیـارەکـان) دەبێـت عـەرەب بە نـاسنـامە و چەکی ئیسلام بەرامبـەرشـارستـانێتی خـۆرئـاوایی مەسیحیی بوەستێتەوە. چوونکە عـەرەبەکان لـەو بـڕوایەدان ئاینی بودایی و کۆنفۆشیۆس وەك دوو ئاینی دێرینی رۆژهـەڵاتیی و جەختکەرەوە لـەسـەر لێبـوردن و پـاکـژکـردنـەوەی نـاخی مـرۆڤ، رۆحی بـەرەنگـاریـان تێدانییە و لەهەموو حاڵـەتەکاندا کارلێك دەکـەن لـەگـەڵ نـاوەڕۆك و فینۆمینەکانی ژیـاری خـۆرئـاوایی کە لـەرێی گلـۆبـالیـزم و شـۆڕشی کـۆمینێکشـنـەوە دەگاتە (کەنار) یان رۆژهەڵات.

لەبەرئەمە ئیسلام بەتاکە هێز و وزە دەزانن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خـۆرئـاواییـەکان، هـەرلـەبـەرئەوە هـەنـووکـە لـە دنیـای عـەرەبیـدا رۆژانـە تێزە ئاینیی و ئیسلامییەکان زینـدوو دەکـرێنـەوە، دەوڵـەتانی عـەرەب بەپێی پلان و بەرنامەڕێژیی رۆڵ دەگێڕن لەخرۆشاندنی هاووڵاتیانیان بەبیرۆکە ئیسلامییەکان، دەرگـای مـزگـەوت و حـوجـرەکان جـارێکی دیکە بـەرووی مامۆستا ئسوڵییەکان و لایەنگرانی پارتە ئیسلامییەکاندا ئاوەڵا دەکرێنەوە. ئەوەتا ئێستا هـۆڵی مزگـەوتـەکان قـەرەباڵـغترین ئـەو شـوێنـانـەن لـەوڵاتـانی عـەرەبدا خـەڵك روویـان تێبکا و تیایاندا کۆبێتەوە کە ئیسلامییەکان تیایدا چالاکانە تەحریزی خـەڵك دەکـەن و گـەنجانی خوێنگـەرمی تێدا هاندەدەن بۆبەرەنگاربوونەوەی خۆرئاوا لەرێگەی پیادەکردنی کردەوەگەلی تیرۆریستیی و تـوندوتیژانەوە. بـەو پێیەی ئـەو خـۆرئـاوایـەی جـەنگی دەگـەڵ دەکـەن ئـەو شـەیتانە گـەورەیـەیە دەستی هـەیە لـەکۆی نەهامەتییەکانی رۆژهـەڵاتـدا و هـەمـوو ئـەو نـەهـامـەتییانـەی دێنـە سـەررێی هـەر مرۆڤێکی سـەر گۆی زەوی پەیوەندیی راستەوخۆی بەسیاسەتی ئەوانەوە هەیە، جگە لەمەش خۆرئاوا

لەڕێگەی گلۆبالیزم و ماسمێدیا و هەر ڕێگەیەکی ترەوە لەبەردەستیدا بێت دەیەوێ سەروەریی وڵاتانی عەرەبیی تێکبشکێنێت و ئیسلام نەهێڵێت.

ئەمە ئەو چەمکە کلاسیکیی و سواوانەیە بەردەوام لەحوجرە و مزگەوت و زانکۆ و خوێندنگە ئایینییەکان و تەنانەت ماسمێدیای عەرەبییەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و خەڵکی بۆ باردەهێنرێت تا ببنە ئەکتەرێکی توندوتیژ و بەرهەڵستکار لەبەرامبەر سەرلەبەری دیاردە خۆرئاواییەکان و خودی ژیاری خۆرئاوایی پەرەسەندوو لەسەر سترۆکتۆری مەسیحییەت. بەڵگەشم بۆ ئەم قسانە حاڵەتی عێراقە، ئەوەتانێ لەعێراقدا لەژێر ئەو بیانوانەی سەرەوەدا ڕۆژانە سەدان خۆکوژ لەدنیای عەرەبیی لەکەنداوەوە تا ئۆقیانووس دزە دەکەنە نێو خاکی عێراقەوە بە مەبەستی (جیهادکردن) لەدژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. ئەم ئیشکالییەتانەی دنیای عەرەبی، بوونەتە فاکتۆری بنچینەیی وشکبوونەوەی زەمینەکانی بە عەلمانیبوون و دیموکراسیبوون، بووەتە هۆی سیسبوونەوەی چرۆی ئازادیی لەدەوڵەتە عەرەبییەکاندا، بەپێچەوانەوە ئەو گۆمە لیخنانەی ئسوڵییەت یەکیانگرتووە و بوونەتە ڕوبارێکی لێڵ و گەورەی وەك ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە. بێگومانیش ئەلقاعیدە هیچی تر نییە جگە لە پەرچەکرداری ئەو حاڵەتەی لەنێو مزگەوتەکانەوە باڵا دەبێت و لەئاستی شەقامیشدا بووەتە عەقڵێکی سیاسیی باڵادەست. بەم هۆیەوە دنیای عەرەبیی جگە لەحەزەری مامەڵەکردن لەگەڵ دنیای خۆرئاوا، بەردەوام بەچاوێکی دوژمنکارانە و سووکەوە سەرنجی ئەو شارستانییە و تەنانەت خودی مرۆڤەکانی نێو ئەو ژیارە دەدا و دەخوازێ لەهەرکاتێکدا دەستبدات بۆی بیانکاتە خۆڵەمێش.

**بابان: هەندێك لەڕۆشنبیران و چاودێران پێیانوایە پڕۆژەی گلۆبالیزم چیتر نییە جگە لە پڕۆژەیەکی ئەمەریکایی، هەر لەبەرئەمەشە عەرەبەکان**

**دژایەتی دەکەن بەچەکی ئیسلام، کەواتە با پرسیار بکەین ئایا ئەمەریکا لەڕێی هاتنە ناوچەکەوە دەیەوێت ئەو چەکە ئایدۆلۆژییە لەدەوڵەتانی ئیسلامیی بسەنێتەوە؟ یان پرۆژەی ئەوەی هەیە دەوڵەتە ئاینییەکان لەناوچەکەدا بڕوخێنێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: هاوکێشەکە بەوشێوەیە نییە وەك تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەیت، یان لەئاستی گەلێریدا تێی دەڕوانرێت، دیارە ئەمەریکا پرۆژەیەکی هەیە سەبارەت بە ئایندەی ناوچەکە، ئەوپرۆژەیە بۆئەوەیە رۆڵی ئەمەریکا وەك پۆلیسی جیهانیی بهێڵێتەوە و درێژەی پێبدات، هەر لەژێر ئەو راستییەدا مافمان دراوەتێ بێژین: لەهەرشوێنێك بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەبن هەڕەشە و مەترسیدا بێت ئەوە ئامادەیە بەشێوازی جۆراوجۆر تا دەگاتە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی رووبەڕووی ئەو مەترسییە بێتەوە جا بچووك بن یان گەورە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. بەراشکاویی دەڵێم پێموانییە ئەمەریکا رووبەڕووی هیچ ئاینێك ببێتەوە وەك ئاینێکی ئاسمانی یان زەمینی، بەقەدەر ئەوەی رووبەڕووی کۆمەڵێك دەوڵەت و رێکخراوی ئاینیی و نائاینیی دەبێتەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان مەترسین بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەجیهاندا. ئەمەریکا لەوکاتەی پلانی هەیە بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك دەوڵەتێکی ئاینیی، لەهەمان کاتدا هەوڵی هەیە بۆ روخاندن و لاوازکردنی دەوڵەتی کۆریای باکوور کە رژێمێکی کۆمۆنیستیی فەرمانڕەوایی دەکات، لەکاتێکدا گورز دەدات لەتاڵیبان و دەیڕوخێنێ، بەهەمان شێوە پرۆژەی هەیە بۆ تێکشکاندنی رژێمە کۆمۆنیستییە تەمەن چل و نۆ ساڵەکەی کوبا.

کەواتە بەپشت بەستن و سەیرکردنی ئەم نموونانە تێدەگەین، ئەمەریکا جەنگێکی نییە لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەبەرئیسلامبوونیان،

ناکۆکییەکی نییە لەگەڵ هیچ کام لەو دەوڵەتانەی کەم تا زۆر ئاین و دەسەڵاتیان تێکەڵاو کردووە تەنێ لەو کاتەدا نەبێت ئەو دەوڵەتە هەڕەشە لەبەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی و ئەمنیی ئەمەریکا بکات. ئەمەریکا بۆ ئەوە هاتووەتە ناوچەکەوە چوونکە جەنگێکی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك بزووتنەوەی ئیسلامی جیهادیی و سەلەفی کە مایەی مەترسین و دەبن بۆ سەر پێگە سیاسیی و ئابوورییەکانی لە ناوچەکە و جیهاندا. لەنێزیکەوە دەبینین لەدەوڵەتێکی وەك عەرەبستانی سعودیدا ئاین تێکەوڵاوی سیاسەت و حکوم کراوە و هەموو یاساکانی ئەو دەوڵەتە رەوایی و ئیلهامیان لەشەریعەت و فیقهی ئیسلامییەوە وەرگرتووە، کەچی ئەمەریکا بەردەوام کۆنتاك و پلانی هاوبەش و هاوپەیمانێتییەکی درێژخایەنی هەیە لەگەڵیدا و هەمیشە پەرەی پێدەدات، لەزۆر شوێنی تریش ئەمەریکا بەهەمان شێوە لەگەڵ دەوڵەتە ئاینیی و ئایدۆلۆژییەکاندا هاوپەیمانە، رەنگێ دەوڵەتی ئیسرائیل یەکێك لەو نموونانە بێت ئێمە لێرەدا پەنجەی بۆ رابکێشین و بەبیری بهێنینەوە. لەبەرئەوە پێموایە دەبێت ئەو وەهمە لەکەللەی خۆمان دەربکەین، گوایە ئەمەریکا ئەو رزگارکەرەیە دەیەوێ رۆژهەڵاتی نێوین لەمەترسیی دەوڵەت و رێکخراوە ئاینیی و ئیسلامییەکان رزگار بکات. چوون ئەمەریکا هاتووەتە ناوچەکەوە تا ئاسایش و ئەمنییەت و بەرژەوەندییەکانی لەئاستی جیهانییدا پارێزگاریی لێبکا.

زۆرجار بیر دەکەمەوە لە کەسایەتی (خومەینی) چوون ئەو رابەرە رۆحییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاد لە هەر موسڵمانێکی تر لەئەجێندا و مەرامەکانی ئەمەریکا تێگەیشتبوو، خومەینی لەیەکێك لەوتارەکانیدا لەبەردەم هەزاران لەخوێندکاری زانکۆکانی تاران وتی: چەند نوێژ دەکەن بیکەن، چەند دوعا دەکەن بیکەن، چوونکە ئەمەریکا نایەوێت نوێژو

دوعاکانتان قەدەغە بکات، بەڵکو دەیەوێت سامانی وڵاتەکەتان ببات و وڵاتەکەتان بکاتە پانتایی و زەمینەیەکی بە پیت بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی. خومەینی باش لە نیەت و ئامانجی ئەمەریکا تێگەیشتبوو، ئەو دەیزانی ئەمەریکا بۆ ئەوە دژایەتی کۆمارەکەیان ناکات، کۆمارێکی ئیسلامیی شیعە مەزهەبە، بەڵکو ئەمەریکا جەنگەکەی لەسەر ئەوەبوو ئێران دەوڵەتێك بووە دژایەتی بەرژەوەندییەکانی دەکات لەئاستێکی زۆر بەربڵاودا. خولاسە ئەمەریکا پاسەوان و سەربازی بەرژەوەندییەکانێتی نەك شتێکی تر، وابزانم تێڕوانینەکەم زۆر ئاشکرایە و پێویستی بەدرێژکردنەوەی زیاتر نییە.

**بابان: سەبارەت بەئەزموونی هەرێمی کوردستان چ سەرنجێکتان هەیە؟. ئایا ئەو ئەزموونەی کوردستان عەلمانییە یان نا؟ ئەگەر عەلمانییە کام جۆر لەعەلمانیەت پەیڕەو دەکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: پرسیارێکی جوانە، بەڵام پێش ئەوەی بەسەرماندا بڕوا خوازیارم روونیبکەمەوە عەلمانیەت چەند جۆر و مۆدیلی نییە، تەنێ ئەوەیە دوو ئاڕاستەدا لە سکۆلاریزم پەیڕەو دەکرێت. سکۆلاریزمی رادیکاڵ ئەمجۆرە لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی و تورکیا و فەڕەنسا پەیڕەو کراوە و دەکرێت. ئەوەتانێ سکۆلاریزمی فەڕەنسی جێگەی ئەوەی تێدا نابێتەوە ئافرەتێك باڵاپۆش بێت، یانژی لە تورکیا عەلمانیەتی ئەتاتورکی تەنیا ستەمکاریی بەرهەمهێنا کە هەنووکە لەژێر هەڕەشەی ئاکپارتیدایە. یان پێشتر ئەزموونی سکۆلاریستی سۆڤێتی ئەزموونێکی تاڵ بووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم ئاڕاستەیە رەوتی سکۆلاریزمی لیبراڵ هەیە کە لەوڵاتە دیموکراسییە خۆرئاواییەکاندا پیادە دەکرێت، لەم نموونەیەدا ماف و ئازادیی هەرکەسێك، بێ ئاین و ئایندار، چەپ و راست، پارێزراوە.

سەبارەت بەئەزموونی کوردستانیش پەیڕەوی هیچ کام لەو دوو

ئاڕاستەیەی سکۆلاریزمی تێدا ناکرێت. ڕاستە پارتەکانی فەرمانڕەوا لە کوردستان ئیدعای عەلمانیەت دەکەن، بەڵام عەلمانیەت بەئیدعا ناچەسپێت و ناهێتە دی، عەلمانیەت شیعر نییە لە سنووری زماندا گیر بخوات، سەرزەمینی واقیعیی ئەم چەمکە پراکتیسە، وەرە سەیری پارتەکانی کورد بکە و لەبەرنامەکانیان ورد بەرەوە هیچی کەمتر نییە لەبەرنامەی پارتێکی ئەوروپایی یان ئەمەریکایی، یەکێك سۆسیال دیموکراتە و بەدروشم هیچی نەهێشتووەتە کەچی مانگانە سەدان هەزار دۆلار بۆ تەکیە و مزگەوت و پیاوانی ئاینیی تەرخان دەکات تا زەمینەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بە دواکەتوویی بهێڵنەوە ولەمینبەری مزگەوتەکانەوە فەتوا بدەن ورەوشتداریی ببەشنەوە و مۆر بدەن لەنێوچەوانی خەڵکی، کێ کۆمەڵی دۆزەخە و کێی تریش لە ئەهلی جەننەت!!!.

وەك خۆم بێزارم لەوەی بێمە سەر بەراوردکاریی ڕەوشی کوردستان بەهیچ شوێنێکی تر، کولتوور و سیستمی سیاسیی لە باشووری کوردستان بەئەندازەیەك شێواو و تێکەڵاو وبێسەروبەرە بووە، هیچ دەروونناسێك، هیچ کۆمەڵناسێك، هیچ فەیلەسووفێك، هیچ سیاسییەك، هیچ زانایەك، هیچ جادووگەرێك، ناتوانێت بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات. فرۆید بهێنە بەدیار خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای دەسەڵاتی کوردییەوە تووشی شیزۆفرینیا دەبێت، یۆنگ بێنە بۆ ئەو کارە لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی دەیدۆزینەوە، پاڤلۆڤ بێنە لەهەموو هەڵهێنجان و تێزەکانی ژیوان دەبێتەوە، ئەدلەر بێنە ڕۆژی سێ دەستە حەبی سەرئێشەی پێویستە تا ژانەسەرنەیکوژێت.

پێم سەیرە تۆ دێیت لە من دەپرسیت: لەکوردستان پەیڕەوی کام جۆرە لەعەلمانیەت دەکرێت؟ وەڵامەکەم ڕوون و ئاشکرا بوو بەتایبەت بەهۆی دیمانەکانی ترەوە زانیووتە چۆن بیری لێدەکەمەوە و سەیری دەکەم،

عەوالنامەی کتێب

هەرئەوەندە ماوە بڵێم لەکوردستان سیستمی حکوم نە عەلمانییە، نە دیموکراسییە، نە ئایینییە، نە ئۆلیگاریشییە، نە مۆبۆکراسییە، تەنانەت پەشیمان بوومەتەوە لەوەی لەپێشتردا وتوومە دیکتاتۆرییە، چوونکە هیچ نەبێت دیکتاتۆرییەت دامەزراوە و دیسپلینی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەم هەمەجیخانەیە هیچ شتێك لەجێگەی خۆی نییە و رەنگبێ لەزووترین کاتدا خۆری ئێمە لەخۆرئاواوە هەڵبێت و لەخۆرهەڵاتەوە ئاوا بێت، هەرچەندە دەڵێن ئەمە نیشانەی کۆتایی دنیایە کەچی من لە کوردستاندا بەدووری نابینم و پێشموانییە دنیای پێ کۆتایی بێت. هیوادارم توانیبم وەڵامەکە بگەیەنم.

*ئەم دیمانەیە کورتکراوەی دیمانەی شەشەمە لە زنجیرە دیمانەکانی بەرنامەی «راڤە و روانگە»ی رادیۆی «مەدەنیەت» لەگەڵ «ستیڤان شەمزینی» لە رۆژی ٢٩-٦-٢٠٠٧.

# دەربارەی خۆپیشاندان و شەپۆلی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان

دیمانە: ئاسۆ ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب

چاوپێکەوتنی رۆژنامەی ئاڵا لەگەڵ ستیڤان شەمزینی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦.

**ئاڵا: لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان چەندین خۆپیشاندان سەریهەڵدا، دەمەوێت بپرسم ئەو دەرهاویشتە سیاسیانە چی بوون کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بارگرژییە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیاندا؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە راستیدا ئەگەر بەدووی هۆکارەکانیدا بگەڕێین دەکرێت بڵێین بێ مافی و بەشخوراویی هاووڵاتیانە، راستە لە توێکڵدا یان لە رووکەشدا وا دەردەکەوێت فاکتۆرەکە تەنیا بریتییە لە نەبوونی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییەکان، بەڵام کاکڵەی مەسەلەکە ئەوە نییە بەڵکو لە قووڵاییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناعەدالەتییەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردستانی تەنیوە، پەیوەندیی هەیە بەو جیاوازییە قووڵە چینایەتییەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی

ئێمەدا بەرجەستە بووە، جیاوازییەك كۆمەڵێكی گەیاندۆتە كەشكەلانی فەلەك و كۆمەڵێكیشی بێبەشكردووە لە ساكارترین ماف. خەڵك بە چاوی خۆی ئەو هەموو نابەرابەریی و بەشخوراوییەی خۆی دەبینێت و لە نزیكەوە لەمسی دەكات بۆیە ناتوانێت لەوە زیاتر بەرگە بگرێت و پەرچەكرداری هەیە چوونكە هەموو جۆرە هەوڵێكی میانڕەوانەتر لە رێگەی دیالۆگ و خستنە بەرچاوی فینۆمینە نێگەتیڤەكان سوودێكی نەبوو، بەڵكو خەڵك خۆی لەبەردەم دەسەڵاتێكی بێ چاو و گوێ و زماندا دیتۆتەوە بۆیە ناچارە یەخەی راوەشێنێت و تێبگەیەنێت ئەم دۆخە نا هەموارە تاسەرمایەی قبوڵ نییە.

تۆڵستۆی دەڵێت (ئەوشتانەی لە خودی خۆیاندا بچووكن سەرەتایەكن بۆ رووودانی كارەسات) بچوككردنەوە و نزمكردنەوەی مرۆڤ و سەركوتكردنی ئارەزووەكانی تاك لەم وڵاتەدا وەك دیاردەیەكی ئاسایی لێهاتووە و بە بچووكیش سەیری دەكرێت، بەڵام دواتر هەر ئەمانە دەبنە هۆی رووودانی كارەساتە مەزنەكان. نەبوونی كارەبا و ئاو و خزمەتگوزاریی ئەگەر كێشەیەكی بچووكیش بن، بەڵام بەردەوامبوون و هەمیشەییبوونی ئەم كێشانە سەرەتایەكن بۆ سەرهەڵدانی ئەم بارگرژیانە كە لە زۆر شوێندا گەیشتۆتە رادەی توندوتیژیی و پێكهەڵپرژان. بە بۆچوونی من فاكتۆری سترۆكتۆریی ئەم شەپۆلە نارەزایەتییە كەڵەكەبوونی كێشەكانی خەڵكە كە دەسەڵات هیچ هەنگاوێكی بۆ چارەسەركردنی نەناوە، لەبەرئەوە خەڵك هەستی بەوە كردووە دەسەڵات بە بەرد بووە بۆیە ناچار بووە رێگا و میكانیزمی تر بگرێتە بەر بۆ داواكردنی خواستەكانی لەم نێوەندەشدا خۆپیشاندان یەكێكە لە میكانیزمەكان. روونتر بڵێم ئەوەی روویداوە لە شار و شارۆچكەكان تەنیا پەرچەكرداری ئەمڕۆ نییە بەڵكو كاردانەوەی پانزە ساڵ فەرامۆشكردنی مرۆڤی كوردە بەهەموو شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتی كورد خۆیەوە.

دیاره خۆپیشاندانیش وەك جۆرێك لە بەگژاچوونەوە و رەخنەگرتن حاڵەتێکی نۆرماڵ و ئاسایی دەبێت لەم دۆخە پڕ قەیرانانەدا. چوونکە (فۆکۆیاما) وتەنی (حکوومەتی دیموکراتیك ئەو حکوومەتەیە کە بەرپرسەکانی دەکەونە بەر رەخنەی خەڵك) بەڵام لەوێدا ئاسایی نییە گەر ئەم خۆپیشاندانانە رووبەڕووی سەرکوت بکرێنەوە و هێزەکانی ئاسایش خەڵکی لەسەرفەلاقە بکەن و لەولاشەوە دەسەڵات هیچ هەنگاوێك بۆ ریفۆرم نەنێت بێگومان ئەگەرکاروا بڕوات ئەم خۆپیشاندانانە حاڵەتێکی توندوتیژوەردەگرن و بەدڵنیاییەوە دەبنە راپەڕین.

**ئاڵا: ئایا دەسەڵاتی کوردیی لە توانایدا هەیە ریفۆرم بکات وەك خۆیان لە راگەیاندنەکانیاندا باسی دەکەن؟ ئایا ئەو سیستمەی دەسەڵاتی کوردیی بەڕێوە دەبات دەتوانرێت ریفۆرمی تێدا بکرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەسەڵاتی کوردیی ناتوانێت ریفۆرم بکات چوونکە ئیرادەی نییە بۆ ریفۆرم، پرسیار ئەوەیە ئەو کەسە کێیە دەست بۆ ریفۆرم دەبات؟ ئەگەر قەرارە ریفۆرم بکرێت ئەوە کێیە سەرکردایەتی ئەو ریفۆرمە دەکات؟.لە راستیدا ریفۆرم دەستەواژە وزاراوەیەکە بەدەست سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستانەوە بەکاردەهێنرێ بۆ گۆڕینی هەندێ بەرپرس کە خۆیان ویستیان لەسەریەتی و نایانەوێ لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە یان بەشێك لە لەکارخستنی بەرپرسان لەئەنجامی شەڕی دەستەگەریدا نێونراوە ریفۆرم! لە کاتێکدا ریفۆرم تەنیا بریتی نییە لە لابردنی هەندێك کاربەدەست و تەکنۆکرات و بەڕێوەبەر بەڵکو ئەوە بەشێکی بچووکە لەپرۆسەی ریفۆرم، بەبڕوای من ریفۆرم لەپێشدا لە سیستم و دنیابینی و ستراتیژی دەسەڵاتی سیاسییەوە دەست پێدەکات.

دەسەڵاتی کوردستان کە بەدەستی دوو حزبی تەقلیدیی و میلیتارەوەیە

نەك هەربڕوایان بە ریفۆرمی سیستمی سیاسیی نییە بەڵکوریفۆرمیزەکردنی سیستم هاوتەریبە لەگەڵ مەرگی خۆیاندا، چوونکە حزبەکانیان بەرهەمی ئەو سیستمە تەقلیدیی و تۆتالیتارییەیە هەنووکە لە فەزای سیاسییدا لە ئارادایە. لەبەرئەوە من بانگەشەی ریفۆرم بە بانگەشەیەکی دیماگۆگی و درۆزنانە لێکدەدەمەوە، چوونکە دەسەڵاتێکی هاوشێوەی بەعس ناتوانێت ریفۆرم بکات. من کاتێك دەڵێم هاوشێوەی بەعس مەبەست لە نزیکییە لە فۆرمی مامەڵەی دەسەڵاتی بەعس. (هیتلەر) لەوتووێژێکدا بە (ئۆتۆڤاگنەر) ی وتووە (جیاوازیمان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان زێدەتر تاکتیکییە وەك لەوەی ستراتیژیی بێت). جیاوازیی دەسەڵاتی کوردیش لە دەسەڵاتی بەعس زیاتر تاکتیکییە وەك لەوەی ستراتیژیی و ریشەیی بێت، ئەگەرنا بەعسیزم وەك عەقڵییەت و مامەڵە زیندوو و ئامادەیە و مۆتیڤی کاری سیاسیی و ئیدارییە لە کوردستان.

لەبەرئەوە من لەخۆت دەپرسم دەسەڵاتێك بارگاویی بێت بە رۆحی بەعسیزم ئایا قابیلی ریفۆرمە؟ ئەمە وەڵامەکەی لای تۆیە نەك لای من. وەلێ ئەم چوواندنەی دەسەڵاتی کوردیی بە دەسەڵاتی بەعس جێگەی نیگەرانییە لای زۆر کەس بەڵام دەبێ بزانین بەعس بەر لەهەر شتێك عەقڵیەت و دیدگایەکی سیاسییە. (ماکس ئێستمان) وتی (ستالین نەك هەر لەفاشیست باشتر نییە بەڵکو سوپەر فاشیستە) جا لەبەرئەوەی ستالین دژی فاشیزم بوو نەبۆیە دیموکرات، هەرواش دەسەڵاتی کوردیی مادام دژی دیکتاتۆریەتی بەعس بووە نەبۆتە دیموکراتیك بەڵکو وێنەیەکی داتاشراوە لە شێوەی بەعس.

**ئاڵا: لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا نارەزایەتی هەبوو، بەڵام توێژی لاوان هاتنە**

**سەرشەقامەکان، ئەوەی دەبینرا ژنان هیچ حزورێکیان نەبوو لەم ڕێپێوانانەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چ هۆکارێك هەبووە بۆ نەبوونی ئامادەیی چین و توێژەکانی تر لە ڕێپێوانەکاندا؟.**

ستیڤان شەمزینی: هەڵبەت گەنج بەشێکی فراوان بوون لەو جەماوەرە ناڕازییەی خۆپیشاندانیان کرد، ڕەنگە فاکتەرەکەی ئەوە بێت لە رووی سایکۆلۆژییەوە گەنج کەمتر دەتوانێت دەستەمۆ بێت و هەموو بێ مافییەك قبوڵ بکات بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرکێشی و یاخیبوون بەشێکە لە ژیان و بوونی، بۆیە زۆر ئاساییە گەر گەنج پێشڕەوی ئەم جۆرە خۆپیشاندان و راپەڕینانە بێت. هەرچەندە لەچاو ئەو هەموو گەنجەی لەوڵاتی ئێمەدا دەژین ئەوانەی ڕژانە سەرشەقامەکان ژمارەیەکی کەم بوون. لە ڕەهەندێکی ترەوە ئەگەر ئافرەتان یان جێندەرەکەی تر تەواجودیان نەبووە ڕەنگبێ ئەمەیان پەیوەندیی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگای باوکسالاریی کوردییەوە هەبێت، کە بەربەست و کۆت و بەندی بۆ ئافرەت داناوە بەتایبەتی بۆ کچی گەنج، بەڵکو لە ئاوێنەی ئەم کولتوورەدا پێناسەی گەنج هاوتەریبە لەگەڵ کوڕی گەنج نەك کچ.

با لە بیرمان نەچێت بۆیە گەنجان زۆرترین ڕێژەی خۆپیشاندەرانیان پێکهێنابوو چوونکە گەنج مەحرومترین کائینی ئەم وڵاتە وێرانەیە، مافخوراوترین بوونەوەری ئەم جەنگەڵە بەناو وڵاتەیە، هەرچەندە کێشەی ئەم وڵاتە تەنیا کێشەی گەنج نییە بەڵکو کێشەی خودی مرۆڤە، بەڵام ڕەنگە گەنج زووتر وەدەنگ بێت، کە چین و توێژەکانی تر نەهاتوون مانای ئەوە نییە کێشەیان نییە و تووڕە نین لەم وەزعیەتە، بەڵام ڕێگر و بەربەست زۆر بووە لەبەردەمیان. ڕەنگە گرنگترینیان فەزای ترس و تۆقاندن بێت، چوونکە پۆلیس و ئاسایش بۆ پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان نییە بەڵکو کۆمەڵە

دەزگایەکی قەمعین بۆ پاراستنی دەسەڵات و قەڵای ستەمکاریی حکوومەت! خۆ ئەگەر ئەم دەزگایانە نەبن خەڵك بە یەك رۆژ دەسەڵات دەگۆڕن، بۆیە خەڵك لەم هێزانە دەترسن! لە ترسیان ناوێرن بچنە ئاوها خۆپیشاندانێك، ئەمە جگە لەوەی چەندین فاکتۆری وەك نان بڕین و سزای ئابووری لە ئارادایە کە کوشندەترین جۆری توندوتیژییە لە دنیای ئەمڕۆماندا. بە بڕوای من ئەوە گرنگ نییە ئەوە کێیە خۆپیشاندان دەکات؟. بەڵکو گرنگ ئەوەیە کۆمەڵە هاووڵاتییەکی ئەم وڵاتە نارازین لەم دەسەڵاتە و داوای مافەکانیان دەکەن، دەبێت ئەمە بەهەند وەربگرین نەك ئەوەی ئەمە گەنجە یان پیر یان ژن یان هەر توێژێکی تر.

پێشم خۆشە ئەم دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم ئیتر خۆپیشاندان بۆتە کولتوورێك ناکرێت و دەست نادات بەهێز و زەبروزەنگ دابمرکێنرێتەوە و کۆنترۆڵ بکرێت بەڵکو ئەوەی کۆتایی پێدەهێنێت تەنیا و تەنیا دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانییە بۆ هاووڵاتیان. پێموایە ئەگەر دەسەڵات بەدەنگ خەڵکەوە نەچێت و گوێ لە ویستەکانی نەگرێ یەك ملیۆن پۆلیسیشی هەبێت هەر دەڕوخێت و قابیلی ئەوەیە لە جەنگێکدا بشکێ و ئیتر زیندوو نەبێتەوە. مۆنتسکیۆ باوەڕی وایە (ئەگەر ئیمپراتۆریەتێك لە جەنگێکدا دەشکێ و ئیتر دەڕوخێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە فاکتۆری تری قووڵتر لەوەو بەر هەبووە تاکوو رێبدات ئەم ئیمپراتۆریەتە لەیەك جەنگدا ئاوا بشکێت و ئیتر هەڵنەسێتەوە). بۆیە تەنیا و تەنیا یەك رێگە لەبەردەم دەسەڵاتی کوردییدا هەیە ئەویش حیسابکردنە بۆ مرۆڤی کورد و دابینکردنی ژیانێکی هاوچەرخە بۆی.

*ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە «١٠»ی رۆژنامەی «ئاڵا» لە زستانی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.

# کورد و دەستوور
# دوو پرسیاری ئاڵای ئازادی و
# دوو وەڵامی رۆشنبیران

ئا: رۆژنامەی ئاڵای ئازادی

دەستووری کوردستان تا ئێستا گفتوگۆی لەسەردەکرێت، ئەم گفتوگۆیانەش لەهەموو شتێك زیاتر پێویستن بۆ خاڵدانان لەسەر کەموکوڕییەکانی دەستوورو ئەو خەوشانەی تێیکەوتن، ئەوەی لەم گۆشەیەدا دەیخوێننەوە هەرجارەی رای رۆژنامەنووسێکە.

**ئاڵای ئازادی: لەماددەی (٢٣) دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و ئەنجوومەنی خۆجێی و شارەوانییەکاندا رێژەیەك بۆ بەشداریی ژنان تەرخان دەکرێت بەمەرجێك لە ٢٥٪ کورسییەکان کەمترنەبێت، ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە (٢١) نییە لەهەمان دەستووردا کە مافی یەکسان دەبەخشێت بەهەردوو رەگەز؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەرلەهەرشت من دەمەوێت بڵێم پرسی یەکسانی هەردوو رەگەزو داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان هەڵقوڵاوی باوەڕێکی

راستگۆیانە و چەسپیو نییە، بەقەدەر ئەوەی مۆدیلێکە پارتی و یەکێتی دەیانەوێت بەو ناوەوە خۆیانی پێوە بابدەن. تاوەکو ئەمڕۆ پارتەکانی کوردستان بزوێنەرو پێکهێنەری حکوومەتن و بەرنامەکانی ئەوان ئەجینداى حکوومەتە، لەرووی ستراتیژییەوە کێشەیەکیان نییە بەناوی کێشەی ژن و داکۆکیکردنیش لێی تەنێ تاکتیکێکی رێگایە و هیچی تر.

لەبەرئەوە ئەقڵییەتێك و رێکخراوگەلێکی سیاسی ئاوها دەستوور و یاساکان بنووسێتەوە و بیەوێت دەستوور بکاتە خاڵی دڵ راگرتنی ئاین و عەلمانیەت، عەشیرەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنکوژان و رێکخراوەکانی ژنان، بێ دوودڵی تووشی ئەمجۆرە لێکدژییانە دەبێتەوە. ئەوەی تۆ باسی دەکەیت تاکە پارادۆکس (لێکدژیی)ی نێو برگەکانی ئەو دەستوورە نییە، بەڵکو لەچەندان لاوە ئەم دەستوورە تووشی هاودژیی بووەتەوە، لەشوێنێك تەلاری دیموکراسییەت هەڵدەچنێت لەشوێنێکی تر بەبێ هۆ هەمان ئەو تەلارە دادەڕوخێنێت!! بەڵێ ئەو دوو برگەیە لە دەستووردا تەواو پێچەوانەی یەکترن و بەڵگەیەکیشن بۆ هەمەجییەت و کاڵ و کرچی دەستوورەکە.

جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەم سەد خۆزگە ئەو رێژەیە (٢٥٪) وەك خۆی پراکتیزە بکرابایە، بەڵام لە راستیدا ئەمە پێچەوانە نەکراوەتەوە بۆ نێو واقیع. لەبەرئەم هۆیە ئێمە وەك خەڵکێکی بەئاگا ناتوانین بەم دەستوورە دڵخۆش بین. (حسێن دەروێش) وتەنی (ناکرێت رۆشنبیر ستایشی شتێك بکات کەموکوڕیی تێدا بێت). بێجگە لەمەش ئەگەر ئەم دەستوورە ٩٠٪ پۆستەکانی حکوومەت بەژنان رەوا ببینێت، بەڵام ئەقڵییەتی دەسەڵات و باو، ئەقڵییەتی خێڵ و دیوەخان و پیاوسالاریی بێت هیچ لەبارودۆخ و میحنەتەکانی ژنان ناگۆڕێت و ناتوانێت کەمترین رۆڵی پۆزەتیڤی لەواقیعدا هەبێت. بە دیتنی من ئەم لێکدژییە بەرهەمی لێکدژیی بیرکردنەوەی

دەسەڵاتی سیاسییە و تاکوو ئەم بیرکردنەوەیەش نەگۆڕین نابێت چاوەڕێی هیچ باشەیەك لە دەسەڵاتی سیاسیی بکەین.

**ئاڵای ئازادی: لەرەشنووسی دەستووردا چەندین ناو و ئاوەڵناو بەکارهێنراون، ناوی هەرە سەرەکی (کوردستان- عێراق)ە، تەنیا ناوی کوردستان بەرووتی بەکار نەهێنراوە، ئایا نەدەکرا کوردستانی باشوور یان کوردستان بە تەنیا بۆ کوردستان بەکاربهێنرایە تا ئەوەی عێراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟ چوونکە لەهیچ ناوچەیەکی جیهاندا ئەم ناوە لێکدراوانە بەکارنەهێنراوە، بۆ نموونە لەئێران ئوستانی کوردستان بەکارهاتووە نەك کوردستانی ئێران، ئایا بۆچی دەبێت بەردەوام پاشگری عێراق بەدووی ناوی باشووری کوردستانەوە بێت، ئای هۆیەکەی رەچاوکردنی دۆخە یان خۆ بەعێراقی زانینە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەپێشدا دەمەوێت ئەوەت بۆ راست بکەمەوە دەستەواژەی کوردستانی باشوور و باکوور و دانانی لەسەر روەزنی کۆریای باشوور و باکوور هەڵەیەکی گەورەیە، چوونکە کوردستان تاکە وڵاتێکە نەك چەند وڵاتێك تا یەکێکیان کوردستانی باشوور و ئەویتریان باکوور بێت. ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەت، بێگومان هەتا ئەوڕۆکە سەرکردایەتی سیاسیی کورد و شاگردەکانیان دڵداریی لەگەڵ عێراقدا دەکەن و زۆر جاریش لەعەرەبەکان دڵسۆزتر خۆیان بۆ عێراق دەردەخەن، لەوانیش پتر خزمەتی کۆکردنەوەی پەرش و بڵاوییەکانی دەکەن. ئاخر کورد تەنیا سوودی لەمێژووی خۆی وەرنەگرتووە، چوونکە ئەگەر ئاوڕێك بۆ مێژووی خۆی بداتەوە لەم پارچە داگیرکراوەدا تێدەگات ئەو کۆڵەکەی بیناکردنەوەی دەوڵەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووە، نموونەی هەرە گرنگییان حکوومەتی کۆماریی بوو بەرێبەریی (عەبدولکەریم قاسم) بەڵام

کاتێك ئەو دەوڵەتە جێی خۆی قایمکرد لە یەکەم کاردانەوەدا دەستی لەکورد وەشاند، بە ئاگر و ئاسن و لاپاڵم وەڵامی ئەو دەستوورەی دایەوە کە تیایدا نوسرابوو، کورد و عەرەب لەعێراقدا شەریکن. سەرکردایەتی سیاسیی کورد دیسان پێی لەسەرهەمان سابوونی عێراق دەخلیسکێت، بەدەلیلی ئەوەی وا خەریکن عێراقی وێران و کاولبوو سەرلەنوێ دروست دەکەنەوە، عێراقێك کە هیچ نوزەیەکی خێری بۆ ئێمە تێدا نەبووە و نابێت.

لێی عەرەب ناتوانێت وەك جاری جاران سەرکوتی کورد بکات، بەڵام با بەدووری نەگرین کە دەبنە بەربەستمان بە تایبەتی لە لەمپەردانان لەبەردەم دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەمە گریمانەیەکە پێویستە لەبەرچاوی بگرین، (ئۆرتیگا) وتەنی (جیهان بریتییە لە کۆمەڵێکی زۆر لە گریمانەکان). بەڵێ نوساندنی پاشگری عێراق یان ئێران یاخۆ تورکیا بەپاش ناوی کوردستانەوە چیتر نییە جگە لەرەواییدان و شەرعییەت بەخشین بەداگیرکاریی نەتەوە سەردەستەکانی وەك تورك و فارس و عەرەب. دەخوازم بڵێم لای سیاسەتمەدار و کاربەدەستانی عەرەب، ئەلف و بای رامیاریی بریتییە لە نکوڵیکردن لە کورد و خەباتە رەواکەی، رەنگبێ ئەوە بەس بێت لەکۆنگرەی (تەرابلوس)دا (عەبدولسەلام جەللود) جێگری قەزافی دۆستمان و وەزیری دەرەوەی لیبیا وتی (میللەتێك بەناوی کورد نییە، ئەوانە لە بنچینەدا عەرەبن، حکوومەتەکانی عێراق زەعلانی کردوون، بۆیە خۆیان بەشتێکی دی، بە کورد لەقەڵەم دەدەن).

*ئەم دیمانەیە لە ژمارە (٦٩٩) رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی ) لە رۆژی ٢٦-٢-٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

# ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد.. مۆنۆمێنت و هەنگاوەکان

دیمانە: ساسان دەروێش

لە بارەی مۆنۆمێنتی جینۆساید و پرسی جینۆسایدکردنی گەلی کورد ئەم چاوپێکەوتنەمان سازدا لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووس «ستیڤان شەمزینی».

**ساسان: بۆ لەدوای ئاکامی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات و سزادانی، کورد داوای مۆنۆمێنتێکی بۆ هەڵەبجە نەکرد لە هۆڵەندا؟.**

ستیڤان شەمزینی: سەرەتا پێموایە من باش نیم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، هەرچەندە ئێوە لەو بڕوایەدان دەتوانم وەڵامێکی باش بدەمەوە کەچی من خۆم وا نابینم، بەهەرحاڵ هەرئەوەندەم لەدەست دێ لێرەدا نوسیوومن. منیش هەروەك بەڕێزتان نازانم کورد بۆچی داوای دروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتەی نەکرد لە وڵاتی هۆڵەندا؟ منیش وەك ئێوە سەرلەم کەمتەرخەمییە دەرناکەم و دەپرسم بۆچی ئەم کارە نەکرا؟ ئەمەش یەکێکە لەو هەزار پرسیارەی رۆژانە رووبەڕووی فەرمانڕەواکانی باشووری کوردستان

دەکرێتەوە و بێ وەڵام دەمێننەوە. هەر ئەوەندە دەزانم کورد نەتەوەیەکە چینەکانی یادەوەریی فەوتاوە و هەرگیز دوێنێی لەبیر نییە، ئەگەر لەبیری بوو با ئێستا بارودۆخی نێوخۆی کوردستان سەد و هەشتا پلە دەگۆڕا، گۆڕانێك خەیاڵمان لەتوانایدا نەبێت وێنەی بکێشێت.

کورد نەتەوەیەکە سووك و بێ بایەخانە سەرنجی خودی خۆی و مێژووە پڕ ئازارەکەی دەدات، گەر هۆکاری ئەم حاڵەتە یەکێکیان بۆ بەتاڵی و ناشیرینی و ناڕەحەتی ئەو دیرۆکە بگەڕێتەوە، بەدیوێکی تردا گوزارە لەکاڵفامیی و نەخوێندەواریی و هەژاریی نەتەوەکە دەکات. بەبڕوای من ئەو نەتەوەیەی رابردووی لەبیر بچێتەوە، مەحکومە بەهەزار بارەکردنەوەی ئەو رابردووە، ئەگەرچی تفت و تاڵیش بێت، ئەگەر نەتەوەیەکی گەورەی چل ملیۆنی مینا کورد وەك یەك تاکە مرۆڤ سەیر بکەین و پێناسەی بکەین، ئەو مرۆڤە تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووە، هەرگیز بیری ناکەوێتەوە چی بەسەرهاتووە و چۆن بەسەری هاتووە و کێ بەسەریدا هێناوێتی؟. تەنانەت زۆر جاران رووداوەکانی پێشان کتومت بەسەریدا هەزاربارە دەبنەوە، هەرگیزفام ناکاتەوە ولەبیری نایەت ئەورووداوانە پێشتربەسەریدا هاتوون و گورجکبڕانە زامدار و ناڕەحەتی کردوون! نەتەوەی کورد یەکێکە لە تووشبووانی نەخۆشی لەبیرچوونەوە، چوونکە ناتوانێت لە ئازارەکانی تێبگات و بەبیریان بهێنێتەوە، ئیتر چۆن چۆنایی دەتوانێت ئەو رووداو و کارەساتانە بکاتە ئەجێندای کاری سیاسیی و دیپلۆماسیی و خەونەکانی داهاتووی خۆی پێوە ببەستێتەوە؟.

خەباتگێڕی مارکسیستیی ئەڵمانی (رۆزا لۆکسمبۆرك) لە ساڵی ١٩١٩ وتی (ئێمە ناتوانین دەستبەرداری هیچ یەکێك لە کارەساتەکانمان بین، لەبەرئەوەی ئاسۆی ئامانجە دیارەکانمانی تیادا دەبینینەوە و روانگەی

خۆمانی لێوە هەڵدەهێنجین). خانم ڕۆزا باسی گەلێکی وشیارو زانیارو ڕۆشنبیر دەکات. نەك گەلێك لەنیوە زیاتری ئەو شەهیدانەی خۆی پێوە بادەدات لەشەڕی نەگریسی ناوخۆییدا فەوت بووبن! باسی کۆمەڵگەیەك دەکات نە لە فایلدار خۆش دەبێت، نە لەهەڵبژاردندا دەنگ دەدات بۆ ئەوانەی تاکوو دوێنێ چاوساغی سوپای داگیرکەرو جینۆسایدکەری گەلەکەی بووبن، ئاخر ئەم تراژیدیایە بەسەر هیچ نەتەوەیەکدا نەهاتووە جگە لە کورد، منیش دەپرسم ئێمە بۆ دەبێت وابین؟!!.

هۆلۆکۆستی جولەکە لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانیای نازییەوە وێڕای ئەوەی کارەساتێکی تاڵ و جەرگبڕ بوو بۆ هەموو یەهودییەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا جولەکە توانی ئەم کارەساتە تابلێی تاڵ و ئازاربەخشە بکاتە هەوێنی دەوڵەتی یەهوود (ئیسرائیل) وەك تاکە دەوڵەتی جوو لەهەموو دنیادا، لەلایەکی ترەوە هۆلۆکۆست ناوێکی نامۆ نییە لەلای سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی جیهان، چوونکە هۆلۆکۆست حکایەت و شین و زاریی نییە لای یەهوودییەکان بەقەدەر ئەوەی ئەم پرۆسە کۆمەڵکوژییە پرۆژەیەکە و لەهەموو شتێکدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر لە سیاسەت و بواری یاساییەوە تا دەگات بە هونەری سینەما و شێوەکاریی و نووسین و بوارە جۆربەجۆرەکانی تر. هەنووکە بڕۆ لەئەڵمانیای ئەنجامدەری هۆلۆکۆستدا هاشا و نکۆڵی لەئەنجامدانی ئەو کردەیە بکە لەلایەن نازییەکانەوە تووشی لێپرسینەوە و سزای یاسایی دەبیتەوە. ئەمەیە کارکردن بۆ دۆزی گەلکوژیی نەك ئەو شین وواوەیلایەی لە کوردستان بۆ ئەنفال و هەڵەبجە ئەنجام دەدرێت.

ئێمە نە توانیومانە لە ئەنفال و مەغزاکانی ئیبادەکردنی گەلی کورد تێبگەین، نە توانیومانە جینۆساید بکەینە چەکێکی کاریگەر بۆ کۆتایی هێنان بەداگیرکاریی سەرباشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان.

یان هیچ نەبێت نەتوانراوە کارێك بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری جینۆسایدکراوان بۆ گێڕانەوەی ژیان بۆیان. من بۆ کاری رۆژنامەنووسیی چوومەتە هەندێك لە ناوچەکانی پاشماوەی ئەنفالکراوان و بیابانەکانی خۆرئاوای عێراق و نوگرە سەلمانیشم دیوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئۆردوگای سمود و بیابانەکانی خوارووی عێراق نابینم، ئاخر کەسوکاری جینۆسایدکراوان، هەڵەبجەییەکان چییان بۆ کراوە تا دڵ بە هەنگاو و کاری تر خۆش بکەین؟. هاوڕێی ئازیز شوورەییە بۆ حکوومەتێك تەمەنی نزیکەی ١٦ ساڵ بێت و بیست ساڵ بەسەر کارەساتی کۆمەڵکوژیی گەلەکەیدا تێپەڕیووبێ، تازە بەتازە بریندارەکانی ئەو کارەساتانە دوای تلانەوەی ئەو هەموو ساڵە بەدەم ئازارەوە کۆچی دوایی بکەن!.

هەڵەبجە وێران و کاولە، هەردەڵێی دوێنێ بووە کیمیاباران کراوە، کەسوکاری ئەنفالکراوان بەتەواوەتی داڕوخاون و رەنگبێ زیاتریش دابڕوخێن!! حکوومەتیش لەولاوە جگە لەکولاندنەوەی زیاتری برینەکانیان و لێدانی دوو سروود لەتەلەفزیۆنەکانەوە لە ساڵیادەکاندا کارێکی زیاتری لەدەست نایەت!! ئیتر ئومێدی چی بکەین؟. حکوومەت هیچی لەدەست نایەت بۆ مرۆڤە زیندووەکان ئیدی بۆ هێما و سیمبۆڵ چۆن دەتوانێت کارێك بکات؟. بەڵام بە بڕوای من هەزار مۆنۆمێنت ناکاتە دەستگیرۆیی و هاوکاریی لێقەوماوانی جینۆسایدی کورد، هەزار لافیتەی رەشی قەد دیوارەکان کە خۆر کاڵیان دەکاتەوە یان باراناو دەیانشۆرێتەوە ناکاتە دروستکردنی قوتابخانەیەك لەهەڵەبجە، هەزار شیوەن و رۆڕۆی تەلەفزیۆنەکان ناکاتە قیرتاوی شەقامێکی هەڵەبجە یان سمود یان هەر جێگەیەکی تری پاشماوەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و کیمیایی، هەزار قسەی باق و بریق ناکاتە چارەسەرکردنی بریندارانی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە.

زیاد لەهەموو ئەمانە نەتوانراوە سوود لەدەرفەتی دادگاییکردنی تاوانبارانی کردەی جینۆساید وەربگیرێت، هەم بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە لەسەر ئاستی جیهان، هەم بۆ ناچارکردنی حکوومەتی عێراق و کۆمپانیا هاوکارەکانی ئەو حکوومەتە کە یارمەتییان داوە بۆ دەستراگەیشتنی بەگازی خنکێنەروکیمیایی، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان. وا بڕوا دەکەم لەباربردنی ئەم دەرفەتە لەوە دەرچووە هەڵە و کەمتەرخەمیی بێت، بەڵکو خیانەتە لەچەشنی خیانەتی ١٩٦٦ باڵی جەلالی وسی ویەکی ئابی ١٩٩٦ پارتی. ئاخرژیان چییە جگە لەقۆستنەوەی هەلەکان وپێکانی ئامانج لەسەروەختی راستەقینەی خۆیدا، یان (سالۆئیل) وتەنی (گەورەترین هونەری ژیان بریتییە لەسوود وەرگرتن لەدەرفەتە باشەکان کە بەسەرماندا تێدەپەڕن).

ئێمە لەهەموو دەرفەتەکانی سەرکەوتندا دۆڕاوین، ئیتر چۆن لەتەنگژە وبارە دژوارەکاندا دەیبەینەوە؟ ئەگەرپیاوێك بەرۆژی رووناك و چاوی کراوەوە نەتوانێت بەسەرپەیژەیەکدا سەربکەوێت بۆلێکردنەوەی بەرهەمی دارێك، ئیتر چۆن دەتوانێت بە شەوەزەنگ و چاوی بەستراوەوە بەسەر هەمان پەیژەدا سەربکەوێت بێ ئەوەی بەربێتەوە؟ بێگومان ناتوانێت. ئێ کورد وەك ئەم پیاوەی لێ بەسەرهاتووە، بگرە خراپتریش.

بەهەمەحاڵ جارێکی تر منیش وەك بەڕێزتان دەڵێم بۆچی کورد بەوکارە هەڵنەستاوە؟ نازانم، وەك وتم ئەگەر شتێك دەرك بکەم و بزانم، بەهەند وەرنەگرتن و بەلاوەکی سەیرکردنی دۆزی جینۆسایدە لەلایەن حکوومەتی باشووری کوردستانەوە، هەروەك چۆن دوورەپەرێزییان لە دۆزی ڤان ئەنرات گرتبوو لەسەرەتادا ئاوهاش خۆیان لەم پرۆژەیە دوورگرتووە، ئەگەر خەڵکانێکی خەمخۆری وەك ئەوانەی ناوەندی چاك بەم کارە هەستان و

مۆنۆمێنتێکیان لەهۆڵەندا یان هەر جێگەیەکی تر دروستکرد، ئەوە پیاوانی دەسەڵات دیسان چۆن دادگایی (ئەنرات)یان کرد بە سەروەریی بۆ خۆیان، سبەینێ ئەمیشیان دەکەن بەناوی خۆیانەوە، هەرچەندە لەمەدا هیوادارم هەڵە بم.

**ساسان: پێت چۆنە مۆنۆمێنتی ئەنفال لەهۆڵەندا دروست بکرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: نەك لەهۆڵەندا، پێم باشە لەهەروڵات و جێگەیەکی تر دەست دەدات بۆکورد مۆنۆمێنتی ئەنفالی کورد دروست بکرێت بۆناساندنی جینۆسایدی سەرگەلی کوردستان لە ماوەی سی و پێنج ساڵی دەسەڵاتی بەعس لەرێگەی ئەو سیمبۆلانەوە کە دەتوانن بەزمانێکی زۆر سادە و ساکار هەموو گەلانی ترلەو کارەساتە ئاگاداربکەنەوە. نە تەنیا ئەم کارە، چەندان جارلە فێستیڤاڵ و بۆنەکانی یادکردنەوەی ئەنفال و هەڵەبجەدا دەرفەتم بۆ هاتبێتە پێشەوە وتارێك بخوێنمەوە، وتوومە با ئەنفال لەزمانی شیوەن و واوەیلا بسەنینەوە، بیکەینە کەرەستە و ماتریاڵی سینەما و رۆمان و ئەدەب و خوێندنی خوێندنگاکان و سیاسەت و دیپلۆماسیی، تا ئەوکاتەی ناوی ئەنفال دەکەینە ناوێکی جیهانیی و ناسراولەسەرتاسەری گێتیدا. ئەم وتانەم هێندە دووبارە کردووەتەوە، وەك چەند رستەیەکی سواو و ئێکسپایەریان لێهاتووە کە ناخوازم چیتر دووبارەیان بکەمەوە.

بێ پێچ و پەنا من رەشبینم لەبەرامبەرهاتنە دی ئەو خەونانەی هەمانە چی بۆ گێڕانەوەی ژیان بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان، چی لەناساندنی ئەنفال بەجیهان. یەکەمیان: لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین ئەوکارە بکەین، تۆلە وڵاتەکەی خۆتدا هێمایەکت بۆ ئەنفال نەبێت جگە لەو هێما تەباشیرییەی ئۆردوگای سمود، چۆن دەتوانیت لافی دروستکردنی مۆنۆمێنت لەجەرگەی ئەوروپادا لێبدەیت؟!. دەسەڵات هاوکارنییە، سەرمایەدارانی کورد هێشتا لە

بازنەی دیدگاکانی قۆناغی کشتوکاڵی گیریان خواردووە و مافی خۆشیانە ئەو ئەرکە نەگرنە ئەستۆی خۆیان!!. دووەمیان: تۆچی لە مۆنۆمێنت دەکەیت کە هەڵەبجەییەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان خۆزگە بەمەرگ بخوازن؟ مۆنۆمێنت نە نانە، نە دەرمانە، نە پارە و سەرچاوەی ژیانە، نە جێگەی حەوانەوە وژیان بردنە سەر، ئیتر چی سوودێکی دەبێت بۆ قوربانیانی جینۆساید؟. جگە لەوەی دەبێتە دەغیلەیەك بۆ پارتەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستان، قوربانیانی جینۆساید کە لەشارەکەی خۆیاندا (هەڵەبجە) نارازی بن بەرانبەربە مۆنۆمێنت، ئیترپێم ناڵێی چی لەمۆنۆمێنت بکەم لەوڵاتی هۆڵەندا؟.

حەزدەکەم چیرۆکێك هەیە بۆت بگێڕمەوە، دووساڵ بەر لەهەنووکە لەژێر ڕۆشنایی بیرو بۆچوونی دکتۆرێکی هاوڕێمدا کە مامۆستایە لەزانکۆی سلێمانی، بە سەرۆکی یەکێك لە زانکۆکانی کوردستانم وت، پێویستە سەنتەر و مەڵبەندێکی توێژینەوە و ئەرشیفی بکەنەوە بەناوی سەنتەری بەعسناسی لە زانکۆکەتاندا، تا بەعسیزم لەهەموو ڕەهەندە جیا جیاکانەوە ببێتە بابەتی خوێندنەوە و شیکاریی ئەکادیمی. جەنابی سەرۆکی زانکۆ بێ ئەوەی ڕەچاوی ڕەوشتی ئاخاوتن بکات قسەکانی پێ بڕیم ووتی: کاکە بەعس رووخاو و تەواو، مانگا مرد و دۆ بڕا، چی پێویست دەکات خۆمان بەمەسەلەیەکەوە خەریك بکەین سوودێکی ئەوتۆی نییە بۆ داهاتوو؟؟!!! ماستاوچییەکانی دەوروبەریشی وەك ئەوەی من بێمێشکیم کردبێت بەتەوسەوە سەری ئەشەدوبیلایان بۆ لەقاند و کەوتنە هێنانەوەی پاساو بۆ ئەو رایەی سەرۆکی زانکۆ. ئەگەر ئەوە تێگەیشتنی سەرۆکی زانکۆ و خاوەن دەرزەنێك بڕوانامە بێت، چاوەڕێی چی لەو بەرپرسە سیاسیی و عەسکەرییە نەخوێندەوارانەی کورد دەکەیت رۆژگاربەهەڵە لەوپۆستانەی ئێستا دایناون؟ ئەوبەرپرسانەی

جیاوازیی لەنێوان قۆناغی شاخ و شاردا ناکەن، ئەو بەرپرسانەی هەرغەمی ورگ و گیرفانی خۆیانە.

پێم باشە و هەنگاوێکی دروستە هەستین بە دروستکردنی دەیان مۆنۆمێنت و پرۆژەی ناساندنی ئەنفال بەدنیا، بەڵام لەوە پێویستتر، هەنگاوی بەپەلەیە بۆ یارمەتیدانی کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی زیندووی کارەساتی شاری هەڵەبجە، تۆ ئەگەرژیانی مرۆڤی زیندووت بۆگرنگ نەبێت، بەچیدا بزانم هێما و سیمبۆلت بەلاوە گرنگە؟. دووپاتی دەکەمەوە بۆ ناساندنی کارەساتی ئەنفال بەهەموو مرۆڤایەتی پێویستە کاری جیددی بکەین، مۆنۆمێنت شتێکی خراپ نییە، بەڵام هەموو کارێك نییە، پێویستە ئەنفال بکەینە ماددەی خاوی کارکردنی سیاسیی و دیپلۆماسیی، ئەگەر خۆمان نازانین چۆن ئەم کارە بکەین، شەرمی تێدا نییە با سەیری ئەزموونی یەهوودییەکان بکەین، هەرچەندە بڕواناکەم نیو هێندەی ئەوانمان پێ بکرێت، بەڵام بەحکومی یارمەتیدانی واقیعەکە دەتوانین کاری زۆربکەین.

ئەرمەنەکان بۆ ناساندن و قانوونیکردنی جینۆسایدی خۆیان لەسەر دەستی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانلی کاری زۆرونایابیان کردووە، دەتوانین سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرین. ڕەوەندی کورد لەهەندەران بەتایبەت لە ئەمەریکا کە ئەمیش تووشی پەتای گەندەڵی زۆروحزبیی بووە دەتوانێت ئەو پرسە بباتە نێو هۆڵی پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا، بەڵام بەداخەوە قسەکردن بۆوروژاندنیان بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەوکارە زیاترلە زۆربێژییەوە نزیك دەبێتەوە وەك لە پێشنیارو پرۆژە. چوونکە ئەگەرمن هەرلەبنچینەوە باوەڕم بەبوونی خودا نەبێت، چۆن دەتوانیت داوای ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژووگرتنم لێبکەیت؟!. مەسەلەکە ئەوەیە سەرکردایەتی کورد یارمەتی پسپۆڕان و توێژەران و خەمخۆران نادات،

نەك ئەوەی کارەکە هێندە قورس بێت دەرەقەتی نەیەین، ناڵێم ناساندنی ئەنفال و گێڕانەوەی ژیان بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان کارێکی ئاسانە، بەڵام وەك وتم هێندە گرانیش نییە، با ئێمە بەو کارە هەستین هیچ نەبێت کاریگەرییەکی ئیجابی جێدەهێڵین، بەڵام لەحاڵەتی نەکردن و خەمساردییدا چی قسەیەکمان هەیە؟. بێگومان هیچ.

**ساسان: بۆچی کورد خۆی بیری لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی مۆنۆمێنتی ئەنفال نەکردەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: بیرمەندی ئەمەریکی بە ڕەگەزژاپۆنی (فرانسیس فۆکۆیاما) لە وەسپی کەسێتیی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (جۆرج بوش) دەڵێت (وەها دێتە بەرچاوان بوش کەسێکی بیرکەرەوە نییە). ئەگەر هاووڵاتی و بیرمەندێکی ئەمەریکی ڕێگە بەخۆی بدات بەو شێوازە پێناسەی سەرۆکی وڵاتەکەی بکات، ڕەنگبێ بۆ ئێمە سیحرێکی تێدا نەبێت سەرکردە بەناو سیاسییەکانی کوردستان بەکاڵفام و بیرنەکەرەوە و ئەنتی ئەقڵ ناوزەد بکەین. کەواتە بۆ کارێکی لەو جۆرەی ئێوە پێشنیارتان کردووە پێویستیمان بە سەرکردایەتییەکی زرنگ و چاوکراوە هەیە لەپشتی ئەم تەرح و هەنگاوانەوە بوەستێت، ئەگەرئەوان بیرنەکەنەوە ئیدی لەکوێ بیرۆکەی مۆنۆمێنت پەیدا بکەن؟ بەبڕوای تایبەتی خۆم بۆ هەر کارێکی جیددی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پاشەڕۆژی نەتەوە و کۆمەڵەوە هەبێت، بەپلەی یەکەم بەرپرسیارییەکەی دەکەوێتە سەرئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیی و فەرمانڕەوایی، ئێ کارەساتی ئێمە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان زۆرتر لەسەروێنەی دەستە و تاقمی مافیایی ڕەنگی گرتووە تا دەوڵەت و سیستمێکی سیاسیی دامەزراوەیی.

کاتێکیش باسی سیستمی سیاسیی دەکەین نابێت ڕۆڵی کارێکتەرەکان

بەکەم و بێبایەخ سەیر بکەین، بۆ وێنە ئەگەر کەسایەتییەکی وەك (جۆرج واشنتۆن) یان (لینکۆڵن) لەمێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بهێنینە دەرێ، بێگومان ئەمەریکا ئەم ئەمەریکا زلهێزو خاوەن دەسەڵاتە زۆرەی ئێستا لەئارادا نەدەبوو، ئەگەر کەسێکی وەك (بیسمارك) لەمێژووی ئەڵمان دەربکەین، رەنگبێ بە سەدەیەکی تریش ئەوجا ئەڵمان بگەیشتبایەتە ئەم بارەی ئێستا تێیدایە, ئەگەرماوتسی تۆنگ لەمێژووی چین وگاندی لەمێژووی وڵاتی هیند دەربکێشین، چیتر نابینین جگە لەدوو کۆمەڵگەی بندەستی دواکەوتوو، بەڵام فەرموو ئەمڕۆ کام سەرکردەی گرنگ و کاریزمیی کورد دەڵێی لەمێژووی کوردستان دەریبهێنە، بزانە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ دروست دەبێت تاوەکو بڵێین بەبێ بوون و سیاسەتی ئەم بەڕێزانە کوردستان لەزۆر دەستکەوتی کەم دەبوو ؟!.

سەرکردە بەحیساب سیاسییەکانی ئەمڕۆمان خەون و خەیاڵیان لای گەندەڵی و رووتکردنەوەی خەڵك و تێرکردنی خولیا و حەزە برسییەکانیانە ئیدی ناپەرژێنە سەر ئەوەی بیربکەنەوە داخۆ هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان چییان پێویستە؟ ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان چییان پێویستە؟ یان چۆن رێگایەك بدۆزرێتەوە بۆ ناساندنی جینۆسایدی سەرکوردان و گێڕانەوەی ژیان بۆ دەربازبووان؟. هاوڕێی ئازیز تۆ دەڵێی چی؟ ئەو لە هاشم سوڵتان خۆشبووە، لە نزارخەزرەجی بوراوە، بەڵکو بۆی دەپارێتەوە، وەفیق سامەڕایی خستووەتە پەنای خۆی، ئیتر چۆن خۆی ماندوو دەکات بۆ دۆزی هەڵەبجە و ئەنفال؟. ئەوەندەی لەسەرە ساڵی دوو رۆژ بۆ ئەو بۆنەیە بکاتە شین و بەس. ئیدی چۆن چۆنایی دڵی دێت پارە بۆ مۆنۆمێنت سەرف بکات؟ ئەگەرخوانەخواستە بەو کارە هەستا دیارە چاوی لەوەیە دوو ئەوەندەی تێچوونی مۆنۆمێنتەکەی پێ بخوات!!.

ئەو پرسیارەی ئێوە ئاڕاستەی منتان کردووە، وەڵامەکەی ئێجگار روون و هاسانە، هەرکوردێك بگریت لە هەندەران یان لە کوچە و کۆڵانی هەر گوند و شارێکی وڵات لە توانایدایە وەڵامێکی دەقاودەقت بداتەوە. ئاخر ئاشکرایە حزبایەتی تەسك و دەنگ کڕین و شەڕی بێمانای دەستەگەریی دەیهێڵێت باری سەرنجیان بکەوێتە سەر پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێ بۆ ناساندنی جینۆساید بە دنیا؟. بۆچی گەندەڵی و راوڕووت دەیهێڵێت؟ بۆچی گیرفان پڕکردنی کاربەدەست و سەرە زلەکان ڕێگە دەدات؟. ئایا تێرکردنی ورگ و سێکس هێشتی؟. هەموو ئەم هۆکارانە هێشتیان ماددەی ١٤٠ لە کاتی دیاریکراویدا جێبەجێ ببێت؟ تا خەونەکانمان بچووك بکەینەوە و بڵێین بۆچی بیرلەپێشکەشکردنی ئەوبیرۆکەیە نەکراوەتەوە.

ئێمە هەرچی قسەبکەین وبڵێین بێ سوودە ولەخۆماندووکردن بەولاوە چیترمان بۆ نامێنێتەوە، رەشبینم تەنانەت بەرامبەر نووسین، چوونکە نووسین نە دەتوانێت دنیای ئێمە بگۆڕێت ونە دەتوانێت بچووکترین گۆڕان لە کاروکردەوەی دەسەڵاتدارانی سیاسیی دروست بکات، نووسین بەرامبەر کۆمەڵێك قازوەك ئاورشێن وایە، ئیدی چۆن دەتوانی بیرلە تەڕبوون و عارنانیان بکەیتەوە؟!. شاعیر هەردەڵێ باسی سەرکردە کوردەکان دەکات، کاتێك دەڵێت:

پێستی چاوی هێندە قایمە شمشێری میسریی نایبڕێ
بێتوو بیکەیتە پێڵاوێ تا قیامەت نادڕێ

ئیتر هەرقسەوباس و رەخنەگرتنێك تەنانەت هەجوو و جنێودانیش ئاسنی سارد کوتینە، هاوارکردنە بەگوێی نەبیستدا، نیشاندانی تابلۆیەکی رەنگاورەنگە بەنابینا. قورئان هەروەك ئەوەی باسی بەرپرسانی کورد بکات، دەڵێت (صم بکم عمی فهم لایرجعون). ئیدی شێرو ڕێوی پێناوێت، یەکجار

دەڵێین زستانە ساردە و هاوین گەرم. نایشارمەوە من رەشبینم، وا بزانم مافی خۆمە رەشبین بم، چوون لەنێو ئەم تاریکستانەدا درۆیە باسی رووناکی بکەیت، لەنێو ئەم ناعەدالستانەدا درۆیە باسی داد بکەیت، لەنێو ئەم لیتەی گەندەڵییەدا درۆیە باسی چاکسازیی بکەیت، لەنێو ئەم درۆستانەدا ستەمە باسی راستیی بکەیت. رەشبینم هێندەی تاریکیی گەردوون و تاریکیی چارەنووسی کورد، رەشبینم هێندەی رەشیی ناخی پیاوانی سیاسەت.

د.بورهان گلیۆن لە بەرسڤی پرسیارێکدا دەڵێت (ئەگەر رەشبین نەبوومایە وەك تۆ دەیڵێیت ئەوە ساویلکە دەبووم لەگەشبینیدا، دەبووم خاوەنی شیکردنەوەیەکی ئارەزووکاریی نەك واقیعی و بابەتی). منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی (د.گلیۆن) و هەروەك ئەو دەبێژم: ناتوانم ساویلکە بم، ناتوانم گەشبین بم، تۆ ناتوانیت لە کاتی مەوجی گریاندا داوای پێکەنین و خەندەم لێبکەیت، هەروەك چۆن ناتوانیت لەکاتی شایی و خۆشیدا ناچاری شیوەن و قورپێوانم بکەیت.

*ئەم دیمانەیە لە رۆژی ٣٠-٣-٢٠٠٨ لە ماڵپەڕی کوردستان نێت بڵاوبووەتەوە.

# بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە سایەی رێککەوتنی ستراتیجی و دیاردەی گەندەڵیدا

هەواڵنامەی کتێب

دیمانە : باوکی راوبار

چاوپێکەوتنی سایتی «ئیسلام پەیك» لەگەڵ «ستیڤان شەمزینی» لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧.

**ئیسلام پەیك: ئایا ئەم رێککەوتنە ئیستراتیجییەی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ چەند خولێکی تری هەڵبژاردن لەناوبردنی دیموکراسی و رای جیاواز و نەهێشتنی راکانی تر نییە؟. ئایا لەترسی لەدەستچوونی بنکەی جەماوەریی بووە یان بۆدروستکردنی بنکەی جەماوەریی؟. ئەم رێککەوتنە بۆ پێشخستنی ئەزموونی میللەتەکەمانە یان بۆ بوارنەهێشتنی رەوتەکانی ترە لەکوردستان؟.**

ستیڤان شەمزینی: پارتی و یەکێتی هیچ کات لە رێککەوتن و هەماهەنگی نێزیك نەبوونەتەوە ئەگەر لە شکست و لاوازییدا نەبووبن، یان پەستانێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەسەریان نەبووبێت. بەپێچەوانەوە ئەم دوو حزبە هەموو گووشار و بەرژەوەندییەکی ناوخۆییان بەلاوە ناوە و شەڕیان لەگەڵ

یەکتر کردووە، هەرلەشەڕی گەرمی تۆپ و هاواناتی چیا و شارەکانەوە تا ڕکەبەریی و جەنگی ساردی ناشەریفانە. هەڵبەتە پارتی و یەکێتی هەرگیز هێندەی ئەمڕۆ لاواز نەبوون، بەقەدەر بەهێزییان لە ڕووی ئابووری و سەربازیی وچەك وچۆڵەوە لاوازبوون لە ڕووی پێگەی جەماوەریی و متمانەوە. وایدەبینم ڕێکەوتنی ستراتیجی فۆرمێکی تازەیە لە ڕێککەوتن بەمەبەستی دابەشکردنی داهات و لووشدانی بەشی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق.

دەسەڵاتدارانی کوردستان ناچارن لەژێر گوشاری ئەمەریکادا جارێکی دیکە هەڵبژاردن سازبدەنەوە، ترس لە دۆڕان و هاتنە کایەی ئەڵتەرناتیڤی تر وەك جێگرەوەیان وایلێکردوون زۆر جیاوازیی قووڵ و لەمێژینەیان بەلاوە بنێن و لەهەندێ دەستکەوتی باری لەیەکتر جیایی و دوورو دۆستیان وازبهێنن و لەپێناوی سەربڕینی هێزی سێیەم و مانەوەی هەمیشەییان لە کورسی حکومدارییدا مینا خومەینی جامە ژەهری ڕێککەوتن و لێك نێزیکبوونەوە هەڵقوڕێنن. پاشان دەپرسم: پارتی و یەکێتی کەنگێ پەرۆشی گەشەکردنی کوردستان بوون تا ئەمڕۆ بە یەك لیستی خزمەت بەونۆژەنکردنەوە و گەشەسەندنە بکەن؟ ئایا گەشەکردنی کوردستان گۆڕینی مرۆڤی کوردە بە تاکێکی بەکاربەری دژی بەرهەمهێنان و کارو جووڵە؟، ئایا گەشەکردن دروستکردنی ئەو دارمانە گەورەیەیە لە بواری ئابووری و سیاسیی و فەرهەنگی لە کوردستاندا دروستیان کردووە؟.

ئەگەرئەوان دەیانەوێ کوردستان گەشە بکات با دەسەڵاتی بنەماڵەکان کورت بکەنەوە، با کۆتایی بهێنن بە دەستگرتن بەسەر چاوگی ئابووریدا، با حزب جێگەی یاسا و دادگا نەگرێتەوە، با دەزگانی زانیاریی و پاراستن هەڵبوەشێننەوە، با گەندەڵی بنەبڕ بکەن، با ڕۆتین لەناو ببەن، با

ئازادیی و ماف بپارێزن، با فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردستانی لە فەوتان ڕزگار بکەن، با شوێنەوارەکانی کوردستان لەدەستی هاکەرەکانی شوێنەوار بپارێزن، با جوگرافیای کوردستان بپارێزن، با زمانی کوردیی گەشە پێبدەن، با زانکۆکان پڕ بکەن لەمەعریفە، با یاسا سەروەر بێت.

ئەمانە کۆمەڵگە گەشە پێدەدەن و دەیبوژێننەوە نەك یەك لیستی و یەکرەنگی, ئێمە نەمانووت مادام لەعێراق یەك لیست و یەکگرتوون لە کوردستانیش هەروا، نەمانووت لەعێراق چیتانکرد لە کوردستانیش بیکەن، نەمانووت یەکگرتن بەمانای تێکەڵاوبوونە، ئاخر هیچ کات مەبەستمان لە چەمکی یەکگرتن توانەوە نەبووە لەناو یەکدیدا، بەقەدەر ئەوەی یەکگرتن یەکگرتوویی گووتار و هەڵوێستی گرتووەتەوە. هەر زۆر بەکورتی ئەم یەك لیستییەی پارتی و یەکێتی خزمەت بە هیچ کوردستانییەك ناکات جگە لە بەرژەوەندیی دوو زلحزبەکە، بەرژەوەندیی دوو زلحزبەکەش بۆ دەستەیەکی زۆر سنووردار و کەمی خەڵکە و خوێ لەبنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و ئەندامانی بیرۆی سیاسیی و سەرکردایەتییەکاندا دەبینێتەوە و هیچی تر.

**ئیسلام پەیك: بەرای بەڕێزتان بۆچی دیموکراتیەت لە کوردستان بووەتە مەزاج؟ واتە نە بەیاسا کارەکان دەکرێن نە بە پرنسیپەکانی دیموکراسی. بۆ نموونە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەساڵی ٢٠٠٠ەوە کراوە تا ئێستا کاری پێدەکرێت و نەگۆڕاون، ئەنجوومەنی پارێزگا نە ئەوەیە هەڵوەشێنرێتەوە نە ئەوەیە دەسەڵاتی پێ بدرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: تا رۆژی ئەمڕۆمان لە کوردستان دیموکراسی بوونی نەبووە و نییە تا بەمەزاج بێت، چوونکە ئەگەر بەمەزاج بێت دەبێت لە هەندێك کاتدا دیموکراسی بوونی هەبێت، بەپێچەوانەوە مەزاجی دەسەڵاتی سیاسیی لەکوردستان یەك مەزاجی چەسپیوی دیکتاتۆرییە و بەموو

لێی لانەداوە. ئاخر دیموکراسی چییە؟ ئایا گردەمژەیە؟ بازاڕی هەمەجی و بێسەروبەری بەناو ئازادی ئەمڕۆیە؟ تەلاری بەرپرسان یان قەدەغەکردنی درامای ئاریایە؟ فەلاقەکردنی نەبەزگۆران یان فڕاندنی ئەحمەد میرەیە؟ سەرکوتی خۆپیشاندان یان تیرۆری شاعیرێکی وەك (بەکر عەلی)یە؟ زیندانەکانی پاراستن و زانیاریی یان ژوورە تاکە کەسییەکانی ئاسایشە؟ ئایا دیموکراسی زیندووکردنەوەی هۆز و عەشیرەتە؟ دزی و راوڕووتی هەمیشەیی بەرپرسانە؟ پەرلەمانێکی لاڵ و کەڕەمسۆیە؟ وەزارەتە بێ دەسەڵات و عەنتیکەکانە؟ لێدوانە زبرەکانی سەرۆکەکانە؟ قەدەغەکردنی حزبە بەرهەڵستکارەکان و تیرۆرکردنی کۆمۆنیستەکانە؟ فرەژنی و کوشتنی دوعا و شەوبۆکانە؟.

ئازیزم من و تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، پارتەکان دەستیان گرتووە بەسەر هەرسێ دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و مەعریفیدا، لە کوردستان هاووڵاتیان بەخێر و مینا مریشك دانیان بۆ رۆ دەکرێ، هەر تیکە و ژەمە خواردنێك لەبری سەرنەویکردنێکە بۆ حزب، پاروە نان پاشکۆی ملکەچییە. لە کۆمەڵی کوردستاندا بەهیچ کلۆجێك دیموکراسی بوونی نییە تا مەزاج بیکاتە بارانی بەهار و تاوتاو دابکات، رەنگە گرنگترین توخمی دیموکراسی دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و فەراهەمکردنی ئازادییەکان بێت، بەڵام لەکوردستان ئەمە کوا؟ پرسیارەکە پێچەوانە دەکەمەوە و لێتان دەپرسم کوا دیموکراسی؟ کوا نیشانەکان و رەنگدانەوەکانی بۆ منی دەستنیشان بکەن؟. هزرمەندی هیندیی هاوچەرخ (ئارماتیاسن) وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئابووری دەبێژێت (دیموکراسییەت و گفتوگۆ دووڕووی دراوێکن)، بەڵام لەکوردستان دەسەڵاتی سیاسیی و دەم قفڵدان دوو دیوی قەڵبی دراوێکن، دووڕووی زۆر ناشرینی واقیعەتێکن.

لەکاتێکدا پرسیاری دیموکراسیبوونی دەسەڵاتی کوردیم لێدەکرێت خەیاڵم لای ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە چی جیاوازە لە بەعس؟ تا چەند بەعسی تێپەڕاندووە؟ بەداخەوە ئەنجامی هەموو ئەوانەی لێرە لەکوردستان روو دەدەن پێمان دەڵێن دەسەڵاتی کوردیی بەعسێکی کوردێنراوە، بەعسە لەزەمەنێکی جیاوازدا، بەعسە بەبێ سەدام حسێن و بێ چەکی کیمیایی و دەوڵەت. زۆرجاربگرە هەزاران جاریش بیرم لەوە کردووەتەوە بەعس لەوەدا لە دەسەڵاتی کوردیی باشتربوو بانگەشەی دیموکراسییەتی نەدەکرد، بەعس بەڕاشکاویی ددانی بە حکومی دیکتاتۆریانەیدا دەنا. لێ حکوومەتی هەرێم بەوێنەی شاعیرە دەربارەکان بەشان و شکۆی بەتاڵ و ناوی زل و دێی وێرانی دیموکراسییەتەکەی خۆیدا هەڵدەدات تا سنووری جاڕس و کاسکردنی دنیا.

فرێد هالیدی دەنوسێت (ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ خێزانەکەمدا سەفەری عێراقم کرد، لەوێ سەردانی کۆلێژی یاسا و سیاسەتم کرد کە بە کۆلێژی سەدام حسێن ناونرابوو، لەبارەگای حزبی بەعس چاومان بەهەندێك لە بەرپرسان کەوت، چاوم کەوت بە بەرپرسێکی سەرکردایەتی هەرێمی.. لەوێ کەوتینە گفتوگۆ لەبارەی دیموکراتییەوە، وەك دەزانین ئازادیی دووەمین دروشمی حزبی بەعسە، ئەو بەرپرسە بانگەشەی ئەوەی نەکرد ئەوان لەعێراقدا دیموکراسی پەیڕەو دەکەن، هاوکات وەك بەرپرسانی رژێمە کۆمۆنیستەکانیش نەیووت: کرێکارەکانمان ئازادن، ژنانمان ئازادن، هۆزەکانمان ئازادن، ئەوراشکاوانە وتی: ئێمە دیکتاتۆرییەت پیادە دەکەین، وتم بۆچی ئێوە پێویستیتان بە دیکتاتۆرییەتە؟ لەوەڵامدا وتی: وڵاتێکی تازە پێگەیشتووین و کێشەی زۆرمان هەیە و ناتوانین دیموکراسییەت پەیڕەو بکەین).

بەعس دیکتاتۆریی بوو وتی من دیکتاتۆریم و دیموکراسی پیادە ناکەم، هیتلەرنازی بوو وتی من دوژمنی باوەکوژی دیموکراتیم، مۆسۆلینی فاشیست بوو تادوا هەناسە دژی دیموکراسیەت تێکۆشا، ستالین کۆمۆنیست بوو تا مەرگ خەونی لەناوبردنی دیموکراسی بەناو دەمارەکانیدا دەگەڕا، ئوسامە موسڵمانێکی توندڕەوە و خەونی لەباربردن و لەناوبردنی دیموکراسی خۆرئاوایی لە کەللەیدایە. هەرچی دەسەڵاتی کوردیشە دیکتاتۆریی و ستەمکارییە و لاف و گەزافی دیموکراسیەت لێدەدات. ئەوانەشی وا بیردەکەنەوە لەبەرامبەردەسەڵاتی کوردییدا بێ سۆزم و موبالەغە دەکەم لەتاوانبارکردنیدا، بابڕۆن راپۆرتەکانی یۆنامی لەسەرسەرکوتی ئازادیی رادەبڕین و راپۆرتی (هیومەن رایتس ووۆچ) لەمەڕ ئەشکەنجەدانی زیندانییەکانی کوردستان و راپۆرتەکانی واشنتۆن پۆست و نیۆرك تایمز لەبارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاك و گشت لە کوردستاندا بخوێننەوە، هەرئەم بەڵگە و راپۆرتانە بەسن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کوردیی بە دەسەڵاتێکی نادیموکراتی و سەرکوتگەرلەقەڵەم بدەین.

**ئیسلام پەیك: بۆچی متمانەی نیشتمانپەروەریی و کاری هاوبەش تا ئێستا دروست نەبووە لەنێو هەردوو حزبی دەسەڵات و حزبە ئیسلامییەکان؟ هەروەك لەزۆرێك لە وڵاتاندا دەبینرێت نەتەوەییەکان و ئیسلامییەکان هەمیشە لە ئیستراتیجییەتدا یەك ئاڕاستەن وەك یەمەن و پاکستان، ئایا هۆکەی حیساب بۆ نەکردنی هەردوو حزبی دەسەڵاتە یان لاوازیی دیپلۆماسییەتی ئیسلامییەکان؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەرلەهەموو شتێك نازانم ئیسلام وەك ئاین پارتی سیاسی بۆچییە؟ ئیسلامێك زێدەتر لەیەك ملیار شوێنکەوتووی هەبێت، دەبێت لەچی بترسێ و بۆچی ترسی لەناوچوونی هەبێت تا حزبی ئیسلامی

وەك پارێزگاری ئەو ئاینە بێتە سەر شانۆی کارکردن؟ ئیسلامێك بەو مێژوو و هەموو شوێنکەوتووەوە ئەگەر بە کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و دراماکەی هادی مەهدی و قەسیدەکەی شێرکۆ بێکەس لەناو دەچێ، دەی حەفتا بەردی لەدوو بێت و هەرلێرەوە ئەلفاتیحە. ئەگەر ئیسلام مینا ئاینێك هێزی ئەوەی تیا نەماوە لەدنیای هاوچەرخدا بمێنێتەوە و خۆی ڕابگرێ، یەك ملیۆن حزبی ئیسلامیش هەبن ناتوانن بیهێڵنەوە، دنیای هاوچەرخیش دنیای یەك تاکە ڕەنگ و دەنگ نییە دنیایەکی فرە دەنگ و ڕەنگە. هەنێرز وتەنی (مرۆڤ پێی ناوەتە ئەو جیهانەی وەك مۆزایکێکی کولتوورییە و پێکهاتووە لە چەندین لەت و کوتی جیا لەیەکتری).

ئیسلام ڕەنگێکی ئەم جیهانەیە نەك هەموو ڕەنگەکانی، ئیسلام تاکە دەنگێکە نەك هەموو سەداکان، ئەو نیەتەی حزبە ئیسلامییەکان هەیانە بۆ دروستکردنی یەك دنیای نموونەیی ئیسلامی شکستخواردوو دەبێت بەو پێیەی ژیان و جیهانی نوێ ئەم ڕوانینەی پێ هەرەس ناکرێت و بەهیچ کلۆجێك قبوڵی ناکات، هەروەك چۆن نازیزم و هیتلەریزم تیۆری لەقاڵبدانی دنیابوو لەسەر شێوە ئایدۆلۆژیایەك، حزبە ئیسلامییەکانیش بەنیازی لەقاڵبدانی مرۆڤایەتین لەسەریەك شێوە توخم و ئاین، ئەمە نابێت ڕووبدات ئەگەر ڕوویدا، دیاری دەستی بۆ مرۆڤایەتی ستەمکاریی دەبێت.

پاشان لە کوردستان نەریتی یەکتر قبوڵکردن نامۆ و نەناسراو و جێنەکەوتووە، هەموو خەونی ئیسلامییەك لە ڕووخانی عەلمانیەت و بنیادنانی دەوڵەتی خەلافەتدا کۆبووەتەوە، هەرچی دەسەڵاتدارە بەناو عەلمانییەکانیشن کورسی دەسەڵاتیان تاپۆکردووە و ڕێگە نادەن هیچ مەیل و لایەنێکی تر هەوڵی بۆ بدات، بەڵکو هەموو لایەك قایلکراون پارتی و یەکێتی حاکمی هەتاهەتایی و ئەوانی دیکەش شاگرد و هاوکاریان بن. ئیسلامییەکانی

کوردستان نەك لە سیاسەتدا لاوازن و لە هونەرەکانی دیپلۆماتیدا کۆڵەوارن، هەمیشە هەوڵیانداوە لەڕێی توندوتیژیی و میکانیزمی هاوشێوە بگەنە دەسەڵاتی سیاسیی یان مامەڵە لەگەڵ دوو زلحزبەکە بکەن.

د.ئەمیل شوکرەڵڵا دەنووسێت (بەداخەوە دەبینین لەعەقڵی عەرەبیدا بەرەنگاریی سەربازیی و چەکدارانە تاکە مۆدیلی بەرەنگارییە و چەمکەکانی هێزی دانوستان و بەدەستهێنانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی لێ ون بووە). عەقڵی کوردیی وەك ئەوەی لەپەراسووی چەپی عەقڵی عەرەبییەوە هاتبێتە دەرێ، هەمیشە میکانیزمی جەنگی لە سەرەتای پرسی سیاسەتکردن و پرسە یەکلاکەرەوەکانی ترداناوە، پارتی و یەکێتی لەکاتی هەبوونی هەرمەترسییەکی گەورە یان بچووك پەنا دەبەنە بەرسەرکوت، دەستیان لەسەرمیلی چەکەکانیان داناوە و لە ئامادەباشیدان تا دەستەڕێژ لەئۆپۆزیسیۆن بکەن جا بائەو ئۆپۆزیسیۆنە بەڕێگە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکانیش کاربکات و هەنگاو هەڵبگرێت.

حزبە ئیسلامییەکان خراپترلەپارتی و یەکێتی هەتا پێیان کرا لەهەورامان و خورماڵ و هەڵەبجە شەڕیان کرد و حکوومەتی تاڵیبان و ئەمارەتی ئیسلامیان دامەزراند، هەرکە کەوتنە لاوازییەوە هاتن بوون بەشەریکی پارتی و یەکێتی، هەربۆیە حزبە ئیسلامییەکان ئێستا هیچیان بەرهەڵستکار نین بگرە بەشدارو هاوبەشن لەدەسەڵاتدا و شانیان خاڵی نییە لەوەی لەکوردستاندا لەگەندەڵی و ناعەدالەتی و نادیموکراسیدا روو دەدات. لەو قۆناغەشی ئۆپۆزیسیۆن بوون خراپترین جۆری بەرهەڵستکاری سیاسیی بوون و یاریکەرێکی ناشارەزا و کوشندە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا تا موشەك و تۆپی ئەمەریکا بەسەریاندا نەباری دەستبەرداری هەڵکەندنی خەندەقەکانی جەنگ و خۆقایم و چەکدارکردن و وتاری ئاگرین نەبوون.

هەر د.ئەمیل شوكرەڵڵا دەنووسێت (پێویستە هێزی بەرهەڵستكار دان بەو ڕاستییەدا بنێت هەڵەی كردووە و لە ڕەوتی ڕاست لایداوە، سەرباری ئەمەش دەبێ ڕەوتی كاركردن ڕاست بكاتەوە). حزبە ئیسلامییەكان نەك نەهاتن چەوتییەكانی پێشان ڕاست بكەنەوە، بەڵكو ئەو هەڕەشانەی لەڕابردوودا لەدەسەڵاتیان دەكرد گواستیانەوە بۆ ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەكان و ڕۆژنامەنووسان. ئیسلامییەكان نەیانتوانی و نەیانوێرا یەك دانە ڕێپێوان بكەن دژی نەبوونی كارەبا و سووتەمەنی و خزمەتگوزارییەكان، كەچی هەزاران كەسیان كۆكردەوە بۆ دژایەتیكردنی مەریوان هەڵەبجەیی كە كتێبی نووسیبوو نەك سەنگەری گرتبێت. ئیسلامییەكانی كوردستان نەهاتن داكۆكی لە ئازادیی بیروڕا و عەقیدە بكەن، بەڵكو بوونە كوتەكی دەستی پارتی و یەكێتی بۆ سانسۆری ئازادیی، نەهاتن داكۆكیی لە ناموسڵمان، لە نائیسلامییەكی ستەملێكراو بكەن چوونكە تووشی نەخۆشی ئایدۆلۆژیی و وشك و برینگی بیركردنەوە بوون.

بۆوێنە ئەزكەسێكی عەلمانیم، بەڵام یەكێك لەوكەسانە بووم لەبەرامبەرتیرۆركردنی (مەلا عەبدوڵڵای قەسرێ) لەزاڵگەی تاسڵوجە (ساڵی ٢٠٠٣) دەنگم هەڵبڕی و نووسیم: ئەگەرناوبراو تاوانبارە دادگا هەیە تیایدا دادگایی بكرێت ئەگەرنا ئەوە كردەوەیەكی تیرۆریستی رووتە، جگە لەمەش ساتێك (ئەحمەد میرە)ی سەرنووسەری لڤین لەلایەن ئاسایشی (یەكێتی)یەوە فڕێنرا لەریزی پێشەوەی ئەوكەسانە بووم هەڵوێستمان نیشاندا! خەڵكانێك هاتن وتیان تۆ موسڵمان نیت ئەم هەڵوێستانەت لەپای چی و بۆچی داكۆكی لە ئیسلامی دەكەیت؟!. وتم ئەم هەڵوێستانە پشتگیریی نین بۆیەكگرتوو یان ئیسلامی سیاسیی، نا بۆ داكۆكیكردنن لە ئازادیی، ڕێگە نادەم پێم بوترێت نووسەر و لەبەرچاوم سەرنووسەری گۆڤارێك بفرێنن،

جا هەقم نییە بەوەی کەسەکە ئیسلامی یان کۆمۆنیستە، تا ئەو جێگەیەی پەیوەندیی بە منەوەیە ئەوەیە، دژی سەرکوتی ئازادیی و دژی سانسۆرم.

لە کوردستان هەر ئیسلامییەك (تەنیا لەسەر تیرۆر نەبێت) گیرا بێت نووسەرە عەلمانییەکان داکۆکیان لێکردووە، بەڵام کوا هەڵوێستی پێچەوانە؟ بۆچی حزبە ئیسلامییەکان لەبەرامبەر تیرۆرکردنی کۆمۆنیستەکانی سلێمانی (ساڵی ٢٠٠٠) ورتەیان لێوە نەهات؟ ئەم بێدەنگییە نیشانەی رازی بوون و خۆشحاڵی بوو! ئاخر کوشتنی کۆمۆنیستەکان ئەڵقەی یەکەمی زنجیرە رووداوێك بوو یان سەرەتای زنجیرەیەك رووداو بوو کە سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی لەبادینان بەدەمەوە بوو! کورد وتەنی ئەمڕۆ لەمنە سبەینێ لەتۆ. ئەدۆنیس دەنووسێت (تەنانەت ئەو ئازادییەی داخوازییەکی سەرەکییە بۆ کرداری داهێنان و رۆشنبیری، رۆشنبیرە عەرەبەکان لەسەری رێك ناکەون، بەڵکو گەلێك مارکسیستی عەرەب هەن هەست بە بەختیاریی و خۆشی دەکەن ئەگەر رۆشنبیرەکانی دیکە گیران). حاڵەتی کوردستان هەمان شتە و بوونی هەر یەکێکمان لەسەر نەفیکردنی دیتران راوەستاوە، ئێمە کاتێك هەین بەرامبەرەکانمان بسڕینەوە، کەوابوو ئێمە بوونێکی نێگەتیڤ و نەگونجاومان هەیە. دەکرێت پوختەی وەڵامەکەمم لەوەدا چڕ بکەمەوە، پارتی و یەکێتی دوو حزبی فاشیستن و ئیسلامییەکانیش توندڕەوو تیرۆریست، تیرۆر تەنیا مانای کوشتن و تەقاندنەوە نابەخشێ، دەشێ تیرۆر لە وتاری رۆژنامەدا خۆی ببینێتەوە هەروەك چۆن دەشێ وتارێکی رۆژی هەینی یان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بێت.

**ئیسلام پەیك: دەستوور لە رۆژی ٢٠٠٧\٤\١ خرایە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری بەرای جەنابتان مافی جەماوەر نییە ریفراندۆمی بۆ بکات نەك لە نێوان حزبەکاندا بە تەوافق پەسەندی بکەن کە**

**دەستوور شناسنامەی میللەتە و پەیڕەو پرۆگرامی حزبی نییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: دروست وایە، پێویست دەکات بۆ هەر پرسێکی چارەنووسسازیان پەیوەست بە ژیانی گشتەوە ریفراندۆم سازبدرێت تا تێکڕای جەماوەر بە کۆدەنگی بڕیاری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەربدەن. پێموایە پارتی و یەکێتی راپرسی بۆ دەنگدان لەسەرئەم دەستووره سازدەدەن، بەڵام جەوهەری مەسەلەکە لەوێیە: دەستووری کوردستان چی لەخۆ گرتووە؟ دەستووری کوردستان تاچەندێ پارێزەری ماف و ئازادییەکانی تاك و گشتە؟ پێگەی مرۆڤ لەم دەستوورەدا لەکوێیە؟ کارەساتەکە لەوەدایە ئەو رەشنووسەی دەستوورکە دەستی من کەوتووە و خوێندومەتەوە سەرلەبەری پارادۆکس و هاودژییە، لەلایەك دڵداریکردنە لەگەڵ دەستوور و پێکهاتەکانی ناو عێراق لەلایەکی ترەوە پانتاییەکە بۆ دڵڕاگرتنی ئەمەریکا و دەوڵەتانی ناوچەیی.

ئەوە دەستوور نییە کێ هێز و جەماوەری هەبوو بەو ئەندازەیە بیروباوەڕ و ئەجینداکانی بخاتە ناویەوە و بیسەپێنێت بەسەر ئەویتری لاوازدا، دەستووری هەرێم نە دەستوورە دەستوور بێت نە حکومی قەرەقووشییە حکومی قەرەقووشی بێت، بەبڕوای من هیچی تر نییە جگە لە کەرتەلۆکی کارو یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستم و دەسەڵاتی سیاسیی، ئیدی ماف و ئازادیی خەڵك، چارەنووسی بۆ جەحیم و ئاگری دۆزەخ. دەمەوێت بشڵێم ئەگەر دەنگدانیشی لەسەرنەکەن چی روودەدات؟ ئایا خۆپیشاندان شەقام و کوچە و کۆڵانی شارەکان دادەپۆشێ؟ بێگومان نەخێر، ئازیزم مرۆڤی کورد هێشتا بۆورگی و تێرکردنی رەمەکی سێکس دەژی و ئەلفوبای ماف و ئەرکەکانی نازانێ و هەقی نییە دنیا چی تێدلیە و سیاسەت چۆن دەیهاڕێت، مرۆڤی کورد مرۆڤێکی بێ هەڵوێست و بێ ئیرادە و کۆیلەیە.

ئەدۆنیس وتی (پێکهاتەی بنەڕەتی کۆمەڵگەی عەرەبی کۆیلایەتییە نەك ئازادیی) بناغە و پێکهێنەرە بنچینەییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش کۆیلایەتی و بەندایەتیکردنە نەك شتێکی تر.

**ئیسلام پەیك: ئایا ئەلقاعیدە بۆ رووی کردە کوردستان کە ماوەیەك پێش ئێستا وەك بنکەیەکی ئارام و ئاسایش وابوو؟ هۆکەی بۆ نەبوونی سیاسەت و دووربینیی سەرکردە سیاسییەکان یان لاوازیی نەخشەی ئەمنیی یان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پەیامێکە ئێران بۆ دەسەڵاتی دەنێرێ؟ یان شەڕی ساردی هەردوو حزبی دەسەڵاتە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەمەڕبابەتی سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و رێکخراوی ئەلقاعیدە لە کوردستان، سێ گریمانە دەخەمە روو کە بەمجۆرە دەستنیشانی دەکەم:

یەکەم- دروستبوونی بۆشایی لەنێوان خەڵك ودەسەڵات: تا دێت بۆشایی لەنێوان خەڵك و دەسەڵات دروست دەبێت لەبەرئەوەی هەریەکەیان لە فەلەکێکی تایبەت و دوور لەیەکتر مارەسەی ژیان دەکەن. کاتژمێر لەدوای کاتژمێر، چرکە لەدوای چرکە ئەم بۆشاییە فراوانتر و گەورەتر دەبێت، تا ئەم کەلێنەش لەئارادا بێت ئاسایشی نەتەوەیی زێدەتر لەمەترسیدا دەبێت و باشتر بوار دەرەخسێنێت بۆ تێکدانی رەوشی ئاسایش و ئارامیی و سەردەرهێنانی بزووتنەوە و شانە و گروپی ناجۆر و نەخوازراو. ئەو بۆشاییەی ئەمڕۆ لە کوردستان لەنێوان دەسەڵاتداران و بێدەسەڵاتاندا دروست بووە یارمەتی هەربزووتنەوەیەکی یاخیبوو دەدات، ئەگەررەوشەکەش وەك خۆی بمێنێتەوە رەنگە قورسایی ئەو گروهانە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو زیاد بکات.

دووەم- کۆماری ئیسلامی ئێران: دەبینین دوای هەڕەشەکردن لەکۆماری

ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە، ئێران کەوتووەتە بەکارهێنانی کارتەکانی لەدژی ئەمەریکا و دەیەوێت پیشانی بدات دەتوانێت شکست بە پلانەکانی ئەمەریکا بهێنێت بەتایبەتی لەعێراقدا، دەشێ چالاککردن و زیندوو کردنەوەی ئەلقاعیدە لە باشووری کوردستان کە تاکە ناوچەی ئارامی عێراقە بەشێك بێت لەهەمان ئەجیندا و بچێتە چێوەی پلانی ئێران لەدژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی کە کوردەکانی باشووریەکێکیانە.

سێیەم- خۆڕێکخستنەوە: دوای هەڵکەندنی بنکە و بارەگاکانی ئەنسارولئیسلام لە هەورامان و پرۆسەی کێوماڵ وراوە دونانیان، ماوەیەکی زۆری ویست تا توانیان سەرلەنوێ خۆیان ڕێکبخەنەوە بەدیاریکراویی دوای ئەوەی بەشی هەرە زۆری سەرکردە و ئەمیرەکانیان بەجۆرێ لە جۆرەکان تیاچوون. ڕەنگبێ ئەم سێ هۆکارە لەپاڵ هەندێك فاکتۆری تری لاوەکی یارمەتیدەربن بۆ هاتنەوە مەیدانی ئەلقاعیدە لەکوردستان، هەرچەندە ئەو بوونە زۆر لاوازە و هەڕەشەیەکی زۆرترسناك نییە، بەڵام ترسی ئەوەی لێدەکرێ لەئایندەدا دیسان وەك هەڕەشەیەکی جیددی زیندوو بێتەوە.

**ئیسلام پەیك: ئایا هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان (یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی) کوردستان بە تەواوەتی پرنسیپ و بنەماکانی دیموکراسییەتیان جێبەجێ کردووە لە کوردستان و دەتوانین بە حکوومەتی هەرێمی یەکگرتوو بڵێین حکوومەتی دیموکراسی؟.**

ستیڤان شەمزینی: هەرگیزاو هەرگیز ناتوانین ئەم دەسەڵاتە کارتۆنییەی لە کوردستان هەیە بەدیموکراسی ناوزەد بکەین، دیموکراسی دنیابینی و بەرخودێکە لە ئەلفەوە تا یێ دژی ئەم دەسەڵاتەیە. دەتوانین بە حکوومەتی هەرێم بڵێین حکوومەتی ناعەدالەتی و گەندەڵی، دەتوانین پێی بڵێین حکوومەتی فەرهود و دامودەزگای تالانی، دەتوانین بە حکوومەتی

تۆتالیتاریی، مۆبۆکراسی، فاشی، دیکتاتۆریی بەحیسابی بهێنین بەڵام دیموکراتی نا، دەتوانین بەهەموو شتێك لەقەڵەمی بدەین تەنیا و تەنیا دیموکراتی نەبێت. لەلای ئەزلایەقترین ناو بۆی حکوومەتی گەندەڵییە، چوون گەندەڵی سیما و رووخساری سەرەتا و کۆتاییەتی.

ماکس ڤێبەر دەڵێت (دەسەڵات بەدوو رێگا گەندەڵ دەبێت، یەکەمیان گۆڕینی دەسەڵات بۆ رۆتین و ئەوی دیکەش گۆڕینێتی بۆ دەسەڵاتێکی ستەمکار). حکوومەتی هەرێم بێ سێ و دوو هەردوو رێگەکەی گرتووەتە بەر و بووەتە گەندەڵێکی خاڵیس و عەیارە بیست و چوار. ئەوەی لەکۆتاییدا پێویستە بیڵێم، بیرهێنانەوەیەکی مێژووییە. (ناپلیۆن) بەسواری ئەسپەکەیەوە و لەکاتی جەنگەکاندا دەیوت (ئەوەی بەلامەوە سەرەکییە، فەڕەنسا بەرلە هەموو شت). لێ بەداخەوە دوای دووسەدە و زیاتر سەرکردەکانی کورد دەڵێن ئەوەی بەلامانەوە سەرەکییە پێش هەرشتێك گیرفان، گەندەڵی، ڤێلا، دۆلار، پۆست و پارە، فرەژنی و سوپەرمارکێت ..تاد. ناوی کوردستان و بنیادنانی دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا لە کوللەکەی تەرپشدا نەماوە و هەربووە بە عەیبە.

*ئەم دیمانەیە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ لە سایتی «ئیسلام پەیك» بڵاوکراوەتەوە.

# پێگەی ئاین لە دەستووردا و پرسی سکۆلاریزم

دیمانە: سەلاحەدین بایەزیدی

بەمەبەستی گۆڕینی بەندی حەوتی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئاینی ئیسلامی کردۆتە ئاینی فەرمی. کەمپینێك لە ئاستی کوردستان و دەرەوەی وڵات دەستپێکردووە وتا ئێستا بە سەدان نووسەرو هونەرمەند و رۆژنامەنووس پشتیوانی خۆیان بۆکەمپینەکە دەربڕیوە و لایەنگری خۆیان بۆ دەستوورێکی عەلمانی نیشان داە. رێنیسانس بەپێویستیزانی دیدارێك لەگەڵ ستیڤان شەمزینی وتەبێژی کەمپینەکە سازبدات.

**رێنیسانس: سەرەتا باسی کەمپینەکە بکە کە دەستتان پێکردووە، تائێستا چەند واژۆتان کۆکردۆتەوە و چۆن پێشوازیی لێکراوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: هەڵبەتە ئەم کەمپینە نێونەتەوەییە مەیدانێکی گرنگی چالاکی و کارکردنە تاوەکو ناسنامەی ئیسلامێتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا نەسەپێنرێت، ئەم کەمپینە بە دیاریکراویی میحوەری کارکردنی بۆگۆڕینی بەندی حەوتی رەشنووسی دەستووری کوردستانە. کە لەوێدا

جەخت کراوەتەوە لەسەر ئیسلامێتی خەڵکی کوردستان و شەریعەتی ئیسلامی وەك کوتاڵێك بەبەری تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستاندا دووراوە، لە کاتێکدا هەموومان ئەوراستییە دەزانین لەکوردستان پەیڕەوکارانی ئاینەکانی تری وەك کریستیانی و یەزیدیی و کاکەیی و هتد.. دەژین، ئەمە جگە لەژمارەیەکی بەرچاو لەخەڵکی بێ ئاین و ئاتەئیست.

بۆ ئێمە جێگەی قبوڵ نەبوو ئەم ناسنامەیە داسەپێنرێت بەسەر هاووڵاتیاندا بۆیە هەڵوێستمان وەرگرت و بڕیارماندا لەدژی هەڵسوڕانی سیاسیی و مەدەنی ئەنجام بدەین. سەبارەت بەچالاکییەکانی کەمپین زۆر چالاکی کراوە بەتایبەت لەدەرەوەی وڵات، ئەویش لەپەیوەندیکردن بەرێکخراوە NGOکان و چەپەکانی دنیا و سازدانی پانێل و سیمینارو کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت و هەڵمەتی واژۆ کۆکردنەوە، لەداهاتوودا و پێش داخستنی دەرگای تێبینی و سەرنجەکان لەسەر دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەرو لەئاستی جەماوەرییدا کار دەکەین.

**رێنیسانس: بۆچی گرنگە دین لەدەسەڵات جیابکرێتەوە؟ ئایا بەلێك جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت دەتوانین کۆمەڵگەیەکی سکۆلارئاوا بکەین؟.**

ستیڤان شەمزینی: بێگومان هەر دەوڵەتێك لەسەر ناسنامەیەکی ئاینی یان ئیتنیکی یان نەتەوەیی دیاریکراو هەڵچنراوبوو، بێ سێ و دوو لێکردن دەوڵەتێکی ستەمکارە و سەربەستی و ئازادیی مرۆڤەکانی تیادا کۆنترۆڵ کراوە. بە ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە دەوڵەتە تیۆکراتییەکان لەمێژوودا خراپترین و سەرکوتکەرترین جۆرەکانی دەوڵەت بوون و زۆرترین سەرکوتی ئاینی و ئایدۆلۆژییان تێدا بەڕێوە چووە. گرنگی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت

لەوەدایە دەوڵەت دەگێڕێتەوە بۆ سەرجەوهەرە راستەقینەکەی. عەلمانیەت تاکە مەرج و زامنی پێکەوە گونجانی خەڵکانە بە جیاوازییەکانیانەوە، چوون عەلمانیەت چیتر نییە جگە لە رووەکەی تری دیموکراسی، دیموکراسیش تا رۆژی ئەمڕۆمان تاکە سیستم بووە زۆرترین ئازادیی و مافی بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەرکردووە، لێ دیموکراسی نموونەیترین سیستم نییە بەڵام بەتاقیکردنەوە سەلماندی تاکە سیستمی سەرکەوتوو بووە لە کاتی ممارەسەکردنیدا.

دیموکراسیەتیش بەبێ عەلمانیەت بوونی نییە، بەباوەڕی خۆم ئەگەر ئێمە بمانەوێ هەنگاوەکانمان بەرەو تەلاری دیموکراسی دەست پێبکەین، یەکێك لەوکارانەی دەبێت لەو نێوەندەدا دەستی بۆ بەرین تەبەنیکردنی سیستمێکی عەلمانییە بەفۆرمێکی لیبراڵ نەك توندڕۆ و رادیکاڵ. چوونکە لەهەندێ لەوڵاتاندا عەلمانیەت هەیە بێ ئەوەی دیموکراسی هەبێت، نموونەی ئەوانە دەوڵەتی تورکیایە، یەکێتی سۆڤێتی جارانیش بەهەمان شێوە. خولاسەی کەلام ئەوەیە بەبێ عەلمانیەت هەموو بانگەشەکانی مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و دیموکراسی و پلورالیزم و ئازادیی دروشمگەلێکی ناوەڕۆك پووچ و گاڵتەجاڕانە دەبن.

**ڕێنیسانس: سیمایەکی ئیسلامی بەسەردەستووری هەرێمی کوردستاندا زاڵە، ئەی ئەو هەموو دروشمە چین سەبارەت بەعەلمانیبوونی هێزە کوردستانییەکان لەسەروو هەموویانەوە پارتی و یەکێتی باسیان لێوە دەکرێ؟.**

ستیڤان شەمزینی: پارتی و یەکێتی (سوپەرمارکێت)یان هەیە و چی لەبازاڕدا خواستی زۆری لەسەربێت و هەڕەمێنی هەبێت ئەوان ئەوکاڵایانە لە جامخانەکانیاندا دادەنێن. ساڵانێکی دوور درێژە بەوردی بەدووی ناسنامەی

پارتی و یەکێتیدا دەگەڕێم، تێنەگەیشتووم ئەمانە چەپن یان ڕاست؟ نازانم عەلمانین یان ئیسلامی؟ نەتەوەیین یان ئوممەمی؟ سۆسیال دیموکراتن یان فاشی؟ ئەو دوو هێزە هیچ ناسنامەیەکی جێگیریان نییە و هیچ ئایدیا و خەتێکی ڕوونیان نییە کاری لەسەر بکەن، بەڵکو کۆمەڵێك بازرگانی نیمچە مافیان و دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی وڵاتدا گرتووە و ژیانی خەڵکیان بە بارمتە گرتووە.

ناکرێت چاوەڕێی ئەم هێزانە لەپێشییانەوە پارتی و یەکێتی بکەین گۆڕانکاریی ئیجابی لەوەزعی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بکەن، ئەوە ئەرکی ئێمەیە وەك خەڵکانی ڕۆشنبیر و چەپ و دیموکراتیخواز و بەئاگا چالاکی بەردەوام لەخۆمان نیشان بدەین. مارکس- ئەنگلز لەپەڕاوی (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)دا دەنووسن (بیروباوەڕەکانی چینی دەسەڵاتدار لەهەردەورانێکدا بیروباوەڕە زاڵەکانن)، ئەگەر ئەم گریمانەیە بەهەند وەربگرین، مادام پارتی و یەکێتی بێ بیروباوەڕ و ناسنامەن خەڵکیش کێشەی ناسنامەیان هەیە، تەنانەت ڕۆژانە میزاجی خەڵکی تووشی هاودژیی دەبێت بەوەی ڕۆژێك شەربەتی عەلمانیەتیان دەرخوارد دەدرێت، دوو ڕۆژی ژاری ئیسلامی، من لەو قەناعەتەدام ئوسامە بن لادن عەلمانی بێت، پارتی و یەکێتی عەلمانی نین. زاڵکردنی سیمای ئیسلامی بەسەر دەستووری کوردستاندا بۆ دڵڕاگرتنی عەرەبە ئیسلامییەکانی عێراقە لەلایەك و بۆ ڕازیکردنی پیاوانی ئاینیی و ئیسلامییە توندڕۆیەکانی کوردستانە لەلاکەی تر.

**ڕێنیسانس: ئەگەر شەریعەتی ئیسلامی ڕۆڵی کارا لەنووسینەوەی دەستووردا بگێڕێ ئایا ئەمە هەڕەشە نییە بۆ سەرمافی غەیرە موسڵمانەکان؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەچاوگکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەدەستووردا

دەستدرێژییە بۆ سەرمافی سەرجەم هاووڵاتیانی کۆمەڵ. ئەگەر چاوێك بخشێنین بەدیرۆکی دەسەڵات و خەلافەتی ئیسلامیدا هەر لە دەسەڵاتی پێغەمبەر محەمەدەوە لەشاری یەسریب تا بەدوا هەناسەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانلی دەگات لەساڵی ١٩٢٤، دەبینین دەوڵەتی ئاینی زۆرترین دەستدرێژیی کردۆتە سەرمافی هەموو ئەوانیتری ناموسڵمان. بۆ ئەوروپاش هەمان شتە، ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە لەمێژووی چاخە تاریکەکانی ناوەڕاست لەرۆژئاوا ئەوراستییە زەقە بەئاشکرا دەبینرێت، دەسەڵاتی کەنیسە زۆرترین ناهەقی کردووە دەرهەق بەهەموو مرۆڤە ناکریستیانەکانی ئەو کیشوەرە.

نموونەی نزیکیش کۆماری ئاخوندەکانی ئێران و دادگا ئیسلامییەکانی سۆماڵ و تاڵیبانەکانی ئەفغانستانە، لەوێ چوونکە شەریعەتی ئیسلامی کراوەتە چاوگی یاسادانان شانۆی ژیان لەو وڵاتەدا لەتاریکترین لەحزەکانی خۆیدایە. دەمەوێ ئەو تێگەیشتنەش راست بکەمەوە بەئیسلامیکردنی دەستوورو دەوڵەت لەکوردستان تەنانەت لەبەرژەوەندیی موسڵمانەکانیشدا نییە، ئەمە جگە لەهەبوونی ژمارەیەکی بێشوومار لەو موسڵمانانەی نایانەوێت ئاینەکەیان تێکەڵاوی سیاسەت و دەوڵەت و ئیدارە بکرێت.

سەد دەر سەد ئەو بیرۆکەیە بەدروست دەزانم کە پێیوایە بەبێ عەلمانیەت هیچ یەکێکمان ناتوانین ئازاد و خۆشبەخت بین، ئەگەرچی دین و باوەڕەکەشمان دین و باوەڕی باڵادەست بێت. هیتلەر چەند لە دەوڵەتە راسیستەکەی حەسایەوە هەر ئەوەندەش موسڵمانەکان لە دەوڵەتە ئاینییەکانیان دەحەسێنەوە. ئازادیی بەبیری ئازاد دێتە دی و شەڕیش بە هزری شەڕئەنگێزیی، ئەدۆنیس وتەنی (چەکێك نییە بۆ ئازادیی تەنیا خودی ئازادیی و ئاشتی خۆی نەبێت). پێموایە عەلمانیەت فەزایەکی ئازادە و هەر

لەبەرئەوەشە دەتوانێت ئازادیی بۆهەمووان دەستەبەربکات جا دیندار بین یان بێ دین.

**رێنیسانس: بەسەرنجدان لەوەی زۆربەی کۆمەڵگەی کوردەواریی موسڵمانە ولەوانەیە ئەم یاسایەیان بەلاوە پەسەند بێت وتەنیا رۆشنبیران ولایەنێك لەدژی ئەوەبن، ئەوکات چی، واتە ئایا ئەم دەستوورە خواستی خودی خەڵك نییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: بۆچوونی من بەپێچەوانەوەیە، لاموانییە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەو موسڵمانە سەلەفییە وشك هەڵاتووە بن بەرگەی فینۆمین و بیرۆکە رۆژئاواییەکان نەگرن لەنێوانیشیاندا چەمکی سکۆلاریزم. هەڵبەتە ئەم دەستەواژەیە (سکۆلاریزم) تاکو ئێستا لە سنوورێکی بەرتەسکدا باسی لێوەکراوە و هۆشیارییەکی جەماوەریمان لەبارەیەوە نییە (ئەمەش سوچی دەستەبژێرورۆشنبیری کوردە). رەوتە ئیسلامییەکان چ لە کوردستان چ لەدنیای ئیسلامیدا هەوڵیانداوە ئەوقەناعەتە بۆ خەڵك بگوازنەوە سکۆلاریزم دژی ماهیەتی ئاینە و پەیامەکەشی بریتییە لە لەناوبردنی ئاین و سەرکوتکردنی بێڕەحمانەی مرۆڤە دیندارەکان. لەکاتێکدا عەلمانیەت لە سادەترین مانادا جیاکردنەوەی دین ودەوڵەتە لەیەکتر، بێگومان گێڕانەوەی رۆڵی ئاینە بۆ نێو پەرستگاکان. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو دیدگایە بەخەڵك بگەیەنین عەلمانیەت بەمانای بێ ئاینی و سەرکوتکردنی موسڵمانەکان نییە، دەتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین و هاوپشتیوانییەکی جەماوەریی بۆ کەمپینەکەمان بەدەست بهێنین و مسۆگەربکەین.

لەراستیشدا ئەوە دەسەڵاتی کوردییە بە تۆپزی ئەوناسنامەیە بەسەرهاووڵاتیانی موتەمەدیندا دەسەپێنێت، ئەگەرنا خەڵك بەزار نەیوتووە عەلمانیم بەڵام رۆژانە ممارەسەی دەکات. ئەم جەماوەرە هەر

لەجلوبەرگەکەیەوە هەتا شێوە هەڵسوکەوتەکەی (نا)یەکی زۆر گەورەی بۆ دەسەڵاتی ئاینیی وتووە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا دەسەڵاتداران و رۆشنبیران لەم مەسجە تێنەگەیشتوون. هەموو ئەمانە لەبەرژەوەندیی ئێمەی لایەنگرانی عەلمانیەتە نەك ئیسلامییەکان، ماوەتەوە زیرەکییەکی وەهامان هەبێت میدیاکان کۆنترۆڵ بکەین و کەرەستەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنین. بەکورتییەکەی باوەڕم وایە خەڵك بایکۆتی دەستوورێك دەکەن ئیسلام فەرز بکات بەسەریاندا نەك دەستوورێکی عەلمانی، بێ ئەوەی حاشا لەوە بکەین زۆربەی ئەم خەڵکانە لە رووی بیروباوەڕەوە موسڵمانن.

**ڕێنیسانس: بەبڕوای تۆ ئەم کەمپینە دەتوانێت میکانیزمێکی گووشار بێت بۆ لێك جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت یان چاوخشاندنەوەیەك بە دەستووردا؟ ئایا حیساب بۆ ئەم دەنگانە دەکرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئامانجمان ئەوەیە و دەمانەوێت گوشارێکی بەهێز بەرێگە مەدەنییەکان دروست بکەین لەسەر دەسەڵاتی کوردستان تاکوو ئەو بەندەی دەستوور بگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گرەنتییەك نییە بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنین، ئەمە کەوتۆتەوە سەر ئەوەی تاچەند دەتوانین بەهێزبین و هەل و ماوەکان بەفیڕۆ نەدەین. ئەگەر ئەمڕۆش بەندی حەوت نەگۆڕێت، هەرنائومێد نابین، بەڵکو کاروانەکە هەربەردەوام دەبێت و خەباتی بێ پشوو دەکەین تاوەکوو کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو کۆمەڵێکی شارستانی ودەسەڵاتەکەشی بۆدەسەڵاتێکی سکۆلاری راستەقینە دەگۆڕین. ئەم خەباتە نە بەسەردەچێت ونە دەخرێتە پەراوێزەوە، خەباتێکی بەردەوام وبێ بچڕانە. لینین لەکاتی خۆیدا وتی (لەماوەی دوو هەزارساڵی پەرەسەندنی فەلسەفەدا خەباتی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزم، بیروڕا فەلسەفییەکانی

دیموکرێت و خەباتی نێوان ئاین و زانست و رەتکردنەوەی راستی و خەباتی زانین و نەزانین کۆن نەبوو).

بەهەمان شێوە ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت تا مێژوویەکی دوورتر، من و هاورێکانم وا بیر دەکەینەوە دوای ئەم کەمپینە (ئەگەر سەرکەوتووش بووین) کاری ئێمە تەواو نابێت تا بچینەوەماڵەکانی خۆمان، بەڵکو مەیدانی خەباتەکەمان فراوانتر دەکەین و دەستکەوتی زیاتر بۆ کۆمەڵگەکەمان بەدەست دەهێنێت. بەکوردییەکەی خەبات دەکەین تا سکۆلاریزم دەچەسپێت و هیچ هەڕەشەیەکی لەسەر نامێنێ، دوای ئەوەش وەك خەڵکانێکی ئاتەئیست (بێ ئاین) کارمان ئەوەیە بیروباوەڕی رۆشنگەرانە و زانستیانە دژ بە خورافە و جاهیلییەت لەناو جەماوەری خەڵکدا بڵاوبکەینەوە. دەمانەوێت ئاگاداریان بکەینەوە ئاین مرۆڤ کۆیلە دەکا و ئازادییەکانی مەرجدار و زەوت دەکات. فیۆرباخ وتەنی (لەئایندا کۆمارێکت لەئاسمان هەیە کەواتە لەسەرزەوی پێویستت پێی نییە، بگرە بە پێچەوانەوە دەبێت لەسەرزەوی کۆیلە بیت تا ئەو دنیات بێ هودە نەبێت). خەباتەکە قورس و زەحمەتە، بەڵام ئێمەش ئاڵای کۆڵنەدان و تێکۆشانی بەردەوامان هەڵکردووە.

*ئەم دیمانە تایبەت بۆ سایتی «رێنیسانس» ئەنجامدراوە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٧.

# سێکس و مسیار و هاوسەرگیریی
# لە ئاینی ئیسلامدا

دیمانە : بابان حەمە

کورتکراوەی چاوپێکەوتنی «ستیڤان شەمزینی» لە بەرنامەی «راڤە و روانگە»ی رادیۆی مەدەنیەت.

**بابان: پرۆژەی هاوسەرگیریی مسیار ئێستا لە گەڵاڵەکردندایە و پێشنیارکارانی دەیانەوێت بیخەنە بواری پراکتیکەوە. ئەگەر سەیر بکەین لە ئیسلامدا یەك جۆر لە زەواجمان نییە بەڵکو کۆمەڵێك لە زەواجمان هەیە و بەردەوام مۆدیلی نوێ لە زەواج دەدۆزرێتەوە و لە هەناوی ئیسلامیشدا شەرعیەتەکەی دەدۆزنەوە، دەکرێت چۆن لەم زەواجانە بڕوانین؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەشێ بۆ ناسینەوەی ئەم مۆدیلە زەواجانە و هاوشێوەکانی وەك هاوسەرگیریی چێژ (سیغە) بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێران، کاتێك ئەم کۆمارە ئاینییە وەك دەسەڵاتێکی سیاسیی گەورە بەسەر کۆمەڵگەیەکی گەورەی وەك ئێراندا خۆی دەسەپێنێت، دەیەوێت لەبەرامبەر هەموو ئەو چەمك و دەرکەوتە و

ئەزموونانەی لەخۆرئاوا هەن و بەرهەمی گەشەکردنی دوورودرێژی ئەو ژیارەن ئەڵتەرناتیڤی ئاینیی خۆی پێشنیار و پێشکەش بکات و زەمینە ئامادە بکا بۆپراکتیککردنی، هەڵبەتە کۆماری ئیسلامی هەڵگری دروشمی (لا شرقیە ولا غربیە) بوو چوون سەردەمی دروستبوون و هاتنە مەیدانی ئەم کۆمارە هاوکات بوو لەگەڵ گەرمەی جەنگی سارد و دنیای دووجەمسەریی، کۆمار لەبەرامبەر ئەو فینۆمینانەی لەو دوو جەمسەرە هەبوون کەوتە هەڵکۆڵینی مێژووی ئیسلامی بەمەبەستی دۆزینەوەی بەدیل، لەبواری کۆمەڵایەتیدا ویستی ئەڵتەرناتیڤی ئەو دیاردە و نەریتە کۆمەڵایەتیانە پێشکەش بکات وەك جێگرەوە کە ئازادیی مرۆڤی رۆژئاوایی پێدەناسرێتەوە.

رەنگبێ پرسی سێکس یەکێك بووبێت لەو بوارانەی بە جیددی سەرانی کۆماری ئیسلامی و تیۆریسیۆنەکانی ئاینزای شیعەی بەخۆیەوە خەریك کردبێت، چوونکە ئەوان بەقووڵی گەڕان بەدوای ریشەکانی هاوسەرگیریی و جۆرەکانی لە ئاینی ئیسلامدا تاکوو ئەڵتەرناتیڤی خۆیانی لەسەر تەبەنی بکەن، بەڵام ئەڵتەرناتیڤێك بتوانێت بەرەنگاری ئەو ئازادییە سێکسییە بێتەوە لەخۆرئاوادا بوونی هەیە. سیغە و شێوەکانی تری هاوسەرگیریی نوێی ئیسلامیی لە ئێران کۆمەڵە ئەڵتەرناتیڤێك بوون لەو راستایەدا سەرلەنوێ زیندووکرانەوە وەك وتیشم لە بەرامبەر بە سێکسی ئازادی خۆرئاوایی.

راستە هاوسەرگیریی چێژ و هاوشێوەکانی لەناو ئاینی ئیسلامدا رەگوڕیشە وشەرعیەتیان هەیە، لەناو مێژووی هەزارو چوارسەد ساڵەی ئیسلامدا پیادە کراون، بەڵام تیۆریسۆنەکانی ئاینزای شیعە هەوڵیاندا لە دنیای هاوچەرخدا و بەپشت بەستن و گەڕانەوە بۆ پێشان و ئەسڵی ئیسلام کە بریتییە لەقورئان و سووننەت و رەفتاری هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووی شوێنکەوتووان (تابع تابعین) مۆدیلی لەبیرکراوی هاوسەرگیریی لە

چەشنی سیغە زیندوو بکەنەوە، بۆیەکا بەئاسانی شەرعیەتێکی ئاینیان وەرگرت تا بتوانن چەند جۆرێکی تر لە هاوسەرگیریی زیندوو بکەنەوە کە تەواوێ جیاوازن لەو هاوسەرگیرییە نەریتی و کلاسیکییەی زۆربەی تاکە موسڵمانەکان پێی هەڵدەستن.

**بابان: ئەوەندەی من لەزەواجی مسیاردا بیستوومە ئافرەت لەهەندێك مافی خۆش دەبێت لەوانە لەپەروەردەی ئەو منداڵەی بەرهەمی ئەو پەیوەندییەیە یان لەمارەیی، جگە لەمەش پیاو مەسرەفی ئافرەت ناكێشێت، تۆ پێتوایە زەمینەی كۆمەڵایەتی كوردەواریی بۆ ئەم جۆرە زەواجە ئامادەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەبۆچوونی من لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا زەمینە بۆ ئەم جۆرە لەهاوسەرگیریی لەبار نییە، لەسەر ئاستی تاکەتاکە و شاز نەبێت کەسانێك نین ئامادەبن بۆ گرێدانی هاوسەرگیریی مسیار. پێموایە لەبری تەرحکردنی پرۆژەی ئاوەها و کارکردن بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکرێت بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیریی مسیار پێویستە زەمینە بۆ ئازادیی مرۆڤ خۆش بکرێت تا ئازادبن لە ئەنجامدانی کردەی سێکسی، مەرج نییە هەموو پەیوەندییەکی سێکس بخرێتە چێوەی زەواجەوە بەڵکو دەبێت کار بکەین تاکوو مرۆڤەکان ئازاد بن لەهەموو لایەنێکەوە. پێم باشە ئەو کەسانەی سەرقاڵی زەمینەسازین و پرۆژە پێشکەش دەکەن بە پەرلەمان و لایەنەکانی پەیوەندیدار و کەسایەتییە ئاینییەکان دەربارەی هاوسەرگیریی مسیار ئەم کارەیان بخەنە خزمەتی ئەوەی مەوداکانی ئازادیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەرینتر و فراوانتر بێت تاکو مرۆڤەکانی ناوی بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە ممارەسەی حەز و ئارەزووەکانیان بکەن، ئازادیی سێکسیش یەکێك بێت لەو ئازادییانە. بۆ نا کە ئێمە کار بکەین لەسەرئەوەی خەڵکان بەشێوەیەکی

عەبدالئامەدی کتێب

سەربەستانە و دوور لەسانسۆر و دیسپۆتیزمە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان پەیوەندییەکان پێکەوە گرێ بدەن جا با ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی سێکسیش بێت.

**بابان: بۆچوونەکان لەمەڕ مسیار جیاوازن، د.یوسف قەرەزاوی دەڵێ باتڵ و حەرام نییە، بەڵام د.عەلی قەرەداغی دەڵێت ئەم زەواجە باتڵە لەبەرئەوەی کۆمەڵێك ئەرك و مافی هاوسەرگیریی تیا نییە، راکان پێچەوانەی یەکترن مەلایەك پێی باشە و مەلایەکی تر بەپێچەوانەوە، لەناو ئەم هەموو را پێچەوانەیەدا تۆ رات چۆنە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەو دایەلۆگە گەرم و گوڕانە لەسەر ئەم بابەتانە و گێرمە و کێشەی شێوەکانی هاوسەرگیریی تازە نین، بۆ مەسەلەی پەیوەندیی و جۆرەکانی هاوسەرگیریی کۆی موفەقهین و شارەزایان نەیانتوانیوە بگەنە رایەکی کۆنکرێت لەو بارەوە بەتایبەتی لەنێوان هەردوو ئایىنزای شیعە و سوننەدا ئیختلافاتی زۆر هەیە. بەپێی رای کۆی زانایانی سوننە هاوسەرگیریی چێژ (سیغە) لەدوای ئەو چەند غەزاوەتەی پێغەمبەر پێی هەستاوە و لەسەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا قەدەغە کراوە بەحەرام دانراوە و وەك زینا سەیری دەکرێت، بەڵام لای شیعەکان بەشێوەیەکی گشتیی شەرعیەتی ئاینیی هەیە و شارەزاکانیان دەڵێن ئەوەی پێغەمبەر کردوویەتی و پێی هەستاوە تا رۆژی دوایی شەرعیەتی هەیە و کەس ناتوانێت قەدەغەی بکات لەژێر هیچ بیانوویەکدا.

دەبینین ئەم جیاوازییانە هەن لەمەڕ شێوازەکانی گرێدانی پەیوەندیی سێکسی و هاوسەرگیریی، بۆیەکا ئاساییە لەبەرامبەر هاوسەرگیریی مسیار کە مۆدیلێکی تازەیە جیاوازیی زۆر هەبێت لە بۆچوون و رای موفەقهین و پێشەوایانی ئاینیی ئیسلامیدا، ئەمە جگە لەوەی جیاوازیی ئاڕاستەی

سیاسیی و مەزهەبیی رۆڵی زۆری بینیوە لەوبوارەدا، ئەو شارەزا ئیسلامیانەی لایەنگری ئیسلامی سیاسین بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و رەها سەرلەبەری ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە رەت دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە شارەزا میانرەوەکان وەك چارەسەرێکی مامناوەندیی و ئەڵتەرناتیڤێکی ئەو ئازادییە سێکسییەی لە ئەوروپا و ئەمەریکا هەیە ئەم فۆرمە لە هاوسەرگیریی پێشنیارو تەرح دەکەن.

پێموایە هاوسەرگیریی مسیاررەگوڕیشەی هەیە لەنێو مێژووی ئیسلامیدا وبەجۆرێك لەجۆرەکان ولەژێرناوی تردا دەیبینینەوە بەڵکو نموونەی سەیر وئیباحیترلەمە دەدۆزینەوە. ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆرابردوو دەزانین کۆمەڵگەی خەلافەت بەتایبەت هەردوو دەوڵەتی ئەمەویی وعەباسیی ئیباحیترین کۆمەڵگەکانی سەردەمی خۆیان بوون. دکتۆر سەلاحەدین ئەلمنجید لەکتێبەکەیدا (ژیانی سێکسی لای عەرەب) باس لەوە دەکا هیچ کۆمەڵگەیەك و هیچ شارستانییەك نەبووە هێندەی کۆمەڵگەی عەباسیی ئیباحی بووبێت وپەیوەندیی سێکسیی تێیدا ئازاد کرابێت. هەروەها هەموو ئەم جۆرە سێکس وپەیوەندییانە بەرگێکی ئاینییان بەبەردا کراوە وبەپشت بەستن بە دەقەکانی قورئان وتەئویل وئیجتیهاداتی جۆراجۆر تیایدا ممارەسە کراون.

**بابان: جیاوازیی کات لەنێوان سیغە ومسیاردا هەیە، لە سیغەدا کات دیاریکراوە ولەمسیاردا کات دیارنییە، بەڵام ئایاهەردوو زەواجەکە تەئکید کردن نییە لەسەرجۆرێکی ترلە فرەژنی وشەرعیەتدان بەفرەژنی؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەگەڕێمەوە سەرراکەی پسپۆر وشارەزای ئەنترۆپۆلۆژیی ئێرانی (د.شەهلا حائیری) کە لە کتێبەکەیدا (چێژ، هاوسەرگیریی کاتی لای شیعە) باس لەهاوسەرگیریی کاتی دەکات لای

پەیڕەوانی شیعە. بە باوەڕی شەهلا حائیری پرۆسەی هاوسەرگیریی لە شەریعەتی ئیسلامیدا بریتییە لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن!! هاوسەرگیریی تەقلیدیی (درێژخایەن) بە مامەڵەی کڕین دەچوێنێت، چوونکە لەم هاوسەرگیرییەدا پیاو چۆن کاڵایەك دەکڕێت لە بازاڕدا جەستەی ژنێك دەکڕێت لە ڕێی ئەو بڕە مارەییەی پێی دەدات، هاوسەرگیریی کاتیش بە مامەڵەی بەکرێ گرتن لێکدەداتەوە کەتیایدا پیاو بەهۆی بڕە پارەیەکەوە زاڵ دەبێت بەسەر ئەندامی مێینەی ئافرەتێکدا. لەهەردوو بارەکەدا هاوسەرگیریی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی جۆرێکە لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی، ئەم مامەڵەیە هەمیشەیی بووە، بەڵام بەردەوام مۆدێل و فۆرمەکانی گۆڕاوە، بۆیە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان هەموو جۆرە هاوسەرگیرییەکان لە ئیسلامدا یەك شتن و پیاو لەڕێگەی بڕە مارەیی دیاریکراوەوە کە بەچەند میسقاڵ ئاڵتون و پارە قەبڵێنراوە جەستەی ژنی بۆ حەڵال دەکرێت. جیا لەمەش خاڵی هاوبەشی هەریەك لەم هاوسەرگیرییانە ئەوەیە ژن وەك کاڵا و سەرچاوەی لەززەت تەماشا دەکرێت.

**بابان: پێتوایە لەم زەواجەشدا دیسان هەرژن دەچەوسێنرێتەوە و مافەکانی پێشێل دەکرێ؟ پێتوانییە سروشتی ئاین بواری زۆری تێدایە بۆ چەوساندنەوەی ئافرەتان؟.**

ستیڤان شەمزینی: با سەیری ئایەتەکانی قورئان بکەین کە چۆن سەیری کەسێتی ژن دەکات؟ ئایەتێك هەیە دەڵێ (نساؤکم حرث لکم فأتوا حرثکم ان شئتم) واتە ژنەکانتان کێڵگەن چۆنتان دەوێت وەها بیانکێڵن، لەهەندێ ئایەتی تری قورئاندا ژن وەك پێویستییەکی پیاو سەیر کراوە و بۆ ئەوە هاتۆتە بوون پیاو شاد بکات، ئایەت هەیە رووی دەمی لەپیاوانە و دەڵێت دنیامان بۆ رازاندنەوە لە ئافرەت و خۆشی و ئاژەڵ و سامان و چێژەکانی تر، لێرەدا ئافرەت

نەك مافخوراوە و بەپلەیەکی کەمتر لەپیاو تێی دەڕوانرێت بگرە لەبنەڕەتدا ژن بۆ خۆشبەختی و رابواردنی پیاو خوڵقێنراوە. نووسەری کۆچکردووی عەرەب (ترکی عەلی ئەلرەبیعو) لەکتێبەکەیدا بەناوی (توندوتیژی و پیرۆزی و سێکس لە میتۆلۆژیای ئیسلامیدا) دەڵێت (خوا پەراسوویەکی ئادەم بە گۆشت پڕ دەکاتەوە و حەوای لێ دروست دەکات تا تەنیایی ئادەم بڕەوێنێتەوە) بۆیەکا دەبینین ژن وەك ژێدەرێکی چێژ و خۆشییەکانی پیاو لێی دەڕوانرێ ئەگەرنا ئەوکە لەبناغەوە لەپەراسووە گێڕەکەی ئادەم هاتووەتە دەرێ کوا هیچ بەهایەکی بۆ دانراوە؟.

لەوە پتریش ئەوەیە بەپێی دەقەکانی قورئان بەهەمان چەشنی تەورات ژن تاوانبارە بە ئەنجامدانی تاوانی یەکەم (الخطیئە الاولی)، (ئەلسەعلەبی) لە کتێبەکەیدا (عەرائیس ئەلمەجالیس) ئاماژە دەکات بە میتۆلۆجیایەك بەوەی (حەوا مەی دەرخواردی ئادەم دەدات تا سەرخۆش دەبێت ئەوجا دەیبات بۆ لای دارەکە و لەبەری ئەو دارەی دەرخوارد دەدات) ئەمە هێما بۆ کردنێکی راستەوخۆیە کە ئیسلام ژن وەك ئەنجامدەری یەکەم تاوان سەیر دەکا بەو پێیەی ئەوە حەوای ژنە مەی دەرخواردی ئادەمی پیاو دەدات کە دەبێتە هۆی دەرکردنی مرۆڤ لەبەهەشتی ئەفسووناویی. بەهەمان شێوە (تەبەری) دەڵێ (حەوا گازی لەدارەکە گرت و خوێنی لێهات خوا لەم کاتەدا قسەی لەگەڵدا دەکات و دەڵێت تۆ ئەی حەوا مادام خوێنت لەم دارە هێنا لەگەڵ هەر سەرە مانگێکدا خوێن دادەنێیت). کەواتە بوارم پێبدە بڵێم بەردەوام ئافرەت لەرێی تێزە ئاینییەکانەوە چەوسێنراوەتەوە، ئافرەت بەدرێژایی مێژوو قوربانی ئەو سیستمە باوکسالارییەیە کە ئاین رۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕێت یان دەتوانین بەزمانێکی تر بڵێین ئاین جۆرێکە لە شۆڕشی پیاوان بەسەرژناندا.

**بابان: بانگەشەکارانی مسیار پێیانوایە مسیار مۆدیلێکی گونجاوی زەواجە و لەهەمان کاتدا شەرعیشە، جگە لەمەش داکۆکیکارانی ئیسلام دەڵێن ئاینی ئیسلام بێگەردە و رێگە نادات بە شێوەی نەگونجاوی پەیوەندیی سێکسیی، تۆ لەم بارەوە چ قسەیەکت هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەراستیدا هاوسەرگیریی مسیار جۆرێکی ترە لە لەشفرۆشی، لەشفرۆشییەکی رووپۆشکراو بە ئاین و رەوایی پێدراو لە چوارچێوەیەکی شەرعیدا، بێگومان تەرحکارانی دەیانەوێت لە ناو مێژووی ئیسلام و تێکستەکانی قورئاندا رەگوڕیشە و شەرعییەتەکەی بدۆزنەوە، هەڵبەتە ئەوان دەتوانن بەپشت بەستن بەچەند نموونەیەکی پیادەکراو سەرکەوتن بەدەست بهێنن چوونکە فیقهی ئیسلامی بوارێکی ئاڵۆز و پڕ ئیجتهادات و رای پێچەوانە و دژی یەکترە، بۆ وێنە شیعەکان توانیان بۆ رەواییدان بە سیغە لە قورئان و سووننەت و سیرەی پێغەمبەردا بەڵگە و پاڵپشت بدۆزنەوە چوون سیغە بەئاشکرا و ئاسایی لە سەروەختی غەزەوات و فتوحاتی ئیسلامیدا ممارەسە کراوە و پێغەمبەریش رێگەی لێنەگرتووە بەڵکو هانی هاوەڵەکانی داوە بۆ ئەنجامدانی.

لایەنی دووەم باس لەوە دەکەیت پەیڕەوانی ئیسلام ئاینەکەیان بەبێگەرد دادەنێن و بەدووری دەگرن لەهەر ناپاکژییەك، ئەمەیان تێمایەکی زۆر ئیشکالییە و لەدنیابینی هەرپەیڕەوکارێکی ئیسلامدا رەگی داکوتیوە، بەڵام مێژوو تەنانەت ئەو مێژووەی موسڵمانەکان خۆیان نوسیوویانە پێچەوانەی ئەمەمان پێ نیشان دەدات. ئەگەر سەیری مێژووی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام بکەین لە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆز و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دواکەوتووانە و نێو تۆز و غوباری بەداوەتدا بووە، وێڕای هەوڵدان بۆ گۆڕینی کولتووری باو ئیسلام نەیتوانی کولتووری بەداوەت تێپەڕێنێت بەڵکو هات چوارچێوەیەکی

شەرعی و پیرۆزی بەخشی بەترادیسیۆنی بیابانشینی نیوە دورگەی عەرەبی کە لەناو ئەو کولتوورەدا فەسادیی و بەرەڵلایی و لیبراڵییەتێکی سێکسیی بێ هاوتا هەبوو تا سنووری بێمانا بوون، بۆ نموونە ئەگەر غەزەواتی پێشان لەناو هۆزە عەرەبەکان خۆیاندا بووبێت لەدوای هاتنی ئیسلام بەرگێکی پیرۆزی بەبەردا دورا و کرا بەبەشێکی بنچینەیی و دانەبڕاو لە جیسمی ئاینە نوێیەکە (ئیسلام).

ئەگەر بە قووڵی بڕوانین بۆ مێژوو بەڕوونی دیارە چەندان دیاردە و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەو قۆناغەی ناوی لێنراوە قۆناغی جاهیلی دزەی کردۆتە ناو ئاینی ئیسلامەوە بگرە بووە بەجوزئێکی گرنگ و سترۆکتۆریی لەئاینەکە بۆوێنە حەج نەریتێکی پێش ئیسلام و بتپەرستی بووە بەڵام پەیامبەر لەسەروەختی فەتحی مەککەدا بۆ سوود و قازانجی ئاریستۆکراتی تازە موسڵمانبووی قورەیش کردی بەیەکێك لە پێنج کۆڵەکەکەی ئاینی ئیسلام، بەهەمان شێوە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئیسلام نەیتوانی هەندێك لە ترادیسیۆنە باوەکانی بەداوەت و نیوە دورگەی عەرەبی پێش خۆی تێپەڕێنێت بەڵکو درێژەی بەزۆریاندا و لەقاڵبێکی ئاینیدا بەرهەمی هێنانەوە.

تۆ ڕێگەم بدە باس لەشێوەی هاوسەرگیریی سەردەمی جاهیلی بکەم کە تیایدا چەندان جۆر لەهاوسەرگیریی باو بووە. یەکەم شێوە هاوسەرگیریی شەرعی و ئاشکرایە کە لەنێوان ژن و پیاوێکدا گرێ دەدرێت، بەدەر لەم هاوسەرگیرییە فەرمییە چەندان فۆرمی تر لە نیکاح و هاوسەرگیریی باو بوون، لەوانە هاوسەرگیرییەك هەبووە لەنێوان ژن و پیاوێکدا بەنهێنی و بێ ئەوەی هیچ کەسی تر ئاگاداری بێت، بەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەوترا (نکاح الخدن)، هەروەها هاوسەرگیرییەکی تر ئەوە بووە کۆمەڵێك پیاو لەگەڵ یەك دانە ژن پەیوەندییان هەبووە، هەندێك جار پیاوان ژنەکانیان

ناردووە بۆ لای پیاوانی پیرۆز و نەجیبزادە و ناسراو تا منداڵێکیان هەبێت لە خوێنی ئاریستۆکرات و نەجیبزادەیەك و لەناو کۆمەڵدا شانازیی پێوە بکەن، شێوازێکی تربریتی بووە لە ژن گۆڕینەوە لەنێوان دوو پیاویان زیاتردا بەمەیان دەوترا (النکاح البدل)، هاوسەرگیرییەکەی تر هەبووە پیاوان کچانی خۆیان گۆڕیوەتەوە بەم جۆرەش دەوترا (النکاح الشغار).

هەر لەنێو ئەم کۆمەڵگە عەرەبییەدا چەند شێوازێکی تر لە ممارەسەی سێکسیی گەشەی کردووە و دەرکەوتووە لەوانە پان پانێن (پانە بە پانە - لێزبێن) کە لەنێوان دوو ئافرەتدا ئەنجام دەدرێت بەبێ ئامادەیی رەگەزی نێر، ئەمەیان یەکەم جار لەناوچەی (حیرە) لەنێزیك کۆشکەکانی مەنازیرە دەرکەوتووە، هندی کچی نوعمان یەکەم ئافرەت بووە ئەم کارەی کرد و حەزی دەکرد لەگەڵ (زەرقا یەمامە) پان پانێن بکا و کردی. پاشان ئەم کۆمەڵگەیە بە ئاسایی سەیری لەش رووتی ژنانی کردووە و بەهیچ شێوەیەك خۆ داپۆشینی ئافرەتی تێدا نەبووە، موتەڵیبی کوڕی باوکی وداعە باس لەوە دەکات ژن هەبووە بە رووت و قووتی بەدەوری بەردە رەشەکە و کەعبەدا سوڕاوەتەوە و ئەویش وەك گەنجێك دوای کەوتووە و خەڵکی تریشی بینیوە شیعریان بە باڵایدا هەڵداوە.

جگە لەمە (د.شەهلا حائیری) باس لەوە دەکات سیغە لە پێش ئیسلامدا لە زۆر جێگەی تر هەبووە و دواتر هاتووەتە ناو کۆمەڵی عەرەبی و ئیسلامییەوە. حائیری نوسیوویەتی: سیغەکردن دیاردەیەکی کۆنی پێش سەردەمی ئیسلام بووە و بەزۆری لەنیوە دورگەی عەرەبی پەیڕەو کراوە پاشان لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا پێغەمبەر قەدەغەی نەکردووە بگرە پاش شەڕەکان و سەرکەوتنیان هانی یاوەرەکانی دەدا سیغە لەگەڵ ژناندا بکەن لەبەرامبەر کرێ یان پێدانی پارچە کوتاڵێك. هەروەها بەشێك

لەئەسحابەکان لەئەنجامی پەیوەندیی سیغەوە لە دایك ببوون لەوانە وەك (عودەی کوڕی حاتەم).

ترمزی دەگێڕێتەوە: قەیسی کوڕی عەبدوڵلا وتوویەتی لەگەڵ پێغەمبەردا غەزامان دەکرد وژنمان لەگەڵ نەبوو بە پەیامبەرمان وت ئایا خۆمان خاڵی بکەینەوە؟ سەرەتا نەهی لێکردین دواتر مۆڵەتی پێدااین لەبەرامبەر هەندێك کوتاڵدا لەگەڵیان رابوێرین و ئەم ئایەتەشی بۆ خوێندینەوە (یاایها الذین لاتحرموا طیبات ماا‌حل الله لکم)، بێجگە لەمە ئایەتی ٢٤ لە سورەتی (النساء) ئاماژەیەکی روونە بۆ سیغەکردن بەتایبەتی ئەو بەشەی ئایەتەکە کەدەڵێت (فما استمتعتم به منهن فاتوهن اجورهن)، ئیبن کوسیر لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: لەچەند سەنەدێکەوە ئەبی سەعیدی خودری وتوویەتی: لەشەڕی ئەوتاسدا چەند ژنێکی بەمێردمان بەدیل گرت (سەبایا) لەبارەیانەوە پرسیارمان لە پەیامبەرکرد ئیدی ئەم ئایەتە دابەزی وئەندامی مێینەی ژنەکانمان بۆخۆمان حەڵاڵ کرد.

لای هەندێك لەشیعەکان سیغە سوونەتێکی گەورەیە و زۆربەیان دەیانەوێت لەو رێگەیەوە شوێنکەوتوویی خۆیان بۆپەیامبەر دەربڕن، تا ئەو ئەندازەیەی (جەعفەری سادق) وەك یەکێك لەنێودارترین رابەرە ئاینزاییەکانی شیعە دەڵێت (ئەو پیاوەم خۆش ناوێت دەمرێت و یەکێك لە راسپاردەکانی پێغەمبەر جێبەجێ ناکات ئەویش ئەوەیە ژنی سەفەریی ناهێنێت). لەپاش مردنی پێغەمبەر و لەسەردەمی ئەبوبەکری سدیقی یەکەم خەلیفەی راشدیندا دیسان پەیڕەوی سیغەکراوە تەنانەت ئەسمای کچی ئەبوبەکر پەیڕەوی ئەم دیاردەیەی کردووە، بەڵام پاشتر لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا قەدەغەکرا چوونکە عومەر لەم رووەوە پیاوێکی توند بوو.

دوای هێنانەوە هەریەك لەم بەڵگانە بەدەرەنجامی ئەوە دەگەین زۆرێك لە نەریتەکانی کۆمەڵگەی جاهیلی وەك وتم ئیباحیترین کۆمەڵی زەمانی خۆی بوو هاتنە نێو ئیسلامەوە بەڵکو بوونە بەشێکی گرنگ تێیدا. تەنانەت ئایەتی (انا انزلنا قرانا عربیا لعلکم تعقلون) مەبەست لێی جڵەوکردنی کۆمەڵی عەرەبی جاهیلی بووە، چون وشەی عەقڵ لەوێدا بەمانای ئاوەزی ناو کاسەسەر یان عەقڵانیەت نایە بەڵکو ئەم عەقڵە لەچاوگی (عقال)ەوە وەرگیراوە کە بەو گوریسە دەوترا عەرەبەکان حوشتریان پێ دەبەستەوە، یانی قورئان هاتووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پڕ فەساد و سووخۆری عەرەبی یان جاهیلی ببەستێتەوە چوونکە کۆمەڵی عەرەبی ئەوێ رۆژێ بەدەر لەوەی کۆمەڵێکی بتپەرستی بووە و ئاینی یەکتاپەرستیی تێدا نامۆ بووە لەهەمان کاتدا وەك وتم کۆمەڵگەیەکی زۆر بەرەڵڵا بووە لە رووی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندیی سێکسییەوە، بەڵام هێشتا قورئان و ئیسلام نەیانتوانی لەم کارەیاندا سەرکەوتوو بن بە تایبەت لەهێنانە ئارای کۆمەڵێکی ئیسلامی بەدوور لەکاریگەریی بەداوەت و کولتووری بیابانشینیی.

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن دڕندەیی کۆمەڵی جاهیلی لە رادەیەکدا بووە ژن و کچانی خۆیان زیندەبەچاڵ کردووە، هەرچەندە کەسێکی وەك (د.کامل ئەلنەجار) گومان دەخاتە سەرهەبوونی ئەم دیاردەیە بە دەلیلی ئەوەی ئەگەر جاهیلەکان کچەکانیان زیندەبەچاڵ بکردبایە ئەوسا رێژەی ژن کەمتر دەبوو و لەو ئاستەدا بەربڵاوەدا فرەژنی لەکۆمەڵی جاهیلیدا بەرەواج نەدەبوو. ئیسلام توانی بەسەرکەمترین نەریتەکانی جاهیلیدا زاڵبێت بەڵکو هەندێکیان وەك خۆیان بێ هیچ گۆڕانێك هاتنە ناو ئاینە نوێیەکەوە، هەربۆیە لەو بڕوایەدام لەناو ئیسلامدا رووبەرێکی زۆر بەرفراوان هەیە بۆ سێکس و هاوسەرگیریی.

لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەویی و عەباسییەکاندا جۆر و شێوازەکانی سێکس و هاوسەرگیریی پەرەسەندنێکی سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینی تا ئەو ئەندازەیەی دەیان شێوازی ممارەسەی سێکس لەئارادا بوون، لەولاشەوە لەشفرۆشیی و کەنیزەك ڕاگرتن و فرەژنی و چەندەها مۆدیلی تری هاوسەرگیریی برەویان سەند، ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەمی تاکی موسڵمان دانابوو بەجۆرێك کەسێکی وەك عەبدوڵڵای کوڕی عەباس بەناو بەیت ئەلحەرامدا گەڕاوە و هۆنراوەی بێ ڕەوشتیی خوێندۆتەوە، یان دەگێڕنەوە خەلیفەیەکی وەك هارونە ڕەشید مەیموونێکی زۆر نازداری هەبووە و هەرشەوەی لەگەڵ یەکێك لە کەنیزەکەکانی خەلیفە ڕایبواردووە، یان زۆر چیرۆك و سەربردەی تری هاوچەشن کە ئاوێنەیەکی ڕوونن و وێنەی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمانەمان پێ نیشان دەدا. هەموو ئەمانە یەك ڕاستی دەسەلمێنن: ئیسلام ئەو وێنە پاکژ و بێگەردەی نییە وەك هەندێك باسی دەکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ئیباحیترین کۆمەڵگەکان بوون، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆوتن: لە کۆمەڵی ئیسلامیدا ژن تەنێ سەرچاوەی لەززەت و شەهوەت و خۆشیی پیاو بووە نەك چشتێکی تر.

**بابان: لەکاتی هەبوونی ئەم بارودۆخە پڕ ئاڵوگۆڕ و کێشەیەدا تەرحکردنی پڕۆژەی زەواجی مسیار چ مانایەکی هەیە؟ ئایا ئەم پڕۆژەیە هیچ زەرورەتێکی هەیە بۆ کۆمەڵی کوردیی؟.**

ستیڤان شەمزینی: وابزانم دروستتر ئەوەیە ئەم پرسیارە لەوانە بکرێت ئەم پڕۆژەیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە بۆچی لەسەروەختێکدا کۆمەڵگە بەدەست پەتای گەندەڵی ئیداریی و بەدەست نەبوونی ئازادیی سیاسییەوە دەناڵێنێت و گرفتارە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە

ئەولەویەتیان داوە بەهاوسەرگیریی مسیار؟. ڕەنگبێ وروژاندنی ئەم پرۆژەیە لەم ساتەوەختە زۆر پڕ ئاڵوگۆڕانکارییەدا جێگەی پرسیار و گومان بێت!! بە بۆچوونی من ئەم تەرحە زادەی تێنەگەیشتنە لە بارودۆخ و پێویستییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە چوونکە نە کۆمەڵی کوردەواریی پێویستی بەم فۆرمە هاوسەرگیرییە هەیە نە ئەوەندە کراوەیە بتوانێت بەرگەی ئەم جۆرە پەیوەندییانە بگرێت بەڵکو کۆمەڵێکی هێندە داخراومان هەیە تەنیا لەژێر چەتری ئەو هاوسەرگیرییە تەقلیدییەدا نەبێت بەردەوام سێکسی سانسۆر کردووە و شورای ئەستووری بەدەوردا لێداوە. وا باشتر بوو پرۆژەکە لەوەدا چڕبکرایەتەوە زەمینە و بەستێنی کۆمەڵ بۆ ئازادیی و قبوڵکردنی ممارەسەی ئازادییە تاکەکەسییەکان ئامادە بکرابایە، سێکسیش بەشێك بووایە لەو ئازادییانە.

لێرەوە دەمەوێ بڵێم زۆرجار پرسیاری ئەوەم لێدەکرێت بۆچی هەمیشە ڤۆکەس دەکەیتە سەر ئازادیی سێکسیی؟ بەڵام نەخێر ئێمە داوای ئازادیی دەکەین وەك پێویستییەکی ژیانی و چەمکێکی گشتگیر لە نێوانیشیدا ئازادیی سێکس بەشێکە لەو ئازادییە بەرفراوانەی خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەکەین، خەباتێك هەوڵدەدات مرۆڤ ئازاد بێت لە پەیوەندیی گرتن لەگەڵ رەگەزەکەی تر جا با ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی سێکسیش بێت. جارێکی تر دەگەڕێمەوە لای تەوەری بەرنامە و دەڵێم پێویستە ئێمە وەك نووسەران و رۆشنبیران هەڵوێستمان هەبێت و هەقە بێین لەسەر ئەم مەسەلانە قسە بکەین چوون وارێکی جیددییە. لە کۆتایشدا دەخوازم بێژم هاوسەرگیریی مسیار بەدەر لەوەی زەمینەی لەواقیعی کوردیدا نییە لەهەمان کاتدا پرۆژە و مۆدیلێکی ترە لە لەشفرۆشیی و ئەرکی ئێمەشە خەڵك لە دیوە نێگەتیڤەکانی هۆشیار بکەینەوە و کار بکەین بۆ ئامادەکردنی زەمینەیەکی

ئازادی کۆمەڵایەتی تیایدا مرۆڤەکان سەربەست بن لەپەیوەندیی گرتن و پێکەوە گونجان و گرێدانی ژیانی هاوسەریی، ئەمە دەکرێت وەڵامدەرەوەی خواستی مرۆڤی کورد بێ نەك مسیارو هاوشێوەکانی.

هەواڵنامەی کتێب

*ئەم دیمانەیە ئەڵقەی نۆیەمە لە زنجیرە دیمانەکانی بەرنامەی «راڤە و روانگە»ی رادیۆی مەدەنیەت لەگەڵ رۆژنامەنووس (ستیڤان شەمزینی) لە هاوینی ٢٠٠٧.

# ڕوانینێکی دژە باو لەمەڕ سێکس و عەشق و خۆشەویستی

دیمانە: ئەوین عەلادین

سێکس و ئەشق و خۆشەویستی، سێ تەوەری سەرەکی بەرنامەی ئەمجارەمانە و بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان نووسەر و ڕۆژنامەنووس «ستیڤان شەمزینی» سەرنووسەری ڕۆژنامەی نێوەند میوانی بەرنامەکەمانە.

**ئەوین: یەکەم پرسیارمان ئەوەیە پەیوەندیی کوڕ و کچ وەك هەرجۆرە پەیوەندییەکی تر چۆن سەیر دەکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوە پەیوەندییەکی سروشتی و ئاساییە کە دەبێت لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست بێت، دیارە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە جیاواز لە ڕەگەز و تەمەن و ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی کاتێك پەیوەندییەکی سروشتی دەبێت لەسەر بنەمایەك دروست بووبێت ئینسان بە تەواوەتی ئازاد بێت لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەویتری بەرامبەر، بەڵام لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا، ئەوکۆمەڵگایانەی ئازادییەکان تیایاندا سنووردار کراون و پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ پەیوەندیگەلێکی سنووردار

و تابۆ کراون، ئەم حاڵەتە و ئەو پەیوەندییە تەندروستەی تیادا لە دایك نابێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەزەکە پەیوەندییەکی سروشتی نییە و لەهەموو حاڵەتەکاندا پەیوەندییەکە چەپاندن و چاو و سانسۆری کۆمەڵگەی لەسەرە.

**ئەوین: ئەو هۆکارانە چین وا لە خەڵك دەکات بە چاوێکی سووك سەیری پەیوەندیی نێوان کوڕ و کچ بکەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: فاکتۆرەکانی دەگەڕێنەوە بۆ زۆر شت، یەکێك لەوانە بریتییە لە خوونەریت و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی ئێمەیە وەك کورد، ئەو دابونەریتەی زاڵە بەسەر کۆی بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا دابونەریتێکی خێڵەکی و هۆزگەراییە، کە لەناو ئەم کولتوورەدا جێگەی پەیوەندیی هاوبەش و سروشتیی مرۆڤەکان نابێتەوە، بە تایبەتی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، ئەمە یەکێکە لەو فاکتۆرانەی بە درێژایی مێژووی کورد کاریگەربووە لەسەر دوورخستنەوەی ئەو دوو ڕەگەزە لە یەکتر و هۆکارێکی بەهێزیش بووە لە بوغز و شەرم دروستکردن لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا.

یەکێکی تر لەو فاکتۆرانە بریتییە لە ئاین، چوونکە ئاین ڕۆڵێکی کارای بینیووە لە دوورخستنەوەی دوو ڕەگەزەکە، پەیوەندییەکانی نێوانیانی حەرام کردووە و تەنیا ڕێگەیەکی بۆ دۆزیوەتەوە، ئەویش بریتییە لەو ڕێگەیەی خۆی دیاریکردووە (زەواج)، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم دوو فاکتۆری هەرە گرنگ لە دروستکردنی ئەو گۆشەنیگایەدا ڕۆڵیان گێڕاوە، کولتووری کۆمەڵایەتی زائیدەن ئاین کە دیسان ئەویش بەشێکە لە کولتووری ئێمە.

**ئەوین: پێتوایە لە کۆمەڵگەدا جگە لە زەواج ڕێگەیەکی تر هەبێت ئەو دوو ڕەگەزە بگەیەنێتەوە بە یەك؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەگەرباسی ئێستا بکەین، دەبینین پەیوەندیی لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا هەیە، بەڵام بەو فۆرمە نییە کە دەبێت هەبێت یانی پەیوەندییەکی سروشتی نییە، بۆ نموونە کاتێك من و تۆ لە دەرەوە کوڕ و کچێك بەیەکەوە دەبینین مانای ئەوە نییە ئەو دوو کەسە ئازادن بەڵکو لەوانەیە لەدڵە خورپە وترس وراڕایدا یەکتریان بینیبێت، واتە پەیوەندییەکە لە ژێر گوشاردایە. ئەوە بریتییە لە جورئەت نیشاندان و یاخیبوون کاتێك دوو کەس مەبەستم کوڕ و کچە بەیەکەوە دەبینین، چوونکە لەچەند حاڵەتێکی کەم و لە ئاستی دەستەبژێردا نەبێت هەموو پەیوەندییەکان بە دزی کولتوورو بنەماڵە و چاوی دەوروبەرەوەیە.

تاکە کەناڵێك کرابێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو ڕەگەزە یەکتری تیا بناسن تەنانەت لە ڕووی ناسینی شەخسییەوە بریتییە لە زەواج، جگە لەمەش خۆ ئەگەرکوڕ وکچە گەنجەکانی ئێمە یەکتریش بناسن لە نزیکەوە نەیانتوانیوە لە ناخ و تایبەتمەندییەکانی یەکتر تێبگەن، چوونکە هەردەم تەمسیلیان لە بەردەم یەکتردا کردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاون هەموو ئازادیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەربەستەکانی تیا قەدەغە کراوە.

**ئەوین: پێتوانییە ئەگەرپەیوەندیی نێوان کوڕ و کچ نەگاتە زەواج پەیوەندییەکە ناشەرعی و نادروستە؟.**

ستیڤان شەمزینی: مەرج نییە وابێت، ئێمە لەکۆمەڵگەیەکدا دەژین ئازادییەکان بە تایبەت ئازادیی ممارەسەی سێکس ڕێگەی لێگیراوە، هەموو ئەو پەیوەندییانەشی لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا دروست دەبێت تەریب کراوەتەوە لەگەڵ ئەم غەریزەیەدا، بەڵام ئەگەرکۆمەڵگەیەك ئازادیی بەتایبەتی ئازادیی سێکسی تیا بێت مەرج نییە هەموو ئەو پەیوەندییانە بە

زەواج دەست پێبکات یان کۆتایی پێبێت، تەنانەت مەرج نییە هەرکردەی سێکس تیایدا ئەنجام بدرێت. لەکۆمەڵگەیەکی نەریتی وەك ئەوەی ئێمەدا کاتێك ئەو پەیوەندییە بە دروست و واقیعی دەزانرێت بە زەواج بگات، بەڵام مەرج نییە هەموو پەیوەندییەك بگاتە زەواج، تۆ مەحکوم نیت بەوەی لەگەڵ کەسێکدا کە نەتوانی لە داهاتوودا ئیستیعابی بکەیت و بژیت زەواج بکەیت.

**ئەوین: ئەی بۆچی خۆشەویستی لەگەڵدا دەکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: مەرج نییە ئەو کەسەی تۆ خۆشت دەوێت بە ئیتاری زەواج گەمارۆی بدەیت و تەنیا زەواج بێت مانا بداتە پەیوەندییەکە کە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەیە یان نا؟ بەڵام من وتم نابێت مرۆڤ مەحکوم بەوە بکرێت کە پەیوەندییەکی دروستکرد ئیلا و بیلا بگاتە ئەو دەرەنجامە (زەواج). دەرەنجامەکە خۆی پێی دەگات، ئاکامەکە بە چەشنی شێوەی پەیوەندییەکە دەردەچێ، ئەگەر سروشتی بێت دەرەنجامەکەش سروشتییە و پێچەوانەکەشی هەروەها.

**ئەوین: ئەوە ڕوون بکەرەوە مەبەستت لەوە چییە دەڵێی مەرج نییە کۆتایی هەموو پەیوەندییەك بگاتە زەواج، ئەمە کەمێك ئاڵۆزە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لوتکەی خۆشەویستی بریتی نییە لە زەواج، دەکرێت ئەو پەیوەندییە وەك خۆی بمێنێتەوە هەروەك چۆن دەکرێت کۆتایشی پێبێت. زەواج پرۆسەیەکی نوێیە بە بەراوورد بە مێژووی مرۆڤ، چوونکە هاتنە ئارای هاوسەرگیریی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەت. بە مانایەکی تر زەواج بەرئەنجامی سیستمی چینایەتییە، چوونکە ئەوێ ڕۆژێ پیاو کە کودەتای کرد بەسەر قۆناغی ماتریاکیدا کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانین بە کۆمۆنەی سەرەتای ناوزەدی بکەین، چۆن

خاوەندارێتی کرد لە کاڵاکان لەم نێوەندەشدا خاوەندارێتی کرد لە ژنێك یان زیاتر. ئەی پێش ئەمە چی؟ ئەمە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ئەتنۆلۆجی ورد هەیە کە لەم دەرفەتە کاتمان کەمە بۆ روونکردنەوەی.

**ئەوین: تۆ وەك ئەوروپا قسە دەکەیت، بۆ باسی کۆمەڵگەی خۆمان ناکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: باسی ئەوەم نەکردووە با وەك ئەوروپا قسە و رەفتار بکەین، مەبەستی من ئەوەیە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی چەپێنەرە و کۆمەڵگەیەکە کاریگەریی کولتووری کۆن و ئاینیی بە رادەیەکی زۆر لەسەرە، پەیوەندییەکان تێیدا بەسروشتی نەماونەتەوە و شێوێندراون، هەربۆیە پەیوەندیی نێوان کوڕ و کچەکانیش پەیوەندییەکی راست و دروست نین و لەسەر بنەمایەکی تەندروست بنیاد نەنراون، لەبەرئەوەی لێرە خۆشەویستی تابۆیە و هەبوونی پەیوەندیی سێکسی لەنێوان هەردوو رەگەزدا لەو تابۆتربووە و بەکارەسات لێکدراوەتەوە، چوونکە بە پێی کولتووری کوردەواریی و خەیاڵدانی عوسابی ئێمە لە پرۆسێسی مارەسەی سێکسدا ژن بەرکار و پیاو بکەرە، هەمیشە ئەم کولتوورەیە وا لە خەڵکان دەکات کە دەبێ کۆتایی و لوتکەی پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان بریتی بێت لە زەواج لەکاتێکدا مەرج نییە وا بێت، هەروەك چۆن ئاساییە بگاتە زەواج ئاوهاش هەرئاساییە نەگاتە زەواج. ئەم روانگەیەی منیش فاکت و دوانە بە زمانی ئارگۆمێنت نەك قسەی ئەندێشە و پڕیۆتۆپیا.

**ئەوین: تۆ وتت ئاین هۆکارێکە لە دوورخستنەوەی رەگەزی نێر و مێ لە یەکتر بە چ بەڵگەیەك ئەم قسەیە دەسەلمێنی لە کاتێکدا کچی پێغەمبەر بەخۆشەویستی شووی کردووە؟.**

ستیڤان شەمزینی: من ئاگام لەو چیرۆکانە نییە چوونکە لە هیچ

سەرچاوەیەکی مێژوویدا باسیان لێوە نەکراوە، بەڵام ئاین وەك ئەو تابلۆ و شێوە گشتییەی من دەیبینم پەیوەندیی ئازادانەی نێوان هەردوو ڕەگەزی حەرام کردووە، با باسی ئاینی ئیسلام بکەین، کاتێك چاو بە ئایەتەکانی قورئاندا دەخشێنین نەك پەیوەندیی قەدەغە کردووە بەڵکو سەیرکردن و نیگاکردنیشی لە نێوان هەر دوو ڕەگەزی مرۆڤدا یاساغ و حەرام کردووە، ئەمەش کاریگەریی هەبووە لە شێواندنی ئەو پەیوەندییە سروشتییەی دەبێت لەنێوان هەردوو جێندەردا هەبێت.

ئاین تەنیا ڕێگەیەکی هێشتۆتەوە بۆ بە یەکگەیشتنی نێر و مێ و یەکتر ناسینیان ئەویش ڕێگەی زەواجە بە پێی ڕێوڕەسمی دیاریکراوی خۆی. پێش ئەوە (واتە زەواج) ڕێگەی نەداوە لە هیچ شوێنێکدا نێر و مێ لەژێر هەرناوێکدا بێت تەنانەت بە یەکەوە دانیشن، حەدیس هەیە دەڵێت ئەگەر کوڕ و کچێك بەتەنێ بەیەکەوە دانیشتن سێیەمیان شەیتانە، بۆیە دووبارە پێموایە ئەم کولتوورە ئاینییە کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی هەبووە لەسەر بەربەستکردنی پەیوەندیی نێوان نێر و مێ.

**ئەوین: بەدەر لەو مانا جوانەی خۆشەویستی هەیەتی، بەڵام زۆربەی پەیوەندییەکانی ئێرە بە خیانەت کۆتایی پێدێت، تۆ لەمبارەوە چی دەڵێیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: دەمەوێ ئەو چەمکە زۆروتراو و سواوە ڕاست بکەمەوە (خۆشەویستی پاك و پیس)، لە ڕاستیدا خۆشەویستییەك نییە بە ناوی خۆشەویستی ناپاکانە، خۆشەویستی یان هەیە یان نییە، خۆشەویستی هەمووی پاك و ڕاستە و جۆری پیسی نییە، ئەوەی پیس و ناپاکە هەر لە بنەماوە خۆشەویستی نەبووە و نابێت، ئەوەشی بووەتە خۆشەویستی پەیوەندییەکی ڕاست و دروستە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو شتەکان بە شێوەی سروشتیی خۆیان نەماونەتەوە، یەکێکیش لەوانە خۆشەویستییە،

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا عەشق بە تەواوەتی و بە هەموو جۆرێك شێوێندراوە، خەڵکی ئێرە بە دەگمەن دەتوانێت پەیوەندیی هەبێت جچای عاشق بێت، بە دەگمەن دەتوانێت لە دەرەوەی پاڵنەرە سێکسی و غەریزەییەکانەوە کەسێکی تری خۆشبوێت یان ئاشق بێ.

ئەو کوڕە گەنجەی لەگەڵ کچێکدا دەیبینین یان بە پێچەوانەوە، ئەوەندەی پاڵنەرە غەریزیی و سێکسییەکە کۆیکردوونەتەوە لەگەڵ یەکتردا، بە چارەگی ئەوە پاڵنەرە رۆحییەکان رۆڵیان نەبینیوە لە کۆکردنەوەیاندا «وەڵێ من ئەوەشم پێ ئاساییە، بەڵام ناتوانم بڵێم ئەشقە»، لە کاتێکدا پەیوەندیی خۆشەویستی بریتییە لە پەیوەندییەکی رۆحی قووڵ، بەبێ ئەو رۆحانییەتە ناتوانین بڵێین عەشق و خۆشەویستی هەیە. لێرەوە دەمەوێت بچمەوە سەر کرۆکی تەوەری پێشوو، ئەو پەیوەندییانەی زوو بە زوو کۆتاییان پێدێت خۆی لە بنەماوە نەبوونەتە عەشق تا بڵێین ئەوانە عەشق بوون و خیانەتیان تیا کراوە.

**ئەوین: دەکرێت بڵێین خیانەتی خۆشەویستی چییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: با من لەسەرەتاوە ئەوە بڵێم، ئینسانەکان بە دەگمەن دەتوانن عاشق بن، هەموو ئەو پەیوەندییانەی لەسەرشەقامەکان دەیانبینین، ناتوانین هەموو ئەمانە ناوبنێین عەشق، دەکرێت ناویان پەیوەندیی بێت. عەشق ئاستێك یان پلەیەکی باڵاترە لەو پەیوەندییەی ئێمە دەیبینین، چوونکە عەشق ساتەوەختی بەدێوانەیی بوونە، بە دەگمەن عاشقەکان دەتوانن خیانەت بکەن، بەدەگمەن دەتوانن دابڕێن، مەگەر نوقتەی دابڕان بریتی بێت لە خاڵی مەرگ.

تەنانەت مەفهومی دابڕان لەنێو عەشقدا هەبوونی نییە، من خۆم ئەگەر مەعشوقەکەم بە هەزاران کیلۆمەتر لێم دووربێت هەرگیز هەست بە

دابڕان ناکەم، چوونکە لە پرۆسەی عەشقدا من بووم بە بەشێك لەو، ئەو بووە بە بەشێك لە من، کەواتە بەردەوام لەگەڵ خۆمدام یاخۆ بە مانایەکی تر بەیەکەوەین. عەشق راستەوخۆ لە قووڵایی رۆحدایە، عەشق راستەوخۆ لەناو ئەندێشەدایە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو پەیوەندییەی دەیبینین پەیوەندییەکە لەسەربنەمای جەستە و بەرژەوەندیی هاوبەش.

**ئەوین: تۆ دەڵێیت تەنیا مەرگ کۆتایی بە عەشق دەهێنێت، بەڵام لەهەمان کاتدا پێت ئاساییە کەسێك پێش مەرگ وازلە مەعشوقەکەی بێنێت و بڕوات کەسێکی تر بهێنێت ئەمە چۆن دەبینیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: رەنگە پەیوەندیی عەشق بە درێژایی پەیوەندییەکە وەك عەشق و پەیوەندییەك بمێنێتەوە و نەگاتە زەواج بێ ئەوەی گومان لە راستی و دروستی پەیوەندییەکە بکەین، من نموونەی سارتەر و سیمۆن دوبوڤوار بە بیرت دەهێنمەوە کە تامردن پێکەوە بوون بێ ئەوەی زەواج بکەن. ئەگەرسەیری چیرۆك وئیپۆسەکانی عەشق بکەین کە دەماودەم دەوترێنەوە ولەوانەیە لە رووی واقیعییەوە راست نەبن وبەرهەمی ئەندێشەکانی مرۆڤ بن، لە هیچ یەکێکیاندا عاشقەکان ناگەنە ئەنجام وەك ئەوەی تۆ دەتەوێت، بۆ نموونە مەم وزین نابنە هاوسەری یەکتر، لە کاتێکدا ئێمە ناتوانین هاشا لەوە بکەین کە ئەمە پەیوەندییەکی خۆشەویستی نەبووە.

لەیلا و مەجنون ناگەنە یەکتر، لە ساتێکدا ئێمە ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە ئەمانە یەکتریان خۆشنەویشتووە، شیرین و فەرهاد ناگەنە یەکتر، خەج و سیامەند هەربە هەمان شێوە. کاتێك دەڵێم مەرج نییە بگاتە زەواج مەبەستم لەوە نییە خۆشەویستی نابێت بگاتە زەواج، بەڵکو من دەڵێم مەرج نییە بگاتە زەواج، یان بەدیوێکی تردا زەواج تاکە شتێك نییە میسداقیەتی خۆشەویستی بسەلمێنێت. لە وەختێکدا دەبینین ئەو پاڵەوانە

ئەفسانەییانە گەورەترین عاشق و مەعشوق و سیمبۆڵی خۆشەویستین لەلای ئێمە، بەڵام وەك چیرۆکەکە بۆمان دەگێڕێتەوە نەگەیشتوونەتە ئەو وێستگەیەی پێی دەوترێ زەواج بەڵکو چارەنووسیان دابڕانێکی جەرگبڕ و تراژیدیی بووە.

ئەو گرتەیەی لە فیلمی تایتانیکدا بینوومانە خۆشەویستەکان «جاك و رۆز» ناگەنە یەك، بەڵام هەر خۆشەویستییە و بگرە سیمبۆلێکە بۆ عەشق، جگە لەوەش سەرنجت بۆئەوە رادەکێشم پێش ئەوەی لەمێژوودا زەواج دەربکەوێت خۆشەویستی هەر هەبووە، عەشق زۆر لەوە باڵاتر و گەورەترە لە چوارچێوەیەکی وردیلەی وەك زەواجدا بچووك بکرێتەوە. من دەمەوێ ئەوەش بڵێم عەشق و خۆشەویستی و پەیوەندیی لەیەکتر جودان.

**ئەوین: ئەگەر سەیری تایتانیك بکەین تەنیا مەرگ رێگرە لە عەشق، بەڵام لێرە کوڕ شێوازی جل لەبەرکردن و شتی لەو جۆرە دەکاتە بەهانە بۆ جیابوونەوە، ئەی ئەمەیان چی؟.**

ستیڤان شەمزینی: من پێموایە ئەگەر یەکێك چ کوڕ بێت یان کچ بەرامبەرەکەی خۆشبوێت، ئەو کەسەی بە هەموو تایبەتمەندیی و خوونەریتەکانییەوە دەوێت، کەسێك تۆی خۆشبوێت تۆ سنووردار ناکات لەسەر رەفتارێك، ئەوە بریتییە لە داگیرکردن، کاتێك کوڕێك یان کچێك تۆ ناچار دەکات و دەڵێت فلانە جل لەبەربکە، ئاوها خۆت بگۆڕە، بە فلان شێوازە مامەڵە بکە، بە فلانە ئیقاع قسە بکە، ئەمە بە هیچ جۆرێك عەشق نییە و داگیرکردنە، حەزێکی تایبەتی رووتی شەهوانییە نەك خۆشەویستی.

کاتێك دەڵێی خۆشەویستی، من بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە، بە هەموو جوانی و ناشیرینییەکانەوە تۆم قبوڵە هەروەها بە پێچەوانەوە. خۆشەویستی بریتییە لە یەکتر قبوڵکردن و یەکتر ویستن، کاتێکیش پلەی

خۆشەویستی کامڵ دەبێت و دەگاتە دوا پلە، عاشق و مەعشوق لە ناویەکدا توابنەوە، وەك حەلاج دەڵێت: ئێمە دەبێت ببین بەیەك دانە، ساتێك من دەبینیت ئەوت بینیوە، کە ئەویشت بینی منت بینیوە. بۆیە لە عەشقدا دوو کەس نامێنێت بەڵکو هەر یەك کەس و یەك وجود هەیە. بەدەربڕینێکی تر ئەشق پرۆسەیەکە بۆ تواندنەوەی دوو وجوود لە یەکتردا.

**ئەوین: تۆ خۆت وەك کەسێکی بە ئەزموون چۆن لە خۆشەویستی تێگەیشتوویت و پێناسەی دەکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: حەزم لە پێناسەکردنی هیچ بابەتێك نییە، چوون پێناسەکردنی خۆشەویستی یاخۆ هەرچەمکێکی ترلە قاڵبدانی ئەوچەمکەیە لە چوارچێوەی یەك تاکە پێناسە و یەك جۆرە ڕەهەند و بیرکردنەوە و ڕوانیندا. دەکرێت ڕوانگە و گۆشەنیگاکان لەمەڕ خۆشەویستی جیاواز بن، ڕەنگە لەلای کەسێك کە لە خۆشەویستییەکەیدا گەشبین و سەرکەوتوو بووە، خۆشەویستی بریتی بێت لە لوتکە و چڵە پۆپەی هەموو لەززەت و خۆشییەکانی دنیا. ڕەنگە لەلای کەسێکی تر کە ئاکامی عەشقەکەی بریتی بووە لە حوزنێکی تاڵ و بێ کۆتایی و قەدەرێکی ڕەش وتاریك، عەشق ناهەموار و سەختترین پرۆسە بێت. وەك خۆم پێموایە عەشق وەك (بەختیار عەلی) شاعیر دەڵێت: سەختترە لە جەنگەکان. لە لای من عەشق پرۆسەیەکی قورسە، پرۆسەیەکە هێندە کاریگەرە لەسەر مرۆڤەکان تێکیاندەقوپێنێت و تێکیاندەشکێنێت، عەشق لە لای من سوپایەکە بە شێوەیەك هێرشت بۆ دەهێنێت نیشتمانی دڵت داگیر دەکات و هەمیشە ساتە بەختیارەکانت لێ تاڵ دەکات.

پێموایە تەنانەت چێژ و خۆشییەکانی ناو عەشق، شتێکن لە ئەنجامی ئەو ناڕەحەتی و ئەو حوزنە تاڵ و چارەنووسە نادیارەی ناوییەوە هەڵقوڵاون،

کەواتە وەك چۆن دەڵێن دەشێ لەناو قوڵپی گریاندا زەردەخەنەیەك لە دایك بێت، لەناو هەموو هاوارو گریانەکانی عەشقدا زەردەخەنەیەکی شەرمنانە هەیە. بە کورتییەکی کەسێتی عاشق لە رووی سایکۆلۆژییەوە کەسێتییەکی ماسۆشییە و چێژ لە ئازارەکانی خۆی دەبینێت. بە لای منەوە عەشق گریانێکی قووڵە، خۆشەویستی باخچەیەکی رازاوەیە کە هەر چوار دەوری بە درِك و داڵ تەنراوە، ئاسان نییە هەموو کەسێك بچێتە ناو ئەو باخچە و بتوانێت لە تامی ئەو میوە خۆشە بکات کە ناوی عەشقە، مەگەر تەنیا یەکێك نەبێت بەیداخی سەرچڵی هەڵکردبێت و حیسابی بۆ ئازاری درِك و دڵسووتان وژانی رۆح نەکردبێت.

**ئەوین: خۆشەویستییەکانی ئێرە جۆرێکن لە خەڵەتاندن، کورِی وا هەیە لەگەڵ چوار کچدایە یان کچی وا هەیە لەگەڵ شەش کورِدایە، تۆ لەسەر ئەمە چ قسەیەکت هەیە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوانە بەخۆشەویستی بەحیساب ناهێنرێن، چوونکە لەراستیدا خۆشەویستی پێدراوێکی جیایە لەوەی باستان کرد (ئەوەی یەکێك لە یەك کاتدا لەگەڵ چەند کەسێکی جیاوازدا پەیوەندیی سۆزداریی هەبێت). بەڵام ئەم پەیوەندییە شێوێنراوە لەسەر مەریخ نییە، پەیوەندییەکە کۆمەڵگەی ئێمە دروستی کردووە. بۆ وێنە کاتێك گەنجێك دەبینیت هیچ دەروازەیەکی نییە لێیەوە لەگەڵ ئافرەتدا مامەڵە بکات ناچار دەبێت بە درۆی خۆشەویستی بچێتە بەردەمی و لەگەڵیدا پەیوەندیی ببەستێت. لە ژیانی خۆمدا زۆرجار ئەوەم بینیوە، گەنجێك بۆئەوەی بۆشاییە عاتیفییەکەی خۆی پرِبکاتەوە یان بۆ ئەوەی پێویستی خۆی لە رەگەزی بەرامبەر بەدەست بهێنێت، ناچار بووە بە بەهانەی خۆشەویستی و لەژێر ئەو ناوەوە بچێتە پێشەوە و لێی نزیك بێتەوە. ئەگینا هەر لە بنەرِەتەوە

ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی نەبووە تا لە کۆتایدا بڵێین ئەمە بەخیانەت کۆتایی پێهاتووە.

**ئەوین: کەواتە زۆربەی ئەو پەیوەندییانە بۆ تێرکردنی غەریزەکانی خۆیانە؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەڵێ بۆ تێرکردنی غەریزییە (هەرچەند تێرکردنی غەریزی عەیب نییە). ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ سەر نموونە هیتلەر حەزێکی بێسنووری بۆ دەسەڵاتی سیاسیی هەبوو و کورسییەکەی خۆی خۆشویستووە، بەڵام ئەم حەزە خۆشەویستییەکی مەشروع نەبووە، بریتی بووە لە چێژوەرگرتن لە کورسی دەسەڵات. دیکتاتۆرەکان لە مێژوودا «دیکتاتۆر سەدام حسێن وەك نموونە» چێژیان لە کورسی فەرمانڕەوایی وەرگرتووە و دەسەڵاتەکانیان خۆشویستووە لە کاتێکدا دەزانین ئەمە بریتی نییە لە خۆشەویستییەکی رۆمانسی و بێگەرد، مەبەستمە بڵێم کە خۆشەویستی و حەز، عەشق و داگیرکردن لێکجودان، لەبەرئەوە هەموو ئەو پەیوەندییانەی ئاماژەت بۆ کردن جۆرێکن لە داگیرکردن یان وەك وتم حەزێکی کاتین، هەروەك چۆن لە ئێراندا هاوسەرگیریی چێژ(سیغە) هەیە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**ئەوین: زۆربەی گەنجەکان پێیانوایە خۆشەویستی بووە بە گاڵتەجاڕی و دەستبڕین و بەردەوام ئەم حاڵەتانە روودەدەن، تۆ چی دەڵێی؟.**

ستیڤان شەمزینی: خۆشەویستی تاکە شتە زۆرترین درۆی لە پەناوە کراوە، ئەگەرنا ئەو پەیوەندییانەی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتیی لەنێوان دوو رەگەزەکەدا هەیە و ناوی لێنراوە خۆشەویستی, لە جەوهەردا خۆشەویستی نییە و فڕی بە عەشقەوە نییە، پەیوەندییەك نییە گەیشتبێتە قۆناغی خۆشەویستی کامڵ، کە ئەم دوو کەسە لەسەر بنەمایەکی سۆزداریی

رووت پێکەوە گرێدرابن، بەڵکو بۆ پڕکردنەوەی کۆمەڵێك بۆشایی عاتیفی و دەروونی خۆیانە بە رێگەیەکی ناگونجاو. ئەگەربگاتە سەرئەوەی پێی دەوترێت خۆشەویستی باڵا هیچ کاتێك سەرەنجامەکەی نابێتە گاڵتەجاڕی و خیانەت، یان ئەوەی پێی دەڵێن رابواردن و دەستبڕین و دەست گەرمکردنەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندیی ئازادانەی مرۆڤەکان بە هەر شێوەیەك بێت، دواجار ئێمە تەنیا رێزگرتنمان لەسەرە، کاتێك دەڵێم هەندێ پەیوەندیی هەیە لەسەر تێرکردنی رەمەك و جەستەیە، بەو مانایە نییە من ئەنتی بم بەو کارە، یان وەك دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی قێزەون بۆی بڕوانم، بەڵکو گەرەکمە خاڵ بخەمە سەر پیتەکان و ناولێنانەکان راست بکەمەوە، چوون ئێمە لێرەدا لە هەمبەر ئەشق و خۆشەویستی دەدوێین، دەمەوێ پێتابڵێم لە خەیاڵدانی مندا چی عەشقە و چیش پەیوەندیی جەستەیی، بێ ئەوەی بڕیاری قێزەونکردنی یەکێکیان بدەین لەسەر حسابی ئەویتر.

**ئەوین: واتە تۆ ئەتەوێ بڵێی کە لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیریش ممارەسەی سێکس ئاساییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: نەخێر من باسی ئەوەم نەدەکرد، بەڵام مادام ئەم دۆزەش وروژێنرا، رێگەم بدە رای خۆم بڵێم. ئەز پێموایە تاکە دەروازەی سێکسکردن تەنێ زەواج نییە، ئەوە تەنها کەناڵێکە بۆ سێکس، جیا لەوەش چەندان دەروازەی تر هەن، من بەگشتیی هەموویانم پێ ئاساییە، تەنیا دووانیان نەبێ ئەوانیش سێکس بە پارە وسێکس بە ناچارکردن «لەشفرۆشی و ئیغتساب» وەلێ لای من لەشفرۆشەکان قوربانین بە پێچەوانەوە تۆڕە مافیاییەکانی ئەو دیاردە گەردوونییە تاوانبارن. کاتێکیش دەڵێم هەموو رێگەکانی سێکسم پێ ئاساییە جگە لەو دووانە، بە مانای ئەوە نییە بڵێم ئیتر لە دەرەوەی لەشفرۆشی و ئیغتساب هەموو پەیوەندییەکی سێکسی

خۆشەویستی یان ئەشقە.. بەڵام لە ڕووی پرنسیپەوە دژی نیم، چوونکە هەر دژایەتییەك دەچێتە خانەی دژایەتی مافە سەرەتاییەکانی ئینسانەوە.

**ئەوین: تۆ لەبارەی ئەوەی هۆکاری ماددیی ڕێگرە لە بەیەکگەیشتنی خۆشەویستەکان چی دەڵێیت؟ ئایا ئەمە بە ڕاست دەزانیت؟ بۆ نموونە هەندێجار باسی کێشەی سەکەن دەکرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە خۆشەویستیدا هەموو ئەو ڕێگرییانە بێ مانان و چەند گەورە بن بچووك دەبنەوە، هیچ کاتێك عاشق و مەعشوق بیریان لەوە نییە لەکام ڤێلا و کۆشك و قەسردا دەژین، بیریان لەوەنییە چەند کیلۆ ئاڵتون بکەن بە خۆیاندا، یان بە چ شێوەیەك ئاهەنگ دەگێڕن، ئەوان دەیانەوێ بۆ یەکتر بژین و لە بۆتەی یەکتریدا بتوێنەوە و بۆ هەمیشە ئاوێزانی یەکدی بن، بەڵام بەدیوەکەی تریشدا ئەوە ڕاستە لەکۆمەڵگەی ئێمە و لە هەموو دنیادا مرۆڤ ناتوانێت لەسەر شەقام و پەنا و پاساردا بژی، باشە ئەگەر عاشق و مەعشوق بڕیاریاندا ژیانی هاوبەش دروست بکەن و پەیوەندییەکیان گەیشتە زەواج ئەی لە کوێ بە بەختەوەری بژین؟. من دەوڵەت بە بەرپرسیار دەزانم لە کێشەکانی گەنجان و قەیرانی نیشتەجێبوون.

پرسیارەکەت دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی لە عەشقدا ئەو شتە لاوەکی و ڕێگرییە بچووکانە کاریگەرنین، لایەنی دووەمیش ئەوەیە ئینسان بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی دەبێت لە جێگەیەکدا بسرەوێت و ژیان بباتەسەر جا عاشق بێت یان نا. لاموایە بەڵێ ئەو مەسەلانە ڕێگریی دروست دەکەن لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریی گەنجان. ئەگەرچی ئەو کێشەیەی تۆ باسی دەکەیت تایبەتە بە کۆمەڵگە پەرەئەستێن و دواکەوتووەکان لە کاتێکدا هیچ شتێك هێندەی ئەشق و خۆشەویستی دیاردەیەکی یونیڤرساڵ نییە، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا هەنووکە ئەشق دیاردەیەکی گەردوونی بووە.

**ئەوین: تۆ چی دەڵێی لەسەر ئەو خۆشەویستییەی لەبەرئەوەی باوکی کوڕێك بە کوڕەکەی دەڵێت دەزگیرانەکەت باڵای کورتە و بە دڵم نییە، ئیتر کۆتایی پێدێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە راستیدا خۆشەویستی پلەیەکی ئەوەندە باڵاترە, تانە و تەشەر و توانجی خەڵك ناتوانێت بگاتە دامێنی، باڵا و گەردنی عەشق هێندە بڵندە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی ناتوانێ بگاتە قولەپێی جا نەخاسمە ئەوەی بتوانێت رۆڵی هەبێت لە خاوکردنەوە وکۆتایی پێهێنانی. بەشەکەی تری قسەکانم هەڵدەگرم بۆ ئەوەی هێما بکەم بەوەش کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە رێگرن لەبەردەم عەشقدا و میکانیزمێکن بۆ ساردکردنەوەی گەنجان لەو رووەوە، تەنانەت زۆر باوك هەن دەڵێن مادام کچەکەم دەیەوێت بە خۆشەویستی شوو بکات، من نایەڵم ئەو زەواجە دروست بێت.

دیارە هەموو مرۆڤەکانیش وەك یەك نین، کەسانێکی زۆر هەن لاوازن و نەگەیشتوونەتە ئەو پلەیەی قسە و قسەڵۆك کاریگەرییان تێنەکات، ناچار تەسلیم بە واقیع دەبن هەرچەندە ئەو واقیعە تاڵیش بێت. وا هزر دەکەم کۆمەڵگەی ئێمە دوژمنایەتییەکی باوەکوژیی لەگەڵ ژیاندۆستی و ئەشق هەیە، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی ئێمە یەکێکە لەو کۆمەڵگە پاشکەوتووانەی غەریزەی ساناتۆسی «مەرگدۆستی» دەیچەڕخێنێت و ئاراستەی دەکات. ئاخر تۆ بەراووردی ئەمە بکە جینۆسایدێکی شاراوە هەیە لە کۆمەڵگەکەمان بەرانبەر بەو مێیانەی خۆشەویستی دەکەن،. کەچی لە بەرانبەردا پاڵەوانەکانی شەڕ و خوێنڕێژیی سوکانی کەشتی وڵات و کلیلی گەنجینەکانی کۆمەڵگەیان رادەستکراوە.

**ئەوین: خۆشەویستییەکانی ئێرە زیاتر لەسەر بنەمای حەزن نەك لەسەر بنەمای عەقڵ و ژیریی؟.**

ستیڤان شەمزینی: حەزدەکەم لەوەوە دەست پێبکەم کە دەڵێی پێویستە خۆشەویستی لەسەر بنەمای عەقڵ بنیاد بنرێت، بەڵام بە بۆچوونی من لەخۆشەویستیدا عەقڵ ڕۆڵ نابینێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە عەشق بەهەموو جۆرێك دژی عەقڵە، چوون عەقڵ لایەنە لۆژیکییەکانی هەرشتێك لێکدەداتەوە، عەشقیش دژی لۆژیکە، لۆژیك ڕێگرە لەبەردەم سەرچڵییەکانی عەشق، بەڵام سۆز وەك قوبتانێکی تووڕە وایە بەرەو رووی شەپۆلە هەڵچووەکانی ئۆقیانووس دەبێتەوە، عەشق وەك کردەی فڕینە, بەڵام عەقڵ باوەڕبە فڕینی دیدالیۆسیانەی مرۆڤ ناکات. کاتێك کەسێك دەتوانێت عاشق بێت کە جڵەوی خۆی وکاروکردەوەکانی بداتە دەستی سۆزێکی قووڵ، بیداتە دەست دڵی، بەڵام کاتێك عەقڵ بەشداریی کرد عەشق وەك مەلێك دەفڕێت.

خولاسە عەشق لەسەربنەمای سۆزدارییەکی رووت بونیاد دەنرێت نەك لەسەرستڕۆکتۆری عەقڵ. من ویستم ئەم ڕوانگەیە لای گەنجەکان روون و ئاشکرا بێت، لە هەمان کاتدا بۆیان ڕاست بکەمەوە عەشق زۆرانبازییەکی ترسناکە وپرۆسەیەکی ناعەقلانی لە سەدا سەدە. ئاخرعەقڵ ودڵ «کە لێرەدا دڵ مانایەکی سیمبولیکیی هەیە، نەك فیسیۆلۆجی و بایۆلۆجی». دوالیزمێکن هیچ هێڵێك نایانگەیەنێتە یەکتر، دوو ڕاستەهێڵی دژ و پارادۆکسن. ئەوەی عەقلانییەت لە ئەشق بەکاربهێنێت، بە ئەندازەی هەرهەنگاوێکی بۆ ئەشق، خودی ئەشق چەندان هەنگاولەبەری هەڵدێ!.

**ئەوین: ئەگەرعەقڵ نەبێت کەواتە تۆلەسەرچ بناغەیەك خۆشەویستی بنیاد دەنێیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەسەربناغەی سۆز، لەوانەیە ژیرییم فەرمانم پێبکات ئەوکەسەی هەڵمبژاردووە کەسێکی گونجاو و هاوشان نەبێت لەگەڵ من بەبیانووی جیاوازیی چینایەتی یان هەرجیاوازییەکی تر، بەڵام سۆزی من

هەمیشە وەك پاڵنەرێك، وەك رەشەبایەك دەمبات بۆ لای. حەزم لەوە نییە بە زمانی مەجازو شیعریی قسە بکەم، بەڵام ئەوە عەقڵە دەڵێت فلان کورتە باڵایە، لە چینی خوارەوەیە، لە بەرامبەریشدا ئەمە سۆزە ئەو شتانە لە بیر دەباتەوە. کەوابێ بزووێنەری ئەشق دڵ و هەست و سۆزی مرۆڤە، نەك پاڵنەرە غەریزیی و ئەقڵانییەکان.

**ئەوین: تۆ دەڵێی عەشق بە عەقڵ ناکرێت بەڵکو بە سۆز دەکرێ، بەڵام تا چەند بڕوات بە سۆزی کوڕانی ئەم زەمانە هەیە کە لە رۆژێکدا داوای پەیوەندیی لە دە کچ دەکەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: منیش دەڵێم تۆ ناتوانیت یەك دانە سۆز دابەش بکەیت بەسەر دە کەسدا، تەنانەت دوو کەسیشدا، بۆیە بەبڕوای من ئەو پەیوەندییانە نابنە عەشق، هەرکاتێك بوونە عەشق بەو شێوەیە و لەو قاڵبەدا نامێننەوە. وەك لە سەرەتاشەوە وتم ئەمانە لە بنچینەوە خۆیان عەشق نین، بە شێوەیەك لە شێوەکان کات بەڕێکردنن و ئومێدی ئەوەیان لێناکرێ رۆژێك بێتە پێشەوە بچنە بازنەی عەشقەوە. ئەوە رەوشتی دەستبازیی و دەرئەنجامێکی زۆر خراپی تێگەیشتنمانە لە پەیوەندیی سروشتی نێوان هەردوو رەگەز. ئەمە ئەو ئاکارەیە فەیلەسووفە پۆست مودێرنەکان لە رەخنەگرتن لە ئەشق لە زەمەنی مۆدێرنێتە فۆرمۆڵە و ئاڕاستەی دەکەن. ئەمە هەر ئەو رەوشتەیە «زیگمۆند باومان» بە «ئاکاری دەستبازیی» لە قەڵەمی دەدا. هەروەك چۆن «ئالن بەدیۆ»ی فەیلەسووفی فەرەنسی جۆرێك لە لاقرتێ بەو خۆشەویستییانە دەکات لەسەرشەقامەکانی شارێکی وەك پاریس دەبینرێن.

**ئەوین: روانگەی تۆ لەسەر خۆشەویستی، روانگەیەکی تەقلیدییە و هەستی سۆفیگەریی تیادا زاڵە؟.**

ستیڤان شەمزینی: چاوەڕوانم دەکرد زووتر ئەم پرسیارەم ئاڕاستە بکەیت.

پێش چەند ساڵ لە سیمینارێکی خۆمدا لە بارەی «چەپاندنی سێکسی» هەمان ڕەخنەم ئاراستە کرا. وەك خۆم داوای خۆشەویستییەکی ئەفلاتۆنی ناکەم، ئەم بابەتە سەرێکی لەناو بواری فەلسەفەدایە. ئەمە ئیشکالییەتێك بووە بە درێژایی مێژووی فەلسەفە. بەڵام من لایەنگری ئەوەم «بادیۆ» تەرحی ئەکات کە ئەشق بەو هەمو تانوپۆوە لە بۆتەی سێکسدا بچووك ناکاتەوە. ئەشق لە سێکس و حەز و ئارەزوو گەورەترە. هەرچەند هەندێ لە پسپۆرە دەروونییەکان ئەشق بە نەخۆشی دەروونی ناودەبەن، بەڵام ئەگەربڕیارە ئەشق نەخۆشییەکی دەروونی بێت، ئەوە جوانترین نەخۆشیی سایکۆلۆجی ئینسانە. زۆر لەو نارسیزم و سادیزمە جوانترە لە پرۆسەی بێگیانی سێکسی بێ ئەشقدا هەیە. چوونکە سێکس بێ ئەشق تەنیا پرۆسەیەکی میکانیکی رووتە، بگرە ماندووکاری ڕۆح و دڵە.

**ئەوین: جۆرێکی تر لەخۆشەویستی سەریهەڵداوە لە ڕێگەی مۆبایلەوە بێ ئەوەی ئەو دووکەسە یەکتریان بینیبێت خۆشەویستی دەکەن، تۆ چۆن لەمە دەڕوانیت کە تەنانەت نایانەوێت خۆیان نیشانی یەکتربدەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەو فۆرمە هەرناوێکی هەبێت ناوی خۆشەویستی نییە، وەك وتم بەتاڵکردنەوەی ئەو سایکۆلۆژییەتە هەڵچووەیە کە هەمیشە شەرمن و ترسنۆك بووە لەوەی ڕاستەوخۆو بێ سڵەمینەوە بەرەوڕووی ڕەگەزی بەرامبەر بێتەوە، ئەوە بەربەست و لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێمەن ناهێڵێت ئەو دوو مرۆڤە بەشێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن و یەکتر بخوێننەوە. گەنجی چەپێنراوی کورد ناچارە بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی کچێك بێت یان بە پێچەوانەوە، لەو ڕێگەیەوە ئەو بۆشایە عاتیفییەی هەیەتی پڕی بکاتەوە، بەڵام واقیعەن ئەم گەنجانە گوناهن چوونکە وا دەزانن عەشق دەکەن، چوون ئەو کردەیە سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەی عەشق

ەوەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێزە ئەوانە ناگرێتەوە لە رۆحی یەکتر تێگەیشتوون یان ئەشقی یەکتربوون، زیاتر مەبەستی من لەوەدا چڕدەبێتەوە کە وەك ماسیگر تۆڕیان هەڵداوە بۆ چەم، نازانن چی ماسییەکی پێوە دەبێ. جاری وا هەیە دەکرێ لە دوورپی دوورەوە خۆت لە کەسێکی تردا بدۆزیتەوە و ئاشقی بیت، بەڵام ئەوەی تۆ باسی دەکەی بە کورتی ئەو رێگەیە رێگەی عەشق نییە، دۆزینەوەی درزێکە لەو دیوارە کۆنکرێت و پۆڵاینەی کە کولتووری کوردەواریی لەنێوان دوو رەگەزەکەدا دروستیکردووە و رۆژانە چیمەنتۆی زیاتری تێدەکات.

**ئەوین: زۆربەی کوڕان بە بیانووی سەیر و سەمەرەوە نایانەوێ کچان ببینن، تەنیا بە مۆبایل عەشق دەکەن! تۆ چۆن سەیری ئەمە دەکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەو گەنجانەی باسیان دەکەیت ژمارەیەکی زۆر کەمن لە چاو ئەو لێشاوە بێشوومارەی گەنجە بەدبەختەکان، بە پێچەوانەوە بەشی زۆری کوڕان تامەزرۆن کچێك ببینن، پێموانییە ئەوەی تۆ باستکرد وا بێت، ئەگەریش وابوو وێنەی کۆمەڵگەکەمان نیشان دەدات چەندە ترسی دروست کردووە لەسەر رۆحی عاشقەکان و چەند تووڕە و دڵڕەقە بەرامبەر بە خۆشەویستە نازدارەکان. لاموانییە کوڕێك هەبێت حەزبکات کچێك کە پێشتر گوێی لە دەنگی بووە نەبینێ، بە پێچەوانەشەوە هەرراستە، بە قەناعەتی خۆم ئەگەر هەردوولا بزانن فرسەتێکی لەبار و بێ ترس هەیە بێگومان دەیانەوێ یەکتر ببینن.

**ئەوین: ئەی ئەگەر ئەو فرسەتەشی هەبوو، بەڵام هەر نەیانویست یەکتری ببینن؟.**

ستیڤان شەمزینی: دیارە دەبێت لە رووی دەروونییەوە شیکاریی بۆ کەسێتی ئەو مرۆڤە بکرێت، لەوانەیە ئەو کەسە لە رووی سایکۆلۆژییەوە گرێ و گۆڵی

زۆری هەبێت، یان کەسێتییەکی سیکۆپات و ناکۆمەڵایەتی بێت و هەستی خۆ بە کەمزانین تیایدا دروست بووبێت. بەڵام دیسان پێموایە ژمارەی ئەوکەسانە زۆرزۆرکەمە، بۆناسینەوەی نەخۆشییەکانی ئەم کەسانەش دەبێت لە رووی دەروونییەوە بیانخوێنینەوە، ئەمیش ئیشی پسپۆرانی بواری دەروونشیکارییە بەم کارە هەڵستن.

**ئەوین: بەڵام تۆپێتوانییە خۆشەویستی ئێستا هەمووی بووە بە رابواردن و خیانەت و دەستگەرمکردنەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی:با ئێمە چەمکەکان جیابکەینەوە، قۆڵبڕین قۆڵبڕینە، دەستگەرمکردنەوە دەستگەرمکردنەوەیە، رابواردن ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی، خیانەت هەر خیانەتە، خۆشەویستیش هەر خۆشەویستییە و تا قیامەت وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**ئەوین: تۆ وتت ئەو پەیوەندییەی لە رێی مۆبایلەوە دروست دەبێت بە خۆشەویستی نازانم، بەڵام ئەم حاڵە بووە بە خۆشەویستی و زەواجیشی لێکەوتۆتەوە ئەی ئەمەیان چی؟.**

ستیڤان شەمزینی: مەرج نییە ئەو پەیوەندییەی زەواج دروست دەکات خۆشەویستی بێت، تەنانەت زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی کۆمەڵگەی من و تۆ هیچ کێماسییەکیان نییە جگە لە کەموکوڕیی خۆشەویستی، لەلایەکی ترەوە لەوانەیە لە زۆر حاڵەتدا ئەو پەیوەندیگرتنە بووبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستی بە مانا کوردییەکەی، بۆیە دەڵێم بە مانا کوردییەکەی، چوونکە تەنیا لەکوردستاندا ئەو جۆرە خۆشەویستییەم بیستووە، ئەوجا پێشان دەمانووت عەشق لە نیگایەکەوە دەست پێدەکات تا ئەوەی مرۆڤ وێران دەکات، رەنگە لەمەودوا وا پێویست بکات بڵێین عەشق لە زەنگی تەلەفۆنێکەوە دەست پێدەکات.

بەڕێزم، شێوازەکانی ڕۆیشتن بۆ عەشق ئەم شێوازە نییە (واتە لە ڕێی مۆبایلەوە)، ئاخر کاتێك عەشق دێتە ناو ناختەوە لە ڕێی مۆبایلەوە نایەت، مۆبایل ئامێرێکی بێگیان و مردووە و ناتوانێ ئەو کارە راپەڕێنێت. تۆ مرۆڤێك نەبینیت ناتوانی هیچ بڕیارێکی لەسەربدەیت، لە باشترین حاڵەتدا تۆوەك ئەو نابینایە وا دەبیت کە لە ژیانیدا فیلی نەبینیوە و دەست دەدات لە شفرەکەی و دەڵێ فیل شفرەیەکی رەقە. با کەمێك بێ پەردە و پێچ و پەنا قسە بکەین، ئەو جۆرە تەنیا و تەنیا پاڵنەرە سێکسییەکان لە پشتییەوەن، گەنجی وڵاتەکەی من و تۆ هیچ ڕێگەیەکی نییە بۆ ئەوەی بتوانێت ممارەسەی سێکس ئەنجام بدات لە ڕێی زەواجەوە نەبێت، دەبێت پێش ئەوەی فیلمی بسووتێت ژیانی هاوسەری پێکبێنێت.

من ئەوە ناو دەنێم پەیوەندیی مۆبایل، ناویدەنێم زەواجە مۆبایل، یان خۆشەویستی مۆبایل کە خۆشەویستییەکی عەنتیکە و تایبەتی کوردییە و عەشق نییە. چوونکە پێش هەر شت، هەردوو کەسێتی عاشق و مەعشووق وێنەیەکی مەلموسی خۆیان هەیە، کە زۆرجار سیمای ئەو هەست و سۆزە لەسەر رووخسارەکان دەردەکەون. ئەمەش بابەتێکی وردی دەروونزانییە و بۆ پسپۆرەکانی ئەم بوارەی جێدەهێڵین، چوونکە ئەوە کایەی ئەوانە قسەی تیا بکەن.

**ئەوین: بەڵام زۆرجار هەبووە کەسێك لە ڕێی مۆبایلەوە خۆشەویستی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی بیبینێت زۆریشی خۆشویستووە، ئەمە چۆن لێك دەدەیتەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوەی تۆ دەیڵێیت سیحرە، سەرم لەوە دەرناچێت.

**ئەوین: تۆ چۆن سەیری ئەو پەیوەندییە دەکەیت کچەکە بە کوڕەکە دەڵێت وەك برام وایت یان کوڕەکە بە کچەکە دەڵێ وەك خوشکم وایت**

**هەموویشی سەرزارەکییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوە موجامەلەیەکی زۆر سەیری کۆمەڵگەی کوردییە، مرۆڤی ئێمە بۆ ئەوەی هەمیشە پاکێتی خۆی نیشان بدات، ناچارە کۆمەڵێك تەمسیل بکات وکۆمەڵێك درۆی شاخداربهێنێتە پێشەوە، تا بە بەرامبەرەکەی بڵێت کچەکە یان کوڕەکە، من هیچ مەرامێکی خراپ و سێکسی و بێگانانەم بە تۆ نییە، وەك برا یان وەك خوشك پەیوەندیی لەگەڵ تۆ دەگرم.

مرۆڤی ئێمە دەیەوێ هەمیشە وێنەیەکی پاکی خۆی نیشان بدات و وەها لە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت لە سێکسی (قێزەون) بە دوورە، باشترین وێنە و چەتریش، زاراوەی خوشك و برایەتییە، چوونکە هەموو دەزانین لە تەواوی دنیادا هیچ خوشك و برایەك مارەسەی سێکس ناکەن، چوون پەیوەندیی جیناتیان بە یەکەوە هەیە، بۆیە ئەوکە بە تۆ دەڵێ وەك خوشکم وایت ویان بە من دەڵێت وەك برام وەهایت، پاکانەیەکی پێشوەختە، تەنیا و تەنیا لە پێناوی پێشکەشکردنی وێنەیەکی بێگەرد و نموونەیی خۆماندایە هەرلەسەرەتای ناسینەوە یاخۆ بەدرێژایی ئەوپەیوەندییەی کە بەیەکەوە هەمانە. ئاخربۆ ناوترێ: تۆ وەك هاوڕێمی؟، چوونکە لە روانگەی کولتووری ئێمەوە هەموو پەیوەندییەکی نێوان دوو رەگەزەکە لەدەرەوەی خوشك و برایەتی «پەیوەندیی خوێن» لەسەرستروکتۆری سێکسوالێتی رۆنراوە.

**ئەوین: دواجاردەمەوێت بڵێم دوا پەیام و دوا ئامۆژگاریت چییە بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان کە چۆن خۆشەویستی بکەن و بە چ شێوەیەك بیگەیەننە ئەنجام؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە پێشدا دەمەوێت بڵێم زۆرقینم لە وشەی ئامۆژگارییە، دژی هەرجۆرە ئامۆژگاریکردنێکی خەڵکم، ئاخر من خۆم چیم تا ئامۆژگاریی خەڵك بکەم؟ بەڵام ئەگەروەك بۆچوون و ئەزموونێکی تایبەتی

بێت بە گەنجەکانی هاوتەمەنی خۆمی بڵێم تا بە ڕۆشنی کارێك ئەنجام بدەن ئەوەیان شتێکی ترە، ڕەنگبێ یەك دووقسەم هەبێت بۆ دركاندن. من پێموایە خۆشەویستی پلەیەکی زۆر باڵا و کاریگەرە، لە بووندا هیچ وجودێکی تر نییە وەك ئەو. بۆیە ئەوانەی بە مۆبایل ئەنجام دەدرێن و لەسەر گردەکانی قەراغ شار ڕوودەدەن یان لەبەردەم دەرگاکانی خوێندنگاکانی کچان دەیانبینین هیچیان ناتوانن ببنە خۆشەویستی، ئاخر هاوڕێی ئازیزم خۆشەویستی بریتییە لە پەیوەندییە ڕۆحییە قووڵ و بێگەردەکان.

داوا لەگەنجانی وڵاتەکەم دەکەم خۆیان پەروەردە بکەن، بە فۆرمێکی ڕاست و دروست، بە ڕۆح ئاوێتەی خۆشەویستی بن، پەیمان لەگەڵ خۆشەویستی و ئەوکەسانە ببەستن کە خۆیان دەیانەوێن، بە کامی دڵ و بەوپەڕی متمانە و قەناعەتەوە دەیانەوێن بۆ هەمیشە بۆ یەکتربن و بۆ یەکتر بژین، وا بزانن هەر لەبناغەوە یەك ڕۆح و جەستە بوون، شمشێری قەدەر دوولەتی کردوون. وا لە پرۆسەکە بڕوانن بە یەکگەیشتنیان واتە بوونەوە بە یەکترە، هەروەاش وەك نیوەیەکی ناتەواو خۆیان ببینن کە لە کاتی عەشقدا دەبنەوە بە یەك جەستە و ڕۆحێکی تەواو و کامڵ.

تێبینی: ئەم دیمانەیە، لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجامدراوە، لە بنەڕەتەوە دیمانەیەکی دوو ئەڵقەیی بەرنامەی «دیارەدەکانی کۆمەڵ»ی ڕادیۆی «هەرێمی کوردستان - سلێمانی» بوو کە بەرنامەیەکی هەفتانە بوو لەلایەن ڕۆژنامەنووس «ئەوین عەلائەدین»ەوە ئامادە و پێشکەش دەکرا. پاشتر بە شەش بەش لە ڕۆژنامەی «ئاڵا» لە هەمان ساڵ بڵاوکراوەتەوە.

# گەنجان لە نێوان سیاسەت و زانکۆ و ڕەشبینیدا

دیمانە: سۆزە محەمەد

دەربارەی کێشە هەنووکەییەکانی گەنج و بۆ قسەوباسکردن لەسەر ڕەوشی ژیانی گەنجی کورد بەگشتیی و هاوکات تیشك خستنەسەرکاری ڕێکخراوەکان و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی لاو ئەم چاوپێکەوتنەم سازدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی گەنج (ستیڤان شەمزینی) سەرنووسەری ڕۆژنامەی نێوەند.

**گەنج: بەشێوەیەکی گشتیی نەوەی نوێ چۆن دەبینی و لەڕوانگەی تۆوە تایبەتمەندییەکانی نەوەی نوێ چییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: تۆ دەزانی من کائینێك بەناوی نەوەی نوێ ناناسم و نابینم، دەزانی من بەردەوام ئیشکالیەتم بەرامبەربە زاراوەی نەوەی نوێ هەبووە و ئەمە بۆجاری سەدەهەمە هەوڵمدا ئەو بڕوایە دەربڕم کە لەخەیاڵدانی مندا شتێك وێنا نەکراوە بەناوی نەوەی نوێ، ئاخر ئێمەی کورد خاوەنی نەوەکان نین (نەوەی کۆن و نوێ) ئەوەی هەیە تەنێ یەك

نەوەی کۆنە، ئەویش لەیەك بۆتە و سنووری داخراودا بیری کردۆتەوە و گەشەی کردووە. دەخوازم بڵێم ئێمە کولتوور و تێگەیشتنی باو و باپیرانمان بەبێ دەستکاریی لەڕێی جیناتەوە پێگەیشتووە، لە باشترین حاڵەتدا تەنیا لەسەر ئاستی فۆرم لەباوانمان جوداین ئەگەرنا درێژەپێدەری هەمان روانگە و تایبەتمەندییە کەسییەکانی ئەوانین، رەنگە هەبن دژ و پێچەوانەی بڕواکەی من بن، بەڵام ناتوانم بیرکردنەوەی خۆم بشارمەوە، دەبێ لێم قبوڵ بکەی باوەڕم بەو نەوەیە نییە تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەیت، بەڵام لێرە شتێك هەیە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم، لە کۆمەڵگەی ئێمە گەنج دەژی، دیارە مەبەستم لەو مرۆڤانەیە تەمەنیان لەنێوان ١٧-٤٥ ساڵییە، بەڵام بۆئەوەی بەنەوەی نوێ ناودێریان بکەین کارێکی ئەستەمە و غەدرێکی گەورەشە، چوونکە نەوەی نوێ دەبێ هەڵگری بیرۆکە و روانین و جیهانبینی و خوێندنەوەی نوێ بێت و عەرشی سیستمی کۆن بە تێزە نوێیەکان بهەژێنێت و داگیری بکات.

لەبەرئەوە وەڵامەکە لەوەدا کورت دەکەمەوە ئەو توێژەی گەنجەی کە خۆیان بەنەوەی نوێ و ئەڵتەرناتیڤی نوێ دەزانن نەك هەرگیز نوێ نەبوون بەڵکولەگێژاوی نوستالیژیا و کۆڵانە تاریکەکانی کولتووری باواندا رێگەیان ون کردووە. حسێن دەروێش جوان وەسفی ئەم نەوەیە دەکات بەوەی (چاوی لەئارامییە بەڵام نازانێ بەکام رێگادا بڕوات هیوای رزگاربوونە لەنەهامەتی، بەڵام دەیەوێت بە کەرەستەکانی ئەوانی دی و نەخشەکانیان رزگاری بێ).

**گەنج: بەردەوام ئەورایە فەرزکراوە بەسەرگەنجاندا سیاسەت و گەنج دووشتی لێك دابڕاون ئەمە چۆن دەبینی؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئێمە زۆرمان نییە لەسەرکەس سیاسەت دەکات یان نا، بەبڕوای من سیاسەت تایبەت نییە بە چینێك یان توێژێك،

دکارێ گەنجانیش بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان بەشداریی لە کردەی سیاسیدا بکەن، من ئەو حاڵەتە بەناتەندروست دەزانم گەنجان بەکۆمەڵ لەسیاسەت هەڵبێن هەروەك چۆن بەهەڵەی دەزانم هەموو سیاسییەکی بەحەت بن، دەکرێ هاوسەنگییەك رابگیرێ. جارێکی دی جەختدەکەمەوە لەسەرئەوەی لەلای من هیچ کارێك بەتۆبزی نییە، هەموو کارێك ئارەزوومەندانەیە. با لەبیرم نەچێ ئەوەش ئیزافە بکەم سیاسەت لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا وێنەیەکی ئەوەندە قێزەون و ناشیرینی هەیە وایکردووە نەك گەنج هیچ کەس حەزی لێنەکات، چوونکە سیاسەت لەم دەڤەرەدا یەکسانە بەخوێن و کاسەسەر و توندوتیژیی و هاوشێوەکانیان، بەڵام گەنجانیش خۆیان تێگەیشتنی خراپیان بۆ مەسەلەکە هەبووە بە تایبەت چەمکی حزبایەتی وسیاسەتیان تێکەڵاوکردووە ووەك یەك دەیبینن. دوا قسە ئەوەیە ئەگەرگەنج بەشداریش بێ لەکایەی سیاسەتدا، بەڵام ئەگەربەهەمان رێگای سیاسەت باوی باوکەکاندا هەنگاوی هەڵهێنا پێموایە هیچ لە واقعەکە ناگۆڕێ چوونکە دواجار سیاسەت، سیاسەتی تەقلیدیی وکۆنە جا بەدەستی پیریان گەنجەوە بێت هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

**گەنج: رێکخراوەکانی گەنجان چۆن دەبینیت و تاچەند ئەکتیڤ بوون لەکارەکانیاندا؟.**

ستیڤان شەمزینی: خراپ دەیانبینم، جارێ هەرلەبنەڕەتەوە ئەو خرپوونەوەیەی گەنجانی سەربە حزبەکان هۆزگەرایی و جەماعەت جەماعەتێنەیە نەك شێوازی کاری رێکخراوەیی، من پێکەنینم دێ بەو رێکخراوانە و هەردەڵێی داهۆڵی ناودەغڵن چەقێنراون بۆترساندن و زراوبردنی چۆلەکە یاخییەکان. ئەوجا حەزدەکەم پرسیارلە تۆبکەم، ئەندامانی رێکخراوی لاوانی حزبی (س) چی جیاوازییەکی ئەوتۆیان هەیە

لەگەڵ پیاوە پیرو کلاسیکییەکانی هەمان حزب؟ ئەو جۆرە ڕێکخراوو گروپانە ناتوانن سەرنجم رابکێشن و وا دەزانم مێشن بەلامدا گێزەیان دێ. ئەم ڕێکخراوانە یەکەیەکی حزبین و بەڵێ لەو بوارەدا و لە کۆکردنەوەی گەنجان لەدەوری ستراتیجی حزبەکانیان ئەکتیڤ بوون، ئەم ڕێکخراوانە لەسەرترس وبیم گەنجان پەروەردە دەکەن چوونکە ڕێکخراوەکانیان کوڕی منداڵانی نەوەی کۆن و تەقلیدییە ئەونەوەیەی هەروەك (حسێن دەروێش) دەڵێ لەوەهمەکانییەوە ترسی بە میرات بۆ بەجێهێشتووین.

**گەنج: گەنجانی ئێمە کەم دەخوێننەوە و زیاتر خەیاڵیان لای شتی لاوەکییە ئایا ئەمەش کێشە نییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: نەخێر، لە تۆ دەپرسم ئایا گەنجان چی بخوێننەوە؟ ئەو هەموو درۆ و دەلەسەیەی رۆژنامە مخابەراتییە بەناو سەربەخۆکان؟ یان ئەو لێشاوە ئینشا و پەخشانانەی بەناوی لێکۆڵینەوەوە دەرخواردمانی دەدەن؟ یان ئەو دەریایە لە دزی ئەدەبی و وەرگێڕانی سەقەت و قوڕ؟ ئایا گەنجان شەڕە دەندوك و جنێوی نێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت بخوێننەوە؟ یان وتارەکانی سەروەریی حزب و بە ئەفسانەکردنی سەرکردە؟ لەڕاستیدا زۆر کتێب و وتاری دەگمەن دەبینم شیاوی ئەوە بێت مرۆڤ کاتی خۆی بەخوێندنەوەیەوە بکوژێت، ئیتر با گەنج جیا نەکەینەوە چوونکە ئەوە بە تەنیا گەنج نییە ناخوێنێتەوە، ئەوە هەموو کورد و تەنانەت نووسەرانیشە ناخوێننەوە، پێشنیار دەکەم بۆ گەنجان هیچ شتێك نەخوێننەوە چوونکە شتێك نییە لەم وڵاتەدا شیاوی خوێندنەوە بێت. بۆ لایەنی دووەمی پرسیارەکەت لەوە تێناگەم شتی لاوەکی چییە؟ ئەگەر بەخۆ رازاندنەوە و کەشخەیی گەنجان دەڵێی لاوەکی ئەوە تۆی بەهەڵەداچوویت نەك گەنجان! ئیتر گەنج چی بکات ئایا ببێتە پاسەوانی بەرپرسە دزەکان یان پرسگەی

بارەگا حزبییەکان؟ یان چەورەی حزبە سەقەتەکانمان؟ ئەی ئافەرین بۆ ئەو گەنجانەی بایکۆتی حزبی کوردیتان کرد، ئەوە باشترین سیاسەت بوو، باشترین شۆڕش بوو، تکایە بەردەوام بن.

**گەنج: تۆ خۆت گەنجی و ساڵانێکی زۆریش لەسیاسەت و حزبدا کارتکردووە تاچەند تێکشکانەکانت لەو بوارەدا بۆتە هۆی ئەوەی بەتەواوی سیاسەت ڕەت بکەیتەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەبەشی کۆتایی پرسیارەکەتەوە دەست پێدەکەم دەمەوێ ئەوەت بۆ ڕاست بکەمەوە کە هەرگیز سیاسەتم ڕەت نەکردۆتەوە، لاموانییە سیاسەت دابڕاوبێ لە ژیانی هیچ کەس، سیاسەت هونەری بەڕێوەبردنی ژیانە، بەڵام داوام کردووە گەنجانی ئەم وڵاتە و هەموو خەڵك حزبی کوردیی تەڵاق بدەن. سەبارەت بە ئەزموونی خۆم لەبواری سیاسەت و حزبایەتیدا زۆربەوە شادمانم بۆرۆژێك چییە ئەندامی یەکێتی وپارتی نەبووم بەڵکو کادری حزبێکی چەپ بووم، نایشارمەوە تێکشکاین نەك تێکشکام، دواتر زانیم سیاسەت و حزب مەکینەیەك بوون ژیانی لاویان هەڵلووشیم، خۆ ئەگەر دەساڵ لەمەوبەر بگەیشتمایەتە ئەو قەناعەتەی ئەمڕۆ و لەوە حاڵی بووبام کۆی داشەکانی شەترەنجی ڕۆژهەڵاتی نێوین، دەرەوەی خۆی «ڕۆژئاوا» دەیجوڵێنی ئەوە هەرگیز سیاسەت و حزبایەتیم نەدەکرد لەبری ئەوە هەر دڵداریی و عەشقم دەکرد، وەلێ بەداخەوە ڕۆشت، گەر جارێکی دی ژیانم بگەڕێتەوە مقەڕەکان دەکەمە جێژوان.

**گەنج: بەردەوام ڕەخنە دەگریت و نووسینەکانت هەمووی ڕەخنەن هەست بەوە ناکەیت تەنیا دەتوانی ڕەخنەگر بیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: خۆزگە بمتوانیبا ببمە ڕەخنەگرێکی ئەکادیمی و پسپۆر، ئەوەی تۆ بەنەنگی تێیدەگەی لای من جێگەی ئەوپەڕی شانازییە،

هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکەم بەردەوام رەخنەگر بووم و هەوڵیش دەدەم هەر بەو شێوەیە بمێنمەوە. دەمەوێ بڵێم رەخنە تەنێ ئەو دیوە ناشیرینە نییە بەسەر کولتووری رۆشنبیریی ئێمەدا زاڵبووە، چوونکە کۆی رەخنەکانی ئێمە رەخنەی ئایدۆلۆژیی و شەخسی و حزبین نەك ئەپستیمی و لۆژیکی. ئاخر ئازیزم ئەوەی ئەوروپای گەیاندە ئەم دۆخەی ئێستای رەخنە و گومان بوو، چوون رەخنە لەخۆیدا جۆرێکە لە مەعریفە، ئارەزوو دەکەم ئەو وتەزایەی رۆژیە گارۆدی بەبیرت بهێنمەوە کە دەڵێ (گرنگترین شت ئەوروپا بەخشیویەتی تەکنۆلۆژیا نەبوو بەڵکو رەخنە بوو، ئەوەی ئەوروپا بەخشیویەتی لە سوقراتەوە تاکوو کانت، لە کیارکیگاردەوە تا مارکس، لە نیچەوە تا هۆسرل، باوەڕنەبوو گوومان بوو). ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت لەحاڵەتی کۆمەڵایەتی خۆشمدا هەروام، هەردەم لەماڵەوە پێمدەڵێن شتێ نییە تۆ لێی رازی بیت، من بۆیە دەژیم تا ناڕازی بم، چوونکە دەمەوێ شتەکان بگەنە حاڵی کەماڵ، لەوانەیە تا راددەیەك لەم رووەوە میسالی بم، بەڵام ئەرکی هەموو مرۆڤێکی هۆشیارە بەردەوام بەچاوی گومان و رەخنەوە لە شتەکان بڕوانێت.

**گەنج: چۆن لەزانکۆ و ئەکادیمیا دەڕوانیت ئایا چ رۆڵێکیان لە کۆمەڵگەدا بینیوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: سەرەتا دەگەڕێمەوە سەر رەگی وشەی ئەکادیمیا، لەبنەڕەتدا ئەکادیمیا لەچاوگی ئەکادێم یان ئەکادیمۆس وەرگیراوە و وشەیەکی یۆنانییە، بەپێی میتۆلۆژیای گریکی ئەکادێم پاڵەوانێکی ئەفسانەیی کۆنە، هەر بەپێی گێڕانەوە میتۆلۆژییەکان پاڵەوانی ئەفسانەیی (تێستێ) هەستاوە بەڕفاندنی (هێلینا) و شاردوویەتەتییەوە، ئەم هێلینایە خوشکی (دێوسکوور)ەکان بووە، ئەکادێم یارمەتی دێوسکوورەکانی داوە

بۆ رزگاركردنی خوشكەكەیان. تۆ سەیر بكە سترۆكتۆری وشەكە لەناوی قارەمانێكی ئەفسانەییەوە خواستراوە كە هێمایە بۆ یاخیبوون و سەركێشی و جەرائەت، بەبۆچوونی من ئەكادیمیا یان زانكۆی ئێمە زانكۆیەكی دەستەمۆ و هەژارە، ئەكادیمیا لەتوانایدا نییە تێزی نوێ و روانینی نوێ بەرهەمهێنێت و هیچ چاوەڕوانییەكی لێناكرێت، هەروەك مامۆستا رێبوار سیوەیلی دەڵێ زانكۆی ئێمە هەرچوار ساڵ جارێ بڕوانامە دەبەخشێتەوە وتەواو.

لەلایەكی تریشەوە دوو زلحزبەكەی كوردستان زانكۆ بە قەڵای خەیبەر دەزانن و هەوڵی فەتحكردنی دەدەن و لە هەموو روویەكیشەوە ئەكادیمیا تەسلیمیان كراوە نەك تەسلیم بووە. بە راشكاویی پێی لێدەنێم گاڵتەم بە ئەكادیمیا دێ تۆ سەیربكە خوێندكاری وام دیووە چوار ساڵ لە زانكۆ رۆژنامەنووسی خوێندووە كەچی دوای دەرچوونی نەیتوانیوە ریپۆرتاژێك ئامادە بكات. لەحەقیقەتدا من باوەڕم بە ممارەسە هەیە، چوونكە لەوانەیە ئەو وتە تەقلیدییە باشترین وەڵام بێت بۆ ئەكادیمیستەكان ئەوە هەر ئەزموونگەرەكان بوون تیۆرەكانی ئەكادیمیایان داڕشتووە، پرسیارەكە ئەوەیە ئەی ئەوان لەچی ئەكادیمییەك دەرچوون؟ نموونەی خۆم دەهێنمەوە كە هیچ بڕوانامەیەكم نییە لەهیچ ئەكادیمییەك لە بواری رۆژنامەنووسیدا، بەڵام هەستدەكەم لەوانە پێرفێكتترم كە لە ئەكادیمیا كاتی خۆیان بەفیڕۆ داوە، دواجار ئەكادیمیای ئێمە جیاوازییەكی لەگەڵ قۆناغەكانی تری خوێندن نییە و كەسیش هەست بەرۆڵ و كاریگەریی زانكۆ ناكات لە هیچ ئاستێكدا.

**گەنج: گەنجی كورد چی بكات بۆبەدەستهێنانی مافەكانی و سەركەوتنی پڕۆژەكانی؟.**

ستیڤان شەمزینی: گەنجی كورد دەبێت لەبیر و كرداریدا ممارەسەی

ژیانی گەنجانەی خۆی بکات ئەوکات دەسەڵاتی کۆن بۆ خۆی دەکەوێتە پەراوێزەوە، روونتر بڵێم ئەگەرتۆ گەنج یان نەوەی نوێت هەبوو ئەوە لەخۆیدا بە مانای جێ پێلێژکردنی نەوەی کۆنە، ئەگەریش دەتەوێ بزانی چۆن گەنج یان نەوەی نوێ سەردەکەوێ دەبێ گەنج بەردەبارانی سیستمی کۆن و دنیای کۆن و بیری کۆن بکات ولەبەرامبەریشدا بیرۆکە ودنیای نوێ چێ بکات. بەڵام هەتا ئەم ساتەوەختەش نەوەی نوێ لەئارادا نییە و گەنجی کورد وێنەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی باوانی خۆیەتی و بەم وەزعەوە مەحاڵە ئومێدێك هەبێت بۆ گۆرانی باری ژیانی، خواش دەزانێت ئەو پرۆسەیە چەند دەخایەنێ تا نەوەی نوێ لە هێلکەکەی سەردەجوقێنێت.

**گەنج: دوا پرسیارم ئەوەیە بۆچی ئەوەندە رەشبینیت و بەبێ هیواییەوە لە شتەکان دەروانیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: من ناوی نانێم رەشبینی، بەپێچەوانەوە ئەوەی تۆ بە رەشبینی تێیدەگەی واقیعبینییە، ئەزواقیعەکە وەك خۆی و بێ پێچ و پەنا دەردەخەم، ئیتر کێشەم نییە تۆ چ ناوێکی لێدەنێی، رەشبینی یان سپیبینی. وا هەستدەکەم لەواقیعێکی وەك ئەمرۆدا تەنیا گەمژەکان خۆشبینن، ئەو هەموو ناعەدالەتی و چەوتی و ناهەمواریيە دەبینم لەسەرژیانی مرۆڤ ئیتر چۆن رەشبین نەبم؟ کاتێ ئەو بەهایانەی هەموو ژیانی خۆمان لەپێناویدا کرد بەسووتەمەنی هەرەسیان هێنا و هەموو خەونەکانمان بوون بە زوخاڵ و هیواکانمان وەك بەفری بەر هەتاو توانەوە، ئیدی رەشبینی تاکە شتێکە ئامادەییەکی جیددی هەیە و هەژموونی خۆی بەسەرتدا دەسەپێنێت. جگە لەوەش مرۆڤ لەناخیدا جۆرێك لە رەشبینی هەڵگرتووە ولەگەڵ تەمەنیدا نەشونما دەکات، منیش وەك مرۆڤێك بەدەر نیم لەم حاڵەتە و تۆش هەر بەهەمان شێوەیت.

حەزدەکەم منیش وەڵامەکەی خۆم دەربارەی ڕەشبینی و گەشبینی بەم وتەیەی گۆنتەگراس کۆتایی پێبێنم کە دەڵێ: هەتاوەکو ئەو بەردە مابێت سیزیف رایدەکێشێتە سەرەوە ئەوە هیچ کۆتاییەك نییە. لێرەدا مەبەست لەو کارەساتە دابەزیوانە نییە بەهۆی هێزەکانی ئەودیو سروشتەوە، بەڵکو مەبەست لەوانەیە مرۆڤ ئامادەی دەکات، بە تەنیا مەبەستیش لە سیناریۆ گەورەکانی ئەتۆمی نییە، یان ئەو سروشتەی مرۆڤ وێرانی کردووە تاکو چینی ئۆزۆن، مرۆڤ بە هیچ شتێکی قەدەرو دوعاکان، تەنانەت ئەو گەشبینییەش کە بەپشك بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکرێت رزگاری نابێت، بەڵکو بە چالاکی مرۆڤانە رزگاری دەبێت.

ئەوالنامەی کتێب

*ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە «٤»ی گۆڤاری «گەنج» لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.

# رامانێک لە شیعر و عەشق و جوانی

ئینتەرڤیو: هەژار خاتەمی

چاوپێکەوتنی گۆڤاری «مهاباد» لەگەڵ شاعیرو نووسەر «ستیڤان شەمزینی» لە نەخۆشخانەی گلیاد ئاینس، لە شاری «بیلەفێڵد»ی ئەڵمانیا لە مانگی مارتی ٢٠١٧.

**پرسیار: تکایە لە سەرەتا دا خۆتمان بۆبناسێنە وکاروچالاکییەکانتمان بۆباس بکە. نازناوی «ئیمپراتۆری عیشق و جوانی»ت لە سەرخۆت داناوە و لە زۆربەی شیعرو نووسراوەکانتدا باس لە عیشق و ئەوین، جوانی و ماچ دەکەی، چ پێناسەیەك بۆعیشق و جوانی وئەوین دەکەی؟.**

ستیڤان شەمزینی: هیچ حەزم لەورەفتارە نییە رۆژنامەوانەکان نووسەرێك ناچاردەکەن بکەوێتە باسی خودی خۆی، یان پەسنی خۆی بکا، ئەمە نووسەرفێری نارسیسزم دەکات. لە راستیدا لەوپرسیارە رادەکەم کە کێم؟ خۆیشم وێڵی وەڵامی ئەوپرسیارە قورسەم! کەی گەیشتمە وەڵامێك پێتان رادەگەیەنم من کێم!. عەزیز نەسین بە پەڕەمووچی خۆی

هەندێ بیرەوەریی لەسەرژیانی نوسیوە، لەوێدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «وەك هەمیشە فریا نەکەوتم ناوێك بۆ پاشناوی خانەوادەیم دیاری بکەم و هەموو ناوە باشەکان برابوون. ناچار بووم ناوی (نەسین) دیاری بکەم. نەسین واتە (تۆ چیت) دەمویست هەرکاتێك بانگم دەکەن بیرلەوە بکەمەوە کە ئایا بە راست من چیم؟». منیش هەروا زۆرجار کە پێمدەڵێن تۆ کێیت؟ نازانم چی وەڵام بدەمەوە، پێشتر پێموابوو «زۆربا»ی یۆنانیم، دواتر خۆم وەك «دۆنکیشۆت» دەهاتە بەرچاو، هاوڕێیەکی کچم وتی نا تۆ «کازانۆڤا»یت، برادەرە نزیکەکەشم دەیویست خاڵە هاوبەشەکانی من و ئاکلی شەقاوە «پاڵەوانی سادق هیدایەت» بدۆزێتەوە، کەچی تازە زانیوومە زۆر لە کاراکتەری «مۆرسۆ»ی رۆمانی «نامۆ»ی «ئەلبێر کامۆ» دەچم. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم من لە رێگەی پیاهەڵدانەکانی خۆمەوە مەناسن، بەڵکو لەو دەقانەدا بمدۆزنەوە دەیاننووسم، ئاخر منی راستەقینە لە نووسینەکانمدا بەرجەستە بووم.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشت، بەدەستی خۆم هیچ نازناوێکی وەك «ئیمپراتۆر و ژەنراڵی عەشق»م نەکردۆتە پاشناوم، ئەوە هەستی خوێنەرەکانمە کە نازناوی «ژەنراڵی عەشق»یان بەسەردا بریم، زۆرجاریش بە ئیمپراتۆر ناوم دەهێنن. ئەوەش راستە زۆرینەی نووسینەکانم لە ستایشی عەشق و ئەویندایە، بەڵام هیچ کات عەشق بەو بەرینی و تانوپۆوە کورت ناکەمەوە بۆ بازنەی داخراوی یەك تاکە پێناسە. زۆر دەمێکە وتوومە «تازەترین پێناسە بۆ عەشق ئەوەیە عەشق پێناسە ناکرێت». لە ساڵی ٢٠٠٠ لە نامەیەکدا بۆیار نووسیبووم «ناتوانم پێناسەی عەشقت بۆ بکەم، بەڵام عەشق پەتی سێدارەی گەردنی رۆحە، ئەوەندە ئەزانم عاشق مازۆخییە و چێژلەو سزایە وەردەگرێ بە عەشق ناودێر کراوە. ئەوەندە دەزانم عاشق

لە ژوورێکی رازاوە و پڕ زەخرەفەی وەك دڵی مەعشووق کۆت کراوە. ئەوەندە ئەزانم عاشق دیلی دڵی خۆیەتی. دڵ وەك خەسڵەتە بایۆلۆجییەکە نا، بەڵکو وەك ئەو هێزەی سۆز و هەست دەجوڵێنێ و لە شەرێکی نەپساوەشدایە لەگەڵ ئاوەزی ناو سەرمان». خولاسە لە دیتنی ئەزدا عەشق هێزێکە کە هیچ پێناسەیەك دەرەقەتی نایەت، عەشق پێدراوێکە لە دەرەوەی پێناسەکان.

**پرسیار: لە جێگایەك عیشق زۆر ناشیرین پێناسە دەکەی: «لە کۆتاییدا عەشق* خووی ئەو دیکتاتۆرانەیە* دەیانەوێ نیشتمانی دڵت داگیر بکەن* عەشق داگیرکردنێکی چاوچنۆکانەیە و بۆ هەمیشەش بەم شێوەیە دەمێنێتەوە» بۆ پێتوایە کە عیشق خوویەکی دیکتاتۆرانەی داگیرکەرییە؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێویستە سەرەتا ئەوە بزانیت ئەو تێکستە بە زمانێکی مەجازی لە بارەی عەشقەوە هاتۆتە دواندن. ئەمە پێناسەکردنێکی ناشرین نییە بەڵکو هەوڵێکە بۆ پەسنی ئەو پرۆسەیەی ناوی عەشقە. لە هزرینی مندا عەشق ئەو دیمەنە بەرچاوەی ژوان و دەستلەملانی خۆشەویستەکان نییە، نا عەشق زۆر لەو دیمەنە باڵاترە، عەشق پرۆسەیەکی رۆحییە، ئاوێتەبوونی عاشق و مەعشووقە لە بۆتەی یەکتردا. لێرەوەیە پێموایە عەشق رەفتارێکی دیکتاتۆرانەیە، داگیرکردنە بە مانای تەواوی وشەکە، لەبەرئەوەی بە سادەترین دەربڕین دەتوانم بڵێم عاشق نایەوێ چاوی مەعشوقەکەی جگە لە خودی خۆی هیچ کەسی تر ببینێ، عاشق کۆنترۆڵی هەست و دڵ و رۆحی مەعشووق دەکا و دەیخاتە چێوەی هەست و دڵ و رۆحی خۆیەوە. بەڵێ عەشق رەفتارێکی دیکتاتۆرانەیە، بریتییە لە پرۆسەی داگیرکردنی هۆش و سۆز و دڵ. رەنگە ئەوەش پێناسەکردنێکی ناشرین نەبێت، تەنانەت هەندێك لە پسپۆرانی سایکۆلۆژیی عەشق بە نەخۆشی دەروونی ناودەبەن،

لەبەرئەوەی کەسێتی عاشق بێ بوونی مەعشووق هەست بە لەنگی و ناتەواوییەك دەکات لە دەروون و رۆح و هەستەکانی خۆیدا.

ئەمە داگیرکردن نەبێ چییە تۆلە نێو شەش ملیار مرۆڤدا، تاکە مرۆڤێك بە خەون و هەستەکانی خۆت گەمارۆ دەدەیت؟. ئەمە داگیرکردن نەبێ چی ناوێکی تری لێدەنرێ لە نێو ئەوحەشاماتە دڵی کەسێك بە قورسایی هەست و سۆز پڕ دەکەیت لە خودی خۆت؟. عەشق پرۆسەیەکی دیکتاتۆرانە و داگیرکارییە، بەڵام با لە بیرمان نەچێت جوانترین داگیرکارییە و شیرینترین رەفتاری دیکتاتۆرانەیە. رەنگە مرۆڤ کاتێك عاشق دەبێت بەر نەفرەتی ئاسمان کەوتبێ، چوونکە بەرچاوی لێڵ و تاریك دەبێت، هەروەك خۆم عەشقێکی لەمجۆرە ئەزموون دەکەم، رەنگە بە وتەی «نیمایوشج» تاوانێکی گەورەش بێت کاتێ لە نامەیەکدا دەنووسێ «ئازیزم. دڵی من بەرەو لای تۆ دەفڕێ. لێم ببوورە لەو تاوانە گەورەیەی کە خۆشەویستییە، چاوت بپۆشە لەوتاوانانەی بەهۆی ئەم خۆشەویستییەوە روودەدەن».

**پرسیار: دەڵێی «من ئیمپراتوری عیشقم* چوونکە بۆ نیگایەکت دەچەمێمەوە* هەروەك چلۆن مارکس بۆ جیێی هاوسەری نووسی* (لەبەردەمتدا دەنووشتێمەوە و دەگریم* چوونکە خۆشم دەوێی)* ئاوهاش، من وەك جەنەراڵێکی بەزیو* لە بەردەم پەیکەری عەشقدا دەنووشتێمەوە» تکایە ئەگەر دەکرێ زۆرترمان بۆ باس بکە کە چ شتێك وەها هەست و سۆزیەکی داوە پێت کە خۆت وەك جەنەراڵێکی بەزیو ببینی لەبەردەم عیشق؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەوەی پێی دەوترێ غرور لە عەشقدا بوونی نامێنێت. مرۆڤ تا چەند عەشقەکەی گەورە بێت، زیاتر لەبەردەم مەعشووقدا بە چۆکدا دێ. تا چەند نغرۆی عەشقێکی قووڵ بێت هێندەش هەست بە

لاوازیی خۆی دەکات لەبەردەم مەعشووقدا. گوزارەی «جەنراڵی بەزیو» مانای ئاستی بە چۆکدا هاتن دەگەیەنێت نەك دۆڕان لە نەبەردی عەشقدا، بهێنە بەرچاوی خۆت کاتێك ژەنەراڵێك لە مەیدانی جەنگدا دەبەزێت چەند بێ شکۆ و دەروون تێکشکاوە، ئاوهاش کەسێتی عاشق هەموو شکۆی خۆی بەستۆتەوە بە دڵی مەعشووقەوە. لە دیدی «ئالن بادیو» بیریاری فەڕەنسی حەز و خۆشەویستی نەك دوو شتی جیاوازن بەڵکو پێچەوانەی یەکترن، چوونکە «ئارەزوو مەیلی فیتشی (بەشتبوون) هەیە هەرچی خۆشەویستییە مەیلی سووتان و لە ئامێزگرتنی تیایە».

هەرلەبەرئەمەشە زۆرێك لە توێژەران کۆك و هاوڕان لەسەرئەوەی کەسێتی عاشق لە رووی دەروونییەوە کەسێتییەکی مازۆخییە، چوونکە خۆشی خۆی لە ئازارەکانی عەشقەوە وەردەگرێ، دیمەنی شیعری کلاسیکی کوردیی بەرهەمی عەشقێکی قووڵی مازۆخیانەیە، لێ دەزانم لە دیدی شاعیرێکی وەك «مەحوی»دا عەشق بریتییە لە عەشقێکی سۆفیانە بۆ خودا، بەڵام پڕبەتی لە سووتان و فیغان، پێموایە عەشق دیاردەیەکی سۆفیستانەیە کە لەگەڵ بەهاکانی زەمەنی جیهانگیرییدا یەکناگرێتەوە، بەڵام من کارم بەو بەهایانە نییە سیستمی کاپیتالیزم سەپاندوویەتی بەسەر مرۆڤی هاوچەرخدا، بێزاریشم لەو ئاکاری دەستبازییەی ناوی لێنراوە عەشق یان خۆشەویستی، عەشق رەفتاری مرۆڤە پاکژەکانە، ئەوانەی رۆحیان بە ژەنگاوی فینۆمینەکانی زەمەنی بێویژدانی سەرمایەداریی پیس نەبووە، لەو رووەوە عەشق ناتوانێت لەگەڵ دنیای هاوچەرخ تەبا بێت، ئەو دنیایەی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان و بانکەکان دەیبەن بەڕێوە. ئەو دنیایەی هەموو جوانی و بەهاکان بوون بە کاغەزێکی وەك دۆلار، بێگومان دوژمنی باوەکوژی عەشقە. ئاخر کێ لە عەشق تێدەگات لەم زەمەنەی کە هەموو کەس

سەرقاڵی چێژی سێکسییە؟.

**پرسیار: عیشقت بە زیندانی باستیل شوبهاندووە و دەڵێی: «با بڕوخێ باستیلی عەشق* کە باڵی فڕینی زنجیرکردووم* با بڕوخێ پەیکەری عەشق* کە ئێسکەکانی ورد و خاش کردووم.» باس لە چ عیشقێك دەکەی؟ زۆر کەس پێیانوایە بە بێ عیشق ژیان مەحاڵە و ناکرێ، بەڵام بەڕێزتان دەڵێن باڵی فڕینی زنجیرکردووی و ئێسکەکانی ورد و خاش کردووی؟.**

ستیڤان شەمزینی: دووبارە ئەم تێکستەش دەربڕینێکی ڕەمزیی یان سیمبولییە، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا لە نەخۆشخانەوە بۆ هاوڕێیەکم نووسی «ئەوانەی لە عەشق تێناگەن، ناتوانن لە ژیانیش تێبگەن، ئەوانەی لە ژیانیاندا عاشق نەبوون وەك ئەوە وایە لە دایك نەبووبن». وەك لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووشدا وتم عەشق ئازارێکی شیرینە، چێژی عەشق لە سووتان و کۆت و بەندەکەیدایە، نەك لە سێکس! ڕەنگە بیروڕای من لەسەر سێکس و خۆشەویستی لە زۆرینەی ڕۆشنبیرانی کورد جیا بێت، سێکس خوویەکی خۆپەرستانەیە، بەڵام عەشق مامەڵەیەکی پێچەوانەیە. لایەنگری عەشقی ئەفلاتۆنی نیم، بەڵام ناکرێت عەشق کورت بکەینەوە تەنیا بۆ چێژی سێکسی وەك چۆن ناکرێ ڕێگەی لێ بگرین، لە دیتنی مندا سێکسی بێ خۆشەویستیی تاوانە، خۆشەویستی بێ سێکس قسەی پووچە.

تۆ سەیر بکە و بزانە، عەشق جۆرێك لە ئالوودەبوونە بە کەسێکەوە، عەشق کورتکردنەوەی ژیانە لە کەسێکدا، لای عاشق هەموو گەردوون چۆڵەوانییەکە و تەنیا یەك کەسی تێدا دەبینرێ، لای عاشق سەرتاپای زەوی لە تاریکی هەڵکێشراوە، تاکە ڕووناکییەك ئەگەر هەبێت شەمعی مەعشوقە. هەروەك چۆن «جبران خەلیل جبران» لە کۆپلە شیعرێکدا کە بۆ «مەی زیادە»ی نووسیوە و دەڵێت «خۆر بوو بە دوو بەشەوە بۆ ئەو

و من.. تیشك بۆ رووم‌ەتی ئەو و گڕیش بۆ جەرگی من». جیا لەمەش ئەگەر وردبیتەوە لە ئیپۆسەکانی عەشق بەرئەوراستییە دەکەوین، ئەوەی نەمریی بە عەشق بەخشیوە ئازارو سووتان و ئەو پاڵەپەستۆ رۆحییەیە کە لەسەر عاشق و مەعشووق دروست بووە، زۆرجار مەزنی عەشق لە دووریی و بەیەك نەگەیشتندا دەردەکەوێ و پێش چەند ساڵێکیش ئەم چەند دێڕەم نووسی بۆ هاوڕێیەکم «یەك شت دەزانم عاشق ترسنۆکترین مرۆڤە لە رارایی و ترسی لە دەستدانی مەعشوقدا دەژی. عاشق بەهێزترین مرۆڤە بەرگەی زریانی عەشق دەگرێ». لە کۆتایشدا نووسیبووم «حەزم لە هیچ کۆتاییەك نییە، تەنانەت کۆتایی ئەو فیلمانەشی عاشقەکان تێیدا بە یەك دەگەن، عەشق خەباتکردن نییە بۆ بە یەك گەیشتن، عەشق تەنیا ئازار چەشتنە لە پێناوی نەمریدا».

**پرسیار: پێتوایە کە (شیعر جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ منداڵی و رەنگە هێندەی هەموو تەمەنی مرۆڤ بە تەمەن بێت، بەڵام زمانی شیعر زمانێکە کە لەگەڵ ئاوابوونی فیودالیزم، کاریگەریی خۆی لە دەستدا، لە بری ئەو رۆمان وەك ژانرێکی زەمەنی مۆدێرنیتە جێگای گرتەوە، بە مانایەکی تر شیعر بەرهەمی گوندە و رۆمانیش بەرهەمی شار.) بۆچی پێتوایە رۆمان بەرهەمی شارە؟ رۆمانی زۆر باش هەیە تەواو تەوەر و ناوەڕۆك و تەنانەت نووسەرەکەشی هەرئی گوندە، بە پێچەوانە زۆر شیعرو شاعیرمان هەیە باس لە شاردەکا و ئەگەر شارنەبا ئەم جۆرە شیعرانەش بوونی نەدەبوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: قسەکەی ئێمە کورت ناکرێتەوە بۆ ئەو روانگەی بەرتەسکەی جەنابت تەوزیفت کردووە، ئێمە باسی شیعرو رۆمان دەکەین وەك دوو دەرکەوتەی ئەدەبی، کە یەکەمیان مێژوویەکی نادیاری هەیە و لە قۆناغی کشتوکاڵیدا زیاتر لە درەوشانەوەدا بوو، بەڵام رۆمان دەرکەوتەیەکی

ئەدەبی نوێیە بە بەراوورد لەگەڵ شیعر. ئەگەرلە رووی کاتەوە سەیری سەرەتای سەرهەڵدانی رۆمان بکەین هاوزەمانە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و هزریی مرۆڤی مودێرن و چەکەرەکردنی چینی بۆرجوازیی لە شارەکاندا لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، ئەمە پێناساندنێکی مێژوویە، نەك ئەوەی رووداوەکانی نێو رۆمان دەبێت هەرلە شارە گەورەکانی وەك پاریس ولەندەن رووبدەن، دەکرێ لە شارۆچکەکەیەکی بچووکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رووبدەن وەك ئەوەی لە رۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە»ی «عەتا نەهایی»دا بەرچاو دەکەوێت.

قسەکەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، رۆمان هەروەك سینەما کە بە هونەری حەوتەم ناسراوە، دەکرێت گشتگیر بێت. لە سینەمادا دەتوانیت کۆی هونەرەکانی تری وەك شانۆ و موزیك و شێوەکاریی و سەما و تاد... کۆبکەیتەوە، بۆ رۆمانیش هەروایە دەشێ لە رۆمانێکدا جێگە بۆ هەرژانرێکی تری ئەدەبی بکرێتەوە. رۆمان ژانرێکی نوێیە لە رووی زەمەن و تێمای ئەدەبیشەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە مادام رۆمان بەرهەمی قۆناغی گەشەکردنی شارەکانە یان کوڕی منداڵدانی شارە، بۆی نییە تێماکانی گوند یان مێژوویەکی دوور بکاتە بابەتی خۆی، یان بە پێچەوانەوە شیعر مادام کوڕی زەمەنێکی نەناسراو و ساتەوەختێکی بەرایی پێشکەوتنی مرۆڤە ئیدی ناتوانێ تێماکانی شار لە خۆیدا جێ بکاتەوە. ئەمە هەڵەتێگەیشتنێکی میتۆدلۆجییە و نابێت بەسەرماندا تێپەڕێ.

وەك خۆم دژی ئەو تێکەڵکارییەم و ئەگەریش وا تێگەیشتبن لە مەبەستم ئەوە کێشەی من نییە، چوون بە زمانێکی روون و دوور لە گرێوگۆڵ ئەو نووسینەم تەرح کردبوو. پێموایە شیعر کەوتۆتە دوای رۆمانەوە، تەنانەت کەوتۆتە دوای هونەری موزیك و گۆرانییەوە، خوێنەری هاوچەرخ زیاتر

بایەخ بە رۆمان دەدات تا شیعر، ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەش نییە شیعر بە کەڵکی ئەمڕۆمان نایەت، دەتوانم بڵێم شیعر لە هەنووکەدا بۆ ئیلیتییەکی تایبەتە، وەڵێ شاعیرێکی لوبنانی وەك «پۆڵ شاوڵ» لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانیدا وتبووی «وەك دەڵێن رۆمان لە شیعر کەوتۆتەوە، ئەوەی رۆمان لە ٣٠٠ لاپەڕەدا دەیخاتە روو، شیعر لە یەك لاپەڕەدا دەیڵێ». ئەمەی منیش تەنیا رایەکە و بانگەشەی ئەوەشم نەکردووە کە رایەکم کۆنکرێتی و رەهایە، هەروەك چۆن ناشمەوێ بکەومە گێروگازی باوەڕپێهێنانی خەڵکانی تر بەم رایەم.

**پرسیار: دە شیعرێکتدا باس لە غوربەت دەکەی و دەڵێی «غوربەت وەك ئەسپ ساڵەکانی تەمەنم بە دوای خۆیدا رادەکێشێت بەرەو هیچ* غوربەت وەك ئاگر خۆزگەکانم دەسووتێنێ* غوربەت وەك کابووس خەونە شیرینەکانم ئەزڕێنێ* غوربەت وەك پوازێك منی لە ئامێزی نیشتمان جیا کردەوە* ئیلاهی چەند حەزئەکەم ئەم خەونە تاڵە خەونێك بێ و ئێوارە لە باخی گشتی ژوانێکم هەبێ.» بە بڕوای ئێوە وشەی «غوربەت» وشەیەکی چاولێکەرانە بۆ شیعر گووتن و دەربڕینی هەست و خەمێك نییە؟ دەنا لە دنیای ئەمڕۆدا کە جیهان بەرەو بە جیهانیبوون دەڕوا و جیهان وەك گووندێك سەیر دەکرێ و زۆر بچووکتر لەوەی کە هەیە بۆتەوە، باس لە کام غوربەت دەکەی؟ ئایا هەر ئەم غوربەتەی کە ئێستا گلەیی لێ دەکەی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرشت ببینی و ببیسی کە تەنانەت لە سەرروانگە و بیروروانینت کاریگەری هەبێ؟ کەوایە بۆ دەبێ وەها بە گلەیی بە ئەسپێکی بشووبهێنی کە ساڵەکانی تەمەنت بەدوای خۆی رابکێشێ بەرەو هیچ؟.**

ستیڤان شەمزینی: پەیوەستبوونی من بە شوێنەوە پەیوەستبوونێکی

ناسیۆنالیستی نییە، هێندەی هەستێکی نوستالیژییە، ناتوانم لەگەڵ فینۆمینەکانی زەمەنی بچووکبوونەوەی دنیا بۆ گوندێکی بچووك هەڵبکەم، جیهانگیریی دیوێکی تازەی نیوکۆلۆنیالیزمە، ئەوەی پێی دەوترێ کۆمەنیکشن یان شۆڕشی پەیوەندییەکان میکانیزمێکە بەدەست زلهێزە جیهانییەکانەوە بۆ کەویکردنی مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم بەمەستی ملکەچ پێکردنی بۆ رێسا سەپێنراوەکانی سەرمایەداریی. چەپێکی کوێر نیم، بەڵام ئاگاییمان لە دنیا درمێکی کوشندەترە لە سەرەتان کە ناهێڵێ وەك ئەو حەشاماتە خۆشبەخت بین کە لە دڵی ئەوروپادا دەژین. خۆم بە دووربین نازانم، بەڵام بایی ئەوەندەش هۆشیاریمان هەیە بزانین دنیا گرفتاری چ بەڵایەکی کوشندەی بێ چارە بووە.

ئاخر لێرە ئینسان زیاتر هەست بە نامۆبوونی خۆی دەکات، کاتێك دەبێتە ئامێرێك بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی. ئەو گوندە جیهانییەی تۆ باسی دەکەیت، لە رووی ئاکارییەوە داڕووخاوە، هاتنە سەرکاری ترامپ وەك سەرۆکی نوێی ئەمەریکا بەڵگەیەکە بۆ ئەو داڕووخانە گەورەیە کە درێژکراوەی قەیرانە ئابوورییەکانی سیستمی سەرمایەیە و لە رووخانی وۆڵ ستریتەوە دەستیپێکردووە، ئەمە هەمان دیمەنی قەیرانی ساڵی ١٩٣٠ە کە لێکەوتەکانی بریتی بوو لە بەرهەمهێنانی نازیزم و فاشیزم لە ئەوروپا، تۆ هەست ناکەیت دنیا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە؟. هیچ دڵخۆش نیم بەم گوندە جیهانییە پڕ ئاشووبە، کە تێیدا لەم گوندەشدا ژیان و دنیا بەسەر باکوور و باشووردا تەوزیف کراوەتەوە. تۆ تەنیا رووکەشێك دەبینیت، بەڵای من ئەوەیە ناوەڕۆکێکی ترسناك هەست پێدەکەم، تاریکییەکی زۆر دەوری ئەو مەستی و گەشبینییەی داوە مرۆڤی هاوچەرخ تیایدا رۆچووە. کارەساتێك لە چەشنی جەنگی جیهانی دووەم بەرۆکی ئەم گوندە جیهانییەی گرتووە.

لای من شاری سلێمانی «وەك زێدی لە دایکبوون» نەك چەقی دنیا، بەڵکو چەقی هەموو گەردوونە. کارێزێکی وشکبووی سلێمانی ناگۆڕمەوە بە رووباری «راین» کە رۆژانە دەیبینم. شەقامە کۆنەکانی ناگۆڕمەوە بە شانزێ ئەلیزێ و شەقامە رازاوەکانی بەرلین. «رەنگە بۆ هەریەکێك لە ئێوە سلێمانی شارێك بێت لە دنیا، بەڵام بۆ من سلێمانی هەموو دنیایە». لەبەرئەوە ئەو غوربەتەی باسی دەکەم پەیوەندیی بە شوێنەوە هەیە، ئەمە جیا لەو نامۆبوونە رۆحییەی لە وجودی خۆمدا هەیە، چوونکە زۆرجار لە نێو قەرەباڵغی شارەکاندا، هەست بە غوربەتێك دەکەم وەك ئەو رێبوارەی لە بیابانی کاکی بە کاکیدا تینووی قوومێك ئاوە. رەنگە لەم رووکارەوە تا ئەندازەیەك لە «رەسوڵ هەمزەتۆڤ» بچم کە نە توانی دەستبەرداری بیرۆکە چەپەکەی بێت تاکوو مەرگ و نە توانی «داغسان»ەکەی لە یاد بکات. چیرۆکی هەموو شیعرەکانم ئیشکردنە لەسەر عەشق و جوانی، بەڵام ئەو عەشق و جوانییە بە خەمێکی گەورەی وەك ئەو دوو جۆرە غوربەتە دەوری دراوە.

**پرسیار: تەنیا خۆت بە شیعر و عیشق و ئەوین سەرقاڵ نەکردووە و چەند کتێب و چەندین نووسراوەت لە بواری جۆراوجۆردا هەیە. زۆر وتاری رەخنەگرانە و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیشت هەیە کە باس لە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگا و بەرپرسان و کەسایەتییەکان دەکەی، بۆ خۆت پێ ناگیرێ و تەنیا یەك قالیب بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونت هەڵنەبژاردووە؟.**

ستیڤان شەمزینی: شیعر خودنووسینەوەیە، بەڵام قسەم زۆر پێیە بۆ کۆمەڵگە، کە نامەوێ سروشتی شیعر بشێوێنم بۆیە لە کەناڵێکی تری دەربڕینەوە پەخشیان دەکەم، لە رایەڵێکی ترەوە دەیانگەنمە وەرگر. دەبێ

ئەوە بزانیت من زیاترلە بیست ساڵ کاری رۆژنامەوانیم کردووە ولە کۆی ئەو بیست ساڵەش یانزە ساڵ وەك سەرنووسەری رۆژنامە و گۆڤارکارم کردووە، هاوکات شەش ساڵ ئەندامی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسان بووم و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتیشم. بۆیەکا ئاساییە قسەم لەسەرهەندێ بابەتی سیاسیی وکۆمەڵایەتی ترهەبووبێ یان هەبێت، لەم سۆنگەشەوە لە کۆی هەشت کتێبم تەنیا یەك دیوانە شیعری چاپکراوم هەیە کە دوو مانگ پێش ئێستا لە کوردستان چاپ وبڵاوکرایەوە.

لایەنگری تێزی «ئەمیل زۆلا» نیم کە دەبێ رۆشنبیر هەڵوێستی هەبێت وپێشەنگی نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان بێت، دەشێ رۆشنبیربیت بێ هەڵوێستیش بیت، بەڵام ناکرێت رۆشنبیربیت رۆڵت نەبێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، وەزیفەی نووسەرنووسینە نەك هەڵوێستی سیاسیی، ئەرکی نووسەریان رۆشنبیرووردبوونەوەیە لە دیاردەکانی نێوبوون وژیان لە رێگەی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمییەوە، نەك ئەوەی ببێتە کڵاوسووری بەر لەشکر. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بانگەشە بۆ رۆشنبیری بێ هەڵوێست بکەم، بەپێچەوانەوە باشترین هەڵوێست بۆرۆشنبیربەشدارییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و بەرینکردنەوەی مەوداکانی رۆشنبیریی و هێنانە ئارای جەدەل لە رێگەی ورووژاندنی پرسیاروگوومان لە بارەی هەموو شتێکی ئەو دنیایەی تێیدا دەژین.

رۆشنبیردەتوانێت سیاسیی بێت وەك چۆنیش دەتوانێت سیاسیی نەبێت. دەتوانێت ببێتە رابەری چین یان توێژێك وەك چۆن دەتوانێ ئەوکارە نەکات، بەڵام ئەوە هەیە ئەوکاتەی رۆشنبیرلە دەرەوەی کایەی رۆشنبیریی چالاکی دەکات، لەوچرکەساتە وەك رۆشنبیرحسابی لەسەرناکرێ، رەنگە لەوساتەدا وەکوو سەندیکالیست یان رابەرێکی جەماوەریی بۆی بروانرێت.

ئەگەر دوور نەکەومەوە لە کرۆکی مەبەست، دەمەوێ بڵێم نووسینەکانم لە دەرەوەی شیعر بە مانای بەشدارییە لە بەرهەمهێنانی روانگە و دیتنی جیاوازدا بۆ خوێندنەوەی دیاردە سیاسیی وکۆمەڵایەتییەکان، زۆرشت هەیە پێویستە قسەی تیا بکەین، شرۆڤەی بکەین، بیکەینە تێمای توێژینەوە، لەو بوارەدا کەم تا زۆر بە رۆڵی خۆم هەستاوم، جگە لەوەش نەمویستووە بێدەنگ بم، وەك چۆن نەمویستووە لەسەر فۆرمی رۆشنبیرە باکۆنینەکانی تری کورد لە باشووری کوردستان دەربکەوم. لە دیتنی مندا رووناکبیری راستەقینە نە دەم قەرەباڵغە، نە زار بەستراو. نە جنێودەرە، نە سازشگار. نە ئەخلاقگەرە، نەك بێ مۆراڵ. نە عەوامگەرارە، نە دابڕاو. رۆشنبیری راستەقینە عەرشی دەسەڵات «کە دەسەڵاتیش تەنێ کورت ناکاتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی» بە فیکر و بەرهەمهێنانی هزری خەلاق دەهەژێنێت.

رۆشنبیر دەبێت دنیای کۆن وێران بکات بەمەبەستی چێکردنی جیهانێکی نوێ. رۆشنبیران ئەوانەن خەونی دەسەڵاتداران بە تێز و روانینی نوێ پڕ دەکەن لە دڵەڕاوکێ. رۆشنبیر ئاژاوەگێڕە و دژی هەموو بەها و پێدراوە باوەکانە. رۆشنبیر سەرقاڵی رۆنانی دنیایەکە بە فۆرمۆڵەبەندی نوێ کە هیچی لە دنیای پێشووتر ناچێت. کارڵ مارکس جارێك نوسیوویەتی «گۆڕینی هەر فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی بۆ فۆرماسیۆنێکی تری کۆمەڵایەتی تەنێ لە رێگەی شۆڕشەوە دەبێت». لێ کورتکردنەوەی شۆڕش لە خرۆشان و کودەتادا غەدرێکە لە چەمکی شۆڕش، بەڵام دەبێ رۆشنبیر شۆڕشگێڕ بێت، سەنگەری شۆڕشی ئەو ناو کتێب و جیهانی بیرکردنەوەیە، ئەو فیشەکانەشی دەینێ بە پەیکەری سیستمی کۆنەوە، فیشەکی تەرح و تێزی تازەیە. داخی گرانم رۆشنبیرانی کورد لە بری سەرقاڵبوون بە بەرهەمهێنانی مەعریفە، هەموو مەعریفەیان بووە بە هەجونامەی سیاسیی.

دەمەوێ لەو دۆخە تراژیدییەی ناوەندی ڕووناکبیری کوردیدا هەندێ بۆچوونی دژەباو تەرح بکەم، هەندێ پرسیار بوروژێنم کە وەك پرسیاری بچووك سەیر دەکرێن، دەخوازم بە خوێنەربڵێم «ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەندەی قسە دەکەن نیو هێندە بیر ناکەنەوە». دەمەوێ شتێك بڵێم لە دەرەوەی ڕوانینی ئەو نووسەرانەی خەریکی بە بتکردنی خۆیانن، ئاخر قەدەری هەموو نووسەرێك مەحکوومە بە تەنهایی، چوون نووسەری ڕاستەقینە برین دەخاتە نارسیسزمی مرۆڤەوە، هیچ کات وەڵامی لا نییە چوونکە ئیشی ئەو تەنیا بەرهەمهێنانی پرسیارە، نووسەری ڕاستەقینە هیچ ئۆقرەیەکی نییە و دڵداریی لەگەڵ باوەڕە دۆگمەکان ورای گشتی ناکات ژبەرئەوەی کاری ئەوگوومانگردن و کەشفکردنی دنیایە، بهێنە بەرچاوی خۆت مارکس بەو مەزنییەوە تەنها یانزە کەس ئامادەی بە خاکسپاردنی بوون لە گۆڕستانی هایگێت لە لەندەن کەچی ئەنگڵس لەسەر گۆڕەکەی و لە بەردەم هەر یانزە ئامادەبووەکەدا وتی «بەها و ناوبانگی مارکس سەدەکان تێپەڕ دەکات»!. دەبێت ئەم وتەزایە لەو سیاقە مێژووییەدا چەند ئایدیالیستانە ویۆتۆپیانە هاتبێتە پێش چاو؟ پرسیار ئەوەیە ئەی ئێستا چی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بڕۆن کتێبی «تارماییەکانی مارکس»ی ژاك دێریدا بخوێننەوە.

هۆکاری ئەوەی دەیانەوێ دەنگم بخنکێنن، یان سانسۆری ڕوانینەکانم دەکەن لە ماسمیدیا کوردییەکانەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، جیاوازلە هەموومان بیردەکەمەوە، چەپێکی بەرچاوڕۆشنم نەك دۆگما، پشتی کەوالیسی ڕووداوەکان دەخوێنمەوە نەك تەنیا ڕواڵەت، هیچ دیاردەیەك بەشێوەیەکی فۆرمالیستانە نابینم، بەڵکو هەوڵی قووڵبوونەوە دەدەم، لەبەرئەمە تاکە شتێك بەدەستمەوە بێت نووسینە، بۆ من نووسین هەموو ژیانە، دەنووسم و بۆم گرنگ نییە دڵی کێ دەڕەنجێ و کێ لەگەڵم هاوڕایە،

بۆچوونەکانم هەرچی بن بێ رتووشکاریی دەیاندرکێنم. رەنگە منیش لە پەنا «سالینجەر»ەوە بڵێم «نووسینم خۆشم دەوێ، عاشقی نووسینم، بەڵام تەنها بۆ خۆم و رەزامەندیی خۆم دەنووسم». لە کۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارەشدا، دەخوازم بڵێم منێك کە سروشتێکی پڕ جووڵەم هەیە، چۆن داوای خۆ لە قاڵبدانم لێدەکەیت؟. مێژووی من بریتییە لە مێژووی رەتکردنەوەی هەموو قاڵب و چوارچێوەکان.

**پرسیار: چەند جارێك دەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی «سەرۆك کۆماری پێشووی عێراق» چاوپێکەوتن و دانیشتنت هەبووە. دەکرێ هێندێك باسی ئەم دانیشتنانەمان بۆ بکەی؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەڵێ وایە، وەك لە نووسینێکی کورتتدا ئاماژەم بۆ کردووە، لە زۆرینەی پرێس کۆنفرانسەکانی مام جەلالدا وەك رۆژنامەنووسێك ئامادەگیم هەبووە چ لە بەغداد و سلێمانی چ لە شوێنانی تر، هەلی ئەوەشم بۆ رەخسا دووجار بە تایبەت لەگەڵی دانیشم، لەو دانیشتانە زیاتر باسی ئوستاد بەشیر مشیر و سەربردەی مێژووی نزیك و بیرەوەریی پێنج ساڵ پێکەوەبوونی باوکم بوو لەگەڵ مام جەلال. ئەگەرچی باوکم لە سەرەتاوە تا پێنج ساڵ فەرماندەیەکی سەربازیی گەنجی نزیك لە خودی مام جەلال بوو، کە رۆژانە یەکتریان دەبینی، بەڵام لەو ساتەوەختەوەی مام جەلالی بۆ هەمیشە جێهێشت هیچ کات یەکتریان نەبینییەوە تا مەرگی باوکم. لەگەڵ ئەوەشدا مام بەشێوەیەکی بەرز خەبات و تێکۆشانی باوکی نرخاند.

جیا لەمەش مام جەلال وەك رابەرێکی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی «دیقەت بدە دەڵێم رابەر نەك سەرۆك» مرۆڤێکی هۆشمەند و بیرتیژ و دووربین بوو لە رووی سیاسییەوە، ئەگەرچی مێژووەکەیم زۆر بە دڵ نییە، بەڵام مام جەلال یەکەمین رابەری سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە بێ ئەوەی

ڕیشەیەکی دەرەبەگانەی هەبێ، بە هێزی خۆی پێگەیەکی بەرز و کاریزمایەکی سیاسیی گەورەی بۆ خۆی دروست کرد، ڕاستە مام جەلال لە شێخەکانی تاڵەبانە، بەڵام ئەو وەك سەرکردەیەکی گەنج لە سەرەتای پەنجاکانەوە لە بزووتنەوەی قوتابیانەوە دەرکەوت تا گەیشتە پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق، تەنانەت لەو ڕووەوە زۆر پێش ئاپۆش کەوتووە، چوونکە کاتێ خەڵك مام جەلالیان وەك سەرکردەیەك قبوڵ کرد، ڕەنگە ئۆجەلان خوێندکاری قۆناغی خوێندنی سەرەتایی بووبێت. لای من جەلال تاڵەبانی زرنگترین و پراگماتیترین سەرکردەی ناسیۆنالیزمی کوردە، ئەگەرچی نموونە نییە بۆ کەسانی چەپی وەك ئێمە، بەڵام ئێمەش دەتوانین سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرین. هەروەك چۆن «لینین» لە وەسفی «لوید جۆرج»ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا دەڵێ «لوید جۆرج پیاوێکی هۆشمەندە دەتوانین لێوەی فێربین».

**پرسیار: خۆت دەڵێی کە «هەموو هەوڵێکم لەوە دا چڕکردۆتەوە لە گۆشەیەکەوە لە مرۆڤ و دنیا بڕوانم لایەنی جوانی ببینم. من شاعیرم و پێویستە بە دوای جوانی دا بگەڕێم ..» کەوایە بۆ زۆر جار شتی ناشیرن دێنییە بەرچاو کە تەنانەت خۆشت بە ڕەخنەوە باسیان دەکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: کاری شاعیر ئەوەیە بە دوای جوانیدا بگەڕێ، شاعیر جیهانی ناشرینیی، وێران دەکات لە پێناوی خوڵقاندنی جیهانێکی جوانتردا. لێرەدا قسەمان لەسەر دنیای ڕەمزیی دەقەکانە نەك وەزیفەی شۆڕشگێڕیی بەسەر شاعیردا بسەپێنین، ئاخر هایدگەر وتەنی «دەق بەشداریکردنە لە ژیان و ئەزموونێکی وجودیشە، چوارچێوەی خود و بابەت تێدەپەڕێنێت». ڕەخنەگرتن لە خودی ناشرینییەکان جۆرێکە لە تەقەلا لە پێناوی جوانیدا، تۆ بۆچی ڕەخنە لە قێزەونی دەگریت؟ لەبەرئەوەی جوانی دەخوازیت. کاتێك

رەخنە لە دزێویی دەگریت، چ ئەڵتەرناتیڤێك دەخوازیت؟. وەڵامەکە بێ دوودڵی جوانییە. ئەگەرشاعیربە دووی جوانیدا نەگەڕێ، کاری ئەو چییە؟، چی جیای دەکاتەوە لە رەشۆکەکان؟. شیعر سەر بە جیهانی بلیمەتییە، پیشەسازییەکی ئاسان نییە وەك هەندێ تێیدەڕوانن، شاعیرکەسێکی بلیمەتی جوانپەرستە، «هاشم سالح» لە وتاری «لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا» وتەیەکی دێرێن دەوروژێنێ «تاڵەموویەکی باریك بلیمەتی لە شێتی جیا دەکاتەوە». شاعیرەکان ئەو پۆلە شێتەن هەمیشە خەون بە جوانییەوە دەبینن، فەنتازیاکانیان تەنیا جوانی لێوە هەڵدەقوڵێ.

تۆ دیقەت بدە لەم دێڕەی «پۆڵ سێلان» کە دەڵێت «لەئاسمان گۆڕێك هەڵدەکەنین، ئەوێ تەنگەربەر نییە». لێ دەکرێ لە زۆر رەهەندەوە ئەم دەقە بخوێنینەوە، بەڵام خوێندنەوەی ئەزوایە «سێلان» دەیەوێ بڵێ زەوی زۆر تەنگەبەرە بۆ شاعیرەکان، با لە ئاسمان بمانێژن. بە مانایەکی تر شاعیر ناتوانێت لە جیهانێکی ناشریندا بژی، ژیان تەنیا مانەوەی فیزیکی و هەناسەدان نییە، بۆیە شاعیران زۆربەی جار گۆشەگیرن لە خەڵك، یان لە ناو جیهانێکی میسالی ویوتۆپی وەهادا دەژین هیچی لەم جیهانە پووچە ناچێت کە پێی دەوترێ ژیانی واقیعی. من تەنانەت رقم لە ئەدەبی واقیعیشە «ریالیزم» چوونکە ئەو جۆرە ئەدەبە زیاتر بە ریپۆرتاژ و ستۆری رۆژنامەوانی دەچێت تاکو ئەدەبێك کە قووڵاییەکەی ئەندێشە و فەنتازیاکانی مرۆڤ خۆی بێت. خولاسە دەتوانم بڵێم شاعیران کاریان تەنیا هەڵکۆڵینێکی ئارکۆلۆژیستانەیە لە بواری گەڕان بە دوای جوانیدا. هیچ نەبێت ئەمە روانینی منە.

**پرسیار: ئێوە لە چەند رێکخراوەی ژنان و مافی مرۆڤدا چالاکیتان بووە، کۆمەڵگای کوردەواری لە بواری مافی ژنان چلۆن دەبینی؟ تکایە هێندێك لەم چالاکییانەمان بۆ باس بکە و پێتانوایە کە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە دەبێ چ**

**بکەن و بۆگەییشتن بە مافەکانیان چ جۆرە چالاکییەك لەبەرچاو بگرن؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە دەرەوەی کایەی نووسین، هەوڵمداوە لە چەند بوارێکی وەك بزووتنەوەی نارەزایی خەڵك، بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی جێندەری و مافی مرۆڤ، وەك کەسێکی ئەکتیڤ بە رۆڵی خۆم هەستم. تەنانەت لە هەندێ چالاکی بزووتنەوەی ناڕەزاییدا وەك سەرپەرشتیارو رابەرێك دەرکەوتووم وەك خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی و دەوروبەروی لە نموونەی کەلارو هەڵەبجە و پشدەرو بیتوێن. من پێموایە پێش هەر جوڵەیەك، پێویستە مرۆڤ خۆی لە کۆت و بەندەکانی ترادیسیۆن و عەقڵییەتی کۆن و کۆنسەرڤاتیڤانە رزگار بکات، ئەوسا بە هۆشیارییەوە دەستدەداتە چالاکی و دەزانێت چی دەکات و چۆنیش دەیکات. رزگاریی عەقڵ هەمیشە پێش رزگاریی جەستەیە. ناتوانیت بە خەیاڵدانێکی فیوداڵییەوە داوای چێکردنی دیموکراسی بکەیت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردیی بە ژن و پیاوەوە خۆی رزگار بکات، پێویستە پێش هەر کارێك ئاوەزی خۆی لە خڵتەی کولتووری قۆناغی فیوداڵی و خێڵگەریی و ناوچەگەریی و مەزهەبگەریی پاك بکاتەوە.

ئەگەر بێینە سەرباسی چالاکییەکانم، ناتوانم بڵێم بە تەنیا بووم، بەڵام رەنگە بەبەراوورد بە زۆرینە رۆڵم بەرچاوتر بووبێت. لە نەوەدەکانەوە تاکو ئێستا لە زۆرینەی نارەزایەتی و کەمپین و پرۆتستۆکان رۆڵێکی ئەکتیڤم بینیوە. بۆ وێنە ئێمە گروپێك گەنج بووین زۆر سەرسام بووین بە شۆڕشی قوتابیانی فەرەنسا «١٩٦٨» دەمانویست شتێکی لەو چەشنە دروست بکەین، کوێرانە نا، دەمانزانی هەلومەرجی زاتی و مەوزوعی نەخەملیوە بۆ ئەو کارە، بۆیە هەڵمەتی رۆشنگەریمان دەستپێکردبوو بۆ زەمینەسازکردن بۆ کەشێکی وەها کە گەنج بتوانێت نەخشێکی هەبێت لەسەر سیاسەت و دەوڵەتداریی،

نەك بەوەی ببێتە کارەکتەرێکی پاسیڤی نێو دەسەڵات، بەڵکو بەوەی روانینی نوێ بخاتە نێوکایەی دەسەڵات وکۆمەڵگە گەنج بکاتەوە.

پێم خۆشە باسی یەك تاکە نموونە بکەم، ئەویش خۆپیشاندانەکانی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ە، ئێمە دوو مانگ پێش ئەوەیە گروپێکمان دروستکرد بە ناوی «گروپی رەخنە» خۆم مانیفێستی گروپەکەم نوسی، چەند گەنجێکی ئەکتیڤ و خوێنەوارلە دەوری گروپەکەمان کۆبوونەوە، ئەگەرچی لە ژێر گووشاری پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکاندا بووین، بەڵام بەردەوام بانگەوازی خۆپیشاندانی سەرتاسەریمان دەکرد، ئەوەبوو دوای دوو مانگ توانیمان سێ هەزارگەنج لە ١٣ی ئابی ٢٠٠٦ بهێنینە سەرشەقامەکانی سلێمانی، کە ئەمە زراوی دەسەڵاتی برد، ئەوە یەکەمجاربوو ئەو هەموو گەنجە ناڕازییە ببینن و دروشمی بڕوخێ، بڕوخێ ببێتە دیاردە. کە جیا لەوە زۆردروشمی ئاگاهانەمان بەرزکردبووەوە، بەڵام ئێمە وەك رابەرانی خۆپیشاندان لەلایەن پۆلیسی پۆشاك مەدەنییەوە دەستگیرکراین و بردیانین بۆزیندانەکان و خۆپیشاندانەکەشیان بە زەبروزەنگ کۆتایی پێهێنا، بەڵام ئەم ئاگرە هەڵەبجە وگەرمیان وپشدەری گرتەوە، ئەوە یەکەمین مەشخەڵ بوو کە دەتوانم بڵێم من هەڵمکرد، ئێستا خۆپیشاندان بووەتە دیاردەیەکی هەمەرۆژە، بەڵام خۆپیشاندانی ٢٠٠٦ لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە گەورەترین خۆپیشاندانی گەنجان دادەنرێ لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە، هەر ئەم ژیلەمۆیە بوو کە لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا گەشایەوە.

*ئەم چاوپێکەوتنە لە رۆژی ١٠-٣-٢٠١٧ بۆگۆڤاری «مهاباد» سازدراوە.

# ئازادیی رۆژنامەوانی و گەندەڵی و ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان

دیمانە: سەعد

هەواڵنامەی کتێب

چاوپێکەوتنی ماڵپەڕی وەزارەتی ناوخۆ www.nawxo.org لەگەڵ ستیڤان شەمزینی لەناوەڕاستی ساڵی ۲۰۰۷.

**پ۱: سەرەتا دەمەوێت باسی ژیانی تایبەتی خۆت و شوێنی لەدایکبوونی خۆتم بۆ بکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: پرسیارەکەت بەڕووکەش زۆر سادە و ساکار دێتە پێش چاو، بەڵام وەڵامدانەوەی قورس و ناڕەحەت، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەك من کە ژیانم پڕپڕە لە هەڵبەزو دابەزی سەیر سەیر. زانینی ئەوەی من لەکوێ لە دایکبووم هیچ گرنگییەکی نییە، ئەوەی گرنگە وەك کەسێکی بەرجەستە چۆن مامەڵە دەکەم لەدنیای دەوروبەردا بەتایبەتی کە قەڵەمم بەدەستەوەیە. دەتوانم بڵێم لە رۆژێکی دیاریکراو و لەسەر ئەم زەوییە هاتمە دنیا.

شاعیری کۆچکردوو لویس ئاراگۆن (۱۸۹۷-۱۹۸۲) دەبێژێت (زانینی ژیاننامەی من لەلایەن هەموو خەڵکەوە هەندێ جار پێکەنینی شێتانەم

دێنێتێ). ویستی زانینی بیۆگرافیای من لەلایەن هەندێك كەسەوە بەلامەوە شتێكی سەیرەو هەمیشە پێكەنینم بۆ دێنێ، سوڕی ژیانم هێندە ئاڵۆزە ناتوانم لەكاتی باسكردنیدا لەقاقای پێكەنین نەدەم و بەسەر سوڕمانەوە كەمێك لەخۆم رانەمێنم. دیقەت بدەن چۆن لەهەرزەكارێكی نێو بنەماڵەیەكی پارێزگاری وردە بۆرژوازەوە، جادوییانە بوومە كۆمۆنیستێكی رادیكاڵ، لەوەشدا ئۆقرەم نەگرت و شەش ساڵانێك تێپەڕی بەرەو ماركسییەكی لیبراڵ رووم وەرگێڕا. رەنگێ كەسانێك هەبن بەرگە نەگرن لەم ماوە كەمەدا ئەم هەموو گۆڕانەم بەسەرهاتووە، بەڵام تیۆری پەرەسەندن جەخت لەسەرگۆڕانی دینامیكی هەموو هەبووەكان دەكاتەوە.

لەڕوویەكی ترەوە بەڕاشكاوانە دەیدركێنم كەسێتییەكی ئاڵۆزم هەیە و زۆرجاربە ئاستەم خۆم دەناسمەوە، تۆ گوێ بدە ئەم وتەیەی (ڤیگتۆر هۆگۆ): من خودی خۆم ناناسم، ناسینی خۆم بووە بەمەتەڵێك لەلای خۆم، لەخوداش زیاتر كەس نییە من بناسێ و بزانێ من كێم و ناوم چییە؟. هۆگۆ بەم دەربڕینە زەحمەتێكی لەكۆڵ كردوومەتەوە و بە شێوازێكی ئەدەبی بەرز گوزارشتی لەمنیش كردووە. بەلامەوە گرنگ نییە ئەوانەی نووسینەكانم دەخوێننەوە دەزانن من كێم یان نا؟ بەگرنگی نازانم زانیارییان لەبارەی لەدایكبوون و شوێنی نیشتەجێ بوون و زێدەكەمەوە هەبێت.

چون منیش وەك هەر مرۆڤێكی ئاسایی لەنۆ مانگیدا لەبەرەبەیانێكی وەرزی هاویندا لەدایك بووم، هاتمە دنیاوە زۆر بەئاسایی بێ ئەوەی هیچ موعجیزەیەك رووبدات، بەڵام لەسەرەتاوە دایكم هەستیكرد كوڕە چاو سەوزەكەی شوومە، چونكە لەڕۆژی لەدایكبوونمدا بایی هەزاران دینار زیانمان لێكەوت بەهۆی ئاگر كەوتنەوەوە، لەدایكبووم وەك هەر منداڵێكی تر، بەڵام وەختێ گەورە بووم ویستم بڵێم بۆئەوە لەدایك نەبووم گوێڕایەڵ

بم و پێ بەپێ لەگەڵ مێگەلدا ڕێ تەی بکەم، ماکسیم گۆرکی وتەنی (من هاتمە دنیاوە، بۆئەوەی نارازی بم). لەپێشدا نارازی بم لەخانەوادەکەم و گۆشەنیگای ئەوان، چوونکە دەبێت بزانیت من لەخانەوادەیەکی ناسیۆنالیستی وردە بۆرجوا پەروەردە بووم، یاخی بوون و خۆ ئازادکردنم لەتەوق و کۆت وبەندی بنەماڵە شۆڕشێك بوو بەلای خۆمەوە چەند قات لەشۆڕشی ئۆکتۆبەرگەورەترە، خۆ ئەگەریش لێم بپرسیت کێ هاندەرت بووە بۆ نووسین؟ یان خانەوادەکەت چەند هاندەرت بوون؟ کەسێك شك نابەم سوپاسی بکەم دەستی گرتبم جگە لەخودی خۆم، جگە لەو شەیتانەی لە کەللەمدایە و هانم دەدات بۆ نووسین و خوێندنەوە.. حەزی من بۆ خوێندنەوە وایکردووە ئەمڕۆ کتێبخانەکەم زیاترلە ١٠٠٠٠ (دە هەزار) دانە کتێبی تێدا بێت.

لەناو هەموو ڕووداوەکاندا، حەزدەکەم ڕووداوێکی منداڵیم باسبکەم، لەسەرەتای هەشتاکاندا وپێش ئەوەی بچمە قوتابخانە، باوکم شەش هەزار دیناری ئەوسای خستبووە قوتوویەکی چوکلێتی جوانەوە کە لەکوەیتەوە بەدیاری بۆی هاتبوو، ئەویش لەبەرجوانییەکەی پارەی تێدا دانابوو، چەند ڕۆژێك سەری قوتووەکەم هەڵبچڕیبوو و میزم تێکردبوو، تا کاتێك باوکم پێی زانی پارەکانی تەواو خراپ بووبوون، چونکە ئەو کاتەی پێی زانی قوتووە پڕلەپارە و میزەکەم لەسەرزۆپا دانابوو، ببوە شلەی دە دیناری، ئیدی لەو کاتەوە پارە چارەی منی ناوێ، لێ من زۆرهەوڵی مفەوەزات دەدەم لەگەڵی.

بێرناردشۆ دەڵێت (کاتێك مێژووی ژیانی هەرکەسێك دەخوێنێتەوە، ئەوەت لەیاد نەچێت ڕاستیی ئەوەیە نابێت باس بکرێت). بەپێچەوانەوە من نامەوێ خۆم بکەمە سوارچاکی نووسین و ڕۆژنامەگەریی، هەوڵیش نادەم خەڵك بە ڕووداوەکانی ژیانمەوە سەرقاڵ بکەم، ئەگەرلەسەرئەم

قەناعەتە بمێنمەوە ڕەنگە لەهەشتا ساڵیشدا بیرەوەرییەکانم نەنووسمەوە. ئەوە بەجێدەهێڵم بۆ خەڵکی تر، با هەڵوێستەکانی داهاتوو و نووسینەکانم حکوم بدەن چ کەسێکم، هێشتا زۆر زووە گەنجێکی وەك من پێناسەی خۆی بکات، چوونکە کاتی زۆرم لەپێشە وگۆڕانیش لە بیرکردنەوە ورەفتاردا حەتمییە، جارێ با چاوەڕوان بین تا ئەوکاتە.

**پ٢: ئێستا خەریکی چی و هیچ پڕۆژەیەکت هەیە بۆ داهاتوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە وڵاتێکی وەك ئەوەی ئێمە ئەستەمە بتوانیت پلانێك بۆ کارەکانی داهاتووت دابنێیت، چوونکە پڕ و لێوانلێوە لە رووداوی نەخواستراووکارەساتی کتوپڕ، کارەساتگەلێك هەموو رسەکانت لێدەکاتەوە بەخوری و دەبێت لەخاڵی سفرەوە دەست پێبکەیتەوە، ناڵێم ژیانم بێ بەرنامە دەڕوات بەڕێوە، بەڵام پرۆگرامێکی چڕوپڕیشم نییە بۆ دیاریکردنی کارەکانی ئایندەم. ئەگەر بێمە سەر کرۆکی وەڵامەکە، پڕۆژەم هەیە، بەڵام تۆ نەتپرسیوە پڕۆژەکە لەکام بواروکایەدا؟ ئەگەرمەبەستت لە بوارە رۆشنبیریی و رۆژنامەنووسییەکە بێت، ئەوە پلانم هەیە بۆ ئەوەی لەبواری نووسیندا بەرەو ئاقارێکی تر هەنگاو بنێم، ئەویش هەوڵدانە بۆ نووسین لە پەڕاوێزی رووداوە سیاسییە گەرمەکاندا، بەڵام نووسینی جیددی و زانستیی لەسەربنەمای داتا و ئارگۆمێنت نەك لەژێرکاریگەریی هەست وسۆز، سروشتی خۆم وایە هەموو شتێك نانووسم هەروەك چۆن هەموو شتێك ناخوێنمەوە.

نیچە دەڵێت (هیچ جۆرە نووسینێکم خۆشناوێت، تەنیا ئەوە نەبێت بەخوێن دەنووسرێت، بەخوێنی خۆت بنووسە، ئەوسا دەزانی خوێن رۆحە). هەموو نووسینێك شایستەی ئەوە نییە بخوێنرێتەوە، زۆر دەمەدەم و پرتە و بۆڵەی پەڕاوێزی رۆژنامە و ماڵپەڕەکان هەن هەرگیز جێگەی سەرنج

نین و مرۆڤ حەوسەڵەی نییە کاتی خۆی لە خوێندنەوەیاندا بەفیڕۆ بدات. هەوڵدەدەم زیاتر خۆم فێربکەم و لەخوێندنەوە و رامان لە دنیا، زێدەتر قووڵ ببمەوە و بەهۆشیاریی و زانیاریی راست و دروستەوە بنووسم، باسکاڵ وتەنیش (مرۆڤ هەمیشە لەژیانیدا لەفێربووندایە). لەباری واقیعیشەوە ئەو زانیاریی و رۆشنبیرییەی ئەمڕۆ هەمە بێگومان دوێنی نەمبووە، ئەگەر ئەمڕۆم لەدوێنێ بچێ بەمانای ئەوەیە من کائینێکی زیندوو نیم و ستۆك بووم و لەڕێڕەوی گەشەکردنی ئاسایی و سروشتی لامداوە.

ئەگەر ناخۆشییەکانی ژیان دەرفەت بدات، پڕۆژەگەلی ستراتیژیی لەئەندێشەمدا هەیە، چوونکە دەبێت بزانیت ئازاری ژیان هەمیشە لێم نابێتەوە و وەك خۆرکە هەموو ژیانمی خواردووە، ژانی وجوود بەڕاددەیەك تەنگە تاوی کردووم، شەوێك، رۆژێك، کاتژمێرێك نییە تێپەڕ ببێت و ئازار وازم لێبێنێت، گەیشتوومەتە بڕوایەك وەك (بودا) بڵێم (بودا گەیشتە ئەو روانگەیەی ئازار حاشا هەڵنەگرە). لێ زۆرسەرسەخت و خۆڕاگرم و تەسلیم بەئازار و ناخۆشی نەبووم، بەڵام ناخۆشی شتێك نییە خۆتی لێ ببوێریت.

**پ٣: بیرۆکەی رۆژنامەی نێوەند لە چییەوە دەستیپێکرد؟ ماوەیەك رۆژنامەکە لەکارەکانی وەستا، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

ستیڤان شەمزینی: لەگەڵ پرۆسەی ئازادیی عێراق (ساڵی ٢٠٠٣) کۆمەڵێك هاوڕێی گەنج کۆبووینەوە بۆئەوەی رۆژنامەیەك دەربکەین، چوونکە پێمانوابوو بەهاتنی ئەمەریکا سەرلەبەری ژیان لەوڵاتدا دەگۆڕێت و لەو نێوەندەدا ئازادیی رادەربڕینیش دەرگای زیاتری بۆ دەخرێتە سەرپشت و ئەو گیروگرفتانەی رابردوو چیتر دووبارە نابنەوە. ئەوە بوو رۆژی ٢٠٠٣/٨/١ یەکەمین ژمارەی نیومانگیی (زادگە) دەرچوو، بەڵام رۆژنامەکە بەمردوویی لەدایکبوو، چوون ستافی سەرەکی رۆژنامە زۆربەیان رۆژنامەنووسی

پرۆفیشناڵ نەبوون بەڵکو هەندێك شاعیرو هەندێکی تر نووسەرو خوێنەری جیددی بوون. من لەو رۆژنامەیەدا کە دوای (١٨) ژمارە لەسەرەتای حوزەیرانی ٢٠٠٤دا وەستا، سەرەتا بەڕێوەبەری نووسین و دواجار جێگری سەرنووسەر بووم.

دابڕانێکی کورت و چەند رۆژیی دروستبوو، ئەوەبوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نزیکم بیرمان لەوە کردەوە رۆژنامەیەك بەناوی (نێوەند) وەك بڵاوکراوەیەکی شیکاریی نەتەوەیی چەپڕەو دەربکەین، هەموو وردەکارییەکانمان تاوتوێ کرد و دواتر لەگەڵ هەندێك هاوڕێی تردا گفتوگۆمان کرد تاکوو ژمارەمان گەیشتە سەروو ٢٠ کەس، یەکەمین ژمارە لە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٤ دەرچوو, ئیدی (نێوەند) جێی خۆیکردەوە ولە دواجاردا ژمارەی ستافەکەی گەیشتە سەرووی ٣٥ کەس، من لەو رۆژنامەیەدا وەك سەرنووسەرکارم کردووە لەسەرەتاوە تا ئێستا، وەلێ لەتەمەندا لەهەموویان گەنجتر بووم. هۆکاری وەستانەکە کورتخایەنەکەشی پەیوەندیی بە گیروگرفتی داراییەوە هەبوو، ئەگەرنا وەك وزەی کارکردن هێشتا بایی ئەوە تeveryوانامان هەبوو بتوانین رۆژنامەیەکی باش دەربکەین، بەڵام ئێستا جارێکی تر رۆژنامەی (نێوەند) دەستی بە دەرچوون کردۆتەوە لە دوو توێی (٢٠) لاپەڕەی قەبارە گەورەی رەنگاوڕەنگدا.

**پ٤: سەرەتای کاری راگەیاندنی جەنابتان بۆکەی دەگەڕێتەوە، ئایا هیچ پاڵنەرێك هەبوو کە وای لەجەنابتان کردبێت هانا بۆکاری راگەیاندن ببەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە ئولفەتم بەکتێبەوە گرتووە، لێ نەمدەزانی سەرجەم بەدبەختییەکانی داهاتووم لەسەر کتێب خوێندنەوە هەڵدە چنرێت، کتێب ژیانی شپرزە کردم، لە لاشعورەوە دارە

داره دەستی گرتم رووەو دوورگەی هۆش، سێوی هۆش و زانینی دەرخوارد دام. لەوەش ترسناکتر نییە هۆش حکومت بەسەردا بکات، ئەم چرکە ساتە گرانبەهاترین شت و بەنرخترین سەرمایەم دەبەخشم لەپێناوی گەڕانەوە بۆ دۆخی گێلی و نەزانین.

ئەبو تەیبی موتەنەبی دەبێژێت (ذو العقل یشقى في النعیم بعقله واخو الجهاله بالشقاوة نعیم- خاوەن ئاوەز لە بەهەشتدا بە دەست مێشکییەوە دەناڵێنێ و نەزانیش بەکوێرەوەریی بەختەوەرە) دروست منیش لەم بارودۆخەدام و بەدەست زانینەوە گیرم خواردووە.

ئەم نەخۆشیی کتێبە یاغریاغر (هێدی - هێدی) لەگەڵمدا هات تا ئەورۆ، ئەگەرکەمێك بۆدواوە بگەڕێمەوە هێشتا لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا بووم دەستمکرد بەخوێندنەوە. ئەویش لەو کاتەدا بوو نامیلکە شیعرێکی (سەردار رەزا) بەنرخێکی رەمزیی بەسەر قوتابیاندا دابەشکرا و منیش دانەیەکم لێکڕی و دوای خوێندنەوەی هۆنراوەکانم لەبەرکردن، ئەوە سەرەتای خوێندنەوەم بوو، سەردارڕەزا کە دواتر رۆژنامەنووس (زانکۆ سەردار)ی کوڕی بوو بە هاوڕێم، فێری ئەم خووە شڕەی کردم و ژینی لێ تاڵکردم و تووشی ئەم درمە کوشندەیەی کردم. ماوەیەکی زۆر هەر خوێنەربووم و دەستم بۆ نووسین نەبرد، تا لەدوایدا وردە وردە لە ستوون و کورتە وتارەوە دەروازەی کاری رۆژنامەنووسیم لێکرایەوە و تێکەڵ بە دنیای جەنجاڵی میدیا بووم. هەتا ئەوەی ئەمڕۆ بووم بە سەرنووسەری رۆژنامەیەك کە بەگەواهی یارو نەیارانیش یەکێك لە رۆژنامە باشەکانە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت، وەك لەپێشتردا وتم هەر لەسەرەتای تەمەنی منداڵیمەوە دوژمنی نەزانی بووم و ویستم بۆ زانین شەپۆلی دەدا و بزێوانە بەدووی زانیاریدا وێڵ بووم. لاموابوو (نەزانی کاریگەرترین

ژەهــرە) هــەرچــەنــدە زۆر لــەدواتــر زانــیــم ئــەمــە وتــەی بــودای حــەکــیــمــە. لێ نــەزانی شــادیی و خۆشبــەختییە، من ژانی زانینم هەڵبژارد، چارە رەشی و خەمۆکیی نووسینم هەڵبژارد، دۆزەخی کتێبم هەڵبژارد. هیچ کاتیش پلانم نەبووە ببمە رۆژنامەنووس، دەمویست وەك نووسەرێك زیاتریش وەك چیرۆکنووس کاربکەم، ئەمە سەرینەگرت، لەپاشدا وەك بەشێك لە کاری حزبایەتی دەستمکرد بەکاری میدیایی، زۆر لەدواتر دا تێگەیشتم رۆژنامەنووسیی پیشەیەکی جیا و سەربەخۆیە لە کاری پارتایەتی، لەئاکامدا خۆم لەو پارادۆکسە رزگارکرد و وەك رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ هاتمە کایەکەوە. وردە وردە بووم بە رۆژنامەنووسێکی پیشەوەر و ئازاد، بۆئەوەی وەك مرۆڤێك رۆڵم هەبێت لە ژیاندا و بەکارەکانم لەبواری میدیا واتایەك بەهەبوونم بدەم.

حەزدەکەم باس لەوە بکەم هەر لەسەرەتاوە هەموو دەوروبەرەکەم و تەنانەت بنەماڵەکەشم دژ بەوە بوون پیشەی رۆژنامەنووسیی هەڵبژێرم، بێ هاوکاریی هیچکامیان وەك مەلێکی تەنیا و باڵشکاو لەشەقەی باڵمدا بۆ ئەم ئاسمانە بێ بن و فراوانەی نووسین. لە کەسم نەپرسی چۆن دەستپێبکەم و چی بکەم؟ بە ئازایەتی و هاندانی خۆم شانم خستە ژێر بارەکەوە و بڕیارمدا بەرگەی هەموو باج و ناڕەحەتییەکانی پیشەکەم بگرم. جارێکیان مێرمنداڵێك دەچێت بۆ لای مۆزارت و لێیدەپرسێت چی بکات تا سیمفۆنیایەك دابنێت؟ مۆزارت وتی: تۆ هێشتا منداڵی، بۆچی دەست بە دانانی ئاوازی سادە ناکەیت؟ مێرمنداڵەکە وتی: ئەی تۆ لە تەمەنی دە ساڵاندا نەبووی سیمفۆنیات دانا؟ مۆزارت وتی: بەڵێ وابوو، بەڵام من لە کەسم نەپرسی چۆن سیمفۆنیا دابنێم؟!. لە کەسم نەپرسی چۆن ببمە رۆژنامەنووس و سواری کەلی شەیتان بووم و خۆم خزاندە بوارەکەوە.

ئیدی نازانم ژۆرنالیستێکی سەرکەوتووم لێدەرچوویان نا؟ ئەوە ئێوەن ئەم حکومە دەدەن.

جێگەی خۆیەتی بڵێم هەر لەمنداڵییەوە ئەو ویستەم هەبوو بنووسم، بەتایبەتی ئەو غەمانەی لەژیانمدا هەبوون پێویستیان بە گوزارشت لێکردن بوو، هەرلەزووەوە دایە گەورەم هەمیشە بە فرمێسك و لاڵانەوە بۆ جوانەمەرگە شەهیدەکەمان ئازاری دەدام، نەمدەویست وەك برای شەهید بەگریان هەستەکانم دەربڕم و ئارەزووم بوو زمانێکی ناباو بۆ دەربڕینەکانم بدۆزمەوە. مەرگی دوو خوشکم هەربەزمان وگێڕانەوە خۆشە، ئەگەر نا لەباری دەروونییەوە ژانێکە، هێوربوونەوەی نییە، برینێکە سارێژ نابێ و ناتوانین بە سەرزارەکی وراگوزەریی وەسفی بکەین.

لامارتین دەڵێت (هەربەشێك لە وشەکانم ڕەنگدانەوەی بەشێکن لە ژیانم). نووسینەکانی منیش دابڕاونین لە زنجیرە ڕووداوە خۆش وناخۆشەکانی ژیانم، بەڵام چی بکەم چارەنووسم وابووە زۆرینەی ڕووداوەکان تراژیدیی بوون، چوونکە هەرزۆرزوو کەسە ئازیزەکانم لەکیس چوون و بەتەنیا ووێڵ و سەرگەردان بۆئەم ژیانە تفت و تاڵە مامەوە. ویستی نووسین و هەوڵدان بۆگوزارشتکردن لەژیانم لە ڕێگەی نووسینەوە، ڕەنگبێ هەرلەوکاتەوە چەکەرەی کرد بێت کە بۆ یەکەمجار چوومە سەر مێزی خوێندن و دەستم پێنووسی گرت. نووسین لای من قەزیەیە، نووسین لەلام لەسەرووی هەر شتێکەوەیە، نووسین ڕەهام دەکات، نووسین ئاسودەیی وژانم لەیەك کاتدا پێدەبەخشێت، نووسین لای من غەریزەیە. نووسینەکانم نامەیەکی کراوەن و دەمەوێت بگەنە ئەندێشەی ئەوانیتر و حەز دەکەم هەموو لە پەیامەکەم تێبگەن، چوونکە هەر نووسینێك دوو خاوەنی هەیە، یەکەمیان نووسەر و ئەویتریان وەرگر. درێدا وتەنی (هەر فۆرمێکی نووسین لەجەوهەری خۆیدا

وەسێتنامەیەکە).

**پ٥: ئایا ئازادیی رۆژنامەوانی هەیە لە کوردستان؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەوتەیەکی رۆژنامەنووسی ناوداری میسریی (محەمەد حەسەنین هەیکەل)ەوە دەچمە ناو وەڵامەکە. هەیکەل دەڵێت (دەسەڵات هەردەسەڵاتێك بێت، پێی دەکرێت شوێنگەیەك بۆ رۆژنامەنووس دابنێت، بەڵام ناتوانێت لەناو جەماوەری خوێنەراندا شوێنگەیەکی بۆ داسەپێنێت). دەسەڵاتی کوردستان هەرچەندە هەوڵبدات رۆژنامەنووس فڕێبداتە پەراوێزەوە، ناتوانێت بەسەرتووڕەیی جەماوەردا زاڵبێت، ناتوانێ ئەو ژمارە بێشومارەی ناڕازییان دەمکوت بکات. گەرتۆ بتەوێ باس لەئازادیی رۆژنامەنووسی بکەیت، دەبێت پێشوەخت لەخۆت پرسیبێت کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆی چەند ئازادە؟ لەپێش هەرشتێکەوە کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە و سەرجەم جموجۆڵ و چالاکییەکانی لەلایەن کۆمەڵە پارتێکی میلیتارەوە کۆنترۆڵکراوە. حزب وەك ئەختەبوتێك لەهەر چوارلاوە دەستی لەقورقوڕاگەی گیرکردووە و نەفەسی لەبەربڕیووە. وەختێك کۆمەڵگە ئازاد نەبێ، قسەکردن لەسەر ئازادیی میدیاو دەربڕین سەفسەتەیەکی بەتاڵ و بێماناو پڕوپوچ دەردەچێت. تۆ وەرە لە ئەولەویەتی کاردا کۆمەڵگە رزگارو ئازاد بکە، ئەوکاتە بە ئۆتۆماتیکی ئازادیی بیرورا لەرەحمی ئەو فەزا ئازادەدا لە دایك دەبێت و هیچ مەترسییەکی لەسەر نابێت.

ئەگەر ئازادیی رۆژنامەنووسیی بەوە تێگەیشتوویت ئەو برە نووسین و بابەتانەی تا سنووری تەشهیرو جنێودان دەنووسرێن و هەرسێ دەسەڵاتەکە قسان ناکەن و بەرۆحێکی وەرزشییەوە وەریدەگرن هەڵەیەکی کوشندە دەکەیت، هەرگیز ئەم فۆرمە بوونی رەوشێکی تەندروست و ئازادی

ڕۆژنامەنووسیی ناسەلمێنێت، بەقەدەر ئەوەی ئەم فەرامۆشکردنە جۆرێکی ترە لە سەرکوتی ڕۆژنامەنووسیی، خۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی ئەوە نییە تۆ هەرهاواربکەیت و لە قیژەقیژدا ژینگە پیس بکەیت و لایەنی بەڕێوەبردنیش مێش میوانی نەبێ، ساتەوەختێك ڕۆژنامەنووس ڕەخنە دەگرێت بۆ ئەوە نایگرێت ئەم و ئەوی پێبشکێنێت (هەرچەند ئەم حاڵەتەش بوونی هەیە) بۆ ئەوەش نییە دەسەڵاتی پێ بڕوخێنێت و دەستی دەرەکییش پارەی نەداوەتێ. بۆئەوەیە گەرهەڵەیەك هەیە ڕاست بکرێتەوە، گەرکەلێنێك هەیە پڕ بکرێتەوە، ئەگەر لاوازییەك هەیە بەهێز بکرێت، ئەگەر تێنەگەیشتنێك هەیە بگۆردرێت بە لەیەك حاڵی بوون.

لەوەش بترازێ ئەوفەزا بچووکە ئازادەی هەیە بۆدەربڕین پەیوەندیی نییە بە ئینساف و بڕوابوونی حکوومەت و حزبەکان بەئازادیی بیروڕا، بەقەدەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە شەڕوناکۆکی وململانێی فراکسیۆن وتەکەتولەکانەوە کە بەو هۆیەوە درزێك دروستبووە تا لێیەوە هەناسەیەکی ئازادانەی تیا بدرێت. لە ڕەهەندێکی ترەوە حزبەکان شێوازی بەرتەسککردنەوەی ڕەوشی ئازادیی ڕۆژنامەنووسییان گۆڕیوە وهەوڵدەدەن لەژێرەوەڕا ئەوکەناڵ وبوارە ڕاگەیاندنانە بکڕنەوە ئەمڕۆ لەوجوددان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتۆری ئابووری، چوونکە تا ئەم خولەکە هیچ دامەزراوەیەکی میدیایی نییە لەکوردستان خودانی بنەمایەکی ئابووری سەربەخۆبێت یان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە تەمویل وسەرپەرشتی بکرێت، تەنانەت کەرتی تایبەت گەورەترین نوکتەیە، چون ئەوی ناوی کەرتی تایبەتە تەنیا وتەنیا پڕۆژە بازرگانییەکانی حزبە و بۆیاخکراوە! ئەگەرنا کوا سەرمایەگوزاریی سەربەخۆ؟ تامەرزێك تەلاریان باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی نییە لەشارەکاندا هی بەرپرسێك نەبێ یان هاوبەش نەبێت تیایدا.

باروودۆخی کوردستانیش لەقۆناغی کشتوکاڵی نەپەڕیوەتەوە و سەرمایەداریی گەشەی نەکردووە تا ئەو سەرمایەدارییە پرۆژەی راگەیاندنی سەربەخۆی هەبێ دوور لەدەستێوەردانی حکوومەت و پارتەکان. بەداخیشەوە حزبەکان لێرە هەندە مودێرن و کراوەنین تا ئەگەریارمەتی راگەیاندنێك بدەن مەرج و کۆت و بەند و سانسۆری سەیرو سەمەرەی بۆ دانەنێن. بەپوختی ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە کوردستاندا گەورەترین نوکتەیە، چەند هێڵی شەمەندەفەر، چەند میترۆ، چەندە دەوڵەتمان هەیە؟ هەرئەوەندەش ئازادیی میدیا ورا دەربڕینمان هەیە.

**پ٦: جەنابتان وەك یەکێك لەبەرپرسانی کەمپینی گۆڕینی ماددەی حەوتی رەشنووسی دەستووری هەرێم چی دەڵێن سەبارەت بەگۆڕینی ئەم ماددەیە؟ ئایا ئەم کەمپینە دەتوانێت میکانیزمێکی گوشار بێت بۆ لێك جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت یان چاوخشاندنەوەیەك بەدەستووردا؟ ئایا حیساب بۆئەم دەنگانە دەکرێت؟.**

ستیڤان شەمزینی: کەمپینی نێونەتەوەیی لابردنی بەندی حەوت بۆ ئەوە دروستبووە تاکوو مەترسییەکی جیددی لەسەرئایندەی کۆمەڵی کوردستان لابەرێت، ئامانجی ئەوەیە تا ئاین لەگەڵ کاروباری دەوڵەت تێکەڵاو نەکرێت و نەبێتە بەشێك لەسەرچاوەکانی سکێچکردنی دەستوور. مەترسییەکانی بەندی حەوت، مەترسیگەلێکن هەرگیز شایەنی فەرامۆشکردن نین، چوون لەئاقیبەتدا سەرچاوەی ناکۆکییەکی زۆر دەبێت و دەروازە دەکاتەوە بۆ ستەمکاریی ئاینی و ئایدۆلۆژیی. سەرەنجامی هەموو دەوڵەتە ئاینی و ئایدۆلۆژییەکان دەرکەوت چی بوو؟ سۆڤێت لەگەڵ هەموو مژدە دڵڕەوێنەکانی بە دنیایەکی بێ چین وچەوساندنەوە، بینیمان چ تۆمارێکی رەشی هەبوو لەکوشت و بڕ و پیشەسازیی مەرگ و هەتککردنی

مرۆڤدا! دەوڵەتە ئاینییەکانیش لە کۆن و نوێدا سەرەڕای هەموو مزگێنییە یۆتۆپییەکانیان هەربەهەمان شێوە.

د.نەوال سەعداوی دەنووسێت (لەو بڕوایەدام هیچ دەوڵەتێکی ئاینی ناتوانێ دادپەروەر و بێ کەند و کۆسپ بێت، ئاین ئایدۆلۆژییەکی سیاسییە کە لەسەر بنەمای ستەمکاریی چینەکان و دەسەڵاتی نێرینە دامەزراوە). هەموو کات بەرهەمی دەوڵەتی ئاینی یان دەوڵەتێك ئاین ڕۆڵی هەبێت لەسەر بڕیارو دەستوورەکەی، چەوساندنەوەی مرۆڤ و سەرکوتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئایدۆلۆژیی و فشاربۆسەرچینەکانی خوارەوە و هەڵاواردنی ژنانی لێکەوتەوە. بۆئەوەی ڕێگە بگرین لەم چەوساندنەوانە، پێویستە دەستوورێکی عەلمانیمان هەبێت، عەلمانیەتێك ڕێزلە بیروبۆچوونی هەموولایەك بگرێت و ئازادییەکانمان بێ چەندوچوون بپارێزێت. بۆئەوەی ئەزموونی فاشیلی دنیای عەرەبی لە کوردستان دووبارە نەبێتەوە، پێویستە دەستوورێکی عەلمانیمان هەبێت، بۆئەوەی ڕۆژانی ڕەشی ژێرچەپۆکی ئێرانی خومەینی و تاڵیبان دووبارە نەبێتەوە پێویستە ئاین بەجیا لەدەوڵەت ڕۆڵ بگێڕێت.

ئەدۆنیس دەربارەی گیروگرفتەکانی عروبە دەڵێت (ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە هەموو فۆرمەکانییەوە ئایدۆلۆژییەکی ئاینییە). بۆئەوەی هەمان تەنگ و چەڵەمە لە دنیای کوردییدا ڕوونەداتەوە، وا پێویستە ڕۆڵەکان لە نێوان ئاین و دەوڵەتداریدا لەیەکدی جیابکرێنەوە و هەریەکە و لەحەقلی خۆیدا کاربکات. ئەگەر بڕیاریشە ئەمڕۆ یان سبەی دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنرێت، یەکێك لەو مەرجانەی سەرکەوتنی بۆ مسۆگەردەکات لەپاڵ هەبوونی ئابوورییەکی پتەو و سوپایەکی بەهێز و دیپلۆماسیەتێکی کارا چەسپاندنی عەلمانیەتە. ئەو گلەیی و گازندانەشی

هەندێك لەدەسەڵاتداران و پارتە ئیسلامییەکان دەیکەن، گوایە کۆمەڵی کوردەواریی کۆمەڵێکی موسڵمانە و لەڕووی باوەڕەوە ئیمانی بە ئیسلام هێناوە، بۆیە قبوڵی نییە چەمکێکی رۆژئاوایی وەك عەلمانیەتی بەسەردا فەرز بکرێت، پاساوێکی بەهێز و قەناعەتکەر نییە، هەر هەمان ئەو کەسانە بانگەشەی لیبرالیزم و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مەدەنیەت دەکەن، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە هەموو ئەم چەمکانەش هەڵقوڵاوی ژیاری خۆرئاوان. هەروەك چۆن دیموکراسی و مافی مرۆڤ چەمکی تایبەت بە ژیاری خۆرئاوا نین، بەهەمان جۆر عەلمانیەتیش چەمکێکی سەرتاپاگیر و جیهانییە و دەشێ لەهەر جێگەیەکی تردا تاقی بکرێتەوە.

کوفی عەنان سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێژێت (گەلان لەبارەی جیهانگەرایی مافەکانی مرۆڤەوە سکاڵایان نەکردووە، وایاندانەناوە لەلایەن رۆژئاوا یان باکورەوە بەسەریاندا سەپێنرابێت، ئەوەی وا دەڵێ هەمیشە سەرکردەکانن). ئەوەی خەڵکی کوردستان نییە مافی مرۆڤ و عەلمانیەتی ناوێ، خەڵك هیچ کات نەڕژاوەتە سەر شەقام بڵێ عەلمانیەتم ناوێ، نەڕژاوەتە سەر شەقام داوای دەستووری ئاینیی بکات. بەپێچەوانەوە چۆن دیموکراسی و مەدەنیەتی گەوارە ئاوها لەڕێی ژیانی رۆژانەیەوە لەجیاتی جارێك سەدجار داوای عەلمانیەت و کۆمەڵگەی کراوە دەکات.

ئەوەیان دەسەڵاتداران و پارتە ئیسلامییەکانن بەرژەوەندییان لە عەلمانیەت و دیموکراسیەتدا نییە و دێن بەناوی جەماوەرێکی فراوانی خەڵکەوە قسە دەکەن، بەتایبەت رەوتە ئیسلامییەکان بەناوی چوار ملیۆن کوردی باشوورەوە دەئاخڤن و لەهەڵبژاردنەکانیشدا نەیانتوانیوە سەد هەزار دەنگ بهێنن. ئەم کەمپینە بۆئەوە دروست بووە، دەنگی خەڵك بکاتە میکانیزمێکی گوشارتا دەسەڵاتداران ناچاربکرێن بیرلەگۆڕینی بەندی

حەوت بکەنەوە و لەجێگەیدا عەلمانیەت بچەسپێنرێت. لەو سیاقەدا کاری زۆرمان کردووە و بەفۆرمێکی بەربلاو و بەڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵمانداوە بۆ دروستکردنی فشار و ناچارکردنیان بۆ گۆڕینی بەندەکە، بەڵام ئەوەی ئەوان تاچەند حیساب بۆ دەنگەکان دەکەن کەوتۆتەوە سەر دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان، وا باشترە بچیت ئەو پرسیارە لەوان بکەیت تا وەڵامێکت چنگ بکەوێت.

**پ٧: دوای چوونتان بۆ پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆکردن لەگەڵیان هیچ ئاکامێکی گرنگتان بەدەستهێنا؟ بە کورتی دەستکەوتەکانی ئەم کەمپینە چی بوو؟**

ستیڤان شەمزینی: لەوسەردانەماندا لەگەڵ (سۆزان خاڵە شەهاب-هۆزان مەحمود) بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەتەك ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووردانیشتین ولەماوەی کاتژمێرونیوێکدا تاوتوێی پرسی بەندی حەوتمان کردو لای خۆیانەوە پەرۆشیی ئێمەیان بۆ گۆڕینی بەندەکە بەهەند وەرگرت و پێیان ڕاگەیاندین ئەو بەشەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەوان ئامادەن هاوکاریی کەمپین بکەن و ڕۆڵ بگێڕن لە چاکسازیکردن لەدەستوورو لابردنی بەندی حەوت، بەڵام وتیان کۆی بڕیارو حەسمی پرسەکە لای ئەوان نییە بەڵکو ئەوان تەنیا لایەنێکی بڕیارن، بەشەکەی تری بڕیارو ئاڵوگۆڕان لەو بەندە دەستووریانە پەیوەستە بە هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێم و زۆرینەی دەنگی پەرلەمان. ئەوجا دەبێت خەڵکیش لە ریفراندۆمێکدا دەستوورەکە پەسند بکەن. بەشێوەیەکی گشتیی لەوسەردانەدا بۆپەرلەمان سەرکەوتوو بووین و بەڕای خۆم ئیجابیاتی زۆرتر بوو، تەنانەت بووە هۆی بە دەستهێنانی بەرچاو ڕوونی بۆ کارەکانی داهاتوومان. دەستکەوتەکانی کەمپینیش زۆرن، یەکێك لەوانە

کۆکردنەوەی ریزێکی زۆرە لەهێزی پەرش و بڵاوی عەلمانییەکان و دروستکردنی کۆدەنگییەکی بەهێز لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵ. بەپلەیەکی تر ئەم کەمپینە بووە بەسەرەتایەکی نوێی جوڵانەوەی تەوژمی سکۆلاریزم لە کوردستاندا و ئەم خەباتەش پێ بەپێ و هەنگاو بەهەنگاو دەباتە پێشەوە و لەداهاتووشدا دەبینین لایەنگرانی بیرۆکەی عەلمانیەت بەکارایی دێنە سەر شانۆی ئاڵوگۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئیدی بێدەنگ نامێننەوە.

**پ٨: رەوشی رۆژنامەگەریی کوردیی ئێستا و پێشتر لە کوردستان چۆن دەبینی، پێش ئازادکردنی کوردستان و دوای ئازادکردنی کوردستان؟ لەپێشتریش باسی رەوشی رۆژنامەگەریمان کرد، لێرەدا پرسیارەکە روونتر دووبارە دەکەینەوە، ئایا کاریگەریی حزبیی لەنێو راگەیاندنی کوردیدا چۆن بووە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەم دەرفەتە زۆر لەوە بچوکترە بتوانێ هەق بدات بە قسەکردن لەسەر رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیی بەدرێژایی ١٠٩ ساڵ بۆئەوەی لەزۆر لایەنەوە و بەدیدێکی زانستیانەوە بیدەینە بەر نەشتەری رەخنە و خوێندنەوە. ئەگەر باشووری کوردستان بەنموونە وەربگرین، بەدرێژایی سەدەیەك ژمارەیەکی بێ ئەندازە رۆژنامە دەرچوون و وەستاون و هاتوون و رۆشتوون، بۆ توێژینەوە لە رێچکە و میتۆدی سیاسیی و کارکردنیان لەسیاقی مێژوویی خۆیاندا کاتێکی زۆرت گەرەکە و بگرە بابەتی سەدان نامەی دکتۆرا و ماستەرە. کاتێکیش سەیری رۆژنامەگەریی بەر لە راپەرین دەکەین، دەبینین رۆژنامەگەرییەکی سەربەخۆ یان ناسەربەخۆی کوردیمان نییە، بەڵکو لەبەردەم کۆمەڵێك نامە و بەلاغاتی سیاسیی حزبی بەعسی عەرەبیداین بەزمانی کوردیی لەژێر ناوەکانی رۆژنامەی هاوکاری و پاشکۆی عێراق و ئاسۆ و گۆڤاری رەنگین و کۆمەڵە گۆڤارێکی تری هاوشێوە،

ئەگەر لەنێو ئەم پانتاییەدا فورسەتێکی بچووکیش بۆ خامەی نووسەرانی نابەعسی هەبووبێت هەرگیز تێنەپەڕیوە بۆ سەربوارە رامیاریی وکۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، تەنێ لە چێوەی ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆر و توێژینەوەی سنووردار ی کولتووریدا خولاوەتەوە.

ناکرێت ئەو بڵاوکراوانەی سەردەمی بەعس لەهیچ ڕوویەکەوە بە ڕۆژنامەگەریی لەقەڵەم بدەین، خۆ ئەگەر بچنە خانەی ڕۆژنامەگەریشەوە بێگومان ڕۆژنامەگەریی کوردیی نین هێندەی لەخزمەت دیدی پان ناسیۆنالیستی عەرەب و سەرکردەی پێویست و حزبی دایك و جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدان. لەهەمان کاتدا ئەو بڵاوکراوانەی ناویان ڕۆژنامەکانی شاخە و لەلایەن پارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانەوە دەردەکران، بەپێوانە ستانداردەکانی ڕۆژنامەنووسییەکی پرۆفیشناڵ ناچنە قاڵبی ڕۆژنامەوانییەوە. دەشێ تەنیا پڵاڤۆکێکی سیاسیی بن نەك ڕۆژنامە چوونکە ئامانجیان بریتی بوو لەگەیاندنی گووتاری حزبەکان و گۆشەنیگای ناسیۆنالیزمی چەکداری کورد و تەوجیهاتی حزبی. زمانی ئەم ڕۆژنامەگەرییە زمانێکی بێلایەنی ڕۆژنامەنووسانە نییە بەقەدەرئەوەی ڕووبەرێکە بۆهاندانی جەماوەربۆ شۆڕش وبەرخودان وبەرگریکردن لەنەتەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران. ئەگەربە وردی چاو بەو بڵاوکراوانەدا بگێڕین و بە تێروتەسەلی و دیقەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆبکەین بۆمان دەردەکەوێ هیچ تایبەتمەندییەکی ڕۆژنامەنووسییان تێدا نەبووە.

لەقۆناغی دوای ڕاپەڕین، بڵاوکراوەی پارتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و لەڕووی تەکنیکییەوە بەرەوڕۆژنامە چوون، لە ڕێی گۆڕانکارییکردن لە دیزاین وڕێکوپێکی دەرچوون و تیراژو هەبوونی کەرەستەکانی وەك ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ و ستۆری وبە دواداچوونی ڕۆژنامەنووسیی تیایاندا. بەڵام ئێستاشی لەسەر

بێت زمانیان نەبووەتە زمانێکی رۆژنامەنووسی هاوچەرخ، تەنانەت رۆڵی نیگەتیڤیان گێڕا لەبەرپاکردنی جەنگی ناوخۆیی کوردستان و سەنگەرێکی تری شەڕکردن و پێکدادان بوون و نەریتی خراپیان داهێنا لەزمانی زبرو رووشێنەرو خوێناویی و ناوزڕاندن و هەتککردن، وەك ئەوەی بەتەرمی کوژراوی بەرامبەرەکەیان دەوت کەلاك، ئەمەو هەزارەها نموونەی تریش. پاشتر هەواڵی تەشریفاتی و تێکەڵاوکردنی گووتاری پارتێتی و تەسککردنەوەی مەودای ئازادیی و دوورکەوتنەوە لە واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی وڵات هێندەی تر ئەم رۆژنامانەی تووشی نسکۆ کرد. ئاخر خوێنەری کورد چۆن میزاجی بچێتە سەر چەناڵێکی راگەیاندن کە شەوو رۆژ سەرقاڵی پیاهەڵدانی سەرۆك و سکرتێرە، تا ئەو ئەندازەی باس لەو مەنجەڵە دۆڵمە و سێ پەرداخ ئاو و دووقاش کاڵەکەش دەکات کە لەسەر خوانی سەرۆکەکان لە شەوێکی ئەرخەوانیدا دەخورێن و دەخورێنەوە.

دواییش، ئەزموونی رۆژنامەگەریی ئازاد و نیمچە ئازاد زۆر نوێیە، ئەگەر بەهەڵەدا نەچین و نەبێتە غەدرلەکەسی تر، رەنگە لەدەرچوونی رۆژنامەی (هاوڵاتی)یەوە دەستپێبکات، «سەرباری تێبینیم لە ئازادو بێلایەنییەکەی ئەو رۆژنامەیەش». لەم رەهەندەوە باوەڕێکی تایبەتیم هەیە و پێموایە لە کوردستان ئازادیی رۆژنامەنووسی زیاترە لە رۆژنامەنووسیی ئازاد، ئەمەش پابەندە بەکۆمەڵێك فاکتۆری بابەتی و ناوەکی ئاڵۆز کە بابەتی تەوەری قسەکردنی ئێمە نییە. دەستێوەردانی حزب لەهەموو لایەکەوە لەکاروباری میدیا و بەسەنتەرکردنی هەواڵی سەرۆکی پارت و لق و مەڵبەندەکان و داخستنی دەرگا لەهەررەنگێکی تری جیاواز، ئەوەندەی تر رۆڵی هەبووە لە سستکردنی رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیی، ئەگەر کۆمەڵێك هۆکار هەبن تا ئەوەی رۆژنامەنووسیی کوردیی نەبێتە رۆژنامەگەرییەکی پرۆفیشناڵ

و سەرکەوتوو یەکێك لەوانە رۆڵ و کارتێکردنی حزبەکانە لەسەر میدیا و رۆژنامەنووسان. ئەمەش گرێدراوە بەدنیابینی پارتەکانی کورد لەمەڕ رۆڵی راگەیاندن وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و چاودێر بەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکەی ترەوە.

ئابراهام لینکۆڵن وتوویەتی (بەبێ حکوومەت دەکرێت بژین، بەڵام بێ کتێب و چاپەمەنی ناکرێ). لینکۆڵن دەزانێت ناتوانین درێژە بە ژیانێکی نۆرماڵ بدەین بەبێ بوونی حکوومەت، ئەو زمانێکی مەجازیی بەکارهێناوە: رەنگە بتوانین بگەینە قۆناغێك بەبێ دەزگایەکی وەك دەوڵەت بژین، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت چاپەمەنی و نووسین لەژیانی مرۆڤی هاوچەرخ دەربهێندرێت، ئەوە وەك دەرهێنانی ئۆکسژین وایە لەهەوادا کە ژیان دەکاتە موستەحیل. لەگۆشەیەکی تریشەوە سیستمی سیاسیی لەکوردستان رۆڵی راگەیاندن بەلاوەکی و جوزئی تێدەگات نەك بە رۆڵێکی ناوەندیی و بنچینەیی، لەدنیابینی ئەودا راگەیاندن رۆڵی تەختیەکردنی هەواڵەکان و راسپاردەکانی حزب و سەرکردەیە، لە عەقڵی ئەمجۆرە حزبانەدا راگەیاندن یەکەیەکی بچووکە و وەك هەر ئۆرگانێکی تری حزبیی لێی دەڕوانرێت و هیچ جیاوازییەکیشی نییە لەگەڵ مەکتەبی کۆمەڵایەتی و مەکتەبی عەسکەریی و مەکتەبی پەیوەندییەکان. ئەگەر هەنووکەش دیقەتمان دابێت کەمپینێکی رانەگەیەندراو لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە بۆ بەرتەسککردنەوەی فەزای نیمچە ئازادی نووسین و دەربڕین.

ئەدۆنیس دەنووسێت (ئێمە وەك کۆمەڵگەی عەرەبی لە مانای ئازادیی تێناگەین، ئێمە دەڵێین ئازادیی بە مانای نووسینی بابەتێك دێت، ئازادیی زۆر لەوە قووڵترە). ئەفسوس ئێمەی کوردیش هەمان گرفتمان هەیە، وا بیردەکەینەوە ئازادیی ئەو برە رەخنانەن لەرۆژنامەکاندا بڵاودەبنەوە، کەچی

هێشتا هەوڵدەدرێت ئەم فەزا بچووکە تەسکتربکرێتەوە، خەریکەروا دەکەن ئەو تۆزقاڵە ئازادییەی هەیە لەبەین ببرێت و بەرتەسکتر بکرێتەوە. پیاوانی سەربە حزبە دەسەڵاتدارەکان بەدیاریکراویی قەڵەم بەدەستەکانیان وەك ئیسلامگەری میسریی (عومەر عەبدولڕەحمان) دەڵێن (ئەگەر نەجیب مەحفوزمان بکوشتبا، سەلمان روشدیش دروست نەدەبوو). ئەمان دەڵێن ئەگەر خەتای خۆمان نەبوایە و بوارمان بە هاوڵاتی و کێ و کێ نەدایە ئەمڕۆ ئەم هەموو کەناڵە دەمیان لێنەدەکردینەوە، دەڵێن ئەگەر هەرلە سەرەتاوە رێمان لەتەکەتولبازیی و ململانێی ناوخۆمان بگرتبایە، بۆشایی دروست نەدەبوو بۆ ئەوکەناڵ ورۆژنامە ورادیۆیانەی هەن و نەیاندەکردین بەپەندی زەمانە. هاتوون بەنیازن رووبەری وتن سنوودار بکەن بەتۆمەتی شێواندنی ئەمنی نەتەوەیی و ناوزڕاندنی سەرکردەکان و جنێوفرۆشی و بیرکردنەوە و هاندان بۆ هەنگاوی مەترسیدار، تا ئەوئەندازەیەی نیوەشەو رۆژنامەنووس دەرفێنن و بەشیش لێیدەدەن، لە بەیانییەکی زوودا رۆژنامەنووس دەدزن و لەپەنا دزو پیاوکوژ و لەژووری تاکەکەسیدا حەپسی دەکەن!.

مۆنتسکیۆ لەکتێبی (رۆحی یاساکان)دا دەنووسێت (کەسێك لەخێڵی مارسیاس خەونی بینی و لەخەویدا سەری دنیس-ی ئیمپراتۆری دەبڕی، پاش ئەوەی خەونەکەی گێڕایەوە و کەوتە بەرگوێی ئیمپراتۆر، دنیس گرتی و کوشتی، وتی ئەگەر بەرۆژ بیری لەوە نەکردبێتەوە شەو نەدەهاتە خەونی). قانوونی دارستانی پارتەکانی کوردستان و دەزگا ئەمنییەکانیان بەهەمان تۆمەتی خەونەکەی کابرای خێڵی مارسیاس رۆژنامەنووس دەرفێنن و مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانی دەکەن، بەهەمان جۆر لەپەیام وواتای نووسین تێدەگەن بۆیە رۆژنامەنووس لەبەرچاوی پیاوانی ئاسایش و پۆلیس مەکروهترین جۆری کەسەکانە و بە رقەوە سەیری دەکەن. کۆمەڵگەیەك

یاساکانی دەوڵەتی تیا نەبێت و پارت و سەرکردەی پیرۆزکراو بیبەن بەڕێوە و ئەوەش حاڵ و تێگەیشتنی پارتەکان بێت لەمەڕ میدیا کە دەڵێن خۆ لەشاخ رۆژنامە فیشەکی نەدەتەقاند، ئیدی دەبێت چاوەڕوانی چ چاکەیەك بکەیت و پێتوایە لەژێر چەپۆکیاندا ممارەسەی کام ئازادیی بکەین؟ ئازادیی لەم کاتانەدا لەدرۆیەکی شاخدار بەولاوە هیچی تر نییە.

**پ٩: ئایا چ شێواز و میکانیزمێك گونجاوە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لەکوردستان؟ ئایا دروستبوونی دەزگای نەزاهە چەندە دەتوانێت گەندەڵی لە کوردستان چارەسەربکات؟.**

ستیڤان شەمزینی: بەتەحەداوە دەڵێم لەکوردستان گەندەڵی بوونی نییە، چوون ئەگەر سەیری پێناسەکانی گەندەڵی بکەین و بەراوردی بکەین بەواقیعی کوردستان دیاردەیەك لەژێر ئەوناوەدا نابینین. بەپێی پێناسەی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (گەندەڵی بریتییە لەبەرکاهێنانی دەسەڵاتی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی). بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش (گەندەڵی بریتییە لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتیی بۆبە دەستهێنانی مەرامی کەسیی). ئەگەر ئەمە پێناسەی گەندەڵی بێت، غەدرێکی زۆر دەکەین بەرپرس و پارتەکانی کوردستان بە گەندەڵ تۆمەتبار بکەین، لەکوردستان فەرهوودی رێکخراو هەیە، تالانیی هەیە، کوا بەکارهێنانی پۆست بۆ هەندێك بەرژەوەندیی خودیی؟ لێرە لەکوردستان کۆمپانیای پارتی و یەکێتی هەیە، باندی مافیایی دەستیان گرتووە بەسەر وڵاتدا، ئەو باندانە خۆیان بەمیوان دەزانن، وەك ئەوەی لەسەرئاگربن بەخێرایی و بێ پشوو وەك زەلوو خوێنی ئابووری وڵات دەمژن. من رەشبینم بەرامبەربەهەرمیکانیزمێکی مەترەحکراو، چارەسەرتەنیا گۆڕانێکی بنەڕەتی و رادیکاڵییە لەسیستمی سیاسیی و هەوڵدانە بۆ گۆڕینی فەرهەنگی

کۆمەڵایەتی جەماوەرو بنیاتنانەوەی کەسێتی سەربەخۆی مرۆڤی کورد.

لە وڵاتانی دیموکراسی چەکی دەنگدان بەهێزترین کارتە بۆ سزادانی ئەو پارتانەی دەسەڵاتیان بەدەستە و لە رێرەوی خزمەت و ئەجیندای پێشنیارکراویان لایانداوە. ئەگەر سەیری هەڵبژاردنەکانی چەند مانگ لەمەوبەری وڵاتی (سوێد) بکەین، پارتی سۆسیال دیموکراتی حکومڕان دروشمی (چاکترین بژێوی بۆ پیرو پەککەوتە و هێنانەدی وڵاتێکی مافپارێز بۆ بەساڵاچووان و باشترکردنی بواری خوێندن و تەندروستی، چاکترە لە بەرنامەی باج داگرتن)ی بەرزکردبووەوە، نەوەی نوێی سوێد گاڵتەجاڕییان بەم دروشمانە هات، گەنجێك لە وەڵامی پرسیارێکدا: بۆچی دەنگ نادات بەسۆسیال دیموکرات؟ وتی (پارتی سۆسیال دیموکرات پارتی پیرەکانە، من دەنگ نادەم بە پارتێکی پیر، دەنگ دەدەم بەو پارتەی بارگرانیی باجم بۆ کەم دەکاتەوە). گەنجێکی تر لەبەرامبەر دروشمی (هەمووەمان لەگەڵ سۆسیال دیموکراتداین) وتی (من نا.. تۆش ئارەزووی خۆتە). ئەم فۆرمە بەهێزترین میکانیزمە لە وڵاتانی دیموکراتیدا بۆ لابردنی پارتێکی فەرمانڕەوا و هێنانە سەرکاری پارتێکی تر، لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوکێشەکە بەپێچەوانەوەیە، نەك هەربوارنییە جەماوەربەهەڵبژاردن و لە رێی سندوقی دەنگدانەوە حکوومەت و کابینە وزارییەکان بگۆڕێت، بەڵکو هەڵبژاردنێکی ئازاد و دوورلە سانسۆر تا رۆژی ئەمرۆمان لەئارادا نەبووە، چجای ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزو ناگەندەڵ هەبێت وەك جێگرەوەی دەسەڵاتی لەسەر کار. تاکە میکانیزمێك بەگونجاوی بزانم بەرپاکردنی شۆڕشێکی رادیکاڵییە، شۆڕش تەنیا بەمانای جەنگ و کاولکاریی نا، بەڵکو وەك بوومەلەرزەیەك لە راستای گۆڕینی عەقڵی سیاسیی و فەرهەنگیی باولەکۆمەڵی کوردەواریدا.

من دەزگای نەزاهە بە چارەسەرنازانم، ئەگەرتۆ دەتەوێ دەزگای

نەزاهە دروست بکەیت کێشە نییە، بەڵام چ گرەنتییەك هەیە دەزگاکە خۆی گەندەڵ نییە؟ چ زەمانەتێك هەیە پاساو بۆ گەندێتی و فەرهوودی دەسەڵاتی سیاسیی ناهێنێتەوە؟ هیچ، بێگومان هیچ گرەنتییەك نییە. چوونکە چارەنووسمان لەکۆمەڵگەیەکدایە یاسا تیایدا سەروەر نییە، یاسا نەك جورئەتی نییە لە گەندەڵکارێك بپرسێتەوە، هەزارەها شێر و ڕێوی دەهێنێتەوە لەپێناو پاك نیشاندانی گەندەڵکاران. دوایی، لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو باڵانسە رادەگرن، لێ بەداخەوە لێرەکانە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەتەریبی لەگەڵ لێپرسراواندا لەیەك زەلکاوی گەندەڵیدان. فۆکۆیاما لەکتێبی (النهایه التأریخ و خاتم البشر) دەنووسێت (ڕەنگە سیاسەتمەداری ئەمەریکی بەدڵ حەزبکات وەك ناپلیۆن و قەیسەری جاران دەستەڵاتی نەبەستراوەی لەدەستدا بێت، بەڵام یاسا و دەستووری ئەمەریکی ڕێگەی پێنادات لە جیمی کارتەر و ڕۆناڵد ڕێگان زیاتر بێت، قەیدەکانی چەندین دامەزراوەی بەهێز و هێزە سیاسییەکان لە هەموو لایەکەوە دەیبەستنەوە و وای لێدەکەن هەموو ئاواتەکانی لەو ڕێگەوە بێتەدی خزمەتکاری خەڵك بێت نەك سەرداری). کۆمەڵگەی ئێمە هیچ هێزێکی سیاسیی تۆکمە و رای گشتییەکی کارا و ڕێکخراوگەلی مەدەنی بەهێزی تیا نییە، دەسەڵات کۆنترۆڵ و جڵەو بکات.

ئەگەر بەرپرسێکی سیاسیی یان ئیداریی گەندەڵی نەکات، نە لەترسی دەسەڵاتی میدیایە، نە لەترسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، نە لەترسی پەرلەمان و دەزگای نەزاهە (لەخوا بەزیادبێ ئەوی دووەممان نییە) ئەوی ڕێگەی لێدەگرێ پاڵنەرە ناوەکی و ویژدانییەکانی خۆیەتی. دەزگای نەزاهە هەبێت یان نا هیچ لەوەزعەکە ناگۆڕێ، چوون دەزگای نەزاهە ناتوانێ لەو حزبە سیاسیانە بەهێزتر بێت، ئەمڕۆ لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە یان

بە پاشکۆکراون یاخۆ شاربەدەرو قاچاغ. من کەسێکم بڕوام بە گۆڕانی ریشەیی هەیە و هەموو جۆرە ریفۆرمێکی بچووك و لابەلاو نیوە ناچڵ رەت دەکەمەوە، بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیش هەربەو جۆرە بیردەکەمەوە.

**پ١٠: هەموومان ئاگامان لێیە ئەنجوومەنی پارتە سیاسییەکان پێکهاتووە، پرسیار لێرە ئەوەیە پێتانوایە ئەم ئەنجوومەنە بتوانێت ببێتە هۆکارێکی کارا بۆ بەشداریی لایەنە سیاسییەکان لە دارشتن و بڕیاردانی سیاسیی لە کوردستاندا؟ ئایا ئەم ئەنجوومەنە هیچ ئیجابیاتی هەیە یان نا، بۆچی؟.**

ستیڤان شەمزینی: پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارتە سیاسییەکان، کۆمیدیایەکی تری حزبەکانی کوردستانە و نەگبەتییەکی ترە دەخرێتە سەر خەرمانی نەگبەتییەکانی تری وڵات. حزبەکان باعیسی یەکەم و ئاخیری ئەم بارودۆخە ناهەموارەن، بەرپرسن لەکۆی نەهامەتییەکانی خەڵك، ئەگەر لەجیاتی ئەنجوومەنێك بیست ئەنجوومەنیش دروست بکەن چی لەبارودۆخەکە دەگۆڕێت؟ مەگەر پلانی نوێ بۆ سەرکوت و چەوساندنەوەی جەماوەردابڕژن وتەکبیربۆ حاڵی شڵەقاویان بکەن تا وەك مۆتەکە بمێننەوە بۆ مێژوویەکی دوور و نادیار. ئەزموونی بەرەی کوردستانی (١٩٨٧-١٩٩٢)، هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان (١٩٩٧) نیشانیداین ئەم نزیکبوونەوانە لە پێویستییەکانی دوو پارتە سەرەکییەکەوە سەریان دەرهێناوە نەك بەرەچاوکردنی زەرفییەتی کۆمەڵگە و داخوازییەکانی هاونیشتمانیان، ئەم ئەزموونە دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی پێشووە و لێدانەوەی قەوانە کۆنەکەیە، لە ئاکامیشدا بۆ بەتاڵکردنەوەی هەندێك وردە نارەزایەتی پارتە بچووکەکانە و دەرزییەکە دەکرێت بە تووڕەیی ئاوساوی هاووڵاتیاندا و کوشتنی خەونی هەر بەرهەڵستکارێکە بیەوێت بەشێوەیەك لەشێوەکان

کاربکات. دیار نییە مەهامی سەرەکی ئەنجوومەنی پارتەکان چییە؟ ئەگەر دۆزینەوەی میکانیزمێکە بۆئەوەی لەهەر دۆز و پرسێکدا را و سەرنجیان هەبێت و رۆڵی ناوبژیوان لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتدا بگێڕن، بۆ و لەبەرچی ئەو بالانسە پارتەکان رایبگرن؟ بۆچی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەو ئەرکە هەڵنەستن؟. بەبڕوای کارڵ مارکس (کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێت تاکوو کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات، ئەم دەزگایە سەربەحکوومەت نییە، ئەرك وبەرنامەی چاودێریکردنی دەوڵەتە).

کەوا بێت رۆڵەکە بۆ رێکخراوە مەدەنییەکانە نەك پارتە سیاسییەکان، با ئەو پارتانە دایەلۆگ لەسەر کێشەکانی ژیانی پارتایەتی و پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەن نەك ببنە دەمراستی خەڵك وببنە نێوەند ورایەڵێك لەنێوان خەڵك و دەوڵەتدا، ئەم ئەرکە هی ئەوان نییە، دەبێت بەجێیبهێڵن بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبوو لەبری ئەوەی بیرلە دامەزراندنی ئەنجوومەنی پارتەکان بکەنەوە، رێکخراوە مەدەنییەکانیان ئەکتیڤ بکردایە. ئەگەررێگەم بدەیت دێمە سەردەستەواژەی (پارتە سیاسییەکان)!، لە دیتنی مندا لە کوردستان پارتی سیاسیی بوونی نییە، سیاسەت چییە؟ سیاسەت لەسادەترین مانادا رێکخستنی کۆمەڵگەیە لەڕێی کۆمەڵێك دامودەزگا ویەکەکانی بەڕێوەبردنەوە، سیاسەت بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگەیە بەجۆرێکی نوێ؟ سیاسەت فێڵ و تەڵەکەبازیی و خۆ سەپاندن نییە، سیاسەت ئەو چالاکییانە نییە پارتە کۆمیدییەکانی کوردستان پێی هەڵدەستن، ئەوە نە سیاسەتە و نە هیچ نزیکایەتییەکی هەیە لەگەڵ زانست وهونەری سیاسەت.

بەبڕوای (ئالێن بەدیۆ)ی بیرمەند (سیاسەت بەرلەهەموو شتێك، داهێنان و تاقیکردنەوەی واقیعێکی تەواو کۆنکرێت یان پەیوەست و تازەیە،

سیاسەت خوڵقاندنی بیرو هزرە). ئەو کردەیەی لەکوردستان بەسیاسەت دەناسرێتەوە، خوڵقاندنی هزر و روانگەی نوێ نییە، واقیعی نوێ و ژیانی نوێی بەرهەم نەهێناوە، سیاسەت لێرە تیرۆرو گەندەڵی و تەلاری بەرز و کۆمپانیا و تەکەتولبازیی و سوڵحی عەشایەریی بەرهەمهێناوە. نازانم کام سیاسەت؟ سیاسەت لای پارتی کوردیی هونەرێکی دیماگۆگیانە و تریاکی جەماوەرگێژکردنە و دەزگای پۆلیس و زیندانی تاریك و دەم دووریی رۆژنامە و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و قۆرخکردنی ئابووری و هەڕەشەیە لەئازادیی. کۆتایی قسەکانم بەوە دەهێنم، ئەوپارتە کوردیانەی هەررۆژەی لەبەرگێکی درۆزنانە و دیماگۆگیانەدا خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و نمایش دەکەن، دەبێ بزانن جەماوەرنەك هەرچاوەڕوانی ئەوەیان لێناکات کۆمەڵگە ببوژێننەوە و ژیان لە وڵاتدا سەوز بکەنەوە ولاپەڕەیەکی نوێ لە بەرێوەبردن و حکومداریی هەڵبدەنەوە، بەڵکوخەڵك بە دوای دەرفەتێکی لەباردا دەگەڕێت تا لەبەردەم دادگا رایانبگرێت ولە تاوانەکانیان بپێچێتەوە.

* ئەم دیمانەیە لە بنەڕەتدا بۆ ماڵپەری وەزارەتی ناوخۆ www.nawxo.org سازکراوە لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٧.

هەواڵنامەی کتێب